کۆدیدار

# ململانیٚ لەگەڵ پرسیار..!!

دانا عەسکەر

کەرکوك – 2011

لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ
بورهان ئەحمەد
حەمە سەعید زەنگنە
سەباح ئیسماعیل
نەوزاد عەلی شێخانی

ناوی کتێب: ململانیٚ لەگەڵ پرسیار
بابەت: کۆدیدار
نووسەر: دانا عەسکەر
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووك ژمارە (124)
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم- **2011**
تیراژ: (500) دانە

"گوومان و ترس لەکوێ هەبوو، چاوەڕێ بن پرسیاری تیا هەڵدەقووڵێ"

(بەوانەی هەمیشە راوی پرسیار دەکەن،

بە تۆ بەرلەوەی بگەیتە ماڵەکانی ئاسوودەیی باڵەکانیان قرتاندی،

بەشێتەی هاوڕێم) پێشکەشە..

لەبری پێشەکی..

## لە مەوداکانی وتندا..

" بۆ ئەوەی هەمیشە پرسیارمان لەلا دروست بێت دەبێ بەردەوام بەچاوێکی گوومانا وییەوە لەشتەکان بڕوانیین ‘‘

‘‘ ڕەشبینی بەئیرادە، لەگەشبینی بێئیرادە گرنگترە ‘‘

**گرامشی**

مەوداکانی وتن واتە روانینی هەمەجۆر بۆ شتەکان و قسەکردن لەسەر دیاردەیەك یا کولتووریك یا ............، بەو پێیەی من لەم کتێبەدا بەپێی تێڕوانینی خۆم و لەدەرئەنجامی هەموو ئەم دیدارانەدا وتوومن، هەر دیدارێك بۆخۆی مەودایەکی بەربلاوی هەیە و ئینسان لەهەر قۆناغ و دۆخێکدا دەتوانێ بە پێی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆی بۆ شتەکان و مەسەلەکان بڕوانێ، بۆیە قسەکردن یا وەلام دانەوەی ئەم پرسیارانەم ناو ناوە مەوداکانی وتن، چونکە وتن دەیان ڕەهەندو مەودای بەربلاوی هەیە و ئینسان دەتوانێ لەناو سیاقی ئەم وەلامانەی منەوە دەیان وەلامی تری هەبێ کە جیاواز لەراو بۆچوونەکانی من بن، ئەمە بۆخۆی چەندە گفتوگۆی جیدی تر بەتێگەیشتنی من و خوێنەر دەبەخشێ، هێندەی تر ئاسۆی روانینمان بۆ دونیا و دەوروبەر فەراوانتر دەکاتەوە، ئینسان لەهەر قۆناغێکدا وەلامێکی دیاریکراوی بۆ شتەکان و واقیع هەیە، بەلام مەرج نیە وەلامەکانی من لەفەزای بیرکردنەوەی کەسێکی تردا هەمان وەلام و باوەڕهێنان بن، ڕەنگە دوای چەند سالێك بۆخۆم دەیان مولاحەزم لەسەر ئەم وەلامەنەی خۆم هەبێ، بەلام مەسەلەکە لەوەدایە ئایا ئیستا من توانیومە واقیعیانە وەلامەکان بخەمە بەردەستی خوێنەر، ئایا خوێنەری ئێمە دەتوانێ وەلامەکەی من پێچەوانەی مەسەلەکان یا پرسیارەکان بکاتەوە،ئەمە نەك بەو مانایەی ئێمە شەڕی وەلامەکان سازبکەین، بەپێچەوانەوە، ئێمە دەبی شەڕی وەلامی مەنتیقی بکەین و ئینسان لەو دۆخە رزگار بکەین کە پێی وابێ ئەوەی من وتم ئیدی تەواو ناکرێ قسەی تری بەدەواوە هەبێ، چونکە وتن بۆخۆی مەوداوی بەرفراوانی هەیە و هیچ وەلامێك کۆتایی بۆ نیە، بگرە لەهەناوی هەر وەلامێکدا دەیان سەرنجی گرنگ بەجێ مابێ، بۆیە ئەوە خوێنەرە دەتوانێ وەلامە بەجێماوەکان بخاتەڕوو و دەستنیشانیان بکات، دەبێ ئەوەش بلێم ئەوەی ئێمە ناوی دەنێین

وەڵام بۆ دیاردەکان و تێڕوانیەکان و واقیع هێندە ئاراستەکانی لەگەڵ ئاراستەی واقیع و مەسەلەکان جیاوازن کە رەنگە زۆرجار زەحمەت بێت بتوانین لەگەڵ خودی واقیعی مەسەلەکان یەکیان بخەینەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە ئێمە هیچ وەڵامێکمان بۆ پرسیارەکان نەبێت،چونکە وەڵامدانەی هەر پرسیارێك بۆخۆی بەر لەوەی پرسیار بوونی هەبێ ئەوە گوومان و وەڵامێکی شاراوەیە لەناوەوەی ئێمەدا خۆی حەشارداوە، واتە هەندێ جار وەڵام پێش پرسیار بوونی هەیە و ئەوەی ئێمە دەیخەینەڕوو خودی ئەو گوومانەیە دەبێتە پرسیار و لەناو وەڵامەکاندا دەیان پرسیار و دیدی تر سەرهەڵدەدەن، کەبەشێك لەوەڵامەکان بۆخۆیان ناتەواو دەبن، ناتەواوی ئەم وەڵامانە چی برەویان پێدەدات و دەیانهێنێتەوە دۆخی وەڵامی مەنتیقییەوە ؟، بیگوومان بوونی وەڵامێکی رەخنەگرانە کە لەبنەڕەتدا لەسیاقی پرسیارەوە سەرهەڵدەدات، کەواتە بەشێکی زۆری وەڵامدانەوە کاریگەریی گوومانکردن و رەخنەگرتنە لەشتەکان و لەناو ئەو جۆرە گوومانانە وەڵامی جیدیمان دەست دەکەوێت، بەڵام دیسان دەڵێم هێشتا مەوداکانی وتن شتی تری هەیە بۆ قسەکردن، ئەوەی پێویستە ئێمە بەردەوام هەوڵی بۆ بدەین ئەو پرسیارەیە بۆ خستنەڕووی وەڵامێك هێشتا نەخرابێتەڕوو، دیسان دەڵێم واتە مەوداکانی وتن بەردەوام خۆی تازەدەکاتەوە و لەناو وەڵامێکدا دەیان ئاسۆی وەڵامی تری تیا سەرهەڵدەدات، ئەوەی من لەم پێشەکیەدا مەبەستمە ئەوەیە وتن یا بۆچوون بۆ هەر یەك لەو تەوەرانە وەك پرسیار ئاراستەی من کراون بۆخۆی بە وەڵامێك هاتوەتە سەر ئەو باسەی کە دەکرێ قسەی تری تیا بکرێت و وەڵامی جیدی تری تیا بخرێتەڕوو.

داناعەسکەر
2011

**گفتوگۆی پاشکۆی " ڕەخنەی چاودێر " لە هەفتانامەی "چاودێر " سەبارەت بە شیعر و ئەدەبی و ڕەخنەی کوردی ئەمڕۆ.**

**سازدانی " محمود نەجمەدین "**

**پ : زمانی داهێنان پەیوەندی هەیە بە تەمەنی نووسەرەوە ؟**

بەبڕوای من هیچ رایەڵەیەك لەنێوان تەمەن و داهێناندا بوونی نییە، ئەگەر بەدرێژایی مێژوو ئاوڕێك لە ئەدەب و فیکر و فەلسەفەی دونیاو دەورووبەری خۆمان بدەینەوە پێموایە لەگوماناوی بوونمان سەبارەت بەم پرسیارە دەگەین، بەدڵنیاییەوە زۆرن ئەو بیرمەندو فەیلەسوفانەی تا دواهەناسەی ژیانیان بەرهەمی ناوازەیان بەرهەم هێنا، بەڵام یەك حاڵەت لەجۆری بەرهەمەکەی ئەواندا هەیە، واتە نەوەی کۆن،یا بیرمەندە بەتواناکان، ئەویش ڕووبەڕوونەوەیان لەگەڵ نەوەی نوێ، یەکێك لەو هۆکارانەی کە هەمیشە هەنگاو بە بوارەکانی فیکر و ئەدەب و فەلسەفەدەدات،بوونی ئەو ململانێ سەرسەختەیە لەنێوان نەوەکان، ئەم حاڵەتە لای ئەوان دەکرێ بەوە ئاماژەی پێبکرێ کە باوی ستراتیجییەتی ئەو سستمە بەسەرچوو،بەوەی لەم حاڵەتەدا نەوەی نوێ پرۆژەی ڕۆشنگەریی تازەی پێیە، ئەگەر نموونەیەك لەجۆری ململانێی داهێنان و شکستهێنان لەبەردەم داهێناندا بخەینەڕوو، دەبێ ئاوڕلە ململانێی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم بدەینەوە، کە سەرەڕای بەربەرییەتی جەنگی جیهانی یەکەم،کەچی هەندێك فەیلەسوف هەر دەستبەرداری پرۆژەی ڕۆشنگەری نەبوون، بەتایبەتی ( فەلسەفەی کانتیزم ) کە ترۆپکی ڕۆشنگەریی بوو، " پۆل ڤالیری " شاعیر دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم،لەساڵی "1919" دا دەڵێ " شتەکان ڕوون و ئاشکران، نە بەزەیی تێدایەو نەهاوسۆزی، لەم شەڕەدا هەزارەها نووسەر و هونەرمەند تیاچوون و وەهمی کلتووری ئەورووپاش نەما، هاوکات بۆشمان دەرکەوت زانیستیش لەڕووی ئەخلاقیەوە خراپ تێکشکا، بۆیە ئێستا لەبری ئەوەی وەکوو شەرف و شکۆمەندی تەماشای زانست بکەین، بەداخەوە بووەتە پەڵەیەکی شەرمەزاریی " ئەم دیدەی " پۆل ڤالیری " لەوەوە نەهاتووە کە زانست بەپلەیەك لەئاست مەسەلەکاندا تاوانبارە، نەخێر،ئەو باس لەتێکشکانی پرۆژەی ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوادەکات لەسەردەمی فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی " کانت " دا،بۆیە دەرئەنجام ئەم ململانێیە ڕێڕەوێکی ئەقڵانی دەگرێتە بەرو لە ئاکامدا دیدی جیاواز لەدژی دیدی " کانت " ی شکستخواردوو لەو قۆناغەدا سەرهەڵدەدات،دەبێ ئەوەش بڵێین لەم سەروبەندەدا کە هەموو

ئەوروپا لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی "کانت" دابوو خۆ کانت لەژیاندا نەمابوو ؟. بەڕاستی لەبنەڕەتدا هەندی دیدی سەیر سەبارەت بە داهێنان و فیکر و فەلسەفە و ئەدەب و بەتایبەتی شیعر لای ئێمەی کورد بەدیدەکرێ، بەبڕواوی من بۆچوون و تێڕوانینێکی بێ حەد کلاسیکییە و باوەڕناکەم لەناو هیچ لەکولتوورەکانی تری دونیادا خەڵك بیری لێبکاتەوە، ئەوەی لای ئێمە بەدیدەکرێ نیشانەی نەبوونی داهێنانە وەك فیکر،بەدرێژایی مێژووی ئێمە بابەتێك نییە رامانچڵەکێنێ و هەڵوێستەمان پێبکات، خۆ ئێمە" مەم و زین " مان هەیە، بەڵام داخۆ چەند لەسەر ئەساسی فیکر ئاوڕمان لەو داستانە داوەتەوە، ئایە مەم و زین چەند توانی فیکری ئێمە پێش بخات، کێشەکە لەوەدایە مێژووی ئێمە بە بێدەنگی تێپەڕی و کەسمان نەمانتوانی بەبەتێکمان هەبێت مێژووی پێ سەرسام و دەوڵەمەند بکەین، ئەوەی هەیە مێژوویەکی کورتی چەند مانگێ یاخود........ ناتوانم بڵێم چەندساڵێ هەیە، کەواتە خەلەل نەلەداهێنانە نەلەتەمەنە، بەڵکوو خەلەل لەفیکری ئێمەیە کە ناتوانین خوێندنەوەیەکی گرنگمان بۆ مێژوو + فیکرو سستم هەبێ،هەر لەرۆژئاوادا دەیان پرۆژەی رۆشنگەری هەڵوەشایەوە و پرۆژەی فیکریی نوێ سەری هەڵدا، حەقوایە بپرسین، دەبێ ئێمە بە چ پێوارێك باس لەداهێنان و پەیوەندی ئینسانەکان بە داهێنانەوە بکەین ؟ ئایا داهێنان تەنها لەبواری ئەدەبدا تەماشا دەکەین یا شتی تر، ئەوە داهێنانە لەبواری فیکر و فەلسەفەدا ئەقلییەت و سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ، بۆیە کاتێ باس لەداهێنان دەکەین، ناکرێ تەنها لە ئەدەبدا کورتی بکەینەوە، چونکە خودی داهێنان پەیوەندییەکی قووڵی بە ئەقڵانییەت و رۆشنگەرییەوە هەیە، پرۆسەیەکە ئەقل پراکتیزەکەی دەکات و ژیانی مرۆڤەکانی پێڕێك دەخات، بۆیە لەم حاڵەتەدا نەزەمەن و نەتەمەن دەبنەپێوەر بۆ داهێنان، بەبڕوای من ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ چەمکی داهێنان تەنها درێژکراوەی دیدی بەسیاسیانەکردنی ئەدەبە، وەك چۆن لەناو ململانێیەکی سەرسەختی نەتەوایەتیدا بەتایبەتی لە عەقلییەتی رۆژهەڵاتیەکاندا ناتوانی باس لە دیموکراسی بکەیت ،

چونکە لەم حاڵەتەدا ئەوان پێیانوایە تۆ خیانەت لەنەتەوە دەکەی، ئەگەر ئێمە لەو دیدگایەوە لە داهێنان بڕوانین، بەبڕاوی من ئێمەنامانەوەێ لە دیدگای فیکر و مەعریفەوە بۆ داهێنان بڕوانین،لەهەندێ حاڵەتدا ئەوە زەمەنە رۆحی داهێنان دەکوژێت و تەمەنەکانیش فریای خامۆشکردنەوەی ئەو ئاگرە ناکەون، ئەگەر نموونەیەکی بچووك لەو بارەیەوە وەربگرین، ئەوە ئەدەبیاتی قۆناغی شەستەکانی خۆمانە رۆحی داهێنانی تیا کراوە بە قوربانی بیریی نەتەوەیی و لەم هاوکێشەیەدا ئەوەی بیریی لێنەکراوەتەوە، داهێنانە، هەر لەم قۆناغەدا ململانێیەك بەدی ناکەی لەنێوان

نەوەکان و تەمەنەکان، ئەوە گەنجەکانی ئەو قۆناغەن رۆحی مقاوەمەت دەخەنە بەری دەقەکانیان و نەوەی پێش خۆیانی پێ دڵشاد و بەختەوەر دەکەن، ئەم قۆناغەی ئەدەبی ئێمە یەکێکە لەو قۆناغە خوێن ساردانەی کە هەمیشە لێوەی دەڕوانینە ئەدەبی کوردی وەك ئەدەبێکی ئیبداعی، لەکاتێکدا ئەگەر لەگوتاری ئەدەبیاتی پێش ئەوان بڕوانین، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئەوە سیاسەت تەحەکوم بە ئەدەب دەکات و دەیخاتە خانەی ئەدەبێکی دەمارگیریی چەقبەستوو، خۆ ناکرێ لەپێناو گرنگیدان بە داهێنان ئەدەب و فیکرمان لەناو خانەی گوتاری حەماسیدا بکوژین، ئەم تێڕوانینەی ئەم نەوەیە، لەقۆناغێکی هەستیاری پێگەی کوردابوو لەناو هاوکێشەی کرانەوەی ئەقلگەرایی  دونیادابوو ، بۆیە ئەوەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین تاوانبارکردنی ئەو نەوەیە نیە، بەڵکوو تاوانبارکردنی رەوتی سیاسی ئەو ناوچەیەیە کە ئەدەبی کوردی و فەلەستینی و سوری و......کوێ و کوێی بەو ئاقارەدابردووە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە دەیان دەقی حەماسی بووەتەمایەی گڕگرتنی ناوچەکە و دەیان گەنجی بەرەو بەرەکانی شەڕ بردووە، هەرئەم حاڵەتەش بووە کەسێکی وەکوو " ئەسیریی " شاعیر هەموو دەقە رۆمانسییەکانی خۆی سوتاند یان دڕاند،بۆیە حەقوایە ئیتر بە دیدێکی کراوەتر مامەڵە لەگەڵ داهێنان و جۆرەکانی داهێناندا بکەین،و نەهێڵین هەوڵەکان بۆ کوشتنی رۆحی داهێنان سەرکەون، لەوکاتەی "کاسیرەر " وەك میراتگریی " کانت " داکۆکی لە فەلسەفەی کانتیزم دەکرد،ئەوە هایدگەر بوو رۆشنگەری رۆژئاواو فەلسەفەی کانتیزمی خستە ژێر پرسیارەوە، هەرچەندە هایدگەر نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، بەڵام رۆحی داهێنان لای نەوەکان هەر بەردەوام بوو، ئەوە " هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆ " لەترسی نازیەکان ئەڵمانیایان بەجێهێشت لە ئەمریکا کتێبێکیان بەناوی " دیالکتیکی ئەقل " بڵاوکردەوەو رۆشنگەریی رۆژئاوایان بەرەو ئاقارێکی سەقامگیر برد.

**پ : تا چەند لەبەرهەمی ئەدەبی نەوەی ئەمڕۆ رازیت یاخود توانیویانە ئەو ئەدەبەی پێش خۆیان تێپەڕێنن ؟.**

وەڵام : یەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی بەرەوپێشەوەچوونی ئەدەب،ململانێیە لەپێناو بەرهەمهێنانی بابەتێکی زیندوو، هیچ دەقێك بێخوێندنەوە ئیعتیباری بەرهەمی باشی بۆ ناکرێ، ئەم حاڵەتە یەکێکە لەپرنسیبەکانی دەقی سەرکەوتوو، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە هیچ ئیعتیبار بۆ دەقی جیدی نەکراوە، ئەمە وەك مەبدەئی زۆرینە، بەڵام لەملاو ئەولا ئەم جۆرە دەقانە فەرامۆش نەکراوە و خوێندنەوەی جیدی بۆ کراوە،لەم حاڵەتەدا مەسەلەی ململانێی جیدی بوونی نابێ، رەخنەی جیدیش بوونی نابێ،یەکێك

لەگرفتەکانی بەردەم بەرەوپێشەوەچوونی ڕەوتی ئەدەبی کوردی قۆناغی شەستەکان نەبوونی ڕەخنەبوو، سەرهەڵدانی گووتاری حەماسی و شۆڕشگێڕیی بوو، کە ئەدەبیاتی کوردی بەناچاریی بەو ئاراستەیەدا برد و زمانی ئەدەبیاتی بەزمانی سیاسەت گۆڕییەوە، داکۆکیکردن لەبزوتنەوی سیاسی و چەکداریی کورد بووبەئەرکی سەرەکی ئەدەبی کوردی، لەم سەروبەندەدا سیاسەت ئەدەبی لە حاڵەتەئینسانیەکان تەجریدکرد و ڕۆڵی ڕەخنەش بە هەڵبژاردنی بێدەنگیی هێشتەوە، حاڵەتێکی زۆرترسناك بوو، یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی دەرکەوتنی نەوەی نوێ، لەدەرئەنجامی خوێندنەوەی جیدیە بۆ دەق لەڕێی ڕەخنەوە ، کاتێ ڕەخنە لەبەرانبەر کێشەنەتەوایەتیەکان دەستەوەستان دەبێت، ئەدەبی داهێنەرمان نابێ، ئێمە ناکرێ زمانی سیاسیانەی ئەدەب و زمانی ئینسانیانە وفیکرییانە لێکجیانەکەینەوە و ئاراستەو کاریگەریەکان نەخەینەڕوو، بۆیە دەپرسین قۆناغی شەستەکان، هێندەی شاعیری بەرهەم هێنا، هێندە ڕەخنەگری بەرهەم هێنا ؟، دەبێ پرسیاری ئەوەش بکەین هۆکارەکان چیبوون ڕەخنەگری جیدی لەو قۆناغەدا دەرنەکەوت ؟، ئێمە زۆرجاران بیستومانە کاتێ باس لەرۆڵی ڕەخنەی کوردی دەکرێ، زەربی سفردەکرێ، ڕەنگە ئەمە بۆخۆی بەشێك بێت لەوهاوکێشە نەخوازراوەینەبوونی ڕەخنە و شکستهێنانی لەبەرانبەر مەسەلە ئینسانیەکان، چونکە هەموو

تێگەیشتنەکان سەبارەت بە ئەدەب، بەو ئاراستە سیاسیەدا هەنگاوی دەنا،بۆیە ڕەخنەگر یش هەر لەو کانیە ئاوی دەخواردەوە کە خەڵکی ئاسایی لیًیاندەخواردەوە، ئەوەی شاعیرانی ئەو قۆناغەی تا ئەم چرکەساتە لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتدا هێشتووەتەوە،نەبوونی ڕەخنەی جیدی بونیادنەرە،هەر بۆ نموونە، کام یەك لەورەخنەگرانەی قۆناغی شەستەکان ڕەخنەیان لە دەقەکانی شاعیرانی ئەو قۆناغەگرت، جگە لەو ڕەخنەگرانەی سەربە ڕەوتەچەپەکان ؟ بێگومان نیە ، لەم حاڵەتەدا شتێك نابێ پێیبوترێ ململانێی و سەرهەڵدانی نەوەی نوێ،دەرئەنجام هەربەشێك لەشاعیرانی نەوەی شەستەکان خۆیان لەگەڵ چەند گەنجێکی تر ڕوانگەیان پێکهێناو بوون بە بەشێکی چالاك بۆ سەرهەڵدانی ململانێی ئەدەبی کوردی،لەم حاڵەتەدا ئەوە ڕەخنەی کوردی خۆی بوو گورزێکی کوشندەی لەخۆی دا، کە تائەم ساتەوەختە پێوەی دەناڵێنی، ئەوەی ئاراستەی زمانی ئەدەبیاتی کوردی گۆڕی، ڕەخنە نەبوو، بەڵکوو تێگەیشتنێکی تەندروستی بەشێك لەشاعیرانی ئەو قۆناغەو چەند گەنجێکی شاعیر بوون، بۆیە کاتێ قسەلەسەر ململانێی نێوان نەوەی نوێ و کۆن دەکرێ، دەبێ ئاستی ڕەخنەی کوردی بخەینەڕوو،ئێمە زۆر جار کە دێینە سەر ئەدەبیاتی کوردی، قسە لەئەزموونی خۆمان دەکەین، بە بڕوای من ئەزموونی ڕەخنەی کوردی لەدوای ڕوانگەوە سەری

هەڵدا، دەتوانین بڵێین روانگە تەپووتۆزی زەمەنی بەسەرچوویان لەسەر شان و ملی رەخنەگرانی کورد تەکاندو بەئاگایان هێنانەوە، بۆیەئەگەر وەك ئەزموون لەئاست ئەدەب  و دیدی فیکریی و مەعریفی کوردی بڕوانین و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە،دەبێ بڵێین بەداخەوە، مێژووی ئێمە جگە لەمەم وزین و مەولاناخالیدی نەقشبەندی چیتری بۆ بەجێهێشتوین، بۆیە مێژووی ئێمە بەبێدەنگی و بێ هیچ هەڵوێستەکردنێك گوزەشت، کاتێ ئاوڕ لەمێژووی خۆمان دەدەینەوە، دەبێ ئەوەش بڵێین لەئاست ئەو کارانەشدا واقیعبینانە مامەڵەمان نەکردووە و نەمانتوانیوە بیریی نەقشبەندی و دیدی خانی لەئەدب و فیکردا تەوزیف بکەین، کەواتە ئەوە دیدی رەخنەیە ئەزموونی خانی و مەولانا خالید دەگوازێتەوە بۆ ئەرزی واقیع و جیاوازی نێوان نەوەکان دەخاتەڕوو، ئێمە لە کۆتایی هەشتاکاندا بەوپێیەی دونیا بەرەو کرانەوە هەنگاوی دەنا، ئەدەبی ئێمەش لەو چرکەساتەوە بەجیدی هەنگاوی ناو، لەو خامۆشییە رزگاریان کردین و ئەدەبی کوردی لەعێراق بوو بەبەشێکی گرنگ لەناوچەکەدا،دوای راپەڕین مەودایەکی بەربلاوترلەبەرانبەر نووسەرانی کورد کرایەوە و لەهەوڵی ئەوەدابوون خۆیان لەو چوارچێوە لۆکالییە رزگاربکەن و ئەدەبیاتی کوردی بەدونیا و دەوروبەر بناسێنن، لەم کاتەشدا رەوتێکی واقیعبینانە لەناو رەخنەو دیدی جیاوازلەسەر مەسەلە فیکریی مەعریفییەکان سەریان هەڵدا و گۆڤارێکیان بەناوی " ئازادی "  دەرکرد دەرئەنجام نەبوونی عەقلییەتی رۆشنگەریی لای کەسانی خاوەن پارە، و گوێ نەدان بە  تێزە فیکریی و فەلسەفییەکان ئەم گۆڤارە بوو بەقوربانییەکی تری سیاسەت و هەژاریی رۆشنبیریی کوردی، بەڵام بڵێن و نەڵێین، ئەم ئەزموونەی ئەو برادەرانە کە دواتر لە " رەهەند " و " سەردەمی رەخنە" دا کاریگەرییەکی زۆر باشی بەسەر نووسەرانی کورد و بەتایبەتی گەنجەکاندا هەبوو، هەر پاشخانی مەعریفی ئەم دیدەیە دەبینی ئێستا نەوەیەکی زیندوو لەنووسەری گەنج لەناو پانتایی ئەدەبیاتی کوردیدا سەریهەڵداوە و خەریکە کتێبخانەی کوردی بە بابەتی زیندوو + ئاراستەی جیاواز، دەوڵەمەند دەبێت، بۆیە بەبڕوای من ئەوەی ئێمە ناوی دەنێین ململانێ و دەرکەوتنی نەوەی نوێ خۆی لەخۆیدا بنەمایەکەهەر دەبێ هەستی پێبکەین، بۆیە قەت ممکین نیی لەم کاتەدا بڵێین تەواو دیدی ئەدەبی ئێمە سیبەری نەوەی کۆنی بەسەرەوە نییە، ئەم دەرکەوتە ئەدەبیە بەو شێوەیە نیە ئیتر بڵێن تەواو، بەڵام ناشکرێ بڵێین هەستی پێناکەین، بەدڵنیاییەوە ئەگەر وابڵێن، ئەوا بێویژدانیە دەرهەق بەنەوەی نوێی دەکەین، ئەوەی بەجیدی تێپەڕاندنی نەوەی پێش خۆی پێوە دیاربێ بەبڕوای من تەنها چەند کەسێکن، بۆ نموونە هێشتا بەشێك لەشاعیر و ئەدیبەکانی نەوەی کۆنن بەردوام خۆیان

نادەنەدەستەوەو خۆیان بەراستترو بەتواناتر دەزانن، ئەگەر بەردەوام ئەم ململانێیە ئاراستەی راست سەبارەت بەدیدی رەخنەو جیاوازی گوتاری ئەدبی بگرێتەخۆی، ئەدەبی ئێمە پێش دەکەوێت و نەوەیەك پەیدادەبێت بەجیدی قسەی خۆی لەسەر ئەدەب و رەخنەی کوردی هەبێت و ئاراستەی ململانێکانیش بابەتی زیندووی لێدەکەوێتەوە.

**پ : پرسیارێك لەسەر شیعرو چیرۆك، هەندێك پێیان وایە بەرهەمی شیعرو چیرۆکی نەوەی پێشوو لاوازن و جۆرێکن لە وتاری سیاسی و هەندێکیش پێیان وایە بەرهەمی شیعر و چیرۆکی ئەمرۆ جۆرێکە لە نووسینی بێمانا، ئایا ئەدەبیاتی سەردەمی مۆدێرنە لەواقیعی ئێستای کوردیدا ئەدەبیاتێکی تەندروستە ؟.**

وەڵام : بەبڕوای من ئەم بۆچوونەی هەریەك لەو دوو نەوەیە، جۆریکن لە نەخوێندنەوەی واقیعیانە بۆ دیدی یەکتر، قەت مموکین نیە بەهەموو جۆرێك بتوانی نەوەی پێش خۆت رەتکەیتەوە، یا بەبێ مانای لەقەڵەم بدەیت، یەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی رەوتی ئەدەبی و فیکریی، بوونی ململانێ و رەخنەیە لەو ناوەندەدا، هیچ دەقێك بێ خوێندنەوە و رەخنە قسەی لەسەر ناکرێ، واتە قسەکردن لەسەر دەق، بەجۆرێك لەجۆرەکان رەخنەیە بۆ پێشکەوتنی ئەو رەوتە ، بەلام بەتێگەیشتنی جۆراوجۆر، هەر نەوەیەك لەهەربوارێکدا هێزێکی فیکریی و مەعریفی کارە بێت، دەرئەنجام نەوەیەك دێت و کارو فیکری ئەو نەوەیە دەخاتە ژێر پرسیار و رەخنەوە، کێشەکە لەوەدایە چۆن مامەڵە و هەڵسووکەوت لەگەڵ دیدی رەخنەییدا دەکەین، ئەمەیان بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ جۆری هوشیاریی فیکریی و کۆمەڵایەتی، مێژووی خۆرئاوا پڕیەتی لەململانێی فیکریی و فەلسەفی بەتایبەت ململانێی نێوان بیرمەندو فەیلەسوفەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا، ئەوەی دەکرێ ئێمە کاری لەسەر بکەین، گرنیگیدانە بەرۆڵی رەخنە لەو بوارانەدا، جارێکی دیکە ئەیلێمەوە، نەبوونی رەخنەیەکی بابەتیانە و دیدی زانستی بۆ دەق، ئەو قسەو قسەلۆکانە دێنێتە ناوەندەکەوە کە لەبنەڕەتدا قسەی رۆشنبیر نیە، بەچ پێوەرێك من هەموو دەقی پێش خۆم بە وتاری سیاسی لەقەڵەم بدەم، ئەمە بۆخۆی پرسیارە و دەکرێ بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین ؟، ئەگەر ئێمەی کورد لەقۆناغی شەستەکانی سەدەی رابوردووی ئەدەبیاتدا دیدێکی رخنەیی زانستیمان بۆ ئەدەب و فیکر هەبوایە، من دڵنیام ئەمجۆرە قسەکردنانە لەسەر ئەدەبی کوردی بەگشتی ناهاتە ئاراوە،من لەوەڵامی پرسیای دووهەمیشدا باس لە نەبوونی رەخنەی کوردی قۆناغی شەستەکان دەکەم و بەخاڵێکی زۆر نیگەتیفی لەقەڵم دەدەم لەبەرانبەر ئەرکی سەرەکی ئەدەب، ئەم رەوتە رەخنەییەی

ئێستا هەیە بەجۆرێک لەجۆرەکان لای نەوەی کۆن نامۆیە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەم جۆرە دیدانە لە ئەدەبیاتی قۆناغەکەیاندا بوونی نەبوو، ئەم حاڵەتەش بۆ کێشە سیاسیەکان دەگەڕێتەوە کە ئەدەبی لەو زیندانەی خۆی کۆت و بەند کرووە و زمانی ئەدەبیاتی ئێمەی بەئاراستەیەکی دیدا بردووە کە لەبنەڕەتدا زمانی ئەو نەبوو، بەڵکوو ئەوە زمانی سیاسیەکان بوو، بۆیە دەبینی ئەم جۆرە تێگەیشتنەبۆ رەخنە نەک بەتەنها لای نەوەی کۆن بونی هەیە ، بگرە لای بەشێک لەنەوەی نوێش بەهامان شێوەیە،لەهەر قۆناغێکدا رەخنە نەبوو بۆ ئەدەب و فیکر، ئەوە دڵنیابن گوزارشت لەنەبوونی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و بێ نرخکردنی رەخنەیە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ رەخنە بە داخەوە بێ ئاگایی ئێمە لە ئاست بونیادە مرۆڤایەتیەکان کە دەرئەنجام لەناو واقیعێکی تاڵدا ئەدەبی ئێمە تەنها ئەرکی ئەوەبوو گوزارشت لە رەنگو بۆی خۆی بکات و سەرنجی دەورووبەر بەلای خۆیدا راکێشێت، لەم حاڵەتەدا شتێک نامێنێ پێی بوترێ رەخنە، بەڵکوو رۆڵی رەخنە لەو قۆناغەدا لەناو چیرۆک و رۆمانەکانمادا بوو، لەناو وتارە سیاسی و شیعرە حەماسییەکانماندا بوو، ئەگەر ئێستاش نەوەیەک هەبێ پێوابێ ئەدەبی پێش خۆی مەرفوزە، ئەوە بەبڕوای من جۆرێک لەبێویژدانی دەکات لەبەرانبەر نەوەی کۆن، بۆیە دەبێ بەرلەوەی ئەم دیدەی بۆ نەوەی پێش خۆی هەبێ، دەبێ تێگەیشتنێکی فیکریی بۆ هەردوو ئەو قۆناغە سیاسیە جیاوازە هەبێ و ئەوجار قسەلەسەر رەوتی ئەدەبی کوردی ئەو دوو قۆناغە جیاوازە بکات، راستە ئێمە ئاماژە بەرۆڵی جیاوازی رەخنەی کوردی ئەو قۆناغە دەدەین، بەڵام خۆ ئەوە بەشێکی زۆر لەنووسەرانی ئەو قۆناغەشن ئاماژە بە بێتوانایی رەخنەی کوردی دەدەن، کەواتە ئەوەی لەم ناوەندەدا بێ دەربەستی یەکەم بووە لەئاست بەرەوپێشەوە چوونی ئەدەبیاتی کوردی، رەخنەگرانی ئەو قۆناغە بوون، کە مووجامەلەی سیاسەتیان کردووە و ئەرکی سەرەکی ئەدەبیاتیان فەرامۆش کردووە، ئەگەر قسەش لەسەر ئەدەبیاتی ئێستای کوردی بکەین، من دەڵێم ئەدەبیاتی مۆدێرنە بۆخۆی ئەدەبیاتێکی دروستە، بەڵام داخۆ ئەدەبیاتی ئێمە بۆ واقیعی ئەدەبیاتی دونیا و سەردەمی مۆدێرنە چۆنە ؟ ئەمە بۆخۆی پرسیارە ؟، ئەگەر بڵێین کرانەوەی ئێمە بەڕووی دونیا یەکسانە بەوەی ئەدەبی ئێمەش ئەدبێکی مۆدێرنە، ئەمە رەنگە وانەبێ، چونکە لەساتەوەختی کرانەوەی ئێمە بەڕووی دونیا، وەتائەم چرکە ساتەش بەئاشکرا سێبەری نەوەیەکی کۆن بەسەر ئەدەب و فیکری ئێمەدا زاڵە و هەندێ جاریش دەبینین ئەوان لەم سەروبەندەدا جێ بە نەوەی نوێ لەق دەکەن و دەبنە خاوەن بڕیار، بەداخەوە مانەوەی نەوەی کۆن لەم مەجرایەدا، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەزگای رۆشنبیریی و فیکریی سەربەخۆ + قۆرخکردنی دەزگا رۆشنبیرییەکان لەلایەن

عەقڵە حیزبییەکانەوە، ئاستی هوشیاریی بۆ زیاد لە " 10 " ساڵ لەسەر بنەمای سۆزی سیاسی و نەتەوایەتی تووشی دۆگمابوون کرا، بەڵام بەدیویێکی تر نەوەیەکی هوشیار بەردەوام لەو فەزا فەوزایەدا لەهەوڵی گەشەپێدانی بوارەکانی ئەدەب و فیکر و مەعریفە بوون و بەردەوام تەرحی فیکری و ئەدەبی جیاوازیان هێنایە کایەوە، کە دەرئەنجام جگە لەوەی ئەو فەوزایە لەناو ئەدەب و رۆژنامەگەریدا بەپلان بەردەوام کاردەکات، بەڵام نەوەیەکی جیدی لەناو گەنجە نووسەرەکان پەیدا بوون دڵنیام لەساڵانی داهاتوودانەوەی بەتواناتر دێنە پێشێ،کە هەموو قۆناغەکانی ئەدەبی ئێمە دەخاتەژێر پرسیارەوە.

**پ/ کەمی خوێنەری ئەدەبی لەم رۆژگارەدا هۆکاری لاوازی ئەدەبیاتی ئەم نەوەیەیە یاخود پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە یان هۆکاری ئەو هەموو بڵاوکراوە ناتەندروستەیە کە خوێنەری لە ئەدەبیاتەوە دوورخستووەتەوە ؟ .**

وەڵام : بەبڕوای من وەڵامی ئەم پرسیارە جەوهەری بەشێکی زۆری کێشەو گرفتەکانی پێشنەکەوتنی کۆمەڵگەی کوردیە، هەموو ئەو بۆچوونەی لەپرسیارەکانی بەڕێزتاندا هەیە هۆکارن بۆ ئەم خاڵە ناجیگیرە، بەڵام بە پلە یەك، ئەو دەرکەوتە سیاسیانەیە کە بەدرێژایی مێژوو ئەدەبیشی پەلکێشی ناو مەعمەعەی سیاسەت کردووە، راستە ئەدەب ناتوانێ خۆی لەسیاسەت دووربکاتەوە، بەڵام ئەوە ئەدەب نییە بەعەقڵی سیاسەت بیردەکاتەوە،بۆیە دەبینی لەبەرانبەر ئەو هەموو ناجێگیرییە، ئەدەب فەرامۆش دەکرێیت، کاتێ سیاسەت هەمووبیرکردنەوەی ئێمە کۆنترۆل دەکات، ئەوە ئێمەین پشت لەئەدەب دەکەین و بە زمانی سیاسەت قسەدەکەین، ئەوە ئێمەین مەوداکانی بیرکردنەوە لەئەدەب کورتدەکەینەوە و ئەدەب دەکەین بەقوربانی سیاسەت، زێڕینترین هەل بۆ بەرەوپێشەوەچوونی رەوتی ئەدەبی و فیکریی ئێمە، قۆناغی دوای راپەڕین بوو، کە بەداخەوە سیاسەت و ململانێی حیزبایەتی بواری نەدا سوود لەو قۆناغە وەربگرین، بۆیە ئەو دەمەش هەر سیاسەت و بیریی حیزبایەتی بوو هەمیشە لەهەوڵی کورتکردنەوە ی مەودای بیرکردنەوەی ئێمەی دەداو کەوتنە قووتکردنەوەی دەزگای بەناو رۆشنبیریی و کەسانی نارۆشنبیریان دەکردە سەرپەرشتیارەی ئەو پرۆژە حیزبیە و بەئاراستەی حیزبیش کاریان دەکرد، بەردەوام ئێمە قسەی ئەوە دەکەین کەدوای راپەڕین فەوزایەکی ئەدەبی لەم پارچەیەی کوردستان سەریهەڵداوە ، بەڵام کەمن ئەوانەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم فەوزایەیان خستووەتەڕوو، کە بەداخەوە حیزبی کوردی لەبەرانبەر ململانێی یەکتر دروستیان کرد و خەڵکانێکیان هێنایە ناوەندەکەوە لەبنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان عەقڵی ئەوان و ئەدەبدا نەبوو، ئەگەر

بەردەوام مووتابەعەی رەوشی سیاسی لەم هەرێمەی ئێمە بکەیت، دەبینی لەهەندی مووناسەبەدا پیاوانی سیاسەت خۆیان دەکەن بە میراتگرەوەی ئەدەبیاتی کوردی و لەبری ئەدیبان و رۆشنبیران قسەدەکەن و ئەدەبی کوردی بۆ قازانجی حیزبایەتی کورتدەکەنەوە، کێشەکە لەوەدایە، تائێستا بەشێك لەو بەناو رۆشنبیرانە جیاوازی لەنێوان رۆشنبیر و سیاسی ناکەن و لەناوەندەکەدا بوون بە بەشێك لەو هاوکێشەیە، بەبڕوای من کێشەکە لەوەدانیە ئەدەبیاتی ئێمە لاوازە یان شتی تر، بەپێچەوانەوە، ئەوە ئەوانن خۆیان دەخزێننە ناو کایەی ئەدەبییەوە و ئەدەب و چەمکی ئەدەب لەگۆشەنیگایەك دەخزێنن کە کەس حەسودی پێنەبات، بەداخەوە نەبوونی جیاوازی لەنێوان خوێنەری جیدی و ناجیدی مەسەلەیەکی زۆر خەترە و ناوەندی ئەدەبی و فیکریی ئێمەی تەنیوە و کەسیش نیە بەجیدی قسەی لەبارەوە بکات و ئەو جیاوازیانە بخاتەڕوو، ئەوی دەکرێ ئاماژەی پێبدەین و وەك جیاوازی لەنێوان ئەو دوو جۆر خوێنەرە قسەی لەسەر بکەین ، ئەوەیە ئەم خوێنەرە ناجدیانە نەفەسی خوێندنەوەیان کورتەو تەنها خوێندن و کارکردن لەناو دەزگای رۆشنبیریی بۆ دەوڵەمەندکردنی گیرفانە، نەك عەقڵ، بۆیە دەبینی لەماوەیەکی قیاسی کورتدا بەدەیان کەس لەو جۆرە دێن و دەڕۆن و ناوەندی ئەدەبیش هیچ ئیعتیبارێکیان بۆ ناکات و لەبەرانبەر خوێنەری جیدی و رۆشنبیریی راستەقینە دەپوکێنەوە، ئەوەی ئەمرۆ بەناوی کتێب و ئەدەبیاتەوە دەخرێتە بازاڕەوە، راستە رەوتێکی ناجێگیریی بە خوێندنەوە بەخشیوە و بابەتەجدیەکان و ناجیدیەکان بە یەك پێوەر دەفرۆشرن، بەلام ئەوەی مایەی دلخۆشیە  ئەوەیە، ئەمرۆ خەڵك پرسیاری چی دەکات، بەدوای چیدا دەگەرێ، کامانن ئەو کۆڤارو کتێبانەی خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە، لەدەرکردنی یەکەم گۆڤاری "ئازادی " و دواتر " رەهەند " و پاشان "سەردەمی رەخنە " بە بەردەوام خەڵك ئەم پرسیارە لەو نووسەرانە دەکات کە بۆچی پرۆژەکەیان وەستاوە، لیرەدا ئێمە هەست دەکەین خوێنەر هەیە و دەزانێ بە دوای چیدا دەگەڕێ، تۆ لەوەگەڕێ کۆمەڵێ خەڵك و لایەن بازرگانی بە ئەدەبەوە دەکەن،یان لەرێی سووکایەتی کردن بەکەس و لایەنەوە گۆڤارەکانیان پڕفرۆش دەکەن، ئەوانەی ئەم کارە دەکەن مەبەستەکەیان ئاشکرایە، بەو نیازە رەخنەلەدەسەڵات دەگرن تا لەرێی دەزگاو گۆڤارەکانیانەوە دەوڵەمەند دەبن و دواجاریش سوك و ئاسن لێی دادەنیشن و نەسیحەتی خەڵك دەکەن کە قسە بەدەسەڵات نەکات، ئەم ناوەندەی ئێمە خەڵکی وای تیا هەڵکەوتووە،تەنها کاریان ئەوەیە قسەی سوك و ناشرین و بێبنەما بەخەڵك هەڵبەستن تەنها لەبەر ئەوەی ناویان بێتە مەیدانەوە و ببن بەناو، ئەمەیە واقیعی  بەناو رۆشنبیریی ئێمە کە نموونەی

لەم جۆرەنەشمان هەیە کە بەداخەوە هۆکارەکەی ئەوەیە، دەسەڵاتی ئێمە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەم نمونانەوە خەریکە ئەدەب و ئەدەبیات ناشرین دەکات و وامان لێدەکات خۆمان گومان لەتوانای خۆمان و ئەدەبی خۆمان بکەین،ئەگەر باس لە تەکنەلۆجیا دەکەی، دەبوو ئێمە بەسوودوەرگرتن لەتەکنەلۆجیا، هەوڵی باشترمان بدایەو ئەم دەرکەوتە زانستییەمان بۆ خزمەتی خۆمان بەکاربهێنایە، نەك ئەوەی ئێستا لەدژی خۆمانی بکاردینین و هەندێ جار هەست دەکەین دەرکەوتنی تەکنەلۆجیا هەموو پێوەرەکانی نایەکسانی و نەبوونی ئیتیکی ئەدەبیات و رۆژنامەوانی ئێمەی ئاشکرا کرد و ئەوەی ئێمە پێمان دەگووت ئەزموونی دیمکورسی و نازانمچی بەناشرینی بەسەر خۆماندا کەوتەوە،ناکرێ ئێمە بڵێین خوێنەر دوورکەوتوەتەوە لە خوێندنەوە، نەخێر بەبڕوای من هێندەی تێگەیشتنی خۆمان بۆ فیکر فەلسەفە ئەدەب، خوێنەرمان هەیە، ئەوەی وامان لیدەکات لەبەرانبەر خوێنەر و ئەو هەموو بڵاوکراوە زۆرە بەگومان بین لەتێگەیشتنی خۆمان بۆ ئەدەب، بێسەرەوبەرەیی ئەو دەزگا بەناو رۆشنبیریانەیە کە بەلێشاو گۆڤارو رۆژنامەو نووسەری بێ مەعریفە دەخەنە بازاڕەوە، بەڵام قەت ناتوانن لەئاست جدییەتی خوێنەر بن بە کێشە، خاڵێکی تر کە ئەوەش نووسەر و نانوسەر لێکجیاناکاتەوە، زۆری ئەو بڵاوکراوەیە کە هەربابەتێکی بۆچوو، ئیتر رەتکردنەوە نیە، کە بابەت رەتنەکرایەوە، هەموو دەبن بەنووسەر، کە هەموو بوون بەنووسەر، رەخنە حزووری نابێ، تۆ لەم حاڵەتەدا رەخنە لەکێ دەگری، لەو کەسانەی ئەو بەرهەمە کرچوکاڵانە دەنووسن یا لەو رۆژنامە و گۆڤارانەی کە وەزارەتی رۆشنبیریی مۆڵەتی پێداون مومارەسەی کایەی رۆشنبیری بکەن، ئەمەیە خەلەلەکە لەم وڵاتەی ئێمەدا کەس نازانێ کێ رۆشنبیرە و کێ بڕیار لەسەر دیدە رۆشنبیریی و ئەدەبیەکان دەدات، تۆ ناتوانی دەقێکی کرچوکاڵ رەتکەیتەوە، لەبەر ئەوەی من ئامادەم بۆی بڵاوبکەمەوە و لەبەر خاتری زۆر فرۆشی گۆڤارەکەم ئەم کەسانە بکەم بەنووسەر و لەمەجلیسی ئەدەبیاتدا وەك نووسەرێکی خاوەن ئەزمون بیکەم بەخاوەن دیدوبۆچوون.

دیداری ماڵپەڕی "  نووچەنێت "

سەبارەت بەدۆخی سیاسی عێراق و کوردستان

سازدانی : رزگارچوچانی

**پ/ کەرکوك یەکێکە لە دۆسیە هەستیارە سیاسییەکانی عیراق و کوردستان، دۆخی سیاسی و ئیداری ئێستای کەرکوك چۆنە؟**

لەساڵی "2003 " بەدواوە ڕۆشنبیرانی کورد و کەرکوک بەتایبەتی قسەی زۆریان لەسەر خراپی ئەدای ئیدارەی کەرکوک کردو کەس گوێی لینەگرتن، بەداخەوە سەرەتا قسەکردنی ڕۆشنبیرانی کوردیان بە دەنگی نەشاز و بێبنەمایان لەقەڵەم ئەدا، ئەم حاڵەتە ریشەیەکی قوڵیی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە، ئەویش دوژمنانی ئێمە فێریان کردین و نەمانتوانی خۆمانی لێ دەرباز بکەین، ئەم حاڵەتە هەر سەرەتا ئاڵۆزییەکی زۆری لەکەرکوک دروست کردوو بووە مایای گرژیی و ئاڵۆزی و چەندجارێك لەنێوان  کورد و عەرەب و کورد و تورکمان سەریان هەڵداو هەموو جارێ نەیارەکانمان کوردیان خەتابار دەکرد ئەویش لەبەر ئەوەی بەزۆری کورد ئیدارەی ئەم شارەی بەڕێوە دەبرد، یەکێك لەو دیدە ناجۆرانەی حیزبی کوردی لەوەدایە هیچ کات پەنای نەبردووەتە بەر ئینسانی کوردی غەیرە حیزبی بۆ ئیدارە و بەڕێوەبردنی کەرکوک، بەداخەوە ئەوان هەمیشە لەچاوی حیزبەوە تەماشای مەسەلەکان دەکەن و پێیان وایە جگە لەو حیزبیانە کەسی تر ناتوانێ ئەم شارە بەڕێوە ببات، راستە ئەوان خەباتیان کرد و چەرمەسەرییان بینیوە و خیزانەکانیان تووشی هەڕەشەو مەترسی بوون، بەڵام حیزبی بوونی ئەوان ناکرێ لەمەساڵحی شەخسیدا کورتبکرێتەوە و تەنها پیاوانی حیزب بەخەڵکی دڵسۆز لەقەڵم بدەن، دەبوو حیزبی کوردی هەوڵیبدایە بەدوای کەسانی پرۆفیشناڵ لەبواری بەڕێوەبردنی ئیدارەدا بەگەڕایە، نەك تەنها ئەوانەی لەشاخ بوون و هیچ ئەزموونێکیان لەبارەی بەڕێوەبردنی شار نییە، ئەم دیدە خراپەی حیزبی کوردی مەسەلەی کەرکوکی زیاتر ئاڵۆزکردوو تاگەیشتە ئەوەی نەتوانرا بەهیچ شێوەیەك متمانە بەنەتەوەکانی تری کەرکوك بدرێت و لەبری ئەوەی هەوڵبدەن نەتەواکانی تر لەخۆیانەوە نزیك بکەنەوە بەپێچەوانەوە لەکاتی نووسینی رەشنووسی دەستووری هەریمی کوردستان هیچ حیسابێك بۆ پێکهاتەکانی تری کوردستان نەکرا، ئەمە بۆخۆی خەلەلە لەکاتێکدا خەڵکی تریش لەکوردستاندا دەژین و تۆش وەك نەتەوەیەکی پەراوێزخراو لەئێستادا کارلەسەر گەڕانەوەی کەرکوك دەکەیت، گرفتە لە کاتێکدا قوربانی لەدۆخی ستەملێکراوەوە ببێتە ستەمکار، ئەم حاڵەتە وای کرد بۆ ماوەی شەش مانگ زیاتر تورکمان و عەرەب خۆیان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك هەڵپەسێرا، هۆکارەکانیش ئەوەبوون ئەوانیش وەك پێکهاتەکانی تری کەرکوك داوای پۆستی سیادییان دەکرد، ئێمە ئەگەر دەمانەوێ بەفیعلی دان بەواندا بنەین دەبێ ئەوانیش لەپۆستەکاندا بەشداربکەین، ئەی چۆن ئەوی دی متمانە بەئێمە بکات لەکاتێکدا وەك خۆیان دەڵێن هێشتا کەرکوك نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان ئێوە بەم شێوەیە

مامەڵە لەگەڵ ئێمەدا دەکەن،ئەمە بۆخۆی پرسیارێکی ڕەوایە، ناکرێ نەتەوەیەك بەدرێژایی دامەزراندنی حکومەتی عێراق پەراوێز خرابێ ئێستا ئەویش بێت خەڵکی تر پەراوێز بخات، بەم شێوەیە بارودۆخی کەرکوك ڕۆژبەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو تاوای لێهات ولاتانی ئیقلیم دەس بخەنە نێو کاروباری کەرکوکەوە، قسەکردن لەسەر مەسەلەی کەرکوك، و دواجار گەیشتە سەر ئەوەی دوپەرلەمانتاری تورکی بێنە ناو بینای پارێزگای کەرکوك قسەلەسەر کەرکوك بکەن وەك ئەوەی ئەوان خاوەنی کەرکوك بن، ئەمە کاریسەیە ئێمە نەتوانین لەبەرانبەر ولاتانی دراوسێ هێندە بێ دەسەلات بین لەسەر مەسەلەی کەرکوك، ئەم ناجۆرانەی ئیدارەی کەرکوك گەیشتە سەر ئەوەی تەنانەت لەناوخۆشیاندا دەیان دید و بۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەر جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا، تەنانەت وای لێهات لەنێوان خۆشیان گرژی و ئاڵۆزی دروست بێت و لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا هەر یەکە و ئەوەی تری بە کەمتەرخەم دەزانی لەسەر مەسەلەی کەرکوك، بۆیە دۆخی سیاسی و ئیداری کەرکوك لەئێستادا زۆر خراپە و تەنانەت کاری تیرۆریستی ڕۆژلەدوای ڕۆژ لەزیابووندایە و تا ئێستا بەشێوەیەکی گشتی نەتوانراوە وەزعی ئەمنی کۆنترۆڵ بکرێت، دیارە هۆکاری ئەم مەسەلەیەش پەیوەندی بەڕۆڵی خراپی ئیدارەی کەرکوکەوە هەیە.

**پ/ گوزەرانی خەڵکی کەرکوك لەگەڵ ڕەوتی سیاسی شارەکەیا چۆن هەڵدەسەنگێنیت.؟**

ئەم دوو دەرهاویشتەیە ڕیشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی قوڵی هەیە، لەڕووی سیاسییەوە بە درێژایی مێژوو خەڵکی کەرکوك لەرووی گوزوەنەرانەوە خەڵکی پەراوێزخراو بوون،لە ئاکامی ململانێ سیاسەکان هەمیشە، حکومەتەکانی پێشوو بۆ ئەوەی باری ئابووری ئەم شارە بەلای خۆیاندا بشکێننەوە، بەردەوام هەوڵیان داوە خەڵکی غەیرە کورد لەداموودەزگا حکومییەکان دامەزرێنن وکورد بخەنە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیە، ئەمە بۆخۆی گورزێکی گەورەبوو لە دانیشتوانی کەرکوك و بەتایبەتی کورد، لەم بارەیەوە خەڵکی کورد لەکەرکوك هەژارترین خەڵکی کەرکوك بوون، بەعسیش هێندەی تر مەسەلەکانی ئاڵۆزتر کرد و بەهیچ شێوەیەك بواری بۆ کارکردن بۆ کورد نەهێشتەوە، کە دواجار سیاسەتی تۆتالیتاریانەی بەعس لەمەڕ عروبەچێتی و هەوڵدان بۆ بەعەرب کردنی کەرکوك نەتەوەکانی تریشی گرتەوە، خاڵێکی ترئەوەیە کە بەردەوام خەڵکی کەرکوکی گیرۆدەی بێکاریی کردبوو، تێڕوانینی شۆفێنیانەی بەعس بوو بۆ مەسەلەی جیاکردنەوەی کەرکوك لەڕووی ئابوورییەوە لە هەموو عێراق، ئەویش نەبوونی پرۆژەی

ئابووری گەورە لە کەرکوك و هەندێ جار گواستنەوەی پرۆژەکانی کەرکوك بۆ ناوچە دوورە دەستەکان، ئەمەش لەمەترسەیکانێ ململانێی سیاسیدا بوو، لەم حاڵەتەدا ئەوەی زەرەرمەندبووتەنها خەڵکی کەرکوك بوو، لەدوای رووخانی بەعسیشەوە تا ئەم چرکەساتە جگە لەو کەسانەی کە حیزب بۆ خۆی دایمەزراندبوون خەڵکی ئاسایی شاری کەرکوك بەهەمان شێوەی جاران بێبەشن لەدامەزراندن، تەنها لەهەندێ بواری وەك پۆلیس و هێزی ئەمنی و مامۆستا کە زۆربەیان لەسەر میلاکی حیزبی دامەزراون، ئێستاشی پێوەبێ دوای ئەو هەموو نووسین و قسەکردنەی رۆشنبیرانی کورد کەچی ئەگەر بەرێوەبەرێك لەحیزبی فلان بێ، دەبێ جێگرەکەی لە حیزبەکەی تربێ، ئەمە نیشانەی دڵسۆزی حیزبی کورد نییە بۆ خودی کورد، بەپێچەوانەوە ئەمە دڵسۆزی حیزبی کوردییە بۆ خودی حیزب و پەراوێزکردنی خەڵکی بێلایەن و هەوڵێکە بۆ بەحیزبی کردنی خەڵکی کوردستان، ئەم کولتووورە نەخوازراوە جۆرێکە لەناشرین بوونی حیزب لەلای خەڵکی کورد کە بەردەوام خەڵك لەحیزب دەتەکیتەوە و خۆی لێ دوور دەکاتەوە، ئەمە نیشانەی بێ توانایی حیزبە نەك بەهێزی، ئەمە هەوڵێکە بۆ بەمێگەلکردنی گۆمەڵگا و بێدەنگ کردنی نەك رێزگرتن لە دیدی کۆمەڵگە، ئەم ئەزموونەی حیزبی کوردی ئەزموونێکی ژەنگ لێنیشتووە و کۆمەڵگە هێندەی تر بێ ئومێد دەکات، ئەگەر بەشەقام و بازارەکانی کەرکوکدا بگەڕێیت هێندەی تر بێ ئومێد دەبیت کە دەبینی دەیان دەرچووی کولێژ و پەیمانگا عەرەبانە پاڵ دەنێن و شەڕی برسێتی و نەبوونی دەکەن، ئەمە کاریسەیە لەشارێکی وەك کەرکوك کە هەموو دونیا چاویتێبڕیوە و خەڵکەکەی برسین، ئەگەر وەك شاریش هەڵویستە لەئاست کەرکوکدا بکەیت ئەوە سیاسیەکان خۆیان شایەتی ئەوەدەدەن کە ناتوانن بۆ تەنها شەوێکیش بێت لەکەرکوك بخەون و هەر ئێوارەی لێدێت بەرەو هەولێر و سلێمانی دەگەڕێنەوە، ئەم بەناو شارە، رێك ئەفغانستانە و لەهەندێ شوێندا رەنگە لە ئەفغانستانیش وانەبێ، کاتێ لەخەڵکی کەرکوك دەڕوانی دەڵێی خۆڵی مردووە کراوە بەسەریاندا، ئەمە بۆخۆی نیشانەی نەبوونی ژیانە لەکەرکوك، کاتێ باری ئابووری خەڵك باش بێت، خەڵك دڵسۆزانەتر بیری نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتمانیان لا سەرهەڵدەدات، ئەمە کاتی شاخ نییە خەڵك خۆی و چەکەکەی بێت، ئەمە شەڕێ ئینسانە لەگەڵ برسێتی، تۆ ناکرێ دڵسۆزانە کار بۆحیزب بکەیت و حیزبیش تەنها بۆ حیزبییەکان بێت، کاتێ حیزب بۆ هەمووان دەبێ، حیزب، حیزبی گەل بیت، نەك حیزب حیزبی حیزبییەکان بێت، لەم ولاتەی ئێمەدا تائەم چرکەساتە ئەوەت پێدەفرۆشنەوە کە ئەوان لەشاخ شۆڕشیان کردووە، ئەگەر ئێوە شۆڕشتان بۆ خۆتان کرد، مانای چیە بەناوی کۆمەڵگەوە قسە

دەکەن، ئەگەر شۆڕش بۆ خەڵکە بەگشتی بۆچی ئاوڕێك لەخەڵکی هەژار و برسی ئەم کۆمەڵگەیە نادەنەوە.

**پ/ سەرکردایەتی سیاسی کورد لە بەغدا تا چەند لەگەڵ گرنگی دۆسیەی سیاسی کەرکوکدا بوون.؟**

بەبڕوای من لەناو خودی سەرکردایەتی حیزبی کوردی کە لەحکومەت و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا شتێك هەیە پێی دەوترێ ململانێ و هەوڵدان بۆ گرنگی رۆڵی حیزبی کوردی لەبەغداد، راستە زۆر جار باس لەیەك هەڵوێستی سیاسی حیزبی کوردی لەبەغدا دەکرێ، بەلام ئەم یەك هەڵوێستییە خالی نییە لە بەهێزکردنی پێگەی حیزب لەبڕیاردان و ململانێکان لەگەڵ حکومەتی ناوەند، رەنگە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم هەڵوێستە وای لەدەرئەنجامەکان کردبێ رۆحی بیریی نەتەوەیی لەو نێوەندەدا کوشتبێ یاخود بێ هێزکردبێ، من دڵنیام لەدڵسۆزی هەموو ئەوانەی لەبەغدادن، بەڵام دڵنیانیم لەوەی کاری حیزبی ئەوان لەناو بیریی نەتەوەیدا کاڵ نەبووبێتەوە، لەلایەکی ترەوە ئێمە دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت مەسەلەی کەرکوك هەروا کارێکی ئاسان نییە سەرکردایەتی کورد بتوانێ لەبەغداد بەئاسانی کێشەی کەرکوك چارەسەر بکات، چونکە لەبەرانبەردا بوونی حکومەتێك لەسەر بنەمای ئەتنی و تائیفی بۆخۆی گەرەترین رێگرە لەبەردەم دیموکراسی و ململانێی سیاسییەکان، ئەمرۆ مەسەلەچارەنووسسازەکان بوونەتە گەورەترین کێشەی سیاسی کورد لەبەغداد، چونکە بەرانبەرەکەت ژیرانە مراوەغەت لەگەڵ دەکات و هەمیشە بەرەو بەرپرسیارێتی کێشەکانی عێراقت پەلکێش دەکات، ئەمە بۆخۆی کێشەیەکی گشتییە کە کورد ناتوانێ خۆی لێ وەدەرنێت لەبەر ئەوەی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا دەژی، بۆیە هەر کاتێ کورد باس لەمەسەلەی کەرکوك بکات، لایەنە سیاسییەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق دەیان کێشەی لابەلا بۆ سەرکردایەتی کورد دەدۆزنەوە و ناچاریان دەکەن لەبەرانبەر مەسەلەی کەرکوك هێورببنەوە، ئەم جۆرە مراوەغانە هەندێ جار زۆر بەئاسانی بەسەر کورد دا تێپەڕدەبێت، بەشێك لەکێشەسیاسیەکان بەتایبەت لەسەر مەسەلەی کەرکوك بوونی دیدی جیاوازە لەسەر مەسەلەی کەرکوك، بۆیە هەر کاتێ لایەنێك هاوڕابێت لەگەڵ کورد دەیان لایەنی تری عێراق بەرپەرچی ئەو هاوڕایەتیە دەدەنەوە، کێشەی دیموکراسی لەناو عێراقێکی فرە لایەن گرفتی زۆری بۆ کورد دروست کردووە کە هەندێ جار کوردی ناچارکردووە لەبەردەم کێشەکان لاوازبێت، ئەویش بوونی ململانێی نێوان شیعەو سونەیە، کە عێراقی بەرەو قۆناغێکی نادیار بردووە، کاتێ باس لەدیموکراسی لەسەر بنەمای تەوافق

دەکرێ، بەدڵنیاییەوە ئەو تەوافقە چەندە لەم قۆناغەدا بۆ کورد بەنەزەری سەرکردایەتی کورد گرنگ بێت، بەدڵنیاییەوە بۆ ئەوانی دیش گرنگە، چونکە خودی تەوافق واتە هاوڕایی لەسەر کۆمەڵێك مەسەلەی سیاسی، لەم حاڵەتەدا ئەگەر کورد بیریی تەوافقی بۆ مەسەلەی کەرکوك بەرجەستە کردبێ ئەوا بەدڵنیاییەوە لایەنە عەرەبیەکان تەوافق بۆ مەبەستی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناکەن، ئەمە تەنها بۆچونێکی ئاسایی یا تەئویلاتی نییە، ئێمە بینیمان لایەنە سوونی و شیعییەکان هەڵوێستی ئاشکرایان بۆ کەرکوك هەبوو، خودی مالیکی چەند جارێك بەئاشکرا قسەی لەسەر عێراقی بوونی کەرکوك بەمانا سیاسییەکەی کرد، ئەوە دیدی حیزبە سوونییەکان ئاشکرایە، لێرەدا ئەوەی دەمانەوێ پرسیاری لێبکەین ئەوەیە ئایا سەرکردایەتی کورد لەبەغداد لەسەر چ بنەمایەك تەوافقی سیاسی کردووە، خاڵێکی تر کە زۆر هەستیارە کەمی ئەوکەسانەی بەجیدی داکۆکی لەمەسەلە چارەنووس سازەکان دەکەن، ئەم گرفتە حیزب خۆی لەرێی هەندێك لەو پەرلەمانتارە نائەکتیڤانەوە بەرپرسیارە کە ئەزموونیان لەبواری سیاسەت و داکۆکیکردندا نییە، بەداخەوە ئێمە ئەوەمان بینی کە چۆن بەشێك لەپەرلەمانتارەکانی خۆمان دەنگیان بۆ پرۆژەکەی بەرەی " 22"د ی تەموزدا و کوردی خستە دەرەوەی هاوکێشەکانی تەوافقی سیاسی و حیزبییەوە، کورد لە حکومەت و ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغداد خەلەلی هەیە، ئەویش لەجۆری دیاریکردنی نوێنەرەکانیەتی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەگەر حیزبی کوردی بەفیعلی کار بۆ مەسەلە نەتەوەییەکان دەکات بۆچی بیرلەوە ناکاتەوە لەدەرەوەی حیزب کاندیدی لیهاتوو بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێرێت، خۆ کورد بریتیە نییە تەنها لەکادیرەکانی حیزب، من دەپرسم ئایا حیزبی کوردی رازییە لەو کاندیدانەی خۆی بۆ بەغداد، ئایا ئەو نوێنەرانەی حیزب چەندە دەتوانن لەبەرانبەر ئەو هەموو خەڵکە پرۆفیشناڵەی کە حیزبی عەرەبی بۆ نوێنەرایەتی خۆی کاندیدی کردوون داکۆکی لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بکەن، بە بڕوای من بەشێکی زۆری کاندیدەکانی پەرلەمانی داهاتوو زۆر لە زۆر خەڵکی نەشیاوی تێدایە و دەرئەنجامی مەسەلەی داهاتووی کورد ئەکەوێتە ئەستۆی حیزبی کوردی.

**پ/ داهاتووی سیاسی کەرکوك چۆن دەبینیت؟ پێتوایە کەرکوك داهاتوویەکی تەم و مژاوی هەیە و هۆکارەکانی چین؟**

بەڵێ، بەلاَم هۆکارەکان زۆرن، ئەگەر تەماشایەکی رەوشی گشتی عێراق بکەین دەبینین ئاراستە سیاسییەکان بە چەند لایەکدا شکاونەتەوە، رووخانی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە چەندە

ئاسوودەیی بۆ عێراقییەکان هێنا، دەیان جار عێراقی خستە ناو گێژاوی بیریی ناسیولیستی و شوڤێنی و تائیفییەوە، لەلایەکی ترەوە مەسەلەی دیموکراسی لەعێراق هێندەی تر ولاتانی ئیقلیمی خستە بەردەم دڵەڕواکێ و مەترسی دیموکراسییەوە، شەڕی شیعە و سوونە لەعێراقدا کاردانەوەی خراپی لەسەر ڕەوشی کەرکوك دەبێت، ئێمە نابێ پێمان وابێ شەڕی تائیفی پەیوەست بە کەرکوکەوە نییە، نەخێر هەریەك لەولاتانی شیعە نشین و سوونە نشین تەسفییەی حیساباتی خۆیان لە عێراق دەکەن و مەبەستیانە عێراق بشێوێت، شێواندنی باروودۆخی عێراق لەم هەلوومەرجەدا کاریگەری ناجێگیریی لەسەر ڕەوشی کەرکوکیش دەبێت و بەشێك لەشەڕەکەیان بۆ نەگەڕانەوەی کەرکوکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەم کاتەدا هەریەك لەم هێزانە دەیانەوێ پێگەی خۆیان لەعێراقدا بەهێزبکەن و دەسەلاتی خۆیان بەسەر ڕەوشی عێراقدا بسەپێنن، مەسەلەی کەرکوك لە ژێر کۆنترۆلی ئەمریکاش دەرچوو، ئەمڕۆ مەسەلەی کەرکوك لەهەموو کاتێك مەترسیدارترە، چونکە هێزە شوڤێنی و تائیفییە عەرەبییەکان بەهێز بوون و توانیان لەڕێی عەقلییەتی عروبەچێتیەوە مەسەلەی کەرکوك بکەن بە کارتێك هەم بۆ لێدانی کورد و هەم بۆ نائاسایی بوونی ڕەوشی ناوچەکە بەتایبەت لەم کاتەدا ئەمریکا ناتوانی ڕێگری لەبەردەم ئێران سوریا سعودیە تورکیادا بکات، ئەم عەقلیەتانە بەئاشکرا لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوونی هەیە و پرۆژەیەکی سیاسیە بەردەوام کاری لەسەر دەکرێ، یەکێك لەو خەلەلانەی دەسەلاتی سیاسی کورد کردی ئەوەبوو لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بەشێوەیەکی جیدی بیریی لەمەسەلەی کەرکوك نەکردەوە و داهاتووی کەرکوکی خستە بەردەم دیموکراسی و دەستووری عێراقەوە، کێشەکە لەوەدایە ئەزموونی ئێمەی کورد لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان ئەزموونێکی دووردرێژی تاڵە و کەچی هەر زوو لەبیرمان دەچێ، و دواجار دەبێ باجەکەی بدەین، سەرکردایەتی کورد لەبری هەوڵدان و فشار خستنە سەر ئەمریکا و هێزە سیاسیەکانی عێراق بۆ گەڕانەوەی کەرکوك، سەرەتا هێزە نەیارەکانی عێراق بەهێزدەکەن و وریایان دەکەنەوە بۆ دژایەتی خۆمان، ڕاستە دیموکراسییەت مەرجی ئاشتبوونەوەی عێراقیەکانە، بەلام بەمەرجێ ئەوی دی وەك تۆ دیموکراسیانە بیربکاتەوە، نەك کە پێگەی خۆی بەهێزکرد ئیدی دەگەڕێنەوە دۆخی شۆڤێنیانەی خۆیان، ئەو هەموو ئەزموونە تاڵانە ئێمەی هوشیارنەکردەوە، بۆیە بەبڕوای من ئایندەی کەرکوك ڕوون نییە، چونکە زۆرینەی هێزە سیاسیەکانی عێراق و بەشێکی زۆر لە ولاتانی ئیقلیم لەهەوڵی تێکدانی بارودۆخی کەرکوك دان، بۆیە بە بڕوای من تەنانەت زەحمەتە هەڵبژاردنیشی تیا بکرێت.

**پ/ یەکێتی و پارتی و حکومەتی هەرێم تا چەند گرنگیان بە دۆخی سیاسی و ئیداری کەرکوك داوە، ئایا لەگەڵ ئازارەکانی کەرکوکدا ژیاون.؟**

لەهەموو دونیادا حیزب لەهەرشوێنك بووبێت سەرەکیترین کاری ئەوەیە خەڵك لەخۆی رازی بکات و سەرنجی خەڵك بەلای خۆیدا رابکێشێت کە چەند خزمەت بە کۆمەڵگە دەکات، لەراپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان کە بەپاڵپشتی هێزی پێشمەرگە ئەنجامدرا، لەکاتی هاتنە ژورەوەی پێشمەرگە خەڵکی شاروشارۆچکەکانی تری کوردستان بەداخەوە بەبێ پلان و بەشێوەیەکی زۆر ناشرین هانتەژوورەوە و کورد لەو پرۆسەیەدا خەڵکی تووشی نیگەرانی کرد، بەڵام ئەم ئەزموونە ناشرینە لەساڵی " 2003" دووبارەبووەوە، ئەم دیاردەیە حیزبی کوردی خستە بەردەم مەسئولییەتێکی گەورەوە، لەو کاتەوە نەیارەکانمان ئەم هەڵوێستەمان پێ دەفرۆشنەوە، ئەمە بۆخۆی دیاردەیەکی ناشرینە بۆیە دەبوو دەسەڵاتی سیاسی کورد بەپلان بهاتبایەتە کەرکوکەوە، لەو ساتەوەختەوە ئیدارەی کەرکوك نەیتوانی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ رەوشی کەرکوك و دانیشتوانەکەیدا بکات، ئەوەی لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بەردەوام رووی دا گرفتی زۆری بۆ کورد دروست کرد، ئیداری کەرکوك هەر لە دوای هەڵبژاردنەوە نەیتوانی بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەکان وەك یەك تەماشا بکات، ئەمە وای کرد عەرەب و تورکمانەکان بۆ ماوەی چەند مانگێك دورکەوەنەوە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك، لەڕووی خزمەتگوزارییەوە، راستە لەزۆر شوێندا کاری رێگاوبان کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کارەکان زۆر نابەجێبوون، بۆ نموونە کە شەقامێك قیرتاو دەکرا دوای دوومانگ تێکدەچوو کەسیش نەبوو بەڵێندەرەکان سزا بدات لەم حاڵەتەدا تۆ گوومانت لەلا دروست دەبێت کە هۆکارەکان چین کەس لەبەرانبەر ئەم کارانە سازنادرین و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکرێ، کاری رێگاوبان کارێك نیە بە پرۆژە و شتی لەو بابەتە بژمێردرێت، لەبەر ئەوەی کاتێ تۆ لەشارەوانی بووی دەبێ بزانی ئەوە کاری تۆیە شەقام و بانەکان نۆژەن بکەیتەوە، خەڵکی کەرکوك بەشێوەیەکی گشتی لەرووی دامەزراندنەوە کەمترین خەڵك دامەزراوە، ئەمە بۆخۆی مایەی هەڵوێستە لەسەر کردنە، بەدرێژای مێژوو خەڵکی ئەم شارە بەتایبەت کورد هەژارترین خەڵکی کوردستان بوون، ئێستاش دوای " 9 " ساڵ لەئازادکردنی کەرکوك خەڵکی ئەم شارە بەدبەخترین خەڵکی کوردستانن، ئەگەر تەماشایەکی کەرکوك بکەین کە ئەم هەموو موزایەدەی لەسەر دەکرێت و رۆژانە ئەم هەموو قوربانییە دەدا دەبوو دەسەڵاتی کوردی هیچ نەبێ بیریی لەو هەموو

قوربانییە بکردایەتەوە کە ماوەی " 85 " ساڵە لەپێناو کەرکوکدا دەیدات، بۆیە نابوو چاوەڕوانی حکومەتی بەغدای بکردایە، بەڵکوو دەبوو بەوە بیسەڵماندایە بەهەردوو حیزبی دەوڵەمەندو خاوەن ئابوورییەکی بێ وێنە کەرکوك و خەڵکی کەرکوکیان لەو نەهامەتیانە رزگاربکردایە، بەداخەوە هێندەی قسەلەسەر کەرکوك دەکرێ روبعێکی ئەوە پرۆژەیان لەکەرکوکدا بکردایەتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە برینی ئەم خەڵکەیان ساڕێژ دەکرد و خەڵکیان لەبێکاری رزگار دەکرد،" 85٪ " خەڵکی کەرکوك هەژارو کەمدرامەتن، ئەمە کاریسەیە بۆ کەرکوك ئەو هەموو قوربانی و نەهامەتییەی داوە و بینیوە.

**پ/ سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان بەگشتی و کەرکوك بە تایبەتی چۆن هەڵدەسەنگێنیت.؟**

بوونی ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستان مەسەلەیکی گرنگە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئێمە چۆن لە ئۆپۆزیسیۆن دەڕوانین، خودی ئۆپۆزیسیۆن ئەگەر لەو دیدەوە تەماشای بکەین کە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی کێشەکانی خەڵك و ناڕێکییەکانی حکومەت، ئەمە بۆحکومەتیش حاڵەتێکی زەرورییە، سەرەتا ئێمە نابێ ئۆپۆزیسیۆن لەشەخسدا کورتبکەینەوە، خودی ئۆپۆزیسیۆن مەسەلەیەکە کارلەسەر تەرحێکی فیکری جیاواز لەتەرحی دەسەڵات دەکات و هەوڵدەدات مەسەلەی دیموکراسی و یەکسانی و مەسەلەچارەنووس سازەکان بخاتەڕوو، ئەوەی دەکرێ قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە بەداخەوە تائەم چرکەساتە ئێمە نەمانتوانیوە خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ خودی ئۆپۆزیسیۆن بکەین، بوونی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ لەهەلوومەرجێکی لەباردا سەرهەڵدات و ئاراستە سیاسی و فیکریی و کولتوورییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، لەهەندی شوێندا ئەم حاڵەتانە خراونەتەڕوو، لەهەندێ شوێندا هەست دەکەی ئۆپۆزیسیۆن هێشتا لەکاردانەوەی شەخسی و هەندێ جار خێڵەکی دەربازنەبووە و هێشتا لەناو فەزای سیاسی حیزبدا دەخولێنەوە، راستە خەڵك لەدەسەڵات تووڕەیە، بەڵام تەنها تووڕەیی مەسەلەیەك نییە لەچوارچێوەی ئۆپۆزیسۆنێکی فیعلیدا ژمارە بکرێت، لەکەرکوك خەڵك بەشێوەیەکی گشتی لەدەسەڵات تووڕەیە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنیش نەیتوانیوە پێگەی کاریگەری خۆی دروست بکات، بەشێکی زۆری ئەوانەی هەن بەداخەوە کە پێشتر لەکەرکوك بوون و هیچیان بۆ کەرکوك نەکرد، بەشێکی تری ئەو کەسانەن کە لەهەڵبژاردنەکانی یەکێتی دەرنەچوون، ئەم حاڵەتانە بە بڕوای من ئۆپۆزیسیۆنی تەندروستی لێناکەوێتەوە، ناکرێ ئۆپۆزیسیۆن بەعەقلییەتی دەسەڵات کاربکات و تەنها پشت بەو کەسانە ببەستێت کە بەشێکن لەسەرکردایەتی ئۆپۆزیسیۆن، مەرجی

ئۆپۆزیسۆن ئەوەیە بەمیتۆدێکی جیاواز کاربکات نەك ئەوەی حیزب کردی ئێستا جارێکی تر ئۆپۆزیسیۆن دووبارەی بکاتەوە، کورتکردنەوەی ئۆپۆزیسۆن لەشەخس کوشتنی روحی ئۆپۆزیسیۆن و چەمکی جیاوازییەکانە، من دڵم زۆر بەئۆپۆزیسیۆن خۆشە، بەڵام تێگەیشتن لە ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستاندا هێشتا حاڵەتێکی ناجێگیرە و نەتوانراوە وێنەیەکی جوانی ئۆپۆزیسیۆن بخەینەڕوو، مەرج نییە ئۆپۆزیسیۆن بیر لەزۆری و بۆری بکاتەوە، بەڵکو دەبوو بیریی لەکەسایەتی خاوەن ئەزموونی لەبار بکردایەتەوە، کێشەی ئێمەی کورد بەدرێژایی ئەم "19 " حیزبی کوردی نەیتوانی دیموکراسی بەتێگەیشتنە مەنتیقییەکەی پیادەبکات و بوار بۆ خەڵکی پرۆفیشناڵ و خاوەن دیدی جیاوا بدات، ئەم تێگەیشتنە لەکۆی خەڵکی کوردستاندا رەنگی دایەوە، بۆیە کاتێ ئەوانەی دەچنە پاڵ ئۆپۆزیسیۆن کەسانێك بن لەناو خودی حیزبەکانی خۆیان رۆژێك لەرۆژان نەمانبینی وتارێك لەسەر ناجێگریی عقلییەت و تیگەیشتنی حیزبەکانیان بۆ دیموکراسی و یەکسانی بنووسن و ئێستا ببن بە ئۆپۆزیسیۆن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێ ئۆپۆزیسیۆن چاوێك بەخۆیدا بخشێنیتەوە و بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابێ کار لەسەر گۆڕینی عەقلییەت و ئاراستە سیاسی و فیکرییەکاندا بکات و رێگا بۆ گەنج بکاتەوە تا هەڵەکانی حیزب دووبارەنەبێتەوە.

**پ/ پێتوایە بزوتنەوەی گۆڕان لە کەرکوك بتوانێت دۆسیەی سیاسی شارەکە بەرەو پێش ببات؟.**

ئەمە لەحاڵەتێکدا دەبێت کە ئۆپۆزیسیۆن بتوانی ببێتە هێزێکی شارستانی و لەهەوڵی ئەوەدەبێ بتوانێ سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بگۆڕێت و تەواوی پێکهاتەکانی ئەم شارە بەیەکسانی ئاوڕیان لێبداتەوە و دەسەڵات بەشێوەیەکی یەکسانی دابەش بکات و بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابێ کەسی شیاو لەشوینی شیاودا دابنیت،لەم حاڵەتەدا ئەگەر توانی سەرنجی هەموو پێکهاتەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت و متمانەبەخەڵکی کەرکوك بدات کە ئۆپۆزیسیۆن بەعقڵێکی کراوتر کاردەکات.

دۆسێی کەرکوك زۆر ئاڵۆزە، بەشێکی زۆر ی ئاڵۆزی کەرکوك بۆ نەبوونی متمانەیە لەناو پێکهاتەکان سەریهەڵداوە، گرفتەکە لەوە دایە چۆن بتوانێت ئەو بێ باوەڕییە پێچەوانە بکاتەوە کە لەنێوان ئیدارەی کەرکوك و خەڵکدایە،بەتایبەتی لەم حاڵەتەدا کە هێزە عەرەبی و تورکمانیەکان پەنایان بۆ هێزی دەرەکی بردووە،بۆیە دەبێ ئۆپۆزیسیۆن لەهەوڵی ئەوەدابێ رۆشنبیرانی کەرکوك بخاتە بەردەم ئەم بەرپرسیارێتیە و هەوڵەکانیان بەهەند وەربگرێت، بەر لەوەی باس لەدۆسێی شارەکە بکرێت دەبێ ئۆپۆزیسیۆن لەهەوڵی


www.dengekan.com

هێور کردنەوەی ئەو گرژیی و ئاڵۆزییە بێت کە بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە باڵی بەسەر ڕەوشی کەرکوکدا کێشاوە ، خاڵێکی کە زۆر گرنگە هێزە سیاسیە کوردیەکان دەبێ زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆزی کەرکوکدا بکەن و وریای گرژیی و ئاڵۆزی نێوان خۆیان بن، کەرکوک جگە لەوەی حاڵەتێکی تایبەتی و هەستیارە، ناوەندێکە هەموو دونیا چاوی تێ  بڕیوە، بۆیە بەر لەهەموو شتێك گرنگە هێزە کوردیەکان لەکاتی بانگەشەکردندا ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەگەرنا دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و مەسەلەکان لەهەگبەی کورد دەکەونەخوارێ کە ئەمە مەبەستی سەرەکی هێزە دەرەکی و بەشێکی زۆر لەهێزەکانی عێراقە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخە بەتەشەنوجەوە، دەبێتە مایەی سستی و ئاڵۆزی کەرکوك کە ئەمە بۆخۆی دەمانگەڕێنێتەوە خاڵی "سفر " ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن شارستانیانە و لەڕێی خەڵکی خاوەن ئەزموون لەبواری پێکەوە ژیانی دۆستانە و ئینسانیانە نەخاتە ناو هاوکێشەکەوە و تەنها بیرلەوە بکاتەوە ئەوانەی لەناو خودی ئۆپۆزیسیۆندان، ئەوا جارێکی تر بەمیتۆد و عەقلییەتی حیزب کار دەکات و مەسەلەکان هێندەی تر شکست دەخوات، گرنگە ئۆپۆزیسیۆن لەکەرکوکدا بڕیتی بێت  لەپێکهاتەکانی کەرکوك، گرنگە ئۆپۆزیسیۆن ئامانجاکانی بەدیدێکی شارستانیانە بخاتەڕوو کە دەرئەنجام خودی پێکهاتەکانی کەرکوك بڕیار لەسەر مەسەلەی کەرکوك بدەن، ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی هێزە سیاسیەکانی کەرکوك لەبەرچاو نەگرێت ناتوانێ دۆسێی کەرکوك بەرەوپێشەوە ببات.

**پ/ خەڵکی کەرکوك لە کوێی هاوکێشەی سیاسی و ئیداری یەکێتی و پارتیدان، یان تا چەند یەکێتی و پارتی توانیویانە ئاستی گوزەرانی خەڵکی کەرکوك بەرزکەنەوە؟**

بەڕاستی بەحکومەی ئەوەی تاکوو ئەمڕۆ کەرکوك لەسەر ئیداری گشتی بەغدادیە بەردەوام ئەوەمان پێ دەفرۆشنەوە کە ئیدارەی بەغدا بەردەوام دژایەتی ئیدارەی کەرکوك دەکات لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئەم شارە کورد بەڕێوەی دەبات، ئەوان بەهەردوولایان لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراق دا کاریان کرد کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانیان ئەگەرچی بۆ کەرکوك بوو بەڵام بەردەوام مۆرکی حیزبی پێوە دیاربوو، ئەوەی دەیان کرد بەشێکی زۆری بۆ بەهێزکردنی پێگەی حیزب بوو لەکەرکوك، کە شەقامێکیان ڤیرتاوبکرادیە دەیان نووسی ئیدارەی سلێمانی یاخود ئیدارەی هەولێر، ئەم عەقلییەتە بۆ کەرکوك گرفتی زۆری لەناو خەڵکی کەرکوك دروست کرد، ئەوانەی دادەمەزران دەبوو تەزکییەی حیزبیان هەبێ، ئێمە کێشەی

بەڕێوبەرایەتیەکانمان بیرناچێت  کە دەبوو ئەگەر بەڕێوەبەری فلان حیزب بێت ئەوە دەبوو یاریدەدەرەکەی لەحیزبەکەی تر بێت، ئەم حاڵەتانە خەڵکی کەرکوکی بێ ئومیدکرد لەئیدارەدانی شارەکەمان، ناکرێ شارێك بەدرێژایی مێژوو قوربانیمان بۆدابێ موزایەدەی حیزبی لەسەر بکەین، بەڵێ یەکێتی و پارتی زۆرێك لەگوندەکانی ئەم شارەیان ئاوەدان کردەوە و پارەشیان بەخەڵکی دا، بەڵام لەبەرانبەردا ژێرخانی ئابووری ئەم شارە پڕیەتی لەگەوهەر کە بەشێکی زۆری دونیا دەژێنێ، بەڵام کاتێ تەماشای ئەم شارە دەکەیت بڕوابکە گریانت بۆ حاڵی دێت، باشە ئێمە دەپرسین هەولیر و سلێمانی تا " 2004 " زۆر بەکەمی کاروپرۆژەی تێدا کرابوو، ئەوەی کرا هەمووی دوای ئەم مێژووبوو، باشە کە حیزبی کوردی هێندە خەمخۆری کەرکوکە ئەی بۆ بەشێك لەو پرۆژانە لە کەرکوکدا نەکران، ئەمە بۆخۆی مایەی هەڵوێستە لەسەر کردنە، ئەوان بەوە وەڵامماندەدەنەوە کە پارەی سلێمانی یا هەولێر تەنها بۆ هەولێر و سلێمانیە، باشە کە بەغدا هاوکاری ئیدارەی کەرکوك ناکات و بگرە دژایەتیشی دەکات بۆ خەڵکی هەولێر و سلێمانی قبوڵیان نیە کەرکوك لەم دۆخەی بەسەربکرێتەوە ؟، ئێمە لەدەمی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بیستومانە کە ئیدارەی هەردوولا دەیان ملیۆن دۆلاریان بۆ پرۆژەکانی کەرکوك تەرخان کردووە، بەڵام کەرکوك هیچی پێوە دیار نییە، ئەوەی لەبەرچاوە وەك پرۆژەی گەورە، ئەوەیە پێش ئەوەی هەردوو ئیدارە یەکبگرن یەکێتی دەستی کرد بەپرۆژەی بینایەك بۆ سەنتەری ڕۆشنبیریی، دوای یەکگرتنی ئیدارە لەبری ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەو پرۆژەیە تەواو بکات، ئەویش لەبەرانبەردا پرۆژەیەکی هاوشێوەی ئەوی دەستپێکرد و ئەوە تەواویش بوو، گرفتەکان لەکەرکودا بەم شێوەیە دەڕوات، دەبێ هەموو پرۆژەیەك خەڵك بزانێ کام حیزب کردونی،ئەم پرۆژەو کارانەی لەکەرکوك کران راستە کارن بۆ خەڵك دەکرێن بەڵام گرفتەکە لەوەدایە هەمیشە لەگۆشەنیگای حیزبەوە ئەم کارانە کراوە نەك تایبەتمەندی کەرکوك.

**پ/ هەڵبژاردنی داهاتووی کەرکوك چۆن دەبینیت؟ پێتوایە جارێکیتر خەڵکی کەرکوك لە رێی هەڵبژاردنەوە شەرعیەت بە دووبارەبونەوەی ئەو دەسەڵاتە بدەنەوە؟**

خەڵکی کەرکوك زۆر لەدەسەڵات تووڕە و نیگەرانن،بەتایبەتی ئەو خێزانانەی کە ئێستاش لەشارەکەی خۆیان ئاوارەن لەسەربازگە و شوێنە گشتیەکاندا نیشتەجین و بێ کار و کەسابەت و دەسبەتاڵ کەس لێیان ناپرسێتەوە، ئەوەی هەیەتی مووچەیەکی کەمە کە لەم قۆناغەدا مرۆڤ ناتوانێ بەو مووچەکەمە بژێت، سەرباری ئەمەش نیگەرانی ئەوان کاتێ زیاتربوو کە بەچاوی خۆیان دەبینن ئەو

هەموو یەکە نیشتەجێیانە لەناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت ئەمان تائەمرۆ لەنا قوڕوچلپاودا دەژین، ئەوە پێنج بۆ شەش ساڵ دەچێت چەندین جار وەعد بەخەڵکی دەدرێت کە گوزەرانیان چاك بکەن و لەو دۆخە رزگاریان بکەن کەچی لەجاران نالەبارتر دەژین، بەم حاڵە زەحمەتە جارێکی تر خەڵك دووبارە شەرعییەت بەو دەسەڵاتە بداتەوە، لەهەموو دونیادا کاتێ خەڵك بۆ جارێکی دی دەنگ بەدەسەڵات دەداتەوە، کە دەسەڵات هەموو پێداویستییەکانی خزمەتگوزاری بۆ دابین کردبن، خەڵك دوای هەموو ئەو نەهامەتیانە هەوڵدەدەن دەنگ و چەنس بەلایەنێکی دی بدەن، هیچ نەبێ ئەو ململانێی بەدی دەکرێ، خەڵك لەهەوڵی ئەوەدابێ ئەو هەلە بقۆزێتەوە تاکوو ئەو لایەنەی تریش تاقیبکاتەوە، ئەمە حاڵی هەڵبژاردنە لەهەموو دونیا کاتێ حکومەت بەدەنگی خەڵکەوە نەهات، ئیدی خەڵك جارێکی دی ئەو چەنسەی نادتێ، ئەمە ئەوە ناگەینێ خەڵك دژایەتی دەسەڵات بکات، بەپێچەوانەوە، هەلێکی تری دەداتێ تاکوو لەخولی داهاتوودا ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنیش هەمان سیناریۆی ئەوی دووبارەکردەوە، بەهەمان شێوە جارێکی دی دەنگی پێ نادات، ئەمە بۆخۆی گەورەترین خزمەت بەدۆخی کۆمەڵگە دەکات و لە بێدەنگی و بێ پرسیارکردن رزگاریان دەکات و فرسەتێك بەهێزە سیاسیەکان دەدات لەئاست کێشەکانی کۆمەڵگە دۆخێکی لەبار بۆ خەڵك بەرجەستە بکەن.

**پ/ ئەم هەڵبژاردنەی داهاتوو تا چەند بۆ کەرکوك گرنگە پێویستە خەڵکی کەرکوك چۆن تێیبەڕێنن و چیبکەن بۆ دوبارە بوژاندنەوەی دۆخی سیاسی و ئیداری شارەکەیان؟**

پرسیارەکەی بەرێزت دوو بەشە، بەشی یەکەمی پەیوەستە بە پەیوەستبوونی خەڵکی کەرکوك بە هەڵبژاردنەوە، هەڵبژاردنی ئەم جارە لەهەموو هەڵبژاردنەکانی دی جیاواز ترە، ئەوەی لەوە پێش دەکرا بەتایبەت لەکەرکوك تەنها لەسیاقی بیریی نەتەوەییەوەبوو، چونکە وەك هەموو دەزانین ململانێیەکی نەتەوەیی لەسەرە بۆیە لەم کاتەدا کورد ناچارە دەنگ بە لیستە کوردیەکان بدات، جا ئەو لیستانە هەرچۆن ئیدارەی شارەکە بەرێوەبەرن، بۆیە خەڵك بەشێوەیەکی گشتی بڕیاریان دابوو هەڵبژاردن بەهەند وەرنەگرن و نەچن بۆ هەڵبژاردن، بەڵام دۆخی ئێستا جیاوازە، ئەویش بوونی ململانێی سیاسی لیست و قەوارەسیاسیەکانە بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کوولتووری، خودی ئەم ململانێیە گڕوتینێکی زۆری بەخەڵکی کەرکوك داوە تاکوو بەگەرمی لەم هەڵبژاردنەدا بەشداربن.

بەشی دووهەمی پرسیارەکەت پەیوەستە بەخەڵك و دۆخی شارەکەی، لەم حاڵەتەدا خەڵك پێویستە فشاربخاتە سەر لایەنە سیاسیەکان کەسانی پرۆفیشناڵ کاندید بکات بۆ پەرلەمان، ئەمە مەنتیق نیە حیزب هێندە سەرسەختانە داکۆکی لەسەر هەڵبژاردن و مەسەلەی کەرکوك بکەن کەچی ئەوانەی کاندیدی دەکەن لەسنووری حیزب دەرنەچێ، ئەمە بۆخۆی دەلالەت لە نەبوونی پەیوەندیە لەنێوان خەڵك و دەسەڵات،کاتێ هەست دەکەی دەسەڵات خەمخۆری خەڵکە، کاتێ لەناو خەڵکەدا پەیوەندییەکی تۆکمەی هەبوو، یاخود جگە لەحیزبەکەی خۆی خۆ دەیان مرۆڤی لێهاتوو خاوەن ئەزموون لەبواری فیکر مەعریفە سیاسەت هەیە، کاتێ حیزب ئەو کەسانەی پەراوێزخست، ئیدی چۆن ئەو پەیوەندییە ناترازێت، لەم کاتەدا پێویستە لەسەر خەڵك پرسیار بکەن و لەسەر مەسەلە سیاسیەکان بێ باکی و خەمساردی هەڵنەبژێرن، دواجار ئەوەی ئەم دۆخە دەوروژێنێ ئەو پرسیار و گوومانکردنەی خەڵکە لەو کەسانەی ئیدارەی شاردەدەن و مەسەلە گشتیەکان لەئەستۆی ئەواندادەبێ و هیچ نالەباری و کەمتەرخەمیەکیان لێ قبوڵ ناکرێ، ئەمە واجبی خەڵکە بۆ وریاکردنەوەی ئەو کەس ولایەنانەی ئیدارەی وڵات دەدەن.

دیداری رۆژنامەی " رووناکی کەرکوك "

سەبارەت بەرەخنە و ئەدەبی کوردی

سازدانی خالید کاوێس

**پ : خوێندنەوەی ئێوە وەك لێکۆڵەرێك چیە بۆ فەزای گشتی ئەمڕۆی شیعری کوردیمان، ئایا هەڵگری دیدێکی هاوبەشی رەخنەییانەیە کە رۆڵی لە قۆناغەکەدا دیاری کردبێ ؟**

هەموو فەزایەکی گشتی شیعر و ئەدەبیات و فیکر، دەرهاویشتەی قۆناغی پێش خۆیەتی، شانبەشانی ئەم حاڵەتەش رەوتی بەرەوپێشەوەچونی کۆمەڵگا رۆڵی گرنگی لەم فەزایەدا دەبێت، ئەگەر ئێمە مێژووی ئەدەبیاتی خۆمان بخەینە ژێرپرسیاری مەنتیقییەوە،بێشك دەبێ قسە لەو هەموو شکست و دەرکەوتە فیکریی و مەعریفیانە بکەین کە چەند گرنگە لەئەدەدەبیات وفیکری ئێمەدا پیاچوونەوەیان بۆ بکەین و بە فەزاو قۆناغاکاندا بچینەوە کە ئەدەبی ئێمە بەساردووسڕی پیاتێپەڕیوە و هیچ دەنگ و فەزایەکی مەعریفی بەدوای خۆیدا نەهێناوە، خودی ئەم پرسیارەی بەڕێزت پڕیەتی لەگوومانکردن لەرۆڵی ئەدەبیات و رەخنەی ئەدەبی ئێمە، ئەگەر لەو روانگەیەوە ئاوڕ لەمێژووی ئەدەبیاتی خۆمان بدەینەوە، دەبێ ئەو گووتارو رەوتە ئەدەبییەی کە دونیای فیکر و مەعریفەی ئێمەی پیاتێپەڕیوە بەسەر بکەینەوە و بزانین مێژووی ئێمە چ خزینێکی فیکریی مەعریفی بۆمان جێهێشتوە، ناکرێ ئێمە تا ئەم چرکەساتە هندێك لەو قسەو قسەڵۆکانە بەهەند وەربگرین کە دەڵێن مێژووی ئەدەبیات و رەخنەی کوردی رۆڵی لەبەرەوپێشەوە چوونی ئەم بزاوەتەی ئێمە نەبووە، نا وانابێ، خۆ ئەو قسانە هەمووی راستن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ هۆکارەکان بخەینەڕوو، هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین، ئەدەبیات و فیکری ئێمە ئەوەنیە کە ئێمە زۆر بەجیدی پشتی پێببەستین و ئیتر بڵێین تەواو پێویستمان بەوی دی نیە، خۆ راستە ئەگەر جوولەی مێژووی خۆمان بەسەر بکەینەوە، دەبینین مێژوویەکی بێ فیکر و مەعریفەمان هەیە و لەم ناوەندەدا زمەن هێندە بە بێدەنگی و فەقیریی تێپەریوە، گرفتە تۆ وەك نەتەوەیەك گەر ئاوڕ لەمێژووی خۆت بدەیتەوە و هیچ چرکەساتێکی ئەو مێژووە راتنەچڵەکێنی و هەڵوێستەت پێنەکات، مێژووی ئێمە جگە لە " مەم و زین " و " تەرحەکەی " مەولاناخالیدی نەقشبەندی " هیچی تری بۆ جێنەهێشتین، لەوەش گرفتر ئەوەیە بۆچی ئێمە وەك نەتەوە نەماتوانی ئەو

دوو ئەزموونە لەسەر ئەرزی واقیع بەرەوی پێبدەین یاخود تەرحێکی فیکریی پێبەخەینەڕوو، ئەمە بۆخۆی گرفتێکی گەورەیە نەتەوەیەك تا ئەم چرکەساتە بەدوای هۆکاراکانی لاوازبوون یا بێ گووتاریی لەئەدەبیات و رەخنەدا عەودالْ بێت و نەزانێ بەراوردێك لەنێوان خۆمان و ئەوی دیدا بکەین، لەوەش نامەنتقی تر ئەوەیە،تاکوو ئەمڕۆ ئەویدیمان وەك فیکرو مەعریفە پێ هەزم ناکرێ و لەو دەرگایەوە مامەڵە لەگەڵ ئەویدیدا دەکەین، خۆرئاوا خۆرئاویە و ئێمەش هیچمان لەوان کەمتر نیە، ئەم تێگەیشتنە بۆ ئەوی دی لەرووی فیکر و مەعریفەوە، هەر تەنها لەو گۆشەنیگایەوە ناخرێتەڕوو کەمنی رۆژهەڵاتی بە هەمان میتۆدی فیکری ئەو کار دەکەم، نەخێر منی رۆژهەڵاتی کاتێ بەهەمان میتۆدی فیکریی ئەو کاردەکەم، کە بتوانم تەرحێکی فیکریی هاودژی فیکری ئەوی دی بخەمەڕوو، کە ئەویدی هەڵوێستەیەك لەئاست تەرحەکەی من بکات،ئەم گرفت و خۆ نەخویندنەوەیە زەرەری زۆری لێداوین بۆیە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەداین خۆمان بۆ راستبکرێتەوە، ئایا ئێمەی رۆژهەڵاتی چیمان بە ئەدەب و فیکر کردووە، یان ئەدەب و فیکریی ئێمە لەکوێی دەرکەوتەفیکرییەکانی دونیادایە، ئەزیزم ئەمە گرفتە کە ئێمە تا ئەم چرکەساتە نەزانین شیعر و ئەدەبیاتی ئێمە هەڵگریی چ دیدو دونیابینەییەکە، یاخود شیعری ئێمە دیدێکی رەخنەیانەی هەیە ؟

ئەگەر قۆناغ و گووتاری شیعری کوردی بەسەر بکەینەوە، دەزانین ئەدەب و گووتاری ئەدەبی ئێمە چی پێبەخشیوین ، گووتاری شیعریی ئێمە لەسەرەتاوە کاری لەسەر چەمکی مژدەبەخشین و خەیاڵی بەرفراوانی شاعیرانەی نەوەیەکی دیاریکراو کردووە، کە بەبڕوای من ئینسانیترین قۆناغی ئەدەبیاتی ئێمە بووە کە بەداخەوە نەوەی دوای ئەوان نەیان توانی ئەو تێگەیشتنە بۆ شیعر برەو پێدەن و نەیەڵن شیعر و ئەدەبیاتی ئێمە لە رەوتە هیومانیستەکەی لانەدات و خۆی تەسلیم بەسیاسەت نەکات، بەداخەوە ئەم گرفتە کاردانەوەیەکی زۆر خراپی بەسەر دونیای ئەدەبیاتی ئێمەدا هەبوو تا ئەم چرکەساتە نەمانتوانی خۆمانی لێدەرباز بکەین، بۆیە دەبینین، دوای ئەم گووتارە گووتارێکی تر دێتە پێشێ، ئەدەب تێکەڵی کاری سیاسی دەکات و لە فۆرمە ستاتیکی و ئینسان دۆستییەکەی دایدەماڵێ و ماڵی شیعر دەکات بە ماڵی بەردەوامی سیاسەت و حیزبی سیاسی کوردی دادەمەزرێ و لەوێوە ئەدەب تێکەڵی ئاوی سیاسەت دەکرێت،ئەگەر ئێمە مێژووی ئەدەبی رووسی بەنموونە بهێنینەوە، بۆ ئێمە وەك نەتەوەیەکی ژێر دەستە کاریگەریی ئەدەبی سیاسی باشی هەبوو، بەڵام ئەگەر لە دەرئەنجامەکەی بکۆڵینەوە، یاخود قسە لە فۆرمی ئەو رەوتە ئەدەبیە بکەین و فیکرمان نەبێ گۆڕانکاریی ململانێی فیکریی تیا لەدایك بێت، دەبێ چەند لەو رەوتە حەماسییە کەڵکمان

وەرگرتبێ، راستە ئەدەبی ریالیستی کاریگەریی بەسەر تەواوی ئەدەبی دونیاوە هەبوو، بەڵام خۆ ئێمەش بەشێك بووین لە هاوکێشەیە، ئەی بۆ نەمانتوانێ ئاڵووگۆڕی فیکریی لەئەدەبیاتی خۆمان بکەین، بێشك لەبەر نەبوونی فیکر و گوێ نەدن بە قوتابخانە فیکرییەکان، کاتێ ئەدەبی رووسی رۆڵی کاریگەری بەسەر تەواوی ئەدەبیاتی دونیاوە هەبوو، ئەدەبی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئەمریکای لاتین لەکوێبوون، ئەگەر پرسیارێکی هەنووکەیی بکەین، ئەی ئێستا ئەدەبی رووسی لەکوێی ئەدەب و فیکری فەرەنسی و ئەڵمانی و ئەمریکای لاتیندایە، لەمەشدا ئێمەش وەك نەتەوەیەکی خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژ لەبواری ئەدەب لە کوێی ئەم هاوکێشەیەداین؟، ئەم گرفتە ئەم پرسیارەمان بیر دەخاتەوە کە ئایا رەخنەی کوردی چ رۆڵێکی لەبەسیاسیکردنی ئەدەبدا هەبووە ؟ ئایا رەخنەی کوردی لە قۆناغە جیاوازەکاندا نەبووەتە مایە کوشتنی خودی رەخنە و بێ جوولەکردنی رەخنە ؟ ئەم پرسیارە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە رەخنەی کوردی لە قۆناغی بەسیاسیکردنی ئەدەبدا، بێدەنگی هەڵبژاردووە، نەك قسەکردن و تەرحی جیاواز، یەکێك لەو قۆناغانەی من بە خوێن ساردترین قۆناغی ئەدەبیات و رەخنەی کوردی دادەنێنم، قۆناغی شەستەکانی ئەدەبی ئێمەیە، من لە شوێنی تریش ئەم قسەیەم کردووە، لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییەکانی ئێمەدا، ئەدەب و رەخنەی کوردی تەرحێکی فیکریی و ئینسانیانەی بۆ ئەدەب نەبووە، هێندەی ئەدەبی قوڵتڕکردووەتە ناو سیاسەت، ئەدەب بۆخۆی دەبێ گووتارێك بێت بۆ هەموو قۆناغەکان، یان باشترە بڵێم ئەدەب بریتییە لەتەرحێکی فیکریی نەك تەرحێکی حەماسی ناسیونالیستی،چونکە دەرئەنجام بەناسیونالیستکردنی ئەدەب دەبێتە مایەی لەدەستدانی روحی مرۆڤدۆستی و ئەدەب ناچاردەکات ئەرکی خۆی لەدەست بدات، لەسستمی  کۆمۆنیستیدا ئەگەر ئەدەب بۆ پرۆلیتاریا نەبوایە، بەئەدەبێکی بێ هەڵوێست ئەیانشوبهاند، ئەمە ئیشی سیاسەکان بوو، نەك ئەدیب و خاوەن فیکر، دەبێ لەم کاتەدا ئەدیب و رەخنەگرەکان بێنەگۆ، ئەی کاتێ رەخنە نەهاتەگۆ، ئەوە ئەدەبە خۆی دەخاتە ناو ئەو چوارچێوە داخراوەوە، ئێمە هەموو دەزانین، ئەوە خودی شاعیرەکان بوون ئەدەبی کوردیان بەرەو ئاراستەیەکی دی برد نەك رەخنەگرەکان، ئەوە شاعیرەکان بوون بە مودێلێکی ترەوە شیعری کوردیان گۆڕی و روانگە سەری هەڵدا، ئەم پرسیارەی بەڕێزت بە زۆر ئاراستەدا دەمانبات، بۆیە بە بڕوای من لە هەشتاکانەوە ئێمەی کورد نەمانتوانیوە ئاراستەی شیعریی خۆمان دیاربکەین و بزانین ئەدەبیات و رەخنەی ئێمە چەندە هەلگری تەرحێکی سەربەخۆیە، لەئەدەبیاتی ئەم قۆناغەدا ئێمە شتێکمان نیە ناوی ئەدەبیاتی سەربەخۆ یان خاوەن دیدگایەکی دیاریکراو بێت، ئەوەی هەمانە

درێــژکراوی ســەردەمی " حــاجی قــادری کــۆیی و ئەحمەدبــەگی موختارجاف و بێکەس و قانع " ە، بۆیە من ناتوانم بـۆ ئێستا بڵێم ئـەدەبی ئێمـە لـەم کاتـەدا خـاوەن دیدگایـەکی تایبـەت بـە قۆنـاغی خۆیەتی، "حاجی قادری کۆیی " لەچ قۆناغێکدا لـە کولتـوور و داب و نەریتی خۆی یـاخی بـوو،" ئەحمـەد بـەگی موختـار جـاف " کـەی بیریکـردوە هێڵـی شـەمەندەفەر بـۆ هـەورامان بهێنێـت، ئایـا ئێمـە ئێستا هـەر هـەمان تـەرح و خۆزگـەکانی ئـەوانمان نیـە ؟ ئەمـە بۆخـۆی پرسـیارە و دەکـرێ ئێمـە لـەخۆمانی بکـەین، ئێمـە بۆچـی هەشـتا بـۆ نـەوەد سـاڵە هـەر هـەمان پرسـیاری پێشـوومان هەیـە و لەخۆمانی دەکـەین، بـە دڵنیاییـەوە نـەبوونی فیکـر دەبێتـە مایـەی مانـەوەی تـەرحی بـێ فیکـر، ئەگـەر ئـەدەبی ئێمـە بـەدوای فیکـر و تەرحی نوێدا ئالوودە بوایە بێگوومان لەمێژابوو، ئـەم پرسـیارەمان لەشیعر و رەخنـەی کـوردی نـاکرد و بگـرە بـەدوای پیاچـوونەوەی هاودژەکانـدا دەچـووین تـا بـزانین ئـەو تەرحانـەی هـاودژن لەگـەڵ رەوتـی ئـەدەبیاتی ئێمـە و رۆشـنبیریی ئێمـە چـەندە توانیویـەتی تـەرحی نـوێ بهێنێتـە دونیـای نـوێی ئێمـەوە کـە بەداخـەوە هێشـتا نەگەیشـتوین بـەو دەرئەنجامـە، ئەمـە دەبـووە مایـەی کوشـتن و لەباربردنی ئەم پرسیارەی کە ئێستا لـەخۆمانی دەکەین کـە دەبـوو دەیان ساڵ پێش ئێستا لەخۆمانی بکەین.

**پ : قەیرانی رەخنەی مۆدێرنە و ئەخلاقیاتی وەزیفەی شیعریی ئەمڕۆ بەتایبەتی چیرۆك و رۆمانی کوردی چۆن لێکدەدەنەوە، ئایا قەیرانەکە بەو ئەندازەیەیە بتوانین بڵێین رەخنەی مۆدێرنە چرا هەڵگری ئەدەبیاتی ئەمڕۆما ن نیە، یان بەپێچەوانەوە ؟**

لەراستیدا ئێمە نـاتوانین تێگەیشـتنی نـاجۆر بـۆ رەخنـەی مۆدێرنـە ناوبنەین قـەیران، چـونکە خـودی رەخنـە پەیوەسـتە بەتێگەیشـتنی ئێمەوە، بەبڕوای مـن ئـەوەی ئێمـە نـاوی دەنـەین قـەیرانی رەخنـە، قـەیرانی تێگەیشـتنی ئێمەیـە بـۆ رەخنـە، لەبـەر ئـەوەی رەخنـە و مۆدێرنیتــە بــەردەوام هــەنگاوی خۆیــان دەنــێن، ئــەوەی ئێمــەی والێکردووە ئەم دوو پرۆسەیە تێکەڵ بکەین، تێگەیشـتنی ناجۆرمانـە بـۆ رەخنـە و ئـەدەبیات، چـونکە قـەیران کـاتێ گشـتگیر دەبـێ ئێمـە شـتێکمان نـەبێ نـاوی رەخنـەی مۆدێرنـە بێـت، بـەڵام لـە واقیعـدا رەخنـەی مۆدێرنـە بـوونی هەیـە و ئێمـە دەبـێ پرسـیار لـەهۆکاری ناتێگەیشــتنمان بکــەین بــۆ بــەمیتۆدیکررنی مۆدێرنــە، لێــرەدا پرسیارێك لای ئێمە دروست بووە کە ئـەوویش ئـەو هەسـتکردنەیە بە لەدەستدانی وەزیفەی شیعرییەت، وەزیفەی شیعرییەت چۆن لـە زاکــیرەی ئێمــەدا ئــەرکی خــۆی لەدەســت داوە، حەتمــەن لــەکاتی دروستبوونی ئەو هەستکردنە بەوغوبن بەرانبەر بەشیعرییەت .

ئەم پرسیارەی بەرێزت زۆرێك لەو كەسانە نیگەران دەكات كە پێیانوایە ئەدەبیات و رەخنەی ئێمە لە ئاستێكی باشدایە، نەخێر منیش لەگەڵ بۆچوونەكەی تۆدام، وەزیفەی شیعر لای ئێمە لەساتەوەختی كوشتنی روحی ئەدەبیات لەناو سیاسەتدا قەتیس كرا، واتە زۆرێك لەئێمە ئەم دوو وەزیفەیە تێكەڵ دەكەن و بیر لە بەسیاسیكردنی ئەدەب ناكەنەوە، خاڵێكی گرنگ هەیە كە دەبێ ئەو جیاوازیانە رەچاو بكەین، ئەویش ئەوەیە تێكەڵكردنی ئەدەب و سیاسەت ئەوەنییە كە ئیتر تەواو ئەدەب نابێ باس لەگرفتەكانی سیاسەت و قۆناغەكانی ژیانی كۆمەڵگە بكات، نەخێر بەسیاسیكردنی ئەدەب لەو كاتەدا تووشی ئەو گرفتە دەبێت كە زمانی ئەدەب ببێتە زمانی سیاسەت و شیعرییەت و ئەدەبیات ئەركەكانی خۆیان لەدەستبدەن ئەویش ئەو دونیا جیاوازەیە كە ئەم دوو تێگەیشنە لێكجیادەكاتەوە، ئێمە كۆمەڵگایەكی دونیایمان نییە، بۆیە هەموو دیدو بۆچوونەكانمان لەدونیای سیاسەت و دەمبەستووی كولتوور و داب و نەریتدا لەدایك دەبێت، لەم هەلوومەرجەدا ئێمە پێویستمان بەتەرحی فیكریی جیاوازە ئەم دونیا تاریكە بخاتەژێر پرسیارەوە، كاتێ ئێمە فیكرمان نەبێ، ئاراستەكانی ئەدەبیاتی ئێمە جگە لەو رێچكەیە چیتری بۆ ئێمە دەبێ ؟، ئەمە ناوەڕۆكی پرسیارەكەی بەڕێزتانە، ئالێرەوە دەتوانین پرسیارەكەمان لە قەیرانی رەخنەی مۆدێرنەوە بگۆڕین بۆ تێگەیشتنی ناجۆری ئێمە بۆ دونیابینی و ئاراستە فیكرییەكانی قۆناغی ئەدەبیات و لەدەستدانی وەزیفەی شیعرییەت، خودی شیعرییەت كاتێ وەزیفەی خۆی لەدەست دەدات كاتێ ئێمە ئەم پرسیارەمان لا دروست دەبێت و هەست بەو فۆرمە لەبیركردنەوە دەكەین، وەك پێشتریش وتم خۆ " حاجی قادری كۆیی " سەدان ساڵە ئەو پرسیارە لەكۆمەڵگا دەكات، باشە خۆ ئەدەبیاتی ئێستا كەی پرسیاری لەكۆمەڵگا كردووە،كەی ئێمە نا دونیابینی خۆمان لەچوارچێوەی دونیابینی ئەوی دیدا رەچاو كردووە، ئەمە بۆخۆی گرفتەكەیە، كاتێ ئێمە ئەم دیدەمان لا دروست بوو، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەوڵی بۆ دەدەین و پرسیاری لێدەكەین، هەر ئێستا بەشێكی زۆری ئەم پرسیارەی بەڕێزت ئەو پرسیارەیە لە نا دونیابینی ئێمە سەبارەت بە چەمكی مۆدێرنە لەدیدو بۆچوونەكانمان،لەقۆناغێ لەقۆناغەكانی ئەدەبیاتی ئێمەدا بەتایبەتی لە چیرۆك و رۆمانی ئێمەدا خاڵ نەخراوەتە سەر ئەم رەوتە نادونیابینییە، ئەمە بۆخۆی گرفتێكی گەورەیە، بەڵام ناكرێ ئێمە بەقەیرانی ناوببەین چونكە لەبنەڕەتدا هێزێك هەیە رەوتی چیرۆك و رۆمانی بەئاراستەیەكی دیدا بردووە، ئەویش دیدو بۆچوونی ئەوی دیە بەردەوام لەناو رۆمان و چیرۆكەكانیاندا ئەو ململانێیە رۆڵی كاریگەری هەبووە، بۆیە ئێمە ئێستا دێین ئەم پرسیارە لەخۆمان دەكەین، ئەو قۆناغانەی چیرۆك و رۆمانی

ئێمەی پیاتێپەڕیوە و تائێستا پرسیاری لێدەکەین، ئەوەیە دیدی ناسیونالیزمانە کارگەرییەکی پێچەوانی دونیابینی و مۆدێرنیتەی هەبووە، بەتایبەتی لەبەرقەراربوونی ئەدەبیاتی مقاوەمەتدا، بەشێکی زۆری چیرۆك و رۆمانی ئێمە لەو قۆناغانەدا هێندەی کاری لەسەر بێهێزی کارەکتەرو عەقڵی ئێمە کردووە، هێندە کاری لەسەر ئالۆگۆڕەفیکریی و مەعریفییەکان نەکردووە، لەم روانگەیەوە ئێمە پرسیار لەئەدەبیاتی خۆمان دەکەین،هەر ئەم پرسیاکردنەشە ئەدەبی ئێمە رووەو کرانەوە دەبات، بەڵام ئەوەی ئێمەی دواخست لەم هاوکێشەیەدا، نەبوونی پرسیاری جیدیە بەرانبەر نەکرانەوەی ئێمە بەرووی دونیا و قوتابخانە فیکرییەکان، ئەگەر لە قۆناغی ئەدەبی مقاوەمەتدا جورئەتمان هەبوایە بەم پرسیارانە رووبەڕی ئەدەبی خۆمان ببوینایەتەوە، ئێستا بێشك بەدوای جیاوازی بیروبۆچونەکانماندا دەگەڕاین،ئەگەر ئێمە " دیکارت " انە مامەڵە لەگەڵ ئالۆگۆڕە فیکرییەکاندا نەکەین مومکین نییە بتوانین ئەو تێگەیشتنە ناجۆرەی ئەدبیاتی خۆمان بخەینە ژێر پرسیارەوە، ئەم حاڵەتەش جورئەتی دەوێ، تۆ ناتوانی دیدی جیاوازت بۆ تەرح و فیکریی رزیوی ئەدەبیاتی خۆمان هەبێت و کەس لێت زویر نەبێت، " دیکارت " تێزە فیکرییەکەی خۆی کە بریتی بوو لەشەش تێڕامان سەبارەت " خودا و رۆح "ی خستە بەردەم زانایانی کۆلیژی لاهوتی پیرۆز لەفەرەنسا، ئەوەی دیکارت کردی بووە مایەی رقئەستووری پیاوانی کەنیسە، بۆیە ناکرێ کاتێك بتەوێ بۆچوونێکی جیاوازت بۆ کوولتور و ئەدبیاتی پێش خۆت هەبێ و کەس هەڵوێستەت لەسەر نەکات، دیکارت تاکوو مردیش یەکێك بووە لەو پیاوانەی هەمیشە کەنیسە و پیاوانی ئاین دژایەتیان دەکرد، گرفتەکە لەوەدایە ئێمە نە لەقۆناغی شەستەکان و نەئێستاش جەریئانە ناتوانین رووبەڕوی دیدی ناجۆر سەبارەت بە ئەدەب ببینەوە، چیرۆك و رۆمانی ئێمە بۆچی بەشێوازی سەرد دەقی وەرگرتووە و تاپێش راپەڕین نەیتوانی لەو فۆرمە تەقلیدییە خۆی دەرباز بکات، بێشك ئەوە بۆ نەبوونی رەخنەی جیدی دەگەڕێتەوە، لە قۆناغی شەستەکانی ئەدەبیاتی ئێمەدا رەخنەی کوردی هیچ رۆڵێکی کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتەوە نەبوو، لەو کاتەدا ئەدەبی ئێمە فۆرمێکی سیاسیانەی رووتی وەرگرتبوو، کە نەیدەتوانی لەگەڵ رەوتی ئەدەبیاتی دونیادا بڕەو بە چیرۆك و رۆمانی کوردی بدات، رەنگە بێ ئینسافی بێت ئەگەر رۆمان و چیرۆکی ئەو قۆناغە وەك یەك تەماشا بکەین، چیرۆکی کوردی لەو قۆناغەدا زۆر لە رۆمانەکانمان باشتر هەنگاوی دەنا، بەپێچەوانەی ئێستا دەبینین چیرۆك تووشی وەستانێکی بێ ئەندازە بووە، رەنگە کەمی خوێنەر و کاریگەریی چیرۆك لەئێستادا بۆ کرانەوەی ئێمە بگەڕێتەوە لەکارکردن لەبوارەکانی تری فیکر و فەلسەفە و رۆژنامەوانی،بۆیە دەگەڕێمەوە سەر جەوهەری

پرسیارەکەی بەڕێزت، کە ئێمە ناتوانین بڵێین مۆدێرنێتە کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی ئێمەوە نەبووە، لەهەمان کاتدا ناتوانین بڵێین ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لەم کاتەدا ئەوەی گرنگە بیکەین بوونی پرسیاری جیدی و ڕوئیای جیدییە سەبارەت بەئەدەبیاتی ئێمە و هەمیشە گوومان لەخۆمان بکەین، نەبوونی دیدی گووماناوی لەبەرانبەر تەرح و دیدی ئێمە بۆ دونیا و ئەدەب و فیکر نەبوونی پرسیاری جدیە، پێویستە بەگوومانکردنێکی هەمیشەییەوە کار لەسەر جیدی بوونی بابەتەکانمان بکەین و بەدوای فیکر و تەکنیکی تازە و فۆرمی تازەدا بگەرین، دەبێ بە جورئەت و گوومانەوە خوێندنەوە بۆ بابەتەکانمان بکەین،تا هەمیشە هێزێکی گووماناوی بەئاراستە و دیدی دیدا خەیاڵمان پەلکیش بکات .

**پ : شیعری ئەمڕۆ هێندەی بەلای حیکایەتخوانی و خەیاڵگەری و ڕستەی سادە دەبێتەوە، هێندە بەلای چرکەساتە مێژووییەکانی شیعریی ڕابوردوودا ناڕوات، لەکۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ئەم سەردەمەشدا ئەو ڕایەی دروست کردووە کە بێ سەرەوبەرییەك لەو فەزایەدا بۆ خۆی خوڵقاندووە و شوناسی خۆی ونکردووە ؟**

تۆ ڕاست دەکەیت کێشەی تێگەیشتن لەشیعر لای بەشێکی زۆری نووسەرانی کەم ئەزمون حاڵەتێکی زۆر نابەجێیە، کێشەکە لەوەدایە ئەو گۆڕانکارییەی لەفیکردا ڕوویدا شیعریش هاو زەمان لەگەل تەواوی کایەکانی تری ئەدەب و فیکر بەرەو کرانەوە هەنگاوی نا، بەلام ئەو نووسەرە کەم ئەزموونانە بەشێوەیەکی نامەنتیقی دەروانـنە شیعر، بۆیە دەبینی لەبری کارکردن لەناو فیکرو فۆرمی جیاوازدا، دێن دەقەکانیان حیکایەتئامێزانە دەنووسنەوە، وەك ئەوەی شیعر لای ئەوان لەبری چیرۆك قسەی تری نەبێ، لەبنەڕەتدا ئەم جۆرە نووسینە گێڕانەوەیەکی تری واقیعە، ئەدۆنیس زۆر جەخت لەسەر ئەو جۆرە نووسینانە دەکاتەوە و دەڵێ : ئەوانەی واقیع دەگێڕنەوە، ئەوە واقیع نییە، لەبنەڕەتدا کەس ناتوانێ واقیع بگێڕێتەوە ، واقیع بەردوام لەجوولەدایە، ئەوەی ئەوان دەینووسنەوە، ڕابووردووە، خۆ شیعر بریتی نییە لەگێڕانەوەی ڕابووردوو ، بەڵکوو شیعر کارکردنە لەناو دونیایەکی جیاواز بۆ بەخەیاڵکردنی واقیع، یان نا مەئلووفکردنی مەئلووف، بەداخەوە واقیعی شیعر لای بەشێك لەنووسەرانی ئێمە بەرەوتێکی زۆر ناجێگیردا دەڕوات و هەست دەکەم بەتایبەتی لەدوای ڕاپەرینەوە ئەم ڕەوتە تەواوی نووسینی ئەو گەنجانەی کۆنترۆڵ کردووە، بەردەوامی ئەم حاڵەتە بۆ نەبوونی ڕەخنەی جیدی دەگەڕێتەوە کە نەیانتوانیوە قسە لەبارەی ئەم جۆرە نووسینەوە بکەن، خاڵێکی تر کە بووەتە مایەی بەردەوامی ئەم جۆرە نووسینە، زۆری ڕۆژنامە و گۆڤاری بێبنەمایە، زۆربەی

سەرنووسەرەکانیان لەبنەڕەتدا خۆیان ئەدیب نین و ئەوەی دەیکەن تەنها بۆ پڕفرۆشی رۆژنامەو گۆڤارەکانیانە، بەشێکی تری پرسیارەکەت پەیوەندی شیعر بەمێژووەوە، بەبڕوای من شیعر کار لەسەر گێڕانەوەی مێژوو ناکات، خۆ ئەگەر ئەرکی شیعر گێڕانوەی مێژوو بێت، لەو کاتەدا پێویستمان بە مێژوو نووس نابێت، من هاوڕانیم لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێزت، چونکە ئەرکی شیعر زۆر لەو قورسترە مێژوو بگێڕێتەوە، نەخێر بەر لەهەر شتێك شیعر بریتییە لەکارکردن بەدیدێکی رەخنەگرانە و ئینسانیانە و کارکردنە بە زمان و فۆرمێکی جیاواز لەوەی پێش خۆی، ئێمە زۆر جار قسە لەسەر ئەوە دەکەین، ئایا شاعیرانی ئێستا توانیویانە شاعیرانی پێش خۆیان تێپەڕبکەن ؟، بۆخۆی ئەمە پرسیارێکی قورسە و دەمانخاتە ناو مەعمەعەی جیاوازی زمانی شیعریی نێوان نەوەی کۆن و نوێوە، ئەگەر ئێمە قسە لە نەوەکان بکەین، ئێستا نەوەیەك هەیە کار لەسەر گۆڕینی ئاراستەی شیعری کوردی قۆناغی شەستەکان کردووە،بەشێك لەم نەوەیە لەشەستەکاندا لەبری رەخنەگرانی کورد ئاراستەی شیعریی کوردیان گۆڕی، لەدوای ئەوانیش لەهەشتاکان نەوەیەکی دی سەری هەڵدا زیاتر کاریان لەسەر بەفیکریی کردنی شیعر و ئەدەبیاتی ئێمە کرد، جێی داخە شکستی ئەدەب و رەخنە وەك چۆن لەشەستەکاندا جێی خۆی بۆ سیاسەت چۆڵ کردو زمانی ئەدەب بوو بە زمانێکی

سیاسیانەی گشتگیر، ئەم بەسیاسیکردنی زمانی شیعر و ئەدەبیاتە کاریگەری خەراپی بەسەر دونیای ئەدەب و فیکری ئێمەوە هەبوو، ئەم شکستە لەدوای راپەڕینەوە جارێکی تر سەری هەڵدایەوە،جارێکی تر سیاسەت هەموو بیر و هزریی ئێمەی کۆنترۆڵ کرد و ئەدەبی ئێمەی تووشی فەوزایەکی بێ سەر و بەرکر دەوە،کە ئێستا ئێمە دەیان پرسیاری جیدمان لە رەخنە و شیعریی کوردی هەیە، راستە ئێمە شاعیری بەتوانامان هەیە، بەڵام ئەوەی شیعری کوردی ناشرین کردووە، ئەو جۆرە نووسینانەیە بەناوی شیعرەوە دەنووسرین و کەسێك نیە ئەم رەوتە بەئاراستەیەکی جێگیردا ببات، بەلاتەوە سەیر نەبێت لەم قۆناغەدا دەسەڵات رەخنە لە رۆشنبیر بگرێت کە بابەتی لاواز بڵاودەکەنەوە، خۆی ئەمەیە ئەو مەترسییەی رۆشنبیر یی ئێمە چاوەڕوانی لێدەکرد، ئەوەی وایکرد دەسەڵات رەخنە لە رۆشنبیر و ئەدەبیات بگرێت ، خودی دەسەڵاتە رێ بەو کەسە نائەدیب و نا رۆشنبیرانە دەدەات لەبری تۆ قسە بکات و بە ئەدیب و شاعیر بناسرێ، کاتێ سیاسەت قسە لەسەر شیعر و ئەدەبیات دەکات، ئەوە ئەو مەترسییەیە لەکرانەوە و دونیابینی ئێمە، تۆ ناتوانی رێگریی لەبەردەم ئەو جۆرە رەوتانە بکەیت، ئەوەی کە دەتوانی کاری لەسەر بکەیت رۆشنبیر و ئەدیبەکانمان مەرجەعی سەرەکییان فیکر و مەعریفە بێت، نەك کوشتنی رۆحی شیعر و ئەدەبیات

لـەناو حیکایـەتی سـادە و ناشـرینکردنی زمـانی بـەناو شـیعریی، شـیعری ئـەمڕۆ بۆیـە لـەو فەوزایـەدا دەژی، خـودی فـەزای فیکـر و رۆشـنبیریی ئێمـە لـەو فەوزایـەدا دەژی، تـۆ بڕوانـە تـا هەنووکـە کەسانێك هەن ئەرکی سیاسی و رۆشـنبیر لێـك جیاناکەنـەوە، زمـانی شیعر و سیاسەت جیاناکەنەوە، ئەمـە گرفتـە لـەم قۆناغـەدا بـەدوای پرسیاری نابـەجێوە ویڵبین و نـەتوانین خۆمـانی لێـدەرباز بکـەین، لەهەموو دونیادا ئەدەب و فیکـر هەمیشـە لەململانێیـەکی قوڵدایـە، ئـەو ململانێیـە ئـەدەب و فیکـر بـەرەو گرانـەوە دەبـات، لای ئێمـە قسەکردن لەسەر قۆناغی پێش خۆت بەغەدرێك لەمێـژووی ئـەدەب دەناسێنن، تـۆ نـاکرێ ئـەدەبێك بـۆ نەتـەوە یـان بـۆ هەرشـتێکی دی نووسـرابێ و نـەتوانی پرسـیار و گوومـانی لێبکـەیت، کاریگـەرترین دیـدو روئیـا و وێنـاکردن و گوومـانکردن لـە ئـەدەب و فیکـر، واتـە هـەوڵ و بـرەودان دەگـەینێ بـۆ بەرهـەمهێنانی بـیری تـازە و فـۆرمی تـازەی شـیعر، ئەگـەر تـۆ گوومـان لـەدونیا و کوولتـوور و ئـەدەب و فیکـر نەکـەیت، بێگوومـان نـاتوانی دیـدی نـوێ بەرهـەم بێنێـت، خـاڵێکی دی لەپرسـیارەکەی بـەڕێزت، گەڕانـەوە بـۆ رابـووردوو، بـەبڕوای مـن نـاکرێ ئـەدەبیاتی ئێمـە کـار لەسـەر دووبـارە گووتنـەوەی رابـووردوو بکـات، بەپێچـەوانەوە، دەبـێ هەمیشـە کـار لەسـەر بـەردەوامی و جێهێشـتنی رابـوردوو بکـات، ئـەوەی ئێمـە دەیکەین و دەمانەوێ بـە عـەقڵ وروئێـای رابـوردوو کاربکـەین ئـەوە سـۆزە لـەبری عـەقڵ بـەو ئاراسـتەیەماندا دەبات،نـاکرێ ئێمـە رابوردوو رەتکەینەوە، بەڵام ناشکرێ بەعـەقڵ و فیکریـی رابـووردوو کاربکەین، ئێمـە بەسـوود وەرگـرتن لەرابووردوو،پێویسـتە بەعـەقڵ و فیکریـی نـوێ کاربکـەین و هەمیشـە پرسـیارمان لـە تەرحـەکانی خۆمان هەبێت و بەردەوام گوومان لـەخۆمان و دەقـەکانمان بکـەین، ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ دەینووسـین، سبەی بـەدڵمان نییـە، ئەمـە ئـەوە ناگەینێ کە ئێمە دیدی ناجۆرمان بۆ ئەدەب و فیکـر هەیـە، نـەخێر ئەگەر وانەبین واتە ئێمە نەمانتوانیوە گۆڕاکاریی لـەفیکری خۆمـان بکـەین، ئەمـە حـاڵی شـیعریی ئێمەیـە، نەپرسـیار و نـەگوومانمان لەدەقەکانی خۆمـان هەیـە، بۆیـە هەمیشـە ئـەوەی دەینووسـین بـیر لەوی دی ناکەینەوە، بەبڕوای من هـیچ کـام لـە خـاوەنی ئـەو جـۆرە نووسینانە لەبنەڕەتدا ئـەوی دی ناخوێننـەوە و هـیچ کۆنتاکتێکیـان لەگەڵ ئەوی دیدا نیە، بۆیە هەمیشە شیعر لای ئـەو جـۆرە کەسـانە بریتیـە لەگێڕانـەوەی ئـەوەی رۆژانـە دەیبیـنن و خـەونی پێـوە دەبینن .

**پ : لەپاش راپەڕینەوە تا کـاتی ئـەم دیـدارەی لەگـەڵ بـەڕێزتان، واهەست دەکەم لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە سـتایلێکی تایبەت بەخوێندنەوەی دەقەکانمان بەدی ناکرێ، شـپرزەیەك لـە گۆڕەپانی رەخنەمان دەبینم، ئاڵۆزییەك لەناو فەزای رەخنەدا زەق**

**بووەتەوە، ئەمە لەناهوشیاری رەخنەگرەکانمانەوە رێچکەی گرتووە یان تێگەیشتنی ئێمە بۆ رەخنە ئەمەی خولْقاندوە؟**

ئەم پرسیارە بۆخۆی درێژەی هەموو ئەو هەوڵانەیە بۆ درێژەدان بە قسەکردن لەسەر ناجێگیریی رەوتی رەخنەی ئەدەبی کوردی، بێشك ناسەقامگیریی رەوتی رەخنە ریشەیەکی قوڵی هەیە و ناسەقامگیری دونیای رۆشنبیری ئێمە وای کردووە نەتوانین رەخنە و دونیابینی ئەوی دی بەسەر بکەینەوە، ئەم دەرکەوتە ناجۆرەی رەخنەی ئێمە لەساتەوەختی کوشتنی زمانی ئەدەبیاتی ئێمە لەناو سیاسەتدا سەری هەڵدا، و ئەدەب لەبری سیاسەت قسەی دەکرد، ناکرێ ئێمە لەناو ئەم فەوزایەدا هیچ کام لەو رەخنە جیدیانە نەبینین و هەموویان لەو گۆشەنیگایەوە تەماشا بکەین کە رەخنەی جیدی لەبنەڕەتدا بوونی نییە، هەوڵی باشیش هەیە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە زۆر کەمن و لەو فەوزایەدا رەخنەی جیدی و ناجیدی بەزەحمەت دەناسرێن، ئێمە لەوەڵامی پرسیارەکانی تردا زۆر قسەمان لەناجۆری رەخنە و ئەدەبیاتی کوردی کردو هۆکارەکانمان خستەڕوو، بۆیە بەبڕوای من بوونی پرسیاری هەمیشەیی لە رەخنە و ئەدەبیاتی خۆمان کارێکی باشە و دەکرێ بەردەوام پرسیاری مەنتیقیمان لە رۆڵی رەخنە هەبێ، ئەوەی رەخنەی ئێمە بەرەو دونیابینی دەبات، بوونی رەخنەیە لە رەخنە، واتە ئەوەی " تۆدۆرۆف " باسی لێوە دەکات " نقد النقد " ئەگەر ئێمە پرسیارمان لە رەخنە نەبێت ناتوانین رەخنەی زانستیمان هەبێ و کاریگەریی قوتابخانە رەخنەیەکانی دونیای بەسەرەوە هەبێ، دەرکەوتنی رەخنە لە رەخنە لەسەردەمی نوێدا هۆکارێکی زۆر کاریگەربوو بۆ خوێندنەوەی دەقێکی دی، واتە رەخنە، ئەم دەرکەوتە فیکرییە بووە مایەی بەقوڵی تێڕامانی دەقی رەخنەیی و بیرکردنەوەیەکی بەردوام بۆ تایبەتمەندی رەخنە لەدونیای رەخنەی عەرەبیدا، " محمد ئەفقیر " جەخت لەسەر دەرکەوتنی رەخنە لەرەخنە لە نووسینەکەی نووسەر "عبدالعزیز قلقیله " " نقد النقد فی التراپ العربی " کردووە بە هەوڵێکی جیدی و کاریگەر لە دونیای ئەدەبیاتی عەرەبی دەناسێنێ ، ئەم نووسەرە دەڵێ "هەرچەندە ئەم هەوڵە لەئەدەبیاتی عەرەبیدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەڵام لێدوان و وێناکردنی فیکری تازە دونیایەکی بەر فروانی بەتایبەتمەندی رەخنە لەرەخنەدا داوە و ئەدەبیاتی عەرەبی بەرەو کرانەوە و دونیابینی بردووە "، ئەوەی وای لەئێمە کردووە دیدێکی رەخنەیمان نەبێت بۆ رەخنە، ئەو بێدەنگییە بەرانبەر رۆڵی ناجیگیری رەخنەی کوردی لەدونیای ئەدەبیات و فیکردا، لەم ناوەندەدا کاتێ قسە لەسەر ناجێگیربوونی رەخنە دەکەین، هەموو ئەو هەوڵەجیدیەنەش دەبنە قوربانی دەستی نەبوونی رەخنە

لەرەخنە، دیوێکی تری نەبوونی رەخنەی جیدی، بوونی تەئویلاتی شەخسی و جۆری موجامەلەکردنە لەدونیای رەحنەدا، بەردەوام لەمێژووی ئەدەبیاتی ئێمەدا بوونی هەبووە، رەنگە بەشێکی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بۆ فەلسەفەی بیرکردنەوە بە تێڕوانینی سۆز لەبری زانست و عەقڵ بگەڕێتەوە، لەناو خودی ئەو جۆرە مووجامەلەیە شەرمێك هەیە هەمیشە بەسەر بیرکردنەوەی ئێمەدا زاڵە کە ئەمە بۆخۆی ریشەیەکی کولتووری کۆمەڵایەتی قووڵی هەیە، ئەخلاقیاتی بیرکردنەوە و خەیاڵی ئێمەی لەهەموو جۆرە پرسیارێك و بیرکردنەوەیەك موجەرەد کردووە، بەداخەوە ئەو پرسیارەی جەنابت بەدڵنیاییەوە بوونی هەیە و بەردەوام بەشانازییەوە کاری لەسەر دەکەین و کەسیش نییە دەرئەنجامی خوێدنەوەی رەخنەکانی ئێمە بە تێگەیشتنێکی بێ لایەنانە بخاتەڕوو، گرفتە لەم ناوەندەی ئێمەدا کاتێك رەخنە لەدەقێك دەگرێت، خۆ ئەگەر موجامەلەی بکەیت ئەوە رەخنەگرێکی باشیت، بەڵام ئەگەر بەدیدێکی رەخنەگرانەی زانستی بوو، خوێندنەوەیەکی رەخنەیانەت بۆ کرد، تەواو تۆ ئیتر رەخنەگرنیت و کەسێکی بێ ئەزمون و لەبابەتانە دەدەنەپاڵت، بڕوا بکە کار گەیشتوەتە سەر ئەوەی لەبەرانبەر رەخنەی ئەدەبی لەدەق تەشهیر بەمن کراوە، ئەمە حاڵی نووسین و رەخنەی ئێمەیە، کێ رەخنەگری جیدی و کێ نووسەری جیدیە، کێشەکە لەوەدایە ئەمڕۆ بەگشتی کار لەسەر دەقی ناوازە دەکرێ، ئەمەش بۆخۆی حەقێکی مەشروعە تۆ قسە لەو دەقە ناوازانەی "شێرکۆبێکەس، لەتیف هەڵمەت، بەختیار عەلی،شێرزادحەسەن،رەئوف بێگەرد، عەتا محمد، کاروان کاکەسوور، یوسف عزدین و دەیانی تر بکەیت، بەڕاستی هێندە کەسانی بێ ئەزموون خۆیان خزاندووەتە ناو هاوکێشەکەوە کە زۆر بەزەحمەت دەتوانی کار لەسەر ئەو هەموو دەقە بکەیت، بەڵام لەهەمان کاتدا حەقوایە ئاوڕ لەدەقی نووسەرە گەنجاکانیش بدرێتەوە، ئەمەش بۆخۆی ئەرکێکی مێژووییە و زەروریە ئاوڕ لەو نەوەیەش بدرێتەوە، خۆ لەبنەڕەتدا کە نەوەیەك دەردەکەوێت زۆر گرنگە ئاوڕێکی رەخنەگرانەیان لێبدرێتەوە، هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی بزانین، ئەوان چ تەرحێکی فیکری تازە لە بابەتەکانیاندا هەیە، ئایا ئەو دەقانەی ئەو نووسەرە گەنجانە بۆنی ململانێی فیکریی لێدێت و دەتوانین ئەو دەقانە بەمیرتگرەوەی ئەدەبیاتی پێش خۆیان بژمێردرێن، بەبڕوای من ئەمەش ئەرکی رەخنەیە، لەدونیای ئەدەبیات و فیکردا ئەوە رەخنەیە دەبێتە تاکە مەرجەعی بیرکردنەوەی جۆراوجۆر بۆ ناساندنی دەقی سەرکەوتوو خاوەن دیدی نوێ بۆ بەرەوپێشەوەبردنی رەوتی ئەدەب و فیکری ئێمە، بە واتە ئەگەر رەخنە نەبێت ئێمە ناتوانین تەرحی تازەمان هەبێ و ناتوانین گوومان لەبیرکردنەوەی رابوردوومان بکەین، هەموو دەقێك گرنگە

تۆ گوومانی لێبکەی ، ئەگەر گوومانکردن نەبوو، پرسیاری نوێ و بیرکدنەوەی تازەش نابێ و ململانێش سەرهەڵنادات، هێزی خۆرئاوا لەرێی ململانێی فیکریی و رەخنەی جیدیەوە ئەو هەموو قۆناغەی بڕی، خۆ ئێستاش بەردەوام رەخنە و تەرحی فیکری تازە رۆڵی کاریگەری لە ئەدەبیات و فیکری ئەواندا هەیە، کێشەکە لای ئێمە لەوەدایە ئەگەر رۆژێ لە رۆژان تۆ حەرفێکت فێرکردم ئیتر من ناکرێ رەخنە لە دەقەکەی تۆ بگرم یان دیدێکی تازەم بۆ دەقەکەی تۆ هەبێ، ئەمە کاریسەیە ئێمە هاورێیەتی بکەینە قوربانی فیکر و فلسەفە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە نیشانەی کەئەزموونی ناهوشیاریی فیکریمانە کە ناتوانین خۆمانی لێ رزگاربکەین، هەتا "دیکارت " انە گوومان نەکەینە پێوەر بۆ تەرح و بابەتەکانمان دڵنیابە ناتوانین هەنگاوێك بەئاراستەی فیکری تازەدا بنەین، هەتا ململانێیەکی زانستیانەی قوڵ لەئەدەبیات و رەخنە و فیکری ئێمەدا نەبێ، دڵنیابە رەخنەی ئێمە لەخۆمانەوە بۆ خۆمان دەبێت .

دیداری رۆژنامەی کوردستان راپۆرت

سەبارەت بە رەخنەی ئەدەبی کوردی

سازدانی : رابەر فاریق

**پ/ کوردستان راپۆرت :بۆچی بەشێ لەرەخنەگرانی کورد بەدەرلەکاری خۆیان بەدیل دۆزەرەوەشن، پێتوایە دەقی ئەدەبی دەبێ پێویستی بە ئەلتەرناتیف بێت ؟**

وەڵام : یەکێك لەو هۆکارانەی رەخنەی ئێمەی بەئاراستەیەکی دیدا برد، ئەو دیدو بۆچوونەجیاوازانەبوو لەسەر کەمئەزموونی رەخنەی کوردی بەدرێژایی سەرهەڵدانی بزاوتە ئەدەبیی و سیاسی و فیکرییەکان، قسەی زۆر لەسەر رەخنەی ئێمە کرا بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی ململانێی نێوان نەوەکان و بەتایبەتی لەبواری ئەدەبدا، ئەگەر بەمێژووی رەخنەی کوردیدا بچینەوە، بەبڕوای من رەخنەی ئێمە بەخوێن ساردترین قۆناغدا تێپەڕیوە و تائەم ساتەوەختە نەیتوانیوە خۆی لەو وەزعە ئاڵۆزە رزگاربکات، هۆکارەکان زۆرن، لەوانە نەبوونی هوشیاریی کۆمەلایەتی، نەبوونی هوشیاریی سیاسی و فیکری، نەبوونی گوتاریی سەربەخۆی و بڕیاردانی سەربەخۆ،هۆکارێکی ناجۆری تر کە رەخنەی ئێمەی

بەرەو دەمبەستبوون و بێ گوفتی بردوە، قۆناغی شەستەکان و بەتایبەت لەئاست کێشە ناسیونالیستەکان و سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چەکداریی کوردی، ئەم قۆناغە جگەلەوەی کۆمەڵێك شاعیریی لێهاتووی تێدا دەرکەوتن، لەهەمان کاتدا گورزێکی کوشندەبوو لەبیریی کراوەی کوردی و سەرهەڵدانی دیدی جیاوازی رەخنەی کوردی، من ئەم قۆناغە بە قۆناغی " بێدەنگی رەخنە " ی کوردی ئەژمار دەکەم، شەستەکانی ئەدەبیاتی ئێمە قۆناغی تێکەڵکردنی ئەدەب و سیاسەت بوو، ئەدەبی ئێمە لەم قۆناغە ئەرکە ئینسانیەکەی خۆی لەدەستداو کەوتە دوای مەودابەرزو نزمەکانی سیاسەت، ئەدەبیاتی ئێمە لەبری فیکر بوو بە نارنجۆك و لەبری فەلسەفە، بوو بەسەنگەریی پێشمەرگایەتی و داکۆکیکردن لەمەسەلە نەتەوایەتییەکان، ئەمە بۆخۆی دروستکەری دەستی دوژمنەکانی ئێمەبوو کە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوون ئەدەبیات و فیکریی ئێمە بەو ئاراستەیەدا ببەن و ماناکانی ئینسانبوون لای ئێمە بکوژن و بەردەوام لەهەوڵی ئەودابوون شیعر بکەین بەتفەنگ و عەقڵمان پڕبکەین لەکینە، لەم حاڵەتەدا ئەوەی کاریی پێناکرێ، رەخنەیە، لەبەر ئەوەی ئەدەبیاتی تۆ لەخزمەتی کێشە نەتەوەیایەتیەکاندایە، حەتمەن لەم حاڵەتەدا ئەوەی رەخنە لەو ئاراستە فیکرییەی ئەدەبی ئێمە بگرێ، بێ سێ و دوو بەکەسێکی خائین و خۆفرۆش لەقەڵەم دەدرێ، ئەم هۆکارانە وایان کرد رەخنەی ئێمە لەم قۆناغەدا بێدەنگی خۆی بپارێزێت وبەو خوێن ساردییەوە تا ئەم چرکەساتە ببێتە گرفتێکی گەورە لەبەردەم کرانەوەی عەقڵی ئێمەدا، لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم رۆشنگەریی خۆرئاوا خرایە ژێر پرسیارەوە،هۆکارەکان چیبوون رۆشنگەریی خۆرئاوا تووشی ئەو شکستەگەورەیە بوو کە دەرئەنجام بەربەرییەت بووبەبەشێك لەکولتووریی ئەوان، ئایا ئێمە بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە توانیمان ئەو پرسەگەورەو ئەو شکستە سیاسی و ئەدەبی و فیکرییەی خۆمان بخەینە ژێر پرسیارەوە، ئایا بیرمان لەوە کردەوە گرفتی رەخنەی کوردی لەو قۆناغەدا لەلایەن دوژمنەکانمانەوە داڕێژرابوو یاخود عەقڵی ئێمە هەر هێندەی پێبوو کردی بەقوربانی سیاسەت،ئەم نالەبارییەی رەخنەی ئێمە وای کرد پرسیارلای ئێمە ونبێت قسەکردنیش لەم مەسەلەیە حاڵەتێکی نامەعقول بێت کە ئێمە بەدرێژایی مێژوو خەڵکی شەرمن و بێ بەرهەم بین، کەواتە ئەوەی دەکرێ لەئاست مەسەلەی رەخنەدا بیکەین، جۆری تێگەیشتنمانە بۆ رەخنە، ئەوەی قسەی جیاوازی لەسەر ئەدەبیات و فیکریی ئێمە کرد بوونی دیدی جیاوازبوو لەناو حیزبی کوردی، بۆ نمونە دەرکەوتنی حیزبی شیوعی لەکوردستان، ئاراستەی ئەدەبی ئێمەشی گۆڕی و ئەوانەی لەژێر کاریگەریی بیریی عێراقیدابوون، بەتوندی رەخنەیان ئاراستەی ئەدەبیاتی ناسیونالیستی دەگرت و بەقەڵەمێکی

دواکەوتویان دەناساند، لێرەوە بیری جیاواز لە ئەدەبیاتی ئێمە سەریهەلدا، ئەم سەرهەڵدانە نووسەرە ناسیونالیستەکانیشی گرتەوە و ناچاریانی کرد لەسەر جیاوازی بیرو بۆچوون قسەی خۆیان هەبێت، ئالیرەوە ئەو قسەکردن و دیدانە چۆن کەوتنەوە، ئەمەیان وەڵامەکەی لای ئێمەیە، لەبەر ئەوەی رەخنەی ئێمە پاشخانێکی فیکریی و مەعریفی نەبوو، بۆیە ئەوەی قسەی لەسەر دەکرا زۆرجار خودی نووسەر بوو نەك دەق، ئەم رەوتەلە قسەکردنەش خرایە ژێر پرسیارەوە، بۆیە لە هەشتاکان کۆمەڵێك رۆشنبیریی جیدی کاریان لەسەر ناساندنی حەقیقەتی رەخنەکردو رەخنەگرتنیان لەسەر نووسەر بەئاراستەیەکی نامەنتیقی لەقەڵەمدا، دواجاریش ئەوەی برەوی پێدرا قسەکردن بوو لەسەر دەق، نەك نووسەری دەق، ئەم ئاراستیە ئەدەبی کوردی هەنگاوێك پێشخست و لەو تێگەیشتنە ناجۆرە رزگارمان بوو، ئەوەی تا ئەم چرکەساتە پێوەی دەناڵێنین، ئەو کەسانەن کە نەتوانییان ئاراستەی بیرکردنەوەیان بگۆڕن و نەتوانیان زمانی زبر لەئەدەبیاتدا بگۆڕن، لەم حاڵەتەدا ئەوەی ئەوان کاری پێدەکەن دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤە لەبری رەخنە، رەخنەگر کاری ئەوەنیە ئەلتەرناتیف بۆ دەق بدۆزێتەوە، بەڵکو ئەو کاری ئەوەیە، دونیابینی دەق بخاتەڕوو ، یاخود لەهەوڵی ئەوەدابێ کۆدە شاراوەکانی دەق بدۆزێتەوە، یاخود بیرێکی تازە لەو دەقەدا هەڵێنجێنێ، چونکە لەئەساسدا شتێك نیە پێی بوترێ ئەلتەرناتیف دۆزینەوە بۆ دەق، ئەوانەی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن، ئەوە نیشانەی بێتوانایی و بێ ئیرادەییانە لەبەردەم چەمکی رەخنە.

**پ/ کوردستان راپۆرت: کەی دەتوانین بڵێین ئەم رەخنەیە بنیاتنەرە، ئەم رەخنەیە روخێنەرە، ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە تا چ ئاستێك تەندروستن بۆ راڤەکردنی دەقی ئیبداعی ؟**

بەبڕوای من رەخنەگر لەم وڵاتە وێرانەیی ئێمەدا، کە دەڵێم وێرانە لەسەر مەسەلە فیکریی و مەعریفییەکان قسان دەکەم، ئەرکی زۆر قورسە، دەبێ یان ناشرین ترین کائینی سەر ئەم زەمینە بێت، یا رەخنەگر نەبێ، ئەزیزم ئێمە لەوڵاتێکدا دەژین ئەگەر دز نەبی بەکەسێکی گیلت لەقەڵەم دەدەن،ئەگەر دز بیت دەڵێن زۆر عاقڵە بۆ حاڵی خۆی،کاریسەیە تۆ رەخنە لەچی دەگری، بەداخەوە ئەم دیاردە ناشارستانیە بواری ئەدەبیشی گرتووەتەوە،

بۆیە رەخنەگری جیدی و ناجیدی کەس لێکیان جیا ناکاتەوە، ئەم دیاردەیە لەناساندنی رەخنەگر بۆخۆی گەورەترین گورزە لەچەمکی رەخنەدەدرێ، کێشەکە لەوەدایە تۆ ناتوانی رەخنە لەبابەتێك بگری، یەکسەر هەزارو یەك تاوانت بۆ هەڵدەبەستن، سەرەتا ئەم دیاردە ناشرینە لەناو سیاسەتەوە سەریهەڵدا و دواجار بۆ ناو ئەدەبیش شۆڕبووەوە، بەهەر حاڵ قسەکردن لەسەر دەق بەهەر ئاراستەیەکدابێ بۆخۆی گرنگیدانە بەدەق،ئەگەر دەقێك رامنەچڵکێنێ قسەی لەسەر ناکەم،لێرەدا جۆری قسەکردنەکە دەگۆڕێ، گرفتەکە ئەوەیە رەخنەگری ئێمە تائەم چرکە ساتە نەیتوانیوە بەمیتۆدێکی دیاریکراو قسەی لەسەر دەق هەبێ، بۆیە زۆربەی ئەو کارانەی ئێمەمانان دەینووسین، دوورن لەمیتۆدی رەخنەیی و زۆرجار بەبۆچوونی خۆمان دەقەکان هەڵدەسەنگێنین، ئەم دیاردەناجۆرەی قسەکردن لەسەر دەق وایکردووە رەخنەی ئێمە نەبێتە رەخنەیەکی زانستی، بۆیە بەدەیان دیدی ناجۆر لەناو ئەدەبیات و رەخنەی کوردیدا دەردەکەون و لەخۆیانەوە حوکم لەسەر دەق دەدەن گوایە ئەم دەقە باشە یان ئەویتر باش نیە، ئەم باش و خراپەی ئەم کەسانە لە غیابی رەخنە دا سەرهەڵدەدەن، من پێشتر قسەم لەسەر کەمئەزموونی رەخنەی کوردی کرد و کاریگەریەکانم بۆ نەبوونی فیکر و مەعریفە لەئاراستەکانی ئێمەدا باس کرد، بۆیە بەبڕوای من رەخنەی جیدی، ئەوەیە کە " تۆدۆرۆف " باسی لێوە دەکات " رەخنە لە رەخنە " ئەگەر ئێمە بەو میتۆدە کارنەکەین ناتوانین ئەدەب و رەخنەشمان بەرەوپێشەوە بەرین، یەکێك لەهۆکارەگرنگەکانی بەرەوپێشەوە بردنی ئەدەبی ئێمە حزوری رەخنەیە، بۆیە لەحزوری رەخنەدا، ئەبێ رەخنەهەبێ، واتە ئەگەر بمانەوێ رەخنەی ئێمە رەخنەیەکی بابەتی بێت، ئەوا دەبێ بیر لەبوونی رەخنە لەرەخنە بکەینەوە، ئێمە کاتێك دەتوانین رەخنەی بونیادنەر لە رەخنەی روخێنەر جیا بکەینەوە، کە رەخنەی جیدی ئامادەگیی هەبێ، واتە تەنها قسە لەسەر دەق نەبێ،بەڵکو دەبێ قسەلەسەر رەخنەش هەبێ،چونکە لەغیابی رەخنەدا رووخێنەر و بونیادنەر لێکجیاناکرێتەوە،کە قەسەش هەبوو، جیاوازیەکان بەردەوام دەبن و رۆڵی بونیاتنەریان دەبێ، ئەم حاڵەتەش تاکوو ئەمرۆ لای ئێمە بوونی نییە و دەق دەننوسرێ و تێدەپەڕێ، رەخنە قسەی خۆی دەکات و کەس ئاوڕی لێناداتەوە، ئەوجار ئەو قسەکردنە چۆن بێت کە رەخنەش نەهاتە گووتن،ئەوا ئەو قسەیە دەبێتە بەشێك لەرەخنەی ئێمە و لەناو مێژووی ئەدەبیاتی ئێمە دا لەبەر ئەوەی کەس راینەچڵەکاندووە، حزووری دەبێ. ئێمە زۆرجار باس لەقسەکردن لەسەر دەقەکانی " نالی و مەحوی " دەکەین و دەڵێین تا ئەم چرکەساتە رەخنەگری ئێمە نەیانتوانیوە بەراستی لەو دوو ئەزموونە بگەن ، ئەمە بۆخۆی هەژاریی مەعریفی ئێمە

دەخاتەڕووو، ئەگەر لەدوای نزیگەی سەدەیەك ئەمە تێگەیشتنمان بۆ رەخنەی كوردی بێت، ئەی چۆن دەتوانین رەخنەی بونیادنەر لە رووخێنەر جیابكەینەوە، بەشێكی تری غیابی رەخنەی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هوشیاری كۆمەڵایەتی، كە تا ئەم چركەساتە نەمانتوانیوە رەخنەو دیدی جیاواز هەزم بكەین ، تۆ كەسی واهەیە لەغیابی فیكردا رەخنە لەبابەتەكەی دەگری، ئەو واتیدەگات تۆ دوژمنیایەتی لەگەڵ دەكەیت ، تا ئێمە بەم شێوەیە لە رەخنە و دیدی جیاواز و ئاراستەی فیكریی و مەعریفی جیاواز بڕوانین ، ئەوە دڵنیابە رەخنەی بونیاتنەر و رووخێنەر لێكجیاناكەینەوە.

**کوردستان راپۆرت : کەسانێك هەن زۆر بەداخراوی و سانایی پێکهاتە و لایەنە مەجازییەکانی دەق هەڵدەسەنگێنن، یا تەنها دەڵێن ئەم دەقە جوانە و ئەو دەقە ناشرینە، تۆ وەکوو رەخنەگرێك ئەم هۆکارانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

دەتوانین ئەم پرسیارەش هەر بەتەواوکەری پرسیاری دووهەم بژمێرین، چونکە تایبەتمەندی و جۆری قسەکردن لەسەر دەق، دەگەڕێتەوە بۆ بوون یا نەبوونی هوشیاری فیکریی، ئەوانەی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن، ئەوە ئەوانەن کە دەتوانین پێیان بڵێین شەڕی ئەوان لەگەڵ نووسەرە نەك لەگەڵ دەق، کێشەی ئەوان تەنها قسەکردنە لەسەر نووسەر نەك دەق، زۆر جار ئەوقسەکردنە بەقازانجی نووسەرەکەیە زۆر جاری تر پێچەوانەیە، ئەم کەسانەش بەتەبیعەتی حاڵ لەئاکامی نەبوونی رەخنەی جیدیدا دەر دەکەون، وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ئەگەر رەخنە حزوری هەبێ، ئەوا ئەم جۆرە نووسینانە ناتوانن بێنەگۆ، خۆ ئەرکی رەخنە ئەوەنیە جوانی و ناشرینی دەق بخاتەڕوو، نەخێر ئەرکی رەخنە ئەوەیە دونیابینی دەق و کۆدەشاراوەکان و دەرکەوتە فیکریی و ستاتیکیەکان بخاتەڕوو، ئەمە و دەیان دیدی تر کە رەخنەگر لەڕێی میتۆد و قوتابخانەفیکرییەکانەوە دەیخاتەڕوو، گرفتەکە لای ئێمە ئەوەیە تائەم چرکەساتە نازانین رۆڵی رەخنە چیە، ئایا رەخنە تەنها لەدژمن دەگیریی یان چی ؟؟، گرفتە ئێمە واتێبگەین تەنها ئەوەی دوژمنەکانمان لێمان دەڕوانن رەخنەی لێبگیریی، گرفتە ئێمە واتێبگەین ئەو دەقەی بەزمان و عەقڵی من نەنووسرا ئیتر ئەوە دەق نیە، تاکوو ئێستا کەسانێك هەن نزیکەی " 20" دەبێ لە خوێندنەوەوە دوورکەوتونەتەوە،کاتێ بابەتێك دەنووسی و بەوان نامۆیە بەنووسینی نازانن و بەناوی رەخنەوە دەدرێتە بەر تانەو تەشەر، گرفتێکی تر کە ئەم بابەتانە بەنووسین و رەخنە لەقەڵەم دەدرێ، ناوەندی رۆشنبیر یی ئێمەیە، دەرگای لەبەردەم دیدو رەخنەی جیدی داخستوە و دەرگایەکی گەورەتری بۆ غافلگیرەکان داوەتەسەرپشت و بەئارەزووی خۆیان بەناوی رەخنەوە، گورز لەرەخنەی کوردی و ناوەندی رۆشنبیریی کوردی دەدەن، بەڵێ ئەزیزم ئەم دەرکەوتە بێ مەعریفەیەیە روحی رەخنەی لای ئێمە کوشتووە، بۆیە ئاراستەی رەخنە، ئاراستەیەکی لێڵیە و ئاسۆکانی رەخنەی جیدی نادیارە، لەم کاتەدا بەداخەوە، ئەم جۆرە نوسینانەیە کات لەبەردەم پرسیاری جیدی ئێمە دەکوژن و بەدوای بێ مەعریفەیی خۆیان پەلکێشمان دەکەن، بەدیوێکی تر ئەگەر ئێمە هەوڵنەدەین ئەم دیدە بێ بنەمایانە نەخەینە ژێر پرسیارەوە، ئەوا ئاوی رەخنەی ئێمە چۆن رژا هەر وا بەردەوام دەبێ، ئەم بۆچوونە رەنگە هەندێ قورس بێت،بەلاٚم

ئەوەی وایلێکردم بەم جۆرە قسەبکەم، نەبوونی ململانێی فیکرییە لەئاست غافڵبوونی ئێمە لەمیتۆد و قوتابخانە رەخنەییەکان، کوان بونیادگەر و فۆرمالیست و تەفکیکییەکانی ئێمە، رۆڵی ئەم دیدە رەخنەیانە لە کوێی رەخنەی ئێمە و لەکام قۆناغدا ئامادەگیی هەبووە، ونبوونی پرسیاری جیدی لای ئێمە، وەڵامی جیدیشی لەگەڵ خۆی زیندەبەچاڵ کردووە، کەواتە بڵێین و نەڵێین لەبری پرسیارو ئاراستە و میتۆدی جیدی، بێدەنگی خۆی فەرزدەکات و ناعەقلانییەت دەبێتە بەدیلی عەقلانیەت.

**پ/ کوردستان راپۆرت: لەنێو رۆشنبیریی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێ کرووپ هەن، دەتوانین بڵێین گروپگەلی وەها بنەمای تەندروستیان بۆ درێژەدان بە کارەکانیان هەیە، بۆ ئەو گروپانە هەر دەمێ کەسێك دەکەن بە رۆشنبیریی گەورەی کورد یا شاعیری گەورەی کورد ؟**

تۆ بزانە ئەم پرسیارەی تۆ ریشەکەی لە کوێدایە، ئەمە بۆخۆی گرفتەکەیە، یەکێك لەهۆکارە ناجۆرەکانی کە ژیانی ئێمەی لەسەر بوونیادنراوە، گرفتی سەرهەڵدانی دیاردەی " پیرۆزیی " ە کە تەواوی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی کۆنترۆڵ کردووە، ئەو خەسڵەتە لەکەسماندا غایب نیە، هەموومان کاری لەسەر دەکەین و لەهەمان کاتدا هەمووومان دەزانین کارێکی بێزراوە پێویستە دەستبەرداریبین، لەژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا زۆرشت هەیە دزەی کردووەتە ناو کایەکانی ئەدەب و فیکریی ئێمەوە، بەشێك لەو تیۆرانەی کاری لەسەر دەکەین، دەرهاویشتەی ترادسیۆنی کۆمەلایەتییە کە نەمانتوانیوە دەسبەرداری بین، بۆیە ئەم حالەتە هێندەی لەبیرماندا کار دەکات، هێندەش لەژیانی رۆژانەمان لێی بێزارین.

تۆ پرسیارەکەت دوو ئاراستەی جیاوازی هەیە،ئاراستەیەکان باس لەو گرووپانە دەکەی کە رولی کاریگەریان لە بوونیادەگشتییەکان و بە گروپگەلی تەندروست ناویان دەبەی، دواتر بۆچونێك دەدەیتە پاڵیان کە رێك پێچەوانەی دیدەکەی خۆتە لەسەریان،واتە بمانەوەێ و نەمانەوێ ، مامەڵکردنی ئێمە لەگەڵ فیکرو ئەدەب و گرفتەکۆمەڵایەتییەکان ، مامەڵەیەکی ئیزدیواجییە، واتە نەبوونی گووتاری جیدی وایکردووە، مامەڵەکردنمان لەگەڵ دەوروبەر حاڵەتێکی ناجێگیر بگرێتەخۆ، ئەم حاڵەتە بۆخۆی ریشەیەکی قووڵیی مێژوویی هەیە کە ئێمە تەنانەت لەناو کایەی رۆشنبیریشدا نەمانتوانیوە دەستبەرداریبین، دەستەواژەی شاعیری گەورەو شتی تری لەو جۆرە، نیشانەی بوونی ئەو پەیکەرە زەبەلەحایە کە لە عەقڵ و خەیاڵ و ئیدراکی هەموو یەکی لەئێمەدا بوونی هەیە و بەزەحمەت دەتوانین بیخەینە دەرەوەی

خەیاڵدانمان، ئەم گرفتە بەرلەوەی لەناو کایەی ئەدەب و فیکری ئێمەدا جێگیربێت، بۆخۆی بەشێوەیەکی ڕێکخەر لەناو سستمی کۆمەڵایەتی ئێمەدا کاری کردووە، لێرەوە ئەدەبیش وەك بەشێك لەژیان و وێنەی ڕاستەقینەمان پڕدەبێت لەو وێنە موزەیفانە.

**پ/ کوردستان ڕاپۆرت : بۆ لەو بیست ساڵەی دوایدا ڕۆماننووسین و وەرگێڕان بەلێشاو لەنێو کولتووری کوردیدا سەرهەڵدەدەن ؟**

هەر کۆمەڵگەیەك ڕۆمانی نەبوو، ئەوە کۆمەڵگە نییە، ئەمە قسەی بیرمەندێکی گەورەیە !!، بەبڕوای هەمووان بوونی ڕۆمان یا نووسینی ڕۆمان بۆ ئێمە کارێکی زۆر جیدی و باشە، ناکرێ ئێمە نووسینی ڕۆمان بەکارێکی خراپ لەقەڵەم بدەین، لەهەموو دونیادا ئەم ئاڵووگۆڕە فیکرییە هەیە، بەڵام لەهەرقۆناغێك بەشێوەیەکی جیاوارز دەکەوێتەوە، بۆ نموونە " حسونە المساجی " دەڵێ " سوریالیەکان خراپیان کرد لەگەڵ ڕۆماندا کاتێك بەدژی شیعر لەقەڵەمیاندا " واتە هونەری ڕۆمان نووسین جۆرێکە لە گۆڕانکاریی فیکری و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕیگەچارەیەك بۆ گرفت و ئاریشەکان، ڕۆمان نووسین ڕۆشنبیرییەکی بەربڵاوتر و هوشیارییەکی قوڵتریی دەوێ، بۆیە ناکرێ نووسینی ڕۆمان بە گووناه بزانین، ئەوەی لەدوای ڕاپەڕینەوە روویدا، جۆرێکە لەو تەحەولە نەوعییەی کە دەبێ هەموو کۆمەڵگایەك پێیدا تێپەڕێ و بەدوای ئێستادا بگەڕێت، ئێمە پێش ڕاپەڕین ئێستای خۆمان ونکردبوو، ئێستای ئێمە تەنها لەسیاقی چیرۆك و شیعردا قەتیسکرابوو، بۆیە گەڕان بەدووی ڕۆمان ورۆمان نووسین بەبڕوای من دەرچوونە لەچوارچێوە کلاسیکییەی کە سالانێکە تووشی دۆگمای کردوین، ئەم پرسیارەی بەڕێزت ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە فەوزایەکی زۆر دونیای ڕۆشنبیریی ئێمەی پیاتێپەڕدەبێ، بەبڕوای من ڕۆمان نووسین خۆرزگارکردنە لەو فەزایە، ئەگەر بەجیدی بەراوردلەنێوان ڕۆمانەکانمان پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بکەین، دەبینین ئێستا ڕۆمانی ئێمە قسەی زۆرتری لەسەر دەکرێ و زیاتریش دەخوێنرێتەوە، هەر تەنها ئەو پرسیارەی تۆ لە ڕۆمان بۆخۆی مایەی ئاوڕدانەوەیە لەرۆمان،هەر ئەو پرسیارەی ئێستا لە ڕۆمانی دەکەی بۆ لەپێش ڕاپەڕین کەس ئەو پرسیارەی لە ڕۆمان ناکرد، کەواتە بڵێین و نەڵێین ئەم پرسیارکردنە لەرۆمان، پرسیارە لەعەقڵی کوردی، بەشێك لەو ئاڵوگۆڕانەش کە لەرۆماندا هەیە، ئەو پرسیارانەن کە ئێمە پێشتر نەمانوێراوە لەناو ماڵ و خێزان و کۆمەڵگادا بیانکەین، بەدرێژایی مێژوو ڕۆماننووسانی رووس و ئەمریکای لاتین و ئەڵمانیا، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەبەرەوپێشەوە چوونی کۆمەڵگاکانیان و خستنەڕووی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و

فیکریی و سیاسییەکانیان، ئەوانەی تووشی لێپێچینەوەبوون بەشێکی زۆریان ڕۆماننووسەکان بوون، کە واتە ئەگەر ئێمە ڕۆمانمان هەبێ ئەوە مانای ئەوەنیە ئێمە هەنگاوەکانمان بەرەو دواوەیە، بەپێچەوانەوە، هونەری ڕۆماننووسین تەرحکردنی فیکریی تازەیە، یاخود گێڕانەوەی برین و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە تا دووبارە نەبنەوە، بۆئەوەی خاوەن دونیابینی و فیکر بین دەبێ ڕۆمانمان هەبێ، بەڵام دەبێ ڕۆمانیش لە ڕۆمان جیابکرێتەوە، ئەویش لەجیاوازی شێوازی نووسین، ئیتر چ لەرووی فیکر و زمان و یادەوەری و ستاتیکا و تەکنیکەوە بێت یاخود مێژوو و ئەفسانە، لێرەدا ئەوەی دەمینێتەوە ڕۆمانە بەمانا فیکریی و فەنتازییەکەی.

بەشی دووەمی پرسیارەکەت باس لەهۆکاری وەرگێڕان دەکەی، ئێمە هیچ شتێکمان نیە لەگەڵ ئەدەب و فیکر و فەلسەفەی دونیا نزیکمانکاتەوە، جگە لەزمان، زمانی ئێمەش هەژارترین زمانی دونیایە، " بۆرخیس " دەڵێ " سەفەرێکیان گۆتێ شاعیری ئەڵمانی گوتبوی " من بەناشرینترین زمانی سەرزەوی دەنووسم " مەبەستە لەناشرینەکەی گۆتێ، هەژاریی زمانەوانیی بوو، واتە زمانی ئەڵمانی زمانێکی لۆکاڵیی بوو، لەخۆیانەوە بۆ خۆیان، وەك چۆن ئێمە ئێستا شیعر بۆخۆمان دەخوێنینەوە، ئەویش ئەوکاتە وابوو، بۆیە باشترین حاڵت بەدونیامان ئاشا بکات ئەوی دییە، ئێمە زۆرپێویستمان بە ئەوی دییە، لەم حاڵەتەدا پەنابردن بۆ وەرگێڕانی بابەتە فیکریی و فەلسەفی و ئەدەبیەکان بەتەواوی بەدونیامان ئاشنادەکەن، بەداخەوە ئێمەی کورد تەنانەت لەوەرگێڕانیش زۆر هەژارین، ئێمە لەسەدەی بیست و یەکدا دەژین نووسەر هەیە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە لەئەدەب، کەچی ئێمە تائەم چرکە ساتە بابەتێکمان بەکوردی بەرچاونەکەوتووە، بۆئەوەی هیچ نەبێ ئێمەش لەهەوڵی ئەوەدابین لەو گرفتەی " گۆتێ " خۆمان دەرباز بکەین لەم لۆکالیتەی زمان رزگارمان بێت،زەرورییە هەندێك لەو بابەتە ناوازانەمان بگۆڕێنە سەرزمانەکانی دونیا و لەو کرانەوی دونیایە ببین بە بەشێك لەو هاوکێشە فیکرییە، حاڵەتێکی دەی بۆ ئەوەی لەم لۆکالییە رزگارمان بێت بردنی کۆڕە ئەدبی و فیکریەکانمانە بۆ دەرەوەی وڵات حەقوایە بەس بێت ئیتر شیعربۆ خۆمان نەخوێنینەوە، با هەوڵبدەین شیعر بۆ خەڵکی دیش بخوێنینەوە.

**پ/ کوردستان راپۆرت: ئەفلاتون شاعیرانی لە کۆمارەکەی وەدەرنا، ئێستە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە خۆیان لە شیعر دوور دەگرن، تەنانەت کتێبفرۆشەکانیش گوتوبێژی بێشومار لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە دەکەن، بەڵام تا ئێستە گوتوبێژ لەگەڵ دەزگاو شاعیرەکاندا نەکراوە، تەنانەت شاعیرەکانیش خۆیان بێدەنگن**

**لەبەرانبەر پەراوێزکاریەکەدا، ئەو بایکۆتکردنە چیە ؟ ئەوە شیعر خۆیەتی بەهای نەماوە یاخود دەزگاکان بەهایان بۆ شیعر نەهێشتووەتەوە ؟**

بە بڕوای من چاپنەکردنی بەرهەمی شیعر لە دەزگارۆشنبیرییەکان هیچ پەیوەندی بە تەرحە فیکرییەکەی ئەفلاتوونەوە نییە، بەداخەوە هەندێك خەڵك بۆ ئەوەی برەو بەم حاڵەتەبدەن، ئەم دوو دیاردەیە بەیەکەوە گرێ دەدەن، مەسەلەی چاپنەکردنی بەرهەمی شیعریی بە داخەوە بۆ کرچوکاڵیی بەشێکی زۆری ئەو بەناو شیعرانەن کە بازڕیان بۆخۆیان گەرمکردووە و خۆیان نەبێ کەسی دیی نایانخوێنێتەوە، ئەمە مانای ئەوە نیە ئێمە شیعری باشمان نییە و شاعیری باشمان نییە، کێشەکە لەوەدایە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بەربڵاو شیعر بڵاودەکرێتەوە و کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکات، ئەمڕۆ دەیان و سەدان ڕۆژنامە و دەزگای بەناو ڕۆشنبیریمان هەیە، بەڕێوەبەر و سەرنووسەرەکانیان هیچ پەیوەندییان بە ئەدەبەوە نیە، بۆیە ئەوەی دێتەبەر دەستیان بەناوی ئەدەب و شیعرەوە بۆ فرۆشی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان بڵاویدەکەنەوە، بەشێکی ئەم گرفتەی کە بەشێکی شاعیران بوونەتە قوربانی، ئەو ڕەوتە سیاسی و فیکریانەی کە ئەمڕۆ ئێمەش وەك بەشێك لەئاڵوگۆڕەکانی دونیا لەدەرەوی هاوکێشەکەدانین، بۆیە هێندەی قسەلەسەر مەسەلەفیکریی و سیاسەیەکان دەکرێ هێندە گرنگی بەشیعر نادرێ، ڕاستە شیعریش بۆخۆی دونیایەکی تایبەتی هەیە، بەڵام هەمیشە دەرکەوتەسیاسیی و فیکریەکان خەیاڵ و ستاتیکای شیعریان کردووەتە قوربانی ئەو ڕەوشەنالەبارە، ئێمە ناتوانین لەشیعر دوور کەوینەوە،بەڵام دەتوانین لەسیاسەت دوورکەوینەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە سیاسەت هەمیشە ئێمەی لەخۆی دوورنەخستوە و هەمیشە ئێمەی لەناو دۆزەخی خۆیدا هاڕیوە و کردوونی بەقوربانی دیدگاکانی خۆی , لەبنەڕەتدا ئەوە سیاسەتە شیعر ڕەتدەکاتەوە، نەك کەسەکان، لەبەر ئەوەی ئەوە سیاسەتە تەحەکوم بەعەقڵییەتی ئەوان دەکات و لەئاست ستاتیکاو فیکر روحی نویبوونەوەمان دەکوژێ، ئەگەر ئێمە بەشێك بین لەشیعر ئەوا بە دڵنیاییەوە بەشێکین لەسیاسەت ، بەڵام هەمیشە سیاسەت بەشێك نیە لەئەدەب، بەڵکو ئەدەب بەشێکەلەقوربانی دەستی سیاسەت،بۆیە کاتێ شێعر پەراوێز دەخرێ ئەوە سیاسەتە خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەوە عەقڵی ئێمەیە چووەتەژێر ڕکێفی عەقڵییەتی سیاسیانەی سیاسییەکان و بوونەتە بەشێك لەبکوژەکانی شیعر و ستاتیکا و فیکر، ئەوانەی بەعەقلییەتی سیاسیانەمامەڵە لەگەڵ شیعر و فیکر دەکەن، ئەوانەن کە خۆیان بەدەستی سیاسەتەوە دەناڵێنن و تۆڵەی خۆیان لەشیعر و فیکر

دەکەنەوە، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان فیکر و ستاتیکا ویـران بکـەن و شیعرییەت بۆئاستی وێرانکردن بچووك بکەنەوە.

## گفتوگۆی گۆڤاری " بیری نوێ "

## سەبارەت بەچەمکی دەسەڵات و زەروورەتی بوونی سەدەڵات

لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا قسەی زۆر لەسەر دەسەڵات دەکرێت، هەندێك پێیان وایە دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسی سەرەکیە لە رووداوەسلبییەکان و هەموو ئەو نابەرابەریەی کە هەیە بێ وردبوونەوە لە شێوازەکانی دەسەڵاتداری.

هەندێکی تر بە پێچەوانەوە پاڵپشتی لەدەسەڵات دەکەن و پێیان وایە کە هەموو ئەو بارودۆخەی کە هەیە هەمووی ناکەوێتە ئەسۆی دەسەڵات.

بەمەبەستی خوێندنەوەیەکی ورد لەسەر چەمکی دەسەڵات و کایە و پێگەکان و رۆڵی لەبەڕێوەبردنی " دەوڵەت – هەرێم " دا، ئەم تەوەرە دەخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز.

**بیری نوێ : دەسەڵات چییە و چۆن لەچەمکی دەسەڵات وردبینەوە ؟**

وەڵام : ئەگەر بەوردی قسە لەسەر چەمکی دەسەڵات بەمانا بنەڕەتییەکەی بکەین، دەبێ بیرلەوەبکەینەوە، دەسەڵات لەدەرئەنجامی سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی وقۆناغی لەباری مێژووی خۆیەتی، بۆیە پێناسەی دەسەڵات چەندین رووی جیاوازی هەیە کە دەکرێ بەچەند شێوازیك باس لەدەسەڵات و پێگەی دەسەڵات لەسستمە جیاوازەکاندا بکەین؟.

" میشێل فۆکۆ " لەپێناسەی سستمی سیاسیدا دەسەڵات دەخاتە ژێرکاریگەریی چەندین تێڕوانین و سستمی سیاسییەوە، لەوانە هەڵگری سستمی دیموکراسیانە بۆ دابین کردنی رزگاریی بۆ تاك، سستمی ئاینی کە لەدەرئەنجامی دەسەڵاتی رۆحانییدا خۆی دەکاتە قوربانی لەپێناو کۆمەڵگەدا، هەڵگری فیکر وسستمی کۆنزرڤاتیڤانە کە دەسەڵاتی تۆتالیتاری لێدەکەوێتەوە، بۆچاودێری کردنی کۆمەڵگە لەپێناو مانەوەی خۆی وەك هێزێکی تۆقێنەر لەناوچەکەدا.

هەموو ئەم پێناسانە بۆ دەسەڵات دەمانبەنەوە بەردەم ئەوەی ئێمە بەپێی بارودۆخی سیاسی و کولتووریی کۆمەڵگە، پێناسەیەك بۆ دەسەڵات بکەین.

ئەگەر دەسەڵات بەتێگەیشتنە پۆزەتیڤەکەی بناسێنین، کە کۆمەڵگە تینووی ئەو شێوازە لەدەسەڵاتن، دەبێ دەسەڵات لەبارودۆخێکی گونجاو لەرێی هەڵبژاردن و ململانێی فیکریی و سیاسی نێوان هێزو لایەنە سیاسیەکان بێتە کایەوە کە کۆمەڵگە لەرێی هەڵبژاردنەوە بڕیاری لەسەر دەدات، ئەوەی دەسەڵات لەدۆخی نالەباری دەهێڵێتەوە، ئەو دیدە ناجێگیرەیە کە دەسەڵات تەنها لەسیاقی بەحیزبی کردنی تاکەکانی کۆمەڵگەوە مومارەسەی دەسەڵات دەکات، ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ چەمکی دەسەڵات بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانە بەدی دەکرێ کە راستەوخۆ کاریگەری خێڵ و عەشیرەت و ئاین بەشێوەیەکی گشتی باڵی بەسەریانەوە کێشاوە، لەم کاتەدا دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی ناتوانێت دیدی ناجۆری کۆمەڵگە بخاتە ژێر پرسیار و روئیای جیاوازەوە، خاڵی دووەم ئەوەیە دەسەڵات  کە روبەڕوی قۆناغی گواستنەوە لە سستمی تۆتالیتارییەوە بۆ دیموکراسی، رووبەڕوی هێزی سکولاریی و خاوەن فیکر و دیدگای تایبەت بۆ گۆڕنی سستمی سیاسی دەبێتەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هێزو لایەنانە جۆرێك لەپرسیار و کرانەوە لای کۆمەڵگە دروست دەکات کە دەسەڵاتە خێڵەکی و تۆتالیتارەکان قبوڵیان نییە مامەڵەیەکی دیموکراسیانەیان لەگەڵدا بکەن، لەبەر ئەوەی لەبنەڕەتدا ئەم جۆرە دەسەڵاتە بەویستی کۆمەڵگە نەهاتوەتە سەر حوکم، کۆمەڵگەی ئێمە لەچوارچێوەی ژیان و گوزەرانیدا هەڵگری کولتووری هەمەڕەنگە بەمانا زمانەوانیی و فیکریی و ئاینییەکەی.

لەکولتووره جیاوازەکانی رۆژئاوادا ئاین فاکتەرێکی گرنگە لەبەڕێوەبردنی سستمی سیاسیدا، بۆیە ئاین لەو کۆمەڵگایانەدا لەپەیوەندییەکی پتەودایە لەگەڵ سکولاریزم و شێوازێکە کار لەسەر رەتکردنەوەی دەمکوتکردنی هێزو گروپەکانی تردایە، ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی نێوان دەسەڵات و ئاین تەنها لەکۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا بەدی دەکرێ، ئەوەش ئاکامی رۆڵی ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، ئەرکی ئەو رێکخراوانە ئەوەیە کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگە بخاتەژێر پرسیارەوە، خاڵێکی سەرەکی سەرکەوتنی فیکر لەو جۆرە ولاتانەدا، رۆڵی ئاینە کە ئامادەگی دەداتە پرسیار سەبارەت بە تایبەتمەندی ئاین، بەڵام بەپێچەونەوە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئاین بووەتە کایەیەکی نەگۆڕ و نەگونجاو لەگەڵ ئاڵوگۆڕی فیکریی  سیاسی، بۆیە دەسەڵات لەکولتووری داخراوەدا، خۆی دەخزێنێتە نێو کایەو ژێر باری دەسەڵاتی ئاینەوە، تالەوێوە هەموو هێزەکانی دی رەتبکاتەوە بەتایبەتی ئەو هێزانەی کار لەسەر چەمکی رۆشنبیریی وەك کایەیەکی زیندووی

نێو کۆمەڵگە دەکەن، ئەم پێناسـەیە ئـەوەمان بـۆ دەردەخـات کە لـە واقیعــی سیاســی کوولتــوری ئێمــەدا ئــەو رێکخراوانــەی بــەناوی کۆمەڵگـەی مەدەنییــەوە دامــەزراون، جگــە لەشــێواندنی رۆحــی کۆمەڵگەی مەدەنی، هیچی تـرنین، بەداخـەوە واقیعـی سیاسـی ئێمـە هێنـدە کەوتووەتـە پـەراوێزکردنی رۆشـنبیران کـە ئەمـە ریشـەیەکی قــوڵی هەیــەو لەزۆربــەی کۆمەڵگــە عــەرەبی و ئیســلامیەکاندا بەئاشکرا پێادەدەکرێ.

رۆشنبیر و بیرمەنـدی گـەورەی لوبنـانی " عـەلی حـەرب " دەڵێ " چــی تــر رۆشــنبیر ئەوتوێــژە چــالاکە نییــە بتــوانێ کێشــە کۆمەڵایەتیـەکان چارەســەر بکـات "، بۆیـە دەســەڵات لەکۆمەڵگـەی ئێمە و کۆی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا سەرچـەوەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ دەســەڵات لەچوارچـێوەی پیرۆزیـی داب و نـەریتی کۆنخـواز کـە بەردەوام لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیـەکی تـر شـۆڕدەبێتەوە، سـەقافەتی گەورەیی بەمانا رۆژهەڵاتییەکەی واتـە " پیرۆزیـی " و توندوتیـژیی بــاوك لــەناوخێزان و گــوێ نــەگرتن لــە ئەنــدامانی خێــزان وەك پیــاوێکی خــاوەن دەســەڵات و خــاوەن مــاڵ و خــاوەن دەســەڵاتی دارایی،کە دەبێتە مایای بڕیاری تاکەکەسی لـەناو کایـەی دەسـەڵات و عــەقڵی تاکگـەرایی و رەتکردنــەوەی بـوونی عـەقڵێکی تـر لەسـەرو عەقڵ و ئیرادەی ئەوەو کە هەموو رەخنـە و داواکارییـەکانی خێـزان و کۆمەڵگــە لەچوارچــێوەی دەســەڵات کــە ئامــانج و تێــڕوانین و قازانجیان یەکە.

ئــەم شــێوازە لەبــەکار هێنــانی دەســەڵات جگــە لەرەتکردنــەوەی سستمێکی جـودا کـە ببێتـە مایـای کرانـەوەی کۆمەڵگـە، هەوڵـدەدەن لەچوارچــێوەی تێــڕوانینی ئــەتنی و مەزهەبیــدا کۆمەڵگــە بکــەن بەمێگەل.

" هاپرماز " دەڵێـت " بناغـەی دانـانی پایـەی نەتـەوەیی هاوچـەرخ لەسـەر بنـەمای کولتـووی ئـەتنی و خێڵکـی نـابێ، بـەڵکو کۆمـەڵێك پرنسیپی سیاسیە لەدەستووری دیموکراسیدا سەقامگیر دەبێت!! ".

**بیری نوێ : شێوازی وەرگرتنی دەسەڵات کامانەن ؟**

وەڵام : بـۆ قسـەکردن لەسـەر شـێوازەکانی دەسـەڵات دەبـێ لەئاست ئەم دەرکەوتە سیاسییەدا هەڵوێستەیەك بکەین ،چوون وەرگـرتنی دەسەڵات جۆری جیاوازی هەیە، لەوانـە کودەتـا، هەڵبـژاردن، یـاخود هەلوومــەرجی سیاســی قۆنــاغ، خــودی چــەمکی دەســەڵات بەگشــتی پەیوەســتە بــە هەلوومــەرجی قۆنــاغی سیاســی و ســەرزەمینی مێژوویی رووداوەکان، کێشەی هێزەکۆمەڵایەتییەکانەوە.

لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا لەسەر رۆشنایی قسەیەکی " میشێل فۆکۆ " دا ئاماژەم بەپێناسەی دەسەڵات کرد، کە دەکرێ دەسەڵات بەچەند دیویێکدا وەك قۆناغ و بەڕێوەبردنی سستمی سیاسی دیاری بکەین.

ئێمە ناتوانین لەقۆناغێك لەقۆناغەکان هەموو رۆژئاوا بەکولتوورێکی کراوە و مۆدێرن لەقەڵەم بدەین، لەکاتێکدا دەسەڵاتی کەنیسە لەشەڕێکی بەردەوامدابووە لە لەگەڵ هێزە عیلمانییەکان و رەنگدانەوەی نازیزم و فاشیزم بوو بەو سستمە سیاسیەی کەنیسەکانی ئەرسەدۆکس هەموو هێزە سکولارەکانی تەکفیر بکەن،بەهەمان شێوە ئێستاشی پێوەبێ لەرۆژهەڵات ئاین کراوە بەو سەرچاوە ئەخلاقییەی کە تێکڕای سستمە سیاسی و گروپە حیزبییەکانی تر بخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە و زۆرجاریش رەتیاندەکاتەوە، لەهەمان کاتدا لەفیکری ئیسلامدا دەیان فەیلەسوفی هیومانیستی دەرکەوتوون کە تیایاندا فیکری ئیسلامیان لەسکولاریزم نزیك کردووەتەوە و هەوڵدەدەن فیکری ئیسلامی لەو بێدەنگیی و بێ پرسیارکردنە رزگار بکەن، لەوانە " ئیبن خلدون " ئەلرازی " ئیبن روشد " و چەندینی تر بەڵام بەپێچەوانەوە هێزە بەناو عیلمانییەکان خۆیان خستووەتە نێو گێژاوێکی بێ سەروبنەوە، نەئیسلامین، نەعیلمانین و نە مارکسین، ئەو بەناو هیزە عیلمانی رادیکاڵانە نەك تەنها سەریان لەخۆیان شێواندووە، بگرە سەریان لەکۆمەڵگەش شێواندووە، سیاسەت کردنی ئەو جۆرە هێزانە،سیاسەتێکی دووفاقییە، لەناو خۆیان سکولارن، لەگەڵ تەیارە ئیسلامی و بەشێکی زۆری کۆمەڵگە پیاوی ماقوڵی مزگەوتوو یەکتاپەرستن، ئەمان لەبەر ئەوەی لەهیچ قۆناغێکی سیاسیدا نەیانتوانیوە خۆیان ساغ بکەنەوە، یاخود نەیانتوانیوە گۆڕانکاریی ریشەیی لەداب و نەریتی کۆنزرڤاتیڤانەی گۆمەڵگە بکەن، ناچار مامەڵە کردنیان لەگەڵ چەمك و زاراوە سیاسی و هەنووکەییەکانی قۆناغی مرۆڤایەتیدا مامەڵەکردنێکی دووفاقیانە بووە، بۆیە دەبینی خۆیان خستووەتە ژێرباری پەروەردە و فیکر و کوولتووری ئیسلامەوە، ئەوەش تەنها بۆ رازی کردنی هێزی زۆرینە کە هێزی ئیسلامە، ئەم جۆرە لەبەکارهێنانی دەسەڵات جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ مانەوەی خۆیان، هەوڵێکە بۆ دەمکووتکردنی رۆشنبیر و ئاڵۆزکردنی باری فیکریی قۆناغ و سستمی سیاسی لەبەرانبەر ئاڵوگۆڕە فیکرییەکان و شێواندنی پێگەی رۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا، بۆیە ئەرکی رۆشنبیر لە هەموو کاتەدا ئەوەیە راستییەکان بخاتەڕوو، هەوڵی ئەوەش بدات کۆمەڵگە لەو ناجۆرییەی بەکارهێنایینان وەك مێگەل ئاگادار بکاتەوە، تاکوو دەسەڵات جارێکی دی چەمکی دەسەڵات بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و بێ هێزکردنی تواناکانی کۆمەڵگە بەکارنەهێنی و کۆمەڵگە لەو قەیرانی بێدەنگییە نەهێڵتەوە کە دەرئەنجام ئاڵوگۆڕی

دەسەڵات لەچوارچێوەکی تەسکی خێڵەکیدا بهێڵێتەوە و لەسیفەتە پیرۆزییەی کە بەناویی بیریی نەتەوەییەوە چەمکی نەتەوەیی ئیفلیج و گوومانـاوی کردەوە، بخاتە دۆخێکی لەبار، کەبەداخەوە خودی هەڵگەرانی ئەم فۆرمە نەخوازراوە بەزۆری دەرهاویشتەی کولتووری باوکسالاریی خودی خێزانن کە ئاکامەکەی شۆڕبوونەوەیە بۆ شەقام و کۆمەڵگە و دەسەڵات.

ئەرکی رۆشنبیر لەم کاتەدا ئەوەیە گرنگی بداتە رۆڵی ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تا بتوانێ گۆڕانکاریی ریشەیی لەپێگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری بکات و دۆخی نالەباری کۆمەڵگە بخاتە ژێر پرسیاری هەلایەنە و سستماتیکییەوە، واتە قبوڵکردنی بیری جیاواز و کوشتنی رۆحی تۆڵە و کەمکردنەوەی توندوتیژیی لەنێوان رەگەزەکاندا، ئەم دەرئەنجامە دەکرێ دەرگا و پەنجەرەنی دیموکراسیمان بۆ بداتە سەرپشت تاکوو کۆمەڵگە خۆی خاوەنی بڕیاری سەرەکی بێت لەوەی چۆن دەسەڵات ببێت بەهێزێك بۆ گشتی بێت نەك بۆ مەرامی حیزب و پەراوێزخستنی کۆمەڵگە.

ئەمانە چەند نموونەیەکی سستمی سیاسی دسەڵاتن کە کاریگەریی قۆناغی سیاسی و سستمی کۆمەڵایەتی و رووداوەکانی ناوچەکان لە هەموو وڵاتانی دونیا بەشێوەیەك لەشێوەکان دەسەڵات ماناو بوونی خۆی لە چەمکی " دەسەڵات " دا بەرجەستەدەکات.

**بیری نوێ: پەیوەندی سستمە سیاسییەکان بە دەسەڵاتەوە چیە؟**

وەڵام : هەموو سستمێکی سیاسی لەهەلوومەرجێکی سیاسی کۆمەڵایەتی گونجاودا سەرهەڵدادات، مەرج نییە ئەو هەلوومەرجە لەخزمەتی کۆمەڵگەدا بێت، هەندێ جار سستمی سیاسی بەهەموو کێشەی و ململاکانییەوە بەتێگەیشتنی کۆمەڵگە بۆ ئەم شێوازە سستمە یەکلاییدەکاتەوە، ئەویش چۆنێتی کارکردنە لەناو کایەجیاوازەکانی کوولتوور و رووداوە مێژووەکان و چەمکی دەسەڵات، وەك دەسەڵاتێکی خوازراو هەرچی کێشەو بەربەست هەیە کە دێنە بەردەم جۆری دەسەڵات بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی داخراودا، مەسەلەی بوونی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و قۆرخ کردنی داموودەزگانی دەوڵەتە بۆ توێژێکی دیاریکراو کە دەسەڵات مەبەستێتی خەڵك لەو رێیەوە خزمەت بکات کە ستایشی کارەکانی دەسەڵات دەکەن، واتە بەمێگەل کردنی کۆمەڵگە، یەکێك لەو کارە ناهەموارانەی کە دەسەڵات لەسستمی دیموکراسیدا رێگری لێدەکات، ئەوەیە کاتێ رۆشنبیران بانگەشەی سکولاریزم دەکەن، لەم کاتەدا دەسەڵات لەهەوڵی شێواندنی سکولاریزمدا دەبێت، بەوەی دژایەتی ئاین دەکات، لەکاتێکدا ئەوان خۆیان لەرواڵەتدا سکولارن بەڵام بەجەوهەر دەسەڵاتی خێڵەکین، ئەم جۆرە دەسەڵاتە نەدەتوانێ

سکولار بێت و نەدەتوانێ دەسەڵاتێکی ئاینی بێت، لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە دەسەڵاتە هیچ پەیوەندییەکی نە بە سکولارەوە هەیە، نەپەیوەندی بەئاینەوە هەیە، تۆ ناتوانی لەسستمی سکولاریزمدا بەر بەسستمی سیاسی و ئاینی تر بگری ولەهەمان کاتدا خۆت وەك هێزێکی عیلمانی نیشان بدەیت، کەچی لەزۆربەی سستمەسیاسیەکانی رۆژهەڵاتدا ئاین خۆی دەخزێنێتە نێو کۆی سستمە سیاسییەکانی کۆمەڵگە و هەوڵدەدات خۆی بخزێنێتە نێو هەناوی کۆمەڵگەو کولتوورە جیاوازەکانەوە، بەپێچەوانەوە هەموو ئەو حیزبە دەسەڵاتانەی بەناو عیلمانییەت و دیموکراسییەوەبەناوی دیموکراسییەوە قسەدەکەن، کەچی خۆیان لەبنەڕەتدا هەڵگری کولتووری توندوتیژین و نەیانتوانیوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەل سستمی سیاسیدا بەرجەستە بکەن، کاری دەسەڵات کاتێ دەبێتە دەسەڵاتێکی سستماتیکی کە خودی دەسەڵات کار لەسەر میتۆدی فیکری سستم بکات و هەمیشە ئاڵوگۆڕە سیاسی و فیکرییەکان هوشیاری بکاتەوە، بۆیە دەبینی زۆربەی دەسەڵاتەکان لەدونیای رۆژهەڵاتدا دەرئەنجام دەبێ بەکاری توندوتیژی کۆتایی پێبێت و دەسەڵات بکەوێتە ژێر رکێفی هێزێکی تری تۆقێنەر.

**بیری نوێ : بڕیاری سیاسی چۆن دروست دەبێت و پێویستە کێ و چۆن دەسەڵات دروست بێت ؟**

وەڵام : بڕیاری سیاسی لە ئاکامی بارودۆخێکی مێژوویی ناهەموار و نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ململانێی نەتەوەی و چینایەتی قۆناغ و کاردانەوەی ناسەقلمگیریی سیاسی لەنێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات.

ئەگەر مێژووی بڕیاری سیاسی لە کوردستاندا بەنموونە وەربگرین، دەبێ کار لەسەر گووتاری رۆشنبیریی کوردی بکەین کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کۆمەڵێك شاعیر و نووسەر لەناو رەوتی رۆشنبیریی نەتەوەی کوردیدا بەتووندی رەخنەیان ئاراستەی دەسەڵات و کۆمەڵگە کرد، نموونەیان " ئەحمەد موختارجاف، زێوەر بێکەس، قانیع، پیرەمێرد، جەمیل سائیب بوون " کە توانییان گوتارێکی مژدە بەخش بەچەمکی سیاسی و رۆشنبیریی کوردی بدەن، دوابەدوای ئەوان قۆناغی بە سیاسیکردنی چەمکی رۆشنبیریی لەلایەن کۆمەڵێك نووسەری سیاسی قۆناغی دوای ئەوان رەوشەکەیان وروژاندو هەوڵیاندا ئەدەب و چەمکی رۆشنبیریی لەنێوکایەی سیاسیدا یەکبخەن و حیزبی سیاسی دروست بکەن و سستمی سیاسی جێ بە ئەدەب لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا چۆڵ بکەن، نموونەیان " ئیبراهیم ئەحمەد، رەفیق


www.dengekan.com
8/7/2012

حیلمی " بوون، ئەم گووتـار و تێڕوانینـە، بیرێکـی سیاسـی لای کـۆی نەتـــەوەی کـــورد دروســـت کـــرد و گووتـــاری ئـــەدەبی ئێمـــەی بەئاراسـتەیەکی دیـدا بـرد، پاشـان لـەناو خـودی حیزبـی کوردیـدا گووتـــاری چـــینایەتیش ســـەری هەڵـــدا ئیـــدی ئـــەو گووتـــارە ناسیونالیسـتەی خستەژێر پرسـیارەوە، ئـەم گووتـارە حەماسـیەی ئـــەدەبی کـــوردی تاســـاڵەکانی حـــەفتای کێشـــە، کـــە دەســـەڵاتە کۆنزەرڤاتیفـــەکانی ناوچـــەکە هـــەوڵییان دەدا بـــرەوی پێبـــدەن، ناجێگیری ئەم گووتارە لەوەدابوو ئەدەبی کوردی فریـای ئاوڕدانـەوە لـە گووتـاری فیکـری نەداتـەوە و هـەموو بـیری ئێمـەی خزانـە نێـو مەسـەلە سیاسـیەکانەوە کـە ئـەم حاڵەتـە بەتایبـەتی بەشکسـتی رەخنـــەی کـــوردی کەوتـــەوە، نـــەبوونی رەخنـــە، واتـــە نـــەبوونی رەخنەیە لەهـەموو بوارەکـانی ژیـانی کۆمەڵگـەی کوردی بەتایبـەتی لـەناو کایەسیاسـی وفیکریـی و ئایدیۆلۆجییەکانـدا، بۆیـە لەهـەر بزوتنەوەیـەکی سیاسـیدا ئـەدەبیش بەناچـاری دەخزێتـە هـەناوی سیاسەتەوە و دەبێتە پاشـکۆی سیاسـەت و زۆرجـار ئـەم پەیوەندییـە لەنێوان سیاسەت و رۆشنبیریدا گرژیی و ئاڵۆزییـەك دروسـت دەكـات کە ئەویش لەدەرئـەنجامی دیـدی جیـاوازی رۆشـنبیریی سـەربەخۆ و رۆشنبیریی حیزبی سەر بەدەسەڵات سەرهەڵدەدات.

**بیری نوێ : کام دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستانی گونجاوە ؟**

وەڵام : بەبڕوای من لە رۆژهەڵاتی ناویندا دەسەڵاتێك نییە بتوانێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافی بەهاوڵاتیبوون بەمانا رۆژئاواییەکەی بۆ کۆمەڵگە فەراهەم بکات،تاکوو تۆ بتوانی هەروا بەئاسانی دەسەڵاتێك دیاری بکەیت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستانی گونجاوبێت.

لەیەکێ لەپرسیارەکانی پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە سستمی سیاسی لەهەندێ لە ولاتانی ووژئاوادا تا ئێستاش حیزبە ئاینی و سکولارەکان بە زمانی مۆدێرن قسەدەکەن، بەڵام بەپێچەوانەوەحیزبە سکولارەکانی خۆمان تائێستاش ناتوانن لەئاست چەمکی سکولاریزمدا خۆیان ساغ بکەنەوە، بۆیە تۆ وەك نەتەوەیەکی بێ نیشتمان بەمانا ئینتیماییەکەی و نیشتمان پەروەرییەکەی تاکوو ئێستا لەسستمێکی دیاریکراودا خۆت بەرجەستە نەکردووە کە بتوانی ئەوشێوازە گوونجاوەی دەسەڵاتە بکەیتە دەسەڵاتێکی فریادڕەس.

کۆمەڵگەی کوردی وخودی رۆشنبیریی کورد دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن کێشە و گرفتەکانی شکستی شارستانی لەم وڵاتانەی ئێمەدا رەچاو بکەین، ئایا ئەم شکستە شکستی خودی دیموکراسییە یا خود ناجۆری مامەڵەکردنی کۆمەڵگەی ئێمەیە بەرانبەر تێنەگەیشتن لەدیموکراسی، رژێمی سیاسی ئێمە چۆن بتوانێ خۆی لەقەیرانی دۆگمایی عەقلییەتی خێڵەکی و رەتکردنەوەی ئەوی دی رزگار بکات، هەموو دەزانین قەیرانی دیموکراسی لەسەرەتاکانی سەدەی بیست چەند بەخاوی هەنگاوی دەنا، هەندێ جاریش پاشەکشەی دەکرد، ئەم پاشەکشەیە زۆرجار سستمە تۆتالیتارەکانی سەرسەختردەکرد هەستیان بەمانەوەی سێبەری خۆیان دەکرد و جارێکی تر شکستیان بەدیموکراسی دەهێنا، ئەوەی گرنگە لەم کاتەدا ئەوەیە قۆناغی ئێستای دونیا و سیاسەتکردن و ململانێی فیکری جۆرێکی تری گرتۆتەخۆ، ئەویش ململانێ لەدەرەوەی بەربەرییەت و یەکترقڕکردنە، ئەرکی رۆشنبیر لەم هەلوومەرجەدا ئەوەیە دوای ئەو شکستیانە، سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی و دەمارگیریی رەت بکاتەوە و بوار نەدات دەسەڵات لەبری خەڵك بڕیاربدات و بیربکاتەوە، هەر کاتێك بوار بۆ دەسەڵات رەخسا لەبری کۆمەڵگە بیر بکاتەوە، ئەوە بەر لەهەر شتێك دەسەڵات لەهەوڵی ئەوەدا دەبێ بیریی پێداگری لەسەر مانەوەی خۆی وەك هێزێکی نەتەوەیی یا خاوەن دێکی ئایدیۆلۆجی داکۆکیکەر لەکۆمەڵگە نیشان بدات، کە لەبنەڕەتدا ئەوەیەگەمەیەکی سیاسی ئالۆزە لەپێناو کوشتنی رۆحی بیرکردنەوە لای کۆمەڵگە، لەم کاتەدا دەسەڵات هەموو کایەی

رۆشنبیریی ئێمە تومەتباردەکات، بەوەی رۆشنبیر لەم کاتەدا دەیەوێ رۆحی نەتەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا کاڵبکاتەوە،لەم کاتەدا ئەوەی رۆشنبیر بیریی لێدەکاتەوە سستمێکە بتوانێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ تەواوی پێکهاتەکان فەراهەم بکات، ئەویش خۆی سستمی دیموکراسییە، بەڵام دیموکراسی نەك بەو مانایەی وەك چۆن ئێمە لەفەلسەفەی مارکسیزم تێنەگەیشتبووین و رێکخراوی مارکسستیمان هەبوو، دۆخی ئەم وڵاتەی ئێمە زۆر نالەبارە، وڵاتێکی فرە ئەتنی وداخراو +توندوتیژ لەمامەڵەکردن لەگەڵ یەکدی + قبوڵنەکردنی ئەوی دی، ئەم دۆخە لەگەڵ هاتنی ئەمریکا و رووخانی سەدام، چەند کاریگەری ئیجابی هەبوو، دوو هێندەش دۆخێکی نالەبار سەری هەڵدا، لەوانە شەڕی یەکتر قڕکردن لەناو گرووپەشیعی و سوونییەکان، کەدەرئەنجام عێراق بوو بەگۆڕەپانی تەسفیەکردنی حیساباتی نێوان هێزە شۆڤێنی و ناسیونالیستەکانی ناوچەکە، لەم دۆخەدا کاتیٚ لەبەغداد ئیدیعای دیموکراسییەت ئەکەی، ناکرێ لەم بەشەئازادەی کوردستان دیموکراسییەت بکرێتە قوربانی مانەوەی دەسەڵات و حیزب تەنها لەگۆشەنیگای خۆیەوە لەدیموکراسییەت بگات،لەم کاتەدا باشترین سستم بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان دیموکراسییە، کەدەبێ دەسەڵات خۆی رێگە بۆ هێز و لایەنە دیموکراسیەکان و رۆشنبیران خۆش بکات تا دیموکراسیانە مامەڵە لەگەڵ رەوشی ئێستای کوردستان بکرێت، ئەگەر نا، ئەو دیموکراسییەی ئەوان باسی لێوە دەکەن بەزەرەر لەسەر خۆشیان دەکەوێتەوە و کوردستانیش دەکەوێت ژێر کاریگەری ئەو " بۆن " ەی کە لەناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هەڵیکردووە.

**بیری نوێ : ئەگەر دیموکراسییەت وەك نموونەیەکی باو و شێوازێکی لەبار بۆ پیادەکرنی دەسەڵات وەبگرین، ئایا ئەم چەمکە دەتوانێ چارەسەری هەموو گرفتەکان بکات ؟**

وەڵام : بەجیاوازی تێگەیشتنی هەموو گروپ و ئیتنیکە جیاواز و ناسیونالیستە دەمارگیرو ئیسلامییە توندڕەوەکان، سستمی دیموکراسی دەبێ سستمێك بێ بتوانێ کۆی کۆمەڵگە لەچوارچێوەی کایەی سیاسی و دەستووری خۆیدا کۆبکاتەوە و تەواوی پێکهاتەکان لەسیاقی بابەتیانەی تێگەیشتن لەدیموکراسییەت مامەڵە بکات وسوود لەتوانا ئەکتیڤەکان بکات و رۆڵی دیموکراسیانەیان رەچاو بکات، ئەوەی دەکرێ ئێمە قسەی لەسەر بکەین، ئەگەر دیموکراسی وەك نموونەیەکی گوونجاو وەربگرین، دەبێ ئەوەش رەچاوبکەین کە کۆمەڵگەی کورستانی کۆمەڵگەیەکی فرە کولتوورە، لەناو خودی ئەم هێزانە دەیان دیدی ناسیونالیستی و دەمارگیریی دژ بەپرۆسەی دیموکراسی لەهەوڵی ئەوەدان هێندەی تر کۆمەڵگە بەرەو گرژیی و

ئالۆزی ببن، بۆیە بەر لەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە دیموکراسیەت سستمێکی گونجاوە، دەبێ هەوڵ بۆ کرانەوەی کۆمەڵگە بدەین کە تەواوی کولتوور و داب و نەریتی کۆنزرڤاتیفانە باڵی بەسەردا کێشاون، تایبەتمەندی ئەم نەریتخوازییە ریشەیەکی قووڵی هەیە، بۆیە ئەستەمە دەسەڵات بتوانێ بەشێوەیەکی عادیلانە موومارەسەی دیموکراسی بکات، سەرکەوتووی سستمی دیموکراسی لەوەدایە رێز لەئاین و مەزهەب و ئیتنیکەکان بگریت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی فەراهەم بکات، گرفتی گەورە لەبەردەم دیموکراسی، نەبوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ونەبوونی عەقڵی شارستانی لەبەرێوەبردنی دەوڵەت و قبوڵنکردنی بیروبۆچوونی جیاوازە، ئەگەر لەناوخودی دیموکراسیدا هێزی زەبەلاح و پاوەن خواز بەناوی دیموکراسیەوە یاخود بەناوی بیریی نەتەوەییەوە دەسەڵات و داموودەزگاکانی وڵات ئیحتیکار بکات و بیری جیاواز قبوڵ نەکات، بەوەی ئێمە لەژێر کاریگەریی هەڕەشەی گەورەداین، ئەمە جۆرێکە لەو گەمە سیاسییەی کە دەسەڵات بەدرێژایی مێژوو هەر جارەو مەهانەیەك لە دژی دیموکراسییەت دەهێنێتەوە، بۆ نموونە لەسستمی دیموکراسیدا مومکین نییە بیریی ناسیونالیستی مۆرانە ئاسا لەهەناوی دیموکراسییەتدا گەرا بکات، کاتێ قسەت لەسەر سستمی دیموکراسی کرد، ئەوە دەبێ دیموکراسییەت بۆ هەمووان بێت، کاتێك هەستت کرد خاکت داگیرکراوە، ئەوە ناکرێ تۆ لەگەڵ داگیرکەران موومارەسەی دیموکراسی بکەیت و موجامەلەیان بکەیت بەوەی کە تۆ دیموکراسیت، ئەوانەی بەو جۆرە بیردەکەنەوە جگە لەخۆ بەکەم زانین هیچی ترناخەنە سەر دیموکراسی، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هێندەی تر کۆمەڵگە بە ئاقارێکی نادیار و تاریکدا دەبەن.

دیداری رۆژنامەی کوردستان راپۆرت

سەبارەت  بە رۆڵی رەخنەی ئەدەبی کوردی

سازدانی رابەر فاریق

**پ : کوردستان راپۆرت : رەخنەچیە ؟**

وەلام : بۆ ئەوەی لەئاسایی کردنەوەی پرسیاری " رەخنەچیە " بگەین،  دەبێ سەرەتا پرسیاری ئەوە بکەین رەخنەگر کێیە ؟ و تێگەیشتنمان بۆ جۆری رەخنە و دیدە جیاوازەکانی رەخنە چیە! و ئاماژەکان چین دەمانبەنەوە بەردەم جۆر و جیاوازی رەخنە

لەدونیای ئەدەب و سیاسەت، دیارە بەرێزت مەبەستت لە دیدی رەخنەی ئەدەبییە.

سەرەتا رەخنەگر ئەو کەسەیە کەبە دیدێکی رەخنەگرانەلە واقیع دەڕوانێ، واتە،تا جولەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هەبن، رەخنە دیدێکی ئامادەیە لەو دونیا بەرفراوانەدا، بۆیە ئێمە ناتوانین لەبەردەم پرسیارێکی لەو جۆرە مجرەد لە ئاماژە و دیدی جیاواز، یەك جۆر تێڕوانینمان بۆ چەمکی رەخنە هەبێت، ئەوجار ئەگەر رەخنە هەڵگری جۆرێك لە فاکت و میتۆد و مەعریفە نەبێت، ناتوانی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە لە خۆ بگرێ کە ئاماژەم پێدا، دەبێ بڵێین دیدی رەخنە لە ئەدەبدا دیدێکی ئینسانیانەی هەیە، وکار لەسەر مانا شاراوە ودونیا جیاوازەکانی دەق دەکات کە زۆر گرنگە رەخنەگر ئەو مەرجانە لەدەقی رەخنەکەیدا هەبێت، بەوەی رەخنەگر کار لەسەردونیابینی دەق دەکات کە فەزایەکی مەعریفی فەلسەفی تیا بخاتەڕوو، ئەم فەزاگەلە رەنگە لەهەندێ دەقدا بەئاسانی نەتوانری تەئویلی بکەیت یان پەی پێبەری، گرنگی رەخنە لەوەدایە ئەو کۆدە شاراوانە کەشف بکات و دونیایەکی جیاواز و دیدێکی جیاوازی بۆ دونیا هەبێ کە لەتایبەتمەندی واقیع دوربخرێتەوە و شوین و زەمانێکی سیحریی تیا دروست بکات کە هەندێ جار خودی دەق پەی پێنەبردووە و نووسەریش بیری لێنەکردووەتەوە، نەك لەسەر دیدی نووسەر، بۆ ئەوەی لەم حاڵەتە بگەین، دەبی بڵێین، لەدونیای ئەدەبیاتی کوردیدا تا کۆتایی سەدەی بیستەم رەخنەی کوردی کاری لەسەر جۆری بیرکردنەوەی نووسەر دەکرد کە ئەمەیان هێندەی ئاماژەیە بۆ جۆری بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیانە و تاکەکەسی، هێندە کاری لەسەر ناوەڕۆك و دونیابینی دەق نەکردووە.

بەلام ئەمڕۆ دوای ئەوەی ئەدەبی کوردی و خودی رەخنە لەسیاقی بابەتیانە و دونیابینی دەق دەکات، وەك ئەوەی دەقی کوردی لە چ ئاستێکی جیاواز بەمیتۆد و تێڕوانینی دونیادا بێت، کە ئەمەیان دونیایەك بۆچوونی فیکری جیاواز لەجۆری بیرکردنەوە دەخاتەڕوو، دواجار رەخنە چیە ؟! یان کاری چیە، ئەو کار لەسەر جیاوازی دەنگ و جۆری دونیابینی دەق دەکات و لەناو خودی دونیای دەقدا، دونیایەك بۆ قسەکردن بەجێ دەهێڵێ کە رەخنە جارێکی دی قسەی خۆی هەبێ، ئەمە جگە لەوەی رەخنە کار لەسەر میتۆدی رەخنەگرانەی خۆی دەکات کە تیشك دەخاتە سەر جیاوازی فیکر و کیشە ناجۆرەکانی دونیای بیرکردنەوە و حاڵەتە نێگەتیڤەکانی دەق کە ئەرکی ئینسانیانەو فیکری خۆی لەدەست داوە.

رەخنەدەتوانێ تێڕوانینێکی سایکۆلۆجیانەی بۆ دەق هەبێت، بەلام ئاخۆ ئەم جۆرە رەخنانە چ خزمەتێك بە دەق و خودی رەخنە دەگەیەنن ؟، ئەوەی مەبەستە بیڵێن ئەمەیە، رەخنە کار لەسەر

ماناو دەلالەتەکانی دەق دەکات کە لەرێگای زمان و خەیاڵ و بوونیادی عەقڵییەوە کاری لەسەر کراوە، بۆ ئەوەی واقیعیانە لەدەق نەڕوانین و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی گشتی واقیع پەراوێز نەخەین، دەڵێین ناکرێ دەق هەڵگری تێڕولنینێکی سەرتاپاگیری واقیعیانە بێت و لەهەمان کاتیشدا دەق ناتوانی بەگشتی پشت لەواقیع بکات، چونکە خودی دەق بەپێوەرەکانی رابوردوو ئاماژە بە نووسین دەدات، بەوەی زمان و خەیاڵ هەرچەندە دەربڕی دونیابینی تازەن، بەڵام خەیاڵ و مەعریفەی زمان و عەقڵ بەشێوەیەك لەشێوەکان لەناو خودی رابوردوودا بیردەکەنەوە و دەنووسن، ئەمە وادەکات هەم بۆچونی تازە و هەم لەناو خودی واقیعدا کاربکەن، ئیدی رەخنە کار ئەوەیە ئەو موفارەقە پێکهاتەیە هەست پێبکات و جیاوازیەکان بخاتەڕوو، ئەگەر قسە لەسەر ئەوەش بکەین کە رەخنە بەچ میتۆدێك کاردەکات و لەسیاقی ئاماژەکانیدا چ ئیزافەیەکی پێیە، دەبێ بڵێین رەخنە هەڵگری رەهەندێکی مەعریفی و ئاماژەییە کە دەرئەنجامی ونبوونی فاکتەکان و هاتنە ناوەوەی دیدی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ناجۆرەوە کە دەق بەرەو تێڕوانینی ناجۆر و جیاواز لەئەرکی ئەدەب و مرۆڤدۆستانە دەبات و ئاماژەکانی رەخنەش ئەو فەزا ونبووەی دەق دەخاتەڕوو کە لەئاکامدا رەخنە، رۆشنبیرییەکی رەخنەییە.

**کوردستان راپۆرت : ئێمە بۆ ئەوەی لە دوو چەمکی لەسەر نەنووسراوی وەکو " رەخنە " و " راڤە " تێبگەین، بەتێڕوانینی تۆ پێویستە داوای کۆمەك لەچی بکەین تاکوو هەم ببین بە خاوەنی رەخنەیەکی فرەرەهەند و فرە میتۆد و گشتگیر و تێکاریی باڵا، هەم راڤەکانیش لەو سنوورە قەتیسماوە رابپچڕین بۆ نێو فەزاگەلێکی تر ؟**

وەڵام : دەبێ لێرەوە قسە لەو پرسیارەی بەڕێزت بکەین، ئایا دەقی رەخنە چ ئاماژەیەکی لەپشتەوەیە، یاخود چۆن جیاوازی لەنێوان ئەو دوو شێوە نووسینە دەکەین، یاخود کامیان خزمەت بە ئەدەبیاتی کوردی دەکەن ؟پێشتر لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم لە جیاوازی زمان و تێگەیشتن لە رەخنە لە دوو قۆناغی جیاوازدا کرد،بەوەی رەخنەی کوردی لە قۆناغێکدا هێندەی قسەی لەسەر نووسەر بوو، بە حوکمی ئەوەی خاوەن ئەو روئیا و تێڕوانینەیە، هێندەی بەلای دەقدا نە دەڕۆیشت، بەڵام دەقی رەخنەیی ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە زۆر گرنگی بە روئیای کارەکتەرە جیاوازەکان کە دەق لەڕێگەی جیاوازی دید و سایکۆلۆژییەت و تێڕوانینە جیاوازەکان دروستی دەکات، کە ئەمەیان رۆڵێکی گرنگی دەبێت بۆ دیدە جیاوازەکان و کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی دونیابینی و فرە

رەهەندی کارەکتەر و بەرەوپێشەوە چوونی ئەدەب لە دونیای رۆشنبیریی ئێمەدا کە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆرۆشنبیری دروست دەکات.

ئەوەی دەکرێ ئەمرۆ قسەی لەسەر بکەین، زمان و جیاوازی رەخنە و جۆری ڕاڤەکردنی دەقە، کە ئەمەشیان بەگرنگییەکی بەرچاو خزمەت بە دەق و ئەدەب بەگشتی دەکات، بەڵام هەندێك لەو ڕاڤەکردنانە جۆراوجۆرن کە دەکرێ بڵێین هەندێکیان پەیوەندیان بەڕاڤەکردنی ئەدەبییەوە نییە، هێنیدەی وەك حاڵەتێکی سایکۆلۆجی و دیدی سیاسی ئاماژەیان پێدراوە، زۆرجار لەوتاری سیاسی ناتوانن خۆیان رزگاربکەن و زمانیان دەبێتە زمانی سیاسیەکان، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم جۆرە ڕاڤەکردنانە جۆرێکن لەفەراغی رەخنە بەمانا زانستی و فیکرییەکەی کە دونیایەك قسەی جیدی لەسەر جیدیەتی رەخنە بەدوای خۆیدا دێنێت، هەر ئەم جۆرە شێوازی ڕاڤەکردنانە ئەو دیوە ناجۆرەنە لای خوێنەری ئێمە دروست دەکات کە رەخنەی جیدی بەمانا مەنتیقییەکەی لە واقیعی رەخنەی ئێمەدا ونە، دیارە لەپاڵ ئەم جۆرە ڕاڤەکردنانەوە کێشەیەکی ترمان هەیە، ئەویش رۆڵی موجامەلەکردنە لەدونیای رەخنەی ئێمەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و دیدی خوێنەری جیدی ئێمەی لەبەرانبەر رەخنە ناشرین کردووە، بۆیە هەندێ لەو بەناو رەخنەگرانە بەمەنتیقی خۆ دەربازکردن لە نیگەرانی و زوێری نووسەر و تێگەیشتنی ناجۆر لەرەخنە و دواتریش شەرمکردن و تەفسیری ناجۆر کەباڵی بەسەر عەقلییەتی بەشێك لەنووسەران و رەخنەگرانی ئێمەدا گرتووە، لەبری رەخنەی جیدی پەنا بۆ ئەم شێوازە نووسینە دەبەن کە لە بنەڕەتدا کاریگەری زۆر خراپی بەسەر ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیکوردی بەتایبەتی هەیە، کە دەڵێم رەخنەی جیدی لەم رووەوە کە بەشێوەیەکی مەعریفی لەناوەرۆکی دەق دەدوێ، بۆیە هەندێجار ئەم مامەڵەکردنە لەبەر حاڵەتی لاوەکی و پەیوەندی کەسێتی دروست دەبێت، ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکرێت شتێك نییە لەنێوەندی ئەدەبی و خودی رەخنەدا ناوی داکۆکیکردن بێت ئەوەی هەیە بۆ ئەوەی ئەم کایەیە بە داڕشتنێکی بابەتیانە بخەینەڕوو کە دوور بێت لە وێناکردنی مەنتیقی موجامەلەکردن و دڵشکاندن و شەرم، ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ تێگەیشتنی رەخنە، ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە ئێمە گۆمەڵگەیەکی شەرمنین و بەردەوام کەسایەتی شەرمن بەرهەم دێنین و نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لگەڵ دەقدا بکەین، بۆ ئەوەی لەم شێوازە خۆمان رزگار بکەین و هەوڵبدەین دەق لەدونیابینی خۆیدا بخەینەڕوو، دەبێ نووسەر وەك تەنیا خاوەنی نووسینەکە تەماشا بکەین، چونکە دواجار دەق ئاماژەی تایبەتی خۆی هەیە و بەدەیان رەهەندو دەلالەتدا دەمانبات، ئەم

ئاماژەو دیدانەش بەشێکی گرفتی واقیعە و بەشەکەی تری گرفتی زمان و روئیای خەیاڵ و مەعریفەیە، ئەگەر ئێمە نووسەر لەدەق جیانەکەینەوە ناتوانین لەتایبەتمەندی دەق بگەین، کەواتە رەخنەی جیدی ئەو شێوە مامەڵکردنەیە لەگەڵ دەق، ئاکام تاراڤەکردنی نامەنتیقی نەخەینەلاوە، ناتوانین خاوەنی دید و رەخنەی زانستی بین و لەراڤە و سادەگۆیی راڤەکردن رزگارمان نابێت.

کوردستان راپۆرت : ئەوانەی لەئەدەبیاتی کوردیدا وەك رەخنەگر ناسراون، هەمیشە ئەلتەرناتیف دەهێننەوە لەکاتی گرتنی رەخنە لەدەقێکدا، لەباتی هەڵکۆڵینی خاکی هەمان دەق، بەو کارەیش وەها دەنوێنن کەوا خاوەنی خەیاڵی بەرفراوان و مەعریفەی لەبنەهاتوو و ئەزموونێکی قوڵبن لەبواری رەخنەگرتندا، پێتوایە دەق لەهیچ کاتێکدا پێویستی بە ئەلتەرناتیڤ " بدیل – پاساو " هەبێت، یاخود دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ کاری یەکێکی تر بەنێو " بەدیلکار " ؟.

وەڵام " ئەم پرسیارە دونیایەك موفارەقەی فیکری و رۆشنبیریی هەندێ جاریش دووفاقی لەپشتەوەیە، بەوەی نووسەری جیدی و سادەگۆمان هەیە و نەمانتوانیوە لێکیان جیا بکەینەوە، هەندێك جار کەسانێك هەن هیچ باگراوندێکی رۆشنبیریی و مەعریفییان نییە، هاوکاتیش مومارەسەی کاری رەخنەگری لەسەر دەق دەکەن و دواجار ئەوەی خۆیان بڕوایان پێی نەبێ ئەلتەرناتیڤی بۆ دەدۆزنەوە و بەتێگەیشتنی ئەوان گۆڕانکاریی لەدەق دەکەن، یاخود دەق لەوەهمی نووسین رزگاردەکەن، ئەمە بەشێکە لەو گرفتەی کە دونیای ئەدەبی ئێمەی پێدا تێدەپەڕێ گرفتە ئەو کەسانە بەم شێوەیە لەنووسین و رەخنە دەڕوانن، کاری رەخنەگر نییە هەڵەی تەکنیکی و مەعریفی بۆ نووسین راست بکاتەوە، کێشەکە لەوەدایە ئەم دووجۆر نووسینە واتە نووسینی رەخنەی جیدی و ناجیدی جیانەکراوەتەوە، بۆیە دەبینی لەزۆر شوێندا ئەم جۆرە تێڕوانینەش بەرانبەر خودی رەخنە بوونی هەیە، دواجار گرنگە بۆ رەخنەگر دونیابینی و مەعریفە لەپشت دەقەکەیەوە هەبێت و وبتوانی لە هەندێ حاڵەتدا ئەویش بە پشت بەستن بە زانستی رەخنە و ئەرکی سەرەکی رەخنە جیاوازی دیدی هەبێ سەبارەت بە کەمووکوڕییەکان لerووی فیکر و مەعریفەو زمانەوانییەوە، بەڵام لەناوەندی ئەدەبی ئێمەدا ئەوەش هەیە کە ئێمە بیروبۆچوونی جیاوازی یەکتری قبوڵ ناکەین و هەموو روئیاو بۆچوونەکانی رەخنەگر بە ئەلتەرناتیف لەقەڵەم دەدەین، ئەم تێڕوانینەش بەردەوام گرفتێکە لەم ناوەندەی ئێمەدا.


www.dengekan.com
8/7/2012

زۆر گرنگە ئێمە دوای رەخنەی بابەتی هەست بەراستی ئەو تێڕوانینەی رەخنەگر بکەین و هەوڵبدەین لە داهاتوودا بەو فۆرم و تێڕوانینە نەنووسین کە رەخنەگر ئاماژەی پێداوە، لەهەمان کاتدا راستیەکانی رەخنەگر بەهەند وەربگرین لەو گۆشەنیگایەوە لێی بڕوانین مەبەست لەم کاری خزمەت گەیاندنە لەپێشدا بۆ نووسەر و پاشان بۆ ئەدەبی کوردی، بەداخەوە هەموو ئەم حاڵەتانە هەست پێدەکەین و سوور دەزانین تێڕوانینی رەخنەگرانەی رەخنەگر راستە، بەڵام هەست بەو راستیانە ناکرێ و بەچاوی دوژمن و کەسی لەخۆبایی و نازانم چیتر تەماشا دەکرێ، کاتێ باسی رەخنەی بابەتیانە دەکەم و دەڵێم لە رووی فیکر و مەعریفەوە، مەعریفە بەو مانایە نا تێگەیشتنی خۆی بەسەر دەقدا بسەپێنێ، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە نووسەر هەوڵ بدات لە ئیلتیزامی ستراتیجی تاك رەهەندی و ئایدیۆلۆژی خۆی رزگار بکات، چونکە دواجار ئەو دەقە لەخزمەتی حەقیقەتی ئەدەبدا نابێ، بەڵکوو لەخزمەتی ئایدیۆلۆژیادا دەبێت، هەندێجار کەسانێك بەوە ئاماژەت پێدەدەن کە ئایدیۆلۆژیاش بەشێکە لەفیکر، بەو شێوەیە ئەو دەقە لەنەمریی مجرد دەبێ و ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا بەدی دەکرێ شێوە گوتنێکی بێ بنەماو بێ مەعریفەی سەیری هەیە، بۆیە جەوهەری نووسینی جیدی و رەخنەی جیدی تووشی پرسیارگەلێکی لەو شێوەیە دەبێتەوە، لەم وڵاتەی ئێمەدا بەداخەوە خەریکە نووسین و کار ئەدەبیاتیش دەبن بە کاریی پیشەیی و نووسەریش دەبێتە فەرمانبەر و رۆژانە تەنها کارو فەرمان جێ بەجێ دەکات و دێت لەبری نووسەری جیدی و خاوەن ئەزموون قسە لەسەر دەق و ئەدەبیاتی کوردی دەکات.

کارەساتە ئێمە وەزارەتی رۆشنبیریی و دەزگاگەلی رۆشنبیریمان هەبێ و فەرمانبەرەکانی بە نووسەر و رۆژنامەنووس ئەژماربکرێن کە هیچ پەیوەندیك ئەوان بەرۆشنبیریی و رۆژنامەنووسییەوە نابەستێتەوە کەچی ئێستا ئەوانیش بوون بە بەشێك لە رۆشنبیریی کورد و لەبری تۆ قسەیان لەسەر رۆشنبیریی کورد هەبێ.

زۆر گرنگە لە ناوەندی ئەدەبیدا ململانێیەکی فیکریی و مەعریفی هەبێ و هەوڵ بدرێ دەرئەنجامی ململانێکان گوتارێکی مەعریفی هاچەرخ بونیاد بنەین لە ئاکامدا خزمەت بەم ناوەندە بکات، بۆیە دەبێ ئەوە بزانین ئەم ئەرکە لەم قۆناغەدا قوورسە و هەوڵی جیدی رۆشنبیریی جیدی دەوێ تا ئەم پرۆسەیە سەربگرێ چونکە لەهەر قۆناغێکدا رەخنەی جیدی هەبوو لەبەرانبەریشدا رەخنەی ناجیدی و بێبنەما هەیە، " هایگەر" دەڵێ " لەهەرشوێنێك مەعریفە وجودی هەبێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبەنگی و گەمژەیش بوونی هەیە " بۆیە ممکین نییە بەگشتی لەرەخنە رازی بیت، چونکە لەبەرانبەررەخنەگری جیدی ئەلتەرناتیڤێکی سادەگۆ و بێ

مەعریفە سەرهەڵدەدات، ئەم حاڵەتە لەزۆربەی وڵاتانی دونیا بوونی هەیە بەتایبەتی لەوڵاتە تەقلیدیەکاندا، ئەمەش دەرئەنجامی تێنەگەیشتن لە ئەدەب و کرانەوەیان بەرووی سستمە جیاوازەکانی دیموکراسی و مۆدێرنەو سکولاریزم سەرهەڵدەدات، رەنگە کەسانێك هەبن پەیوەندی ئەم سستمانە بەیەکەوە هەزم نەکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دونیای سیاسەت و مۆدیرنە و سکولاریزم لە پەیوەندییەکی قوڵدان بەیەکەوە، ئەوەی ئەم دونیایانە بەیەکەوە گرێ دەدات جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵ و تاکە کە دەرئەنجام لەهەموو روویەکەوە تێگەیشتنەکان دەردەکەون، تێنەگەیشتن لەم سستمە جیاوازانە و هەزمنەکردنی گرژی و ئاڵۆزی ، ئاڵۆزی لەبیرکدنەوەمان دروست دەکات.

**کوردستان راپۆرت : رەخنەگری ئەدەبی کوردی بۆ ئەوەی لە گۆمی جنێو بپەڕێتەوە و تەماشای خودی " رەخنە " بکات وەکوو چەمکێکی دەست لێ نەدراو، وەها دروستە هەنگاوە سەرەتاییەکانی هەڵگری فورسایی کام تایبەتمەندی بن ؟ پێتوایە تا ئێستە رەخنەگرێکی مەوزوعی هەڵکەوتبێت لە نێوەندی ئەدەبیاتی کوردیدا؟**

وەڵام : ناکرێ ئێمە هەموو نووسەر و رەخنەگرانی کورد بخەینە نێو قەفەسی تاوانەوە و بە جنێوفرۆشیان لەقەڵەم بدەین، ئەمە گوناه کردنە بەحەقی خەڵکی رۆشنبیر بەمانا زانستییەکەی، بەڵام راستە زۆرجار لەو جۆر بابەت و نووسینانەمان بەرچاو دەکەوێ، بەبڕوای من ئەو جۆرە لەنووسینە ناچنە خانەی رەخنە و نووسینەوە، ئەوانە نووسینی بازاڕین، ئیتر ئەڵێی چی ئەمە حاڵی ئەم ناوەندەی ئێمەیە بواریان بەم کەسانەداوە، ئەم حاڵەتە بەشێکی زۆری دەرئەنجامی شکستی رۆحی و کەسێتی ئەو جۆرانەن کە تەنها بە زمانی جنێو گۆشکراون،کە ریشەیەکی قوڵی کۆمەلأیەتی ناسەقامگیریان هەیە، خاڵێکی تر لای ئەوجۆرە نووسەرانە کاتێ دەقەکەی رووبەروی رەخنە دەبێتەوە، کە هێندەی خەمی ئەوەیەتی بە ئیجابی لەسەر دەقەکەی بنووسرێ، نیو ئەوەندە خەمی بوونی رەخنە و مەهامەکانی رەخنەی نییە، ئەو غرور و عەزەمەتی روحییە رێی پێنادات رەخنەگر راستگۆیانە لەدەقەکەی بڕوانێ، ئەمە بۆخۆی گرفتی کەسانێکە بەداخەوە هەندێ جار رەخنەش بەو زمانە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە، ئێمە لەبەر ئەوەی روئیایەکی دونیابینی و عەقلانیمان بۆ تایبەتمەندی ئەدەب و رەخنە نییە، بێشك لەو نموونانەشمان بەرچاو دەکەوێ، دەبینی ئەو جۆرە کەسانە بەوشێوەیە لە رەخنە دەڕوانن و وای دەبینن کە ئیتر ئەم رەخنەگرە زمانی رەقە یاخود رقێکی

لەپشتەوەیە، ئەزیزم قەت ئەوە کاری رەخنە نییە درۆ لەگەڵ دەقدا بکات، بۆیە لەئاکامدا ئەوەی بەم شێوەیە لە رەخنەدەگات، رەخنەگر دەخات نێو قەفەسی تاوانەوە، گرفتێکی گەورەیە ئێمە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ رەخنەدا بکەین، بۆیە دڵنیام ئەو کەسانە لە تایبەتمەندی رەخنە نەگەیشتون و تابەو شێوەیە بنووسن ئامادەنین رەخنەقبوڵ بکەن، لێرەوە دێن لەمووناسەبە و بێ موناسەبە وەلامێکی نامەنتقیت دەدەنەوە کە هەندێ جار مەبەستیانە رەخنەگربخزێننە ئەو هاوکێشە سەخیفەوە، من خۆم چەندجار ئەو کارەیان لەگەڵ کردووم تا کار گەیشتوەتە ئەوەی بەناوی خوازراوەوە قسەی نابەجێیم پێبڵێن، نەریتی جنێو لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ریشەیەکی مێژووی قوڵی هەیە و دەرئەنجامی ئیفرازاتی کۆمەڵایەتی و ململانێی سیاسی و جیا نەکردنەوەی ئەدەب لەسیاسەت سەری هەڵداوە، رەنگە هۆکارێکی تریش هەبێت نەریتی جنێوفرۆشی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا سەری هەڵدابێت، مەسەلەی کەمی رەخنەی ئەدەبی جیدی و کارنەکردن لەسەر دەق لەرەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ئەمەش بۆخۆی دەرئەنجامی تێنەگەیشتنە لە چەمکی رەخنە، هەممو دەزانین کەمن ئەو رەخنەگرانەی لەناو تایبەتمەندی دەقدا کاردەکەن، بۆیە راستەو خۆ دێن کار لەسەر خودی نووسەر دەکەن و نووسەر دەدەنە بەر رەخنە و هەندێ جار قسەی نابەجێ لەسەر نووسەری دەق دەکەن، ئەمەش گرفتە لە رەخنەی کوردیدا، بۆیە کاتێ رەخنەگری جیدی دەڵێ ئەمە شیعر نییە یا ئەمە چیرۆك نییە یا رۆمان، مەبەست لەوە نییە سوکایەتی بەنووسەرەوە بکات، بەپێچەوانەوە، ئەو دێت راستییەکان دەخاتەڕوو تا نووسەر بەدوای ئەم بۆچوونەدا بگەڕێت و بزانێت ئەم بۆچوونە لەکوێوە سەری هەڵداوە، بۆیە زۆر گرنگە رەخنەگر و نووسەر بەرۆح و زانست مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا بکەن و لەچوارچێوەی ئەو مامەڵەکردنەدا بەر لەهەموو شتێك دەبێ روئیایەکی قووڵی زانستی و رۆشنبیریی هەبێ بۆ ئەو دونیا سیحراویە کە دەبێ هەموو ژیانی بخاتە خزمەتی ئەدەبەوە، پاشان بەبوونی رەخنەگری مەوزووعی، بە دڵنیاییەوە لەهەموو قۆناغێکدا رەخنەگری مەوزووعی هەیە، هەندێ جار لەبێ رەخنەگریدا نووسەرەکان خۆیان رۆڵی رەخنەگریان هەبووە و لەدەقەکانیاندا دیارە رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، بەڵام تاچەند کاریگەریی هەبووە، ئەمەیان بۆخۆی پرسیارەو دەکرێ ئاماژە بەنەبوونی ئەو رۆڵە وەك پێویست بدەین، ئەگەر بپرسین بۆچی رەخنەگری جیدی لە دونیای رۆشنبیریی ئێمەدا بەشێوەیەك لەشێوەکان " ونە " ؟ ئەمەیان دواتر ئەگەڕێمەوە سەری، ئەگەر سەرنجێکی خێرای قۆناغی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابووردووی رەخنە و ئەدەبی کوردی بدەین، رەنگە بەجۆرێك لەجۆرەکان رەخنەمان هەبووبێ، بەڵام جۆری رەخنە لە چ

ئاستێکدا بوو ؟ ئایا رەخنەی ئێمە لەو قۆناغەدا دیدێکی بوونگەرایی هەبوو هەبو یاخود میتۆدی و مەعریفی، ئەدەبی کوردی لەو قۆناغەدا خاوەن دیدێکی واقیعیانە بوو، واقیعی ئەدەبی ئەوسا، واقیعێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو، بەو پێیەی هێندەی گوزارشتی لەواقیعی سیاسی دەکرد، هێندە بەلای دیدە ستاتیکی و مرۆڤایەتیەکاندا نەدەچوو، چونکە خودی تاکی کورد بێ ئاگایی دەستی سیاسەتی سەرکوتکەرانە بوو، بۆیە رەخنەگری کوردی دیدی جیاوازی نەبو بۆ ئەدەبی مقاوەمەت، ئەمەش خەلەل دروست دەکات لە تێگەیشتن بۆ ئەدەب، لەم حاڵەتەدا رەخنەگری مەوزوعی بەمانا ئینسانییەکەی سەرهەڵنادات، پاشان نووخبەیەك لە رۆشنبیران بەناوی " روانگە و تەلیعییەکان " پەیدابوون، هەربۆیە دواجار دەرکەوت دەقەکانی ئەمان مەوزوعیانە تربوون لە بابەتی هەندێك لەبابەتی رەخنەگرەکان، بەوەی ئەدەب رێچکەیەکی تری گرتەبەر و لەبەرانبەردا پرسیارلەجۆری نووسینەکانیان دەکرا و بەوە تاوانباردەکران کە ئەدەبەکەی ئەمان گوزارشت لەواقیعی کورد ناکات، چونکە ئەم نەوەیە زیاتر جەختیان لەسەر مەسەلەی ئینسانی و خودی ئینسان بوو لە بە واقیعیکردنی ئەدەب، بەڵام لە واقیعی ئێستای ئەدەبی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو ئەگەر بوونی هەیە، بۆ مەسەلەی ونبوونی رەخنەی جیدیش، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چەمکی رۆشنبیریی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو ئەگەرچی فەوزایەك دونیای ئەدەبیاتی ئێمەی گرتووەتەوە، بەڵام ئەو فەوزایە شەپۆلێك گۆڕانکاریی لەگەڵ خۆیدا هێنا، راستە ئەو فەوزایە کاریگەری خراپی لەسەر ئەدەب دروست کردووە، بۆیە رەخنەی جیدیش لەنێو ئەو فەوزایەدا ونە، بەڵام خوێنەری جیدی بەدیدێکی سەردەمیانەوە لە رەخنەی جیدی ئەڕوانێ، دەرئەنجام هەر ململانێی فیکرییە رەخنەی جیدی لێ دەکەوێتەوە، نەك قبوڵنەکردنی رەخنە، بەڵام زۆری گۆڤارو رۆژنامە وکتێبی سادەگۆ خەلەلێکی گەورەی لەناوەندی رۆشنبیریی دروست کرد کە بازاری فیکر و رۆشنبیریی بەداخەوە بووەتە جۆرێك لە بە بازرگانی کردن بە چەمکی رۆشنبیریی، هۆکارێکی دی، ئەوەیە جیانەکردنەوەی خوێنەری جیدی و ناجیدی، بۆیە دەپرسم کێ خوێنەری جیدی و کێ نا جیدیە، دیارە ئەو خوێنەرە جدیانە کە مەبەستیانە ئەدەبی کوردی بەرەو پێشەوە بەرن ، ئایا ئەو هێزە بەناو رۆشنبیرانەی لە دەزگا بەناو رۆشنبیرەوە خەریکی مشەخۆرین لە ئاست ئەم پرسیارە چی دەڵێن ؟، هەندێکیان لە ئاست ئەم مەسەلەیە بێدەنگن، هەندێکی تریان بە حوکمی ئەوەی خوێنەری جیدی نین و لەراستیدا کاری رۆشنبیری کاری ئەوان نییە، دەڵێن لەو رەخنە و لێکۆڵینەوانە تێناگەین، لە ئاکامدا لەنێوان فەوزای رۆشنبیریی بەلایەك تێڕوانینی جدیانەی رۆشنبیر و مشەخۆرەکاندا ئەم

پرسیارە جەوهەری خۆی لەدەستداوە، زۆر گرنگە ئێمە بزانین ئەم پرسیارە کێ دەیکات و ئاماژەکان چین لەپشت ئەم پرسیارەوە، ئایا نەبوونی رەخنەی جیدی لە روانگەی رۆشنبیریی جیدییەوە هەڵسەنگێنین یاخود بە عەقلییەتی بێ مەعریفەی مشەخۆرەکان.

**کوردستان راپۆرت : رەخنەلێگیراو هەمیشە وەکوو ئەوەی گوللەیەك بەر سنگی دەقەکەی کەوتبێ وەها لە رەخنەگر دەڕوانێت، رەخنەگریش رەخنە کانی دەخاتە نێو فەزایەك بە نێوی " پیرۆز " یی، هۆکاری رەتکردنەوەی بەرانبەر لەلایەن رەخنەگر و رەخنەلێگیراو لە ئەمڕۆی ئەدەبیاتی کوردیدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

وەلام : هۆکارەکان زۆرن وەکوو پێشتر لە وەلامی پرسیارێکدا ئاماژەم پێدا، یەکێك لەو هۆکارانە شکستی دەروونییە لای تاکی کورد کە دەبێتە مایەی نیگەرانی و قبووڵنەکردنی بیروڕای جیاواز، ئەم دیدە بە زۆری لەنێوان نەوەکاندا حزووری هەیە، هەمیشە نەوەی کۆن لەدیدو بۆچوونەکانیدا بە حوکمی ئەوەی کەسایەتییەکی خاوەن ئەزموونە لەو بوارەدا، نەوەی نوێ قبوڵ ناکات، لەهەموو دونیادا ململانێی فیکریی لە نێوان ئەم دوو نەوەیەدا بوونی هەیە، بەو پێیەی نەوەی نوێ خاوەن تێڕوانینێکی نوێیە، کەچی ئەم حاڵەتە سایکۆلۆژییە رەخنەی کوردی تووشی گرفت کردووە، دواجار دەبێ ئەوەش بزانین بیریی رەخنەیی بەدید و تێڕوانینی دەق نانووسرێتەوە، ئەمە وای کردووە جۆرێك لەنا تێگەیشتن لە رەخنە سەرهەڵبدات، بەدرێژایی ئەو بابەتە رەخنەیانە لەسەر چەندین بابەت نووسیومە، دوو نووسەر کە رەخنەشم لەکارەکانیان گرت، کەچی زۆر بەدڵێکی فراوەنەوە وەریان گرت و زۆر ئاسایی بوون، بۆیە من حەزدەکەم ناویان بهێنم، ئەوانیش " فەیسەڵ هەمەوەندی + سیامەندهادی " بوون، کە هێندەی تر لەبەرچاوم گەورەبوون، بۆیە دەتوانم لێرەدا بڵێم بەئاسایی بوونی رەخنە لای نووسەر، دەرگەی تر دەکاتەوە بۆ قسەکردن وجیاوازی بیروبۆچوونی یەکدی، کاتێ رەخنەت لێ قبوڵ نەکرێ دەرگای قسەکردنیشت لێ دادەخرێ، بۆ ئەوەی رەخنەیەکی زانستی بوونیادبنەین، دەبێ هەوڵ بدەین بە رۆحێکی دۆستانە ئینسانیانە لە ئەدەب بڕوانین.

لەبەشێکی تری پرسیارەکەت باس لە " پیرۆزی " دەکەی لای رەخنەگر، من تێناگەم قەت رەخنە بە و مەفهوومە دیدێکی تەسکی بۆ دەقەکەی بگاتە ئاستی پیرۆزی، بەپێچەوانەوە، دەقی رەخنەیی دەقێکی کراوەیە و دیوی جۆراوجۆری هەیە بۆ قسەکردن،بۆیە ئاسایە دیدێکی تر هەبێ رەخنە لەرەخنە بگرێت،

چونكە خودی ڕەخنە دەرگایەكە لەبەردەم سەرهەڵدانی دیالۆگ بۆ گەیشتن بەڕاستییەكان.

**كوردستان ڕاپۆرت : لەناوەڕاتی هەشتاكان گرنگییەكی بێئەندازە بەشیعر دراوە تا سەرەتای نەوەدەكان، دواتر ئەم گرنگییە گواستراوەتەوە بۆ نێو چیرۆك، ئێستاش ڕۆمان پێشوازییەكی بەرچاوی لێ دەكرێت، ئەمە جگە لەوەی یادەوەرینامەش زۆرتر لەرابوردوو دەخوێنرێتەوە، بەتێڕوانینی تۆ، بۆچی خوێنەر و نووسەرانی كورد وەكوو هەنگیان لێهاتووە.؟**

من لەشوێنێكی تردا وتوومە یەكێك لە هۆكارە گرنگەكانی سەرهەڵدانی تێڕوانینی جیاواز ئەوەیە ناوەندی ڕۆشنبیریی كوردی توانی خۆی لەتاك ڕەهەندی دونیای شیعر و چیرۆك خۆی ڕزگار بكات و دیدێكی جیاوازتری هەبێت بۆ ئەدەب، بەگشتی حەفتاكان و بەشێكی هەشتاكانیش ڕۆشنبیریی كورد بەدەوری چیرۆك وشیعردا دەخولانەوە، ڕاستە تێڕوانینی جیاواز هەبوو، بەڵام لەئاستی تێگەیشتنی ئەدەب بەدیدە دونیابینیەكەی نەبوو، دوای ڕاپەڕینی " 1991 " ناوەندی ڕۆشنبیریی كوردی ڕووبەڕوی كرانەوەیەكی بەرفراوان بووەوە، هەرچەندە فەوزایەك لەو ناوەندەدا سەری هەڵدا، بەڵام دواتر جەدەلی زۆری لێكەوتەوە، ئەدەبی كوردی بەدیدێكی عەقڵانی و مەعریفی وزانستەوە لەم دونیایەی ڕوانی، بۆیە ناكرێ دوای ئەو كرانەوەیەش تەنیا لەسیاقی شیعر و چیرۆكدا هزرمان بەند بكەین و ڕوئیای دی نەبینین،دیارە دونیای فیكر و ڕۆژنامەگەری و فەلسەفەش هەرچەندە ئێمە زۆر كەم لەبواری فەلسەدا كاردەكەین ، بەڵام بەشێكی زۆری دەقی نەوەی نوێ فەلسەفیانەیە، بەڵام ئەو گۆڕانكارییە ئێمەی خستە بەردەم بەرپرسیارییتێكی قورسەوە، لەوە ئاگاداری كردینەوە كە چۆن پاش ئەو هەموو خوێن ڕشتنەی خۆرئاوا و ململانێی نێوان كەنیسە و فیكر ڕۆڵی ئەو هەموو فەیلەسوفە بەگرنگی تەماشا دەكرێ، بەتایبەتی ململانێی نێوان فەیلەسوفەكانی فەرەنسا و ئەڵمانیا كە لەپاش هەردوو جەنگی یەكەم و دووەمی جیهان، بەم كرانەوەیە ئێمە ناكرێ بەشێك نەبین لەو هاوكێشەیە ، كاتێ مۆدیرنەبە جوانی و ناشرینیەكانییەوە هاوسەنگییەكیان لە ژیانی ئێمەدا دروست كردووە كە ئاماژەن بۆ گۆڕانكاریی ڕیشەیی لە ژیانی ئێمەدا، كەواتە بۆچی ئیستیعاب كردنی ململانێ دەبێ فیكر نایاتە بەرهەم، لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین كە لە ئاست هەر تێڕامانێك پرسیاری مەنتیقیمان هەبێ. لەبەشێكی تری پرسیارەكەت، ئاماژەت بە یادەوەری كردووە، ڕەنگەتێڕامان لە ئاست یادەوەری، هێندەی گەڕانەوەبێت بۆ ڕابووردوو، هێندە پرسیاری تیانەبێ بۆ ئێستە، لەلایەكی ترەوە هێندەی چێژ بە تاكە كەس دەبەخشێت،

هێندە زانست و مەعریفەی تیا بەدی نەکەی، یادەوەری چیمان پێ دەبەخشێ بەئیستە، ئەوەی بەلای منەوە پرسیارە لە نووسینی یادەوەرییەکانی ئێمە ئەوەیە بەشێکی کەم نەبێ، ئەوانی تر هەموویان کەسێتی نووسەر دەخنە دۆخی " سوپەرمان " ەوە قەت کەسێکمان نەبینی بەدرێژایی تەمەنی ،رووداوێکی سلبی خۆی بنووسێتەوە، ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لەخۆدزینەوە لە مێژوو + راستییەکان ،بە ئەمانەتوە نەگێڕانەوەی یادەوەری، جۆرێك لە دزێوی هەموو رابووردووی ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە

دیداری گۆڤاری " گزنگ "

سەبارەت شیعرو رەخنەی ئەدەبیی کوردی

سازدانی : مەحمود نامۆ

**پ\١: ئاستی  شیعرو ئەدەبی کوردی لەئەمرۆدا چۆن دەبینی ؟**

وەلام : بەپێی پرسیارەکەی بەڕێزت، دەبێ قسە لەسەر شیعرو ئەدەبی کوردی ئەمرۆ بکەین، واتە دەبێ قسە لەقۆناغێکی دیاریکراو بکەین، قۆناغی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی  ئەگەر لەدوای راپەڕینەوە قسەی لەسەر بکەین، قۆناغێکە لەهەلوومەرجێکی سیاسی و دونیابینیدا گۆڕانێکی نەوعی بەسەر هات، ئەم گۆڕانە گۆڕانێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، لەم حاڵەتەدا دەیان ئەشکالییەت لە گوتاری ئەدەبیی و سیاسی ئێمەدا سەرهەڵدەدات، بۆیە ئەم کرانەوەیە بە تەوژمێکی نوێ بە دیدی جیاوازمان دەناسێنێ، ئەوەی لەدوای راپەڕینەوە بەتایبەتی لە دونیای ئەدەبی ئێمەدا روویدا،سەرهەڵدانی ئەو دەنگە کپکراوانەبوو، کەبەعس خنکانبوونی، دیارە دەرکەوتنی ئەم دەنگانە، تەنها لەساتەوەختی دوای راپەڕین لەدایك نەبوون، بەڵکوو دەرکەوتە بەربلاوەکە لەوەدابوو ،ئەمان دوای راپەڕین بواریان بۆ رەخسا، بێشك ئەم دونیا جیاوازەی دوای راپەڕین، هەموانی لەیەك چێوەیەکدا کۆکردەوە، ئەویش چێوەی دوای راپەڕین بوو، واتە " بێسانسۆری "یاخود بێ ترسیی لەبەعس، لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە دەبێ باسی لێوە بکەین، ئەویش سەرهەڵدانی شەپۆلێکی ئەدەبی ناجێگیر، یا فەوزای ئەدەبی، کە زۆرجار ئەم فەوزایە ئەگەرچی فەوزای دەرچوون لەئەدەبیات و شیعرییەت بوو، لەهەمان کاتدا هەولێکی تازەبوو  هاتە ئاراوە بۆ تێکشانی یا تێپەڕاندنی قۆناغی ئەدەبی مقاوەمەت و کارکردن بەزمان و دیدێکی دی، کە ئەمە بۆخۆی هەولێك بوو  لەگەڵ راپەڕیندا خۆی کرد بە ئەدەبیاتی ئێمەدا، هەرچەندە ئەم هەوڵە چەند ناوێکی کپکردەوە، لەهەمان کاتدا ئەدەبیاتی کوردی بەرەو ناسەقامگیریی و گومانەوی برد،

بەوەی بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی بڵاودەکرانەوە، راستەوخۆ لەدەقەکانی سوهراب و نیما و فروغ و شاعیرانی تری فارس ئیقتیباس کرابوون، ئەم حاڵەتە جەدەلێکی زۆری لەنێوان شاعیرانی خاوەن ئەزموون و رەوتە نوێیەکەی شیعری کوردی دروست کرد و هەریەك لای خۆیەوە ئەوی تری رەتدەکردەوە، ئەوەی ئەم وەزعەی کپکردەوە، تێپەڕاندنی نووسەرانی کورد بوو لەچوارچێوەی شیعر و چیرۆك، واتە، راپەڕین دونیایەکی فرە ڕەهەندی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەویش، کارکردن بوو لە بوارەکانی تری وەك رۆژنامەوانی و فیکر و فەلسەفە، بۆیە کارکردن لەناو فیکر و فەلسەفەدا بە دەیان رەهەندی فیکری و میتۆلۆجی و ستاتیکی و مێژوویيت دەناسێنێ، ئیدی لەم ساتەوەختەدا شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەچنە قۆناغێکی ترەوە، ئەویش کارکردنە لە ناو زمان و خەیاڵ و فەنتازیا و مێژوو و میتۆلۆژیا و ستاتیکا ، لێرەدا رۆڵی شیعرجیاوازتر دەبێ تەنها لە سیاقی حەماسەخوڵقین و مقاوەمەتدا نابێ و لەهەوڵی ئەوەدا دەبێ لەرێی زمان و خەیاڵەوە کار لەسەر گرفتە مرۆڤایەتییەکان بکات و مرۆڤەکان لەسیاقی فیکردا ئاراستە بکات، واتە لێرەدا ئەرکی شیعر وەك " رۆلان بارت " دەڵێ " تەنها ئەوە نیە کە لەو دەقەدا وتمان " بەڵکو ئەو دەڵێ پێویستە شیعر بەردەوام پرسیار لەکۆمەڵگاو دەوروبەر بکات، پێویستە هەمیشە شتی جیاواز و تازە بدرکێنێ،بۆیە دەبینی لەم قۆناغەدا بەتایبەتی لە داخرانی کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کرانەوەی، کە ئەرکی قورسترى لەئەستۆدایە لەوانە کێشەی کردنەوەی دەیان گرێ کوێرەی دەروونی ئینسانەکان، کە رەنگە تا ئەم ساتەوەختە پێوەی بناڵێنین، لەوانە کێشەی کۆمەڵایەتی کە دەیان ریشەی رزیوی لە ژیانمان چەقیوە، لەم کاتەدا شیعر ناتوانێ لە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیەدا بێت، ئەگەر لەهەر قۆناغێکی تری ئەدەبیاتی کوردی بکۆڵیتەوە، زۆر بەئاسانی گوتاری سەردەمەکان دیار و ئاشکرایە،بەڵام ئاڵۆزی گوتاری ئەدەبیاتی ئەم قۆناغە تەنها لەفۆرمی ئەدەبدا نیە، بەڵکو بەشێکی زۆری پەیوەستە بە رووبەڕووبوونەوەمان بە تەکنەلۆجیا و شارستانیەتەکانی دونیا، بۆیە دەبینی ئێمە لەم سەرووبەندەدا دەمانەوێ وەك خۆرئاوا مامەڵە لەگەڵ فیکر و ئەدەب و کۆمەڵگەدا بکەین، بەڵام بیر لەجیاوازی کرانەوە و شارستانییەتی نێوانمان ناکەین،بۆیە دەبینی شیعر و ئەدەبیاتی ئێمە جگە لەمردن لەناو خەیاڵ و فیکرێکی ئاڵۆز، کە تەنها دەمانباتەوە سەر رابووردوو، بۆیە دەبینی لەئاست ئەم پرسیارەی بەرێزت،رووبەڕوی وەڵامێکی ئاڵۆز و گوومانـاوی دەبینەوە، بەوەی هەموو قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی رۆشنبیر و شاعیریی دیاری خۆی هەیە، بەڵام لەم ساتەوەختەدا، جگە لەوانەی هەر لەدوای راپەڕینەوە هەوڵی رزگاربوونیان لەو فۆرمە حەماسییەوە و هووتافییە دەدا، کە

بەردەوام بەدوای فۆرمی تازەوەبوون، کە بە قووڵی مەسەلەکاندا ڕۆبچن، کەسی تر هەبوو ؟.

ئەگەر بەقووڵی لەو پرسیارەی بەڕێزت بکۆڵیتەوە، دەبێ لەگەڵ ئەدەبی دەوروبەر و دونیادا بەراوردی بکەین، دیارە ئاستی پێویست بە نەزەری ئێمە دەبێ بەراورد لەگەڵ چی بێت ؟، بۆیە ئەم پرسیارە تەنها پرسیارێکی تەقلیدی نیە بە وەڵامێکی کورت ئیکتیفا بکەین، بۆیە لەسەر ئاستی دەوروبەر، ئێمە تا ئەم ساتەوەختە خۆمان پێویستمان بە وەرگێڕانی دەقی عەرەبیە بۆ کوردی، لەسەر ئاستی دونیا ئەگەر ئێمە هەوڵنەدەین ئەدەبەکەمان بە دونیا بناسێنین، دیارە هەر لەو لۆکاڵییەتە دەمێنینەوە، ڕزگاربوونیشمان لەو قەیرانە، ئەرکی زمانە ئەدەبی کوردی بکات بە ئەدەبێکی جیهانی، کە بەداخەوە تا ئەم ساتەوەختە ئەوەشمان نیە،بۆیە دەتوانم بڵێم هەوڵێك هەیە بۆ کرانەوەی زمان و ئەدەبیاتی ئێمە بە رووی دونیا، کە ئەمە بۆخۆی لەو ساتەوەختەدا ئاستی ئەدەبی ئێمە دەردەخات، خۆ ئەگەر لەسەر ئاستی خۆشمان بڵێین، کە ئەمەیان دوودیوی تری بەجیهانیبوونی ئەدەبە، ئەوانیش یەکەم قسەمان لێکرد کە زمانە، بەڵام دووەمیان، جیاوازی فۆرم و تەکنیکە لە ئەدەبیاتدا، لەم ڕووەوە ئەدەبی کوردی هیچی لە ئەدەبی دونیا کەمتر نیە و لەم ساڵانەی دواییدا دەیان دەقی ناوازەی کوردی چاپکرا کە بۆخۆی هەوڵێکی کاریگەرە بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ ئەدەبی پێش خۆی، بەڵام بۆ ئێستا ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی ڕەها بەشەکان دەستنیشان بکەین، چونکە لەم چرکەساتەدا قۆناغی ئەدەبی ئێمە جێگیرنەبووە.

**پ/: ئەدەبی ئەمڕۆی لاوان چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟**

وەڵام : لاوان بە تێگەیشتنە بایۆلۆجییەکەی جیاوازترە لە لاوان بەتێگەیشتنە سایکۆلۆجییەکەی، بۆ ئەوەی ئەشکالییەتێك لەناساندنی ئاستی ئەدەبی لاوان دروست نەبێت،ئەوەی ئێمە قسە لەسەردەکەین، ئەدەبی لاوانە بە هەردوو تێگەیشتنەکە .

یەکێك لە دەرکەوتە گرنگەکانی ئەدەب لای لاوان، سەرەتا لەو تایبەتمەندییە بایۆلۆجییەوە سەرهەڵدەدات کە لەساتەوەختی منداڵییەوە هێزێك ناخی ختووکە دەدات و لە هەوڵی گەڕاندا دەبێت بەدوای غەریزەکانی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە، ئەم حاڵەتە لای زۆربەی گەنجان زوو کپدەبێتەوە، ئەویش لە بەئاراستەبردنێکی تردا، واتە لە لاشعوردا دەکەوێتە بەر گرێدانی ڕۆح بە دەوروبەرەوە،بەڵام ئەم دەوروبەرەی ئەم، جیاوازترە لەوەی کەسانی تری هاوتەمەنی بەدوایدا دەگەڕێن، لێرەدا دەبێ ئەوەش بزانین ئەم جیاوازیە موومارەسەکردنی لە گەڵ دەوروبەر جیایان دەکاتەوە.

بەلێشاو گەنج لەو تەمەنە ناسکەدا بەناوی شیعرەوە ویست وئارەزووەکانی خۆیان دەنووسنەوە و دەیانەوێ لەڕێی ئەو جۆرە نووسینەوە بە ئەوی دی شتێك بڵێن، بەداخەوە تا ئەم ساتەوەختە شیعر لای بەشێکی زۆری لاوان و کەسانی تریش، نەتوانراوە جیابکرێتەوە، تا ئەم لەحزەیەش زۆرکەس هەن لەم ناوەندە بێ سەروبەرەدا بوونەتە شاعیر و ئەوەی رۆژانە دەبینن و موومارەسەی دەکەن، دواجار دێن لەرێی ئەو هەموو رۆژنامە و گۆڤارە بێسەرە و بەرانەوە بە شیعری بەسەر تۆدا دەفرۆشنەوە، کێشەکە لەوەدایە ئەوانەی لەو گۆڤارو رۆژنامانە کاردەکەن، بەشێکی زۆریان فرپیان بەسەر ئەدەبیات و شیعرەوە نیە، هەر بۆیە ئەو دەقانەمان لێدەکەن بەشیعر.

شیعر زۆر لەوە گەورەترە لەوەی ئێستا بەدەستی هەندێ خەڵکی بێزەوقەوە ناشرین بووە، دیوێکی تری ئەم حاڵەتە، غرووره لای بەشێکی زۆری ئەو کەسانە، من خەڵکی وادەناسم تا ئێستا سێ یا چوار ساڵە خۆی دەنووسێتەوە، کەچی لەمیدیا کلۆڵ و رۆژنامە بێ سەرو بەرەکانمانەوە نەسیحەتی ئەدیبان و نووسەران دەکات، خەڵکی وامان هەیە دڵنیام ئێستا لەماڵەکەیدا نە دیوانی نالی هەیە، نەدیوانی مەحوی، کاتێ پێ دەوترێ کاریگەریی کێت بەسەرەوەیە، دەڵێ نالی و مەحویێ، کاریسەیە ئەزیزم خەڵکی وامان هەیە نازانێ خۆی کێیە و چۆن هاتە ناو هاوکێشە ئەدەبییەکەوە، کە دەڵێ نالی و مەحوی سەیرم پێدێ، چونکە تا ئەم ساتەوەختە جگە لە کاکە حەمەی مەلا کەریم و مسعود محەمەد، خەڵکی تر زۆریان لەسەر " نالی و مەحوی " یان نووسی، کەچی دەڵێن دەیان ساڵی تر" نالی و مەحوی " بخوێنینەوە لێیان تێناگەین، کەچی ئەم برادەرەی ئێمەش دەڵێ کاریگەریی نالی و مەحویم بەسەرەوەیە،بەڵام تا ئەم ساتەوەختە جگە لە دووبارەکردنەوەی ژیانی خۆی یەك دێڕشیعریشی نەنووسیوە، ئاخر چاوەکەم ئەم غرووره‌یە نایەڵێ ئەدبیاتی ئێمە پێش کەوێ، شاعیری گەنجی باشمان هەیە، بەڵام ناوی کەس نابەم نەبادا ئەوانیش تووشی ئەم نەخۆشییە کوشندەیەبن، ئەگەرچی بۆچوونەکانم لەسەر ئەدەبی گەنجان توندوتیژە، بەڵام دڵنیابن ئەمە حەقیقەتی بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی ئێمەیە نەك تەنها ئەدەبی گەنجان، بۆیە کاتێ رووبەڕوی ئەم پرسیارە دەبیتەوە، ناکرێ مووجامەلەی کەس بکەیت، چوونکە لەبنەڕەتدا مووجامەلەکردنی هەرکەسێك، بۆخۆی بەرلەهەرشتێك گاڵتە کردنە بەو کەسە و پاشانیش بە ئەدەب.

بۆیە بە بڕوای من ئەگەر ئەوانەی دەیانەوێ لەو تێگەیشتنە نامەنتیقیە بۆ شیعر خۆیان رزگار بکەن، دەبێ هەوڵبدەن چەند دەنووسن، دەیان قات بخوێننەوە ئەوجار بنووسن، خاڵێکی تریش کە زۆر گرنگە، دەبێ خوێندنەوەکەیان نەوعی بێت، بۆیە ناکرێ

تەنها شیعر بخوێنیتەوە، چونکە وەزیفی نووسەر بۆ ئەوەی داهێنان بکات، ئەوەیە بە دوای شتی تازەدا بگەڕێت، واتە دەبێ بابەتی فیکری و فەلسەفی بخوێنێتەوە، ئەگەر بتەوێ دەقی نەمر بنووسی، دەبێ بابەتەکەت دەیان رەهەندی فیکری و فەلسەفی تێدابێ، نەك وەك ئەوانەی لە نووسینەکانیان دیارە کە دەیان دێڕە شیعری لەم شاعیر و ئەو شاعیر هێناوە و کردویەتی بە شیعری خۆی، ئەمە حاڵەتێکی زۆر ترسناکە لە دونیای ئەدەبیاتی ئێمەدا بەداخەوە بوونی هەیە.

ئەدەب و شیعر گێڕانەوەی رابووردوو نیە، بەڵکوو تەوزیف کردنی فیکرە بەزمانێکی فەلسەفی و فەنتازی و ستاتیکی، ئەمە بەدیوێك، بەدیوێکی تر ئەدەب و بەتایبەتی شیعر گەڕانێکی سیحرییە بەناو بیرکردنەوە و رۆحە نەمرەکانی خەیاڵ، واتە گێڕانەوەی خەیاڵ بەدیدێکی واقیعی و ستاتیکی، من دڵنیام تا ئەم ساتەوەختە گەنجی وامان هەیە هەر نازانێ فەنتازیا و ستاتیکا چیە و کەچی شەرم دەکات پرسیار بکات لە کاتێکدا دەڵێ من شاعیرم، کێشەکە لەوەدایە غرووری ئێمە لەو ئاستەدایە کە دەزانین بۆچوونەکانمان هەڵەیە، کەچی دانی پێنانەین، ئاخر ئەم هەڵە کوشندانەیەیە ئەدەب و چەمکی رۆشنبیریی ئێمەی وێران کردووە، بۆیە تکا لە گەنجان دەکەم هەمیشە بەدوای ئەو وەڵامانەدا بگەڕێن کە لە زاکیرەیاندا پەنگیخواردووەتەوە و پێیان شەرمە رووبەڕوی کەسانی تر ببنەوە، بەدوای ئەو وەڵامانە بگەڕێن کە کەسانی تری پێ سەرسام دەکەن ، چاوەکەم خۆ شیعر گێڕانەوەی دووبارە واقیع نیە، بەپێچەوەانەوە، شیعر کارکردنە لەناو ئەو دونیا نامەئلووفەی کە لەڕێی زمانی گێڕانەوەوە دەبێ بە مەئلووف، نەك ئەوەی زۆرجار دەبینین ئارەزووە کەپتکراوەکانی خۆی دەڕێژێت و خۆی لە دۆخێکی لاشعوردا بەتاڵ دەکاتەوە، ئەمە شیعر نیە، بەڵکوو دووبارە وتنەوەی ئەو رووداوانەیە کە لە ژیانی رۆژانەتدا نەخشەی بۆ دەکێشی، یاخود موومارەسەی دەکەیت، گەنجی بەناو شاعیری وامان هەیە ـ کە لێی دەپرسی کاریگەریی کێت بەسەرەوەیە، لەوەڵامدا واتێدگات کاریگەریی دزییە، بۆیە دەڵێ من کاریگەریی یەك کەسم بەسەرەوەیە ئەویش خۆمم، ئەمە کارەساتە چاوەکەم ئەی کە تۆ کاریگەریی کەست بەسەرەوە نەبێ چۆن بووی بەشاعیر، ئاخر ئەمە گووناهی ئەو گەنجە نیە، بەڵکوو،گووناهی ئەو گۆڤارەیە هێندە سیقەی موتڵەقی بەو گەنجەداوە کە ئیتر ئەو شاعیرێکی لێهاتوو داهێنەرە، دڵنیابن من لە بابی خۆبەزلزانینەوە ئەم قسانە ناکەم بەڵکوو لەوپەڕی تەوازع و روئیایەك بۆ ئایندەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و لەبابی ئەو بێ ئومێدیەی باڵی بەسەر بیرکردنەوەی ئێمەدا کێشاوە و نەوەکانی پێ بە هەڵەی کوشندەدا دەبات، خۆ هیچ نەبێ حەقوایە خەڵکانی لەخۆیان بەتواناتر هاوکاریی مەعنەوییان بکەن و گەنجانیش حەقوایە تۆزێ تەوازع

قبوڵبکەن و لەبەرانبەر پرسیارکردن و گەڕان بەدوای سەرنج و دیدی جیاواز بۆ دونیا و دەورووبەر کەمتەرخەمی نەکەن، بەداخەوە دیدێکی بێ پرسیار لەئاست جوولەی مێژووی ئێمەدا هەیە کە بەبێ پرسیار بەهەموو کایەکاندا تێدەپەڕێ و بەچەقبەستوویی بۆ مێژوو جێمان دەهێڵێ، ترسناکترین حاڵەت ئەم مەترسیەیە کە کەس لەئاست ئەم تێگەیشتنەناجۆرە بۆ چەمکی رۆشنبیریی پرسیارێکی مەنتیقی و جەریئانەی پێنیە بۆ ئەوەی وەئاگامان بێنێتەوە و رامانچڵەکێنێ، ئەزیزم ئێمە هەموومان پێویستیمان بەوەیە لەناخەوە بەمێژووی فیکر و تواناکانی خۆماندا بچینەوە، تا ئێستا کەس پێی نەوەتووین ستۆپ !! ئەوەی تۆ دەینووسی ئەدەب نیە بەڵکوو هەمووی درێژکراوو هەڵقولاوی ئەو نەزعە دەروونییەیە کە بەردوام ئێمە لەناوەوە لەگەڵ خۆماندا دەیلێینەوە، کەس پێینەوتووین ئیتر بەسە جوانیەکانی ئەدەب مەشێوێنن، ئیتر بەسە ئەوە فیکرە لەناوەوەی تۆدا بڕیاری ئینتیحارکردنی داوە، بەسە ئەوە مەعریفە نامۆیە بە بیرکردنەوەی تۆ، بەراستی پێویستمان بەراتەکاندنێکە کە سەراپا ئەدەب، ئەدەب بێت و قسەی ئاساییش بۆخۆی قسەی ئاسای بێت،نووسەری لوبنانی "پۆڵ شاوڵ " لەدیدارێکیدا لەمەڕ تێگەیشتن لەگرنگی خوێندنەوە و خۆتەیارکردن بە ئاشکرا دەڵێ " هەرکەسێ رۆژی کەمتر لە " 4 " کاتژمێر بخوێنێتەوە، بەڕای من بڕوات کەسابەتێك بکات زۆر لەوەباشترە " کێشەکە لەوەدایە ئیلتزامکردن بە مەبدەئی خوێندنەوە ئەرکێکی زۆر قورسە، وەك ئەوەنیە ئێمە تەسەوری دەکەین، یا وادەزانین ئەدەب بۆ کاتبردنەسەروو کردنەوەی دەرگاداخراوەکانی رۆحە، بەپێچەوانەوە ئەوانەی لەبواری ئەدەب کاردەکەن، خەڵکانێکی زۆر داماوو بێ دەرامەتن، چونکە بیرکردنەوە لەدەرامەت و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان قەت گرفتی ئەدیب و نووسەران نیە، دواجا ئەوەی دەیەوێ لەبواری ئەدەب کەسێکی لیهاتووبێت، بەکورتی دەبێ هەموو ژیانی بۆ ئەدەب تەرخان بکات و لەودیو ژیانی ئەدەبییەوە هیچی تر نەبینێت،ئەگەر واشنەکات، باشتر وایە بەقسەی " پۆڵ شاوڵ " بکات.

**پ/ رەخنەی ئەدەبی کوردی لەچ ئاستێکی رەخنەی ئەدەبی جیهاندایە ؟**

رەنگە ئەمەش بۆخۆی هەروا پرسیارێکی ئاسایی نەبێت، چونکە کاتێك قسە لەسەرئاستی ئەدەبی کوردی دەکەین، دەبێ ئەوەبزانین، رەخنەش هەر هێندەی ئەدەب توانیویەتی هەنگاو بنێ، ئەگەر بڵێین کەمتریش هەنگاوی ناوە رەنگە ئەوە ناحەقیمان نەکردووە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەوە رەخنەیە رۆڵی

بەرەوپێشەوەچوونی ئەدەب دەخاتە بەردەستی خوێنەر، کەواتە لێرەدا ئێمە ناتوانین دوانەی ئەدەب و رەخنە جیابکەینەوە، یەکێك لەوگرفتانەی کە روبەڕوی رەخنەی ئەدەبی کوردی بووەتەوە، کارکردنی رەخنەیە بە شێوازێکی نامەنتیقی بەتایبەتی لەقۆناغی ئەدەبی مقاوەمەتدا، لەم قۆناغەدا کە نەتەوە رووبەڕووی توندوتیژیی و فەرامۆشبوون دەبێتەوە ، بۆیە دەبینی لەم کاتەدا ئەدەب ناتوانێ پشت لە نەتەوە بکات، بۆیە ئەدەب لێرەدا ئەوەی کە لەدەستی دەدات، رۆحە ئێنسانییەکەیە کە راستەوخۆ لەرێی پەرچەکرداری توندوتیژەوە مرۆڤەکان تووشی سروشتی تۆڵەسەندنەوە تەنانەت لە ئەدەبیش دەکات، لەبەرانبەریشدا رەخنە رۆڵێکی خراپی بۆ ئەم دیاردەیە دەبێت کە ناتوانێ لەو قۆناغەدا ئەدەب بخاتەژێر رەخنەی مەنتیقییەوە ، چونکە دەزانێ ئەو قۆناغە، بە قۆناغی قڕکردنی نەتەوە ناوزەدکراوە، چونکە بەحیسابی ئەو رەخنەگرتن لەم قۆناغەدا لەئەدەب، رەخنەگرتنە لە رۆحی نەتەوە و خەباتەسیاسییەکەیەتی.

دیوێکی تری رەخنە لای ئێمە جۆری موجامەلەکردن و نەبوونی جورئەتی دەستبردنە بۆ دەق بەدیدێکی رەخنەگرانە، ئەم حاڵەتەش بۆخۆی هێندەی تر دیدی رەخنەی ئەدەبی کوردی کورتکردووەتەوە، لیَرەدا ئەوەی دەکرێ باسی لیوەبکەین، قبوڵنەکردنی رەخنەش گرفتێکی تری ئەم چەقبەستوو +کورتکردنەوەی رەخنەی ئەدەبی کوردییە، کە زۆرجار لەکاتی رەخنەگرتن لەدەقێکی دیاریکراو تووشی سەرئێشە دەبیتەوە، وەك ئەوەی تۆ کوفرێکی گەورەتکردبێ و دەستت بۆ ئەو دەقە بردووە، لێرەدا ئەوەی پێویستە باسی بکەین ئەوەیە لەناوەندی رۆشنبیریی ئێمەدا شتێك نیە پێیبوترێ خەمخۆری ئەدەب و رەخنە، ئەوەشی هەیە، بەشێوەیەکی کەم کە لێرەو لەوێ کاری جیدی لەسەر چەمکی رەخنە دەکەن و ئەوانیش بەو کەمیەوە نەیانتوانیوە رەخنەی کوردی بگەیەننە ئاستی رەخنەی جیهان، چونکە دواجار ئەوەی رەخنەی ئێمەش لەئاست رەخنەی دونیا دەخاتەڕوو، رۆڵی رەخنەی ئیتیکی و زانستییە لە ئەدەبدا، کەبەداخەوە نەمانتوانیوە ئیلتیزامێکی جیدیمان بۆ چەمکی ئیتیك هەبێت کە بۆخۆی راستەوخۆ پەیوەندی بە دیدو تێڕوانینی ئێمەوە هەیە بۆ چەمکی رەخنە، دیوێکی تری ئەم پرۆسەیە واتە ئاستی رەخنە، رۆڵی زمانە لەم ناوەندەدا کە پێکەوە رەخنەو ئەدەب بەدونیا دەناسێنێ، ئەمەش بۆخۆی لای ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی دڵمان بە رەخنە خۆش بێت، دواجار لەبەر ئەوەی ئیلتیزامێکی جیدی و ئەخلاقیمان بۆ قوتابخانە رەخنەییەکان نیە و ئەوەی وەك رەخنە دەنووسرێ، تەنها دیدی تاکەکەسییە و کەم جار پشت بەرێبازە رەخنەییەکان دەبەسترێ،

بۆیــە ڕەخنــەش وەك چــۆن لەئاســتیی شــیعردا، ناشــیعر شــوێنی بەشیعر چۆڵ کـردووە، بەهـەمان شـێوە دیـدی جـۆراو جـۆری بـەناو ڕەخنــەش بەهــەمان شــێوە مامەڵــەی لەگەڵــدا دەکــرێ، بۆنموونــە، بابـەتی سـەیر هەیـە بـەناو ڕەخنـەوە دەنووسـرێ، شـەرحێکی تـری دەقەکەیـە، بـۆ نموونـە لەهەنـدێ لـەو نووسـینانە بینیومانـە دەڵـێ، پاڵەوان وایکردوو نووسەر وادەڵێ.....هتـد، ئـەم جـۆرە بابەتـە بـەناو ڕەخنــەی ئــەدەبی کوردییــەوە، بووەتــە هــۆی کوشــتنی مەهییــەتی ڕەخنە و ڕەخنەی لەئاست مەهامەکـەی خـۆی بچووك کردووەتـەوە و فیکری لەناو ڕەخنەدا کورتکردووەتەوە.

خاڵێکی تر کـە بوونیـادی ڕەخنـەی ئـەدەبی لەسـەر دەکـرێ بـوونی ناوەنـدێکی ئـەدەبی تۆکمەیـە کـە تیایـدا زمـان و ئـەدەبیاتی ئێمـە لەئاســت گۆڕانــە فیکریــی و فەلســەفییەکاندابن و ڕەخنــە ببێتــە دیـدێکی واقیعـی و لـەناو واقیعـی ڕەخنــەدا ململانێکـی ڕەخنـەیی ســەرهەڵبدات کــە بەدیــدێکی واقیعیانــەو ڕێبــازە زانســتییەکانی ڕەخنە، لە ئەدەب و ڕەخنە بڕوانێ، کە بەداخەوە لای ئێمـە هێشـتا نەگەیشتووەتە ئـەم ئاسـتە و بگـرە ئـەدەب و ڕەخنـەش وەك کـۆی دیدگاکانی تر تووشی جۆرێك لە پەرشووبڵاویی بـووە کـە زەحمەتـە لەم ساتەوەختەدا چارەسەر بکرێت.

## دیداری رۆژنامەی کۆمەڵ

### سەبارەت بە شیعرو ئاستی شیعری ئەمڕۆ

سازدانی : ئارام شوانی

**پ/ لەراستیدا شیعر ئەگەر فرە رەهەندترین و گرانترینی چەشنە ئەدەبییەکانی نەبێت، ئەوا لەوان سادەتر و دەستەمۆتر نیە، مانای چیە ئەمڕۆ لای ئێمە بەردەستترین چەشنی ئەدەبە و هەموان بە شیعر دەستپێدەکەن، ئێوە چۆن لەمە تێدەگەن ؟**

وەڵام : لەراستیدا بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بەڕێزت بدەمەوە، دوێنی لەگەڵ برادەرێکی خۆمدا باسمان لەو دیاردەیە دەکرد، بەڕاستی شیعر لای ئێمەی کورد هێندە کڵۆڵ بووە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی تەنانەت شاعیرە جیدییەکانیش خەریکە لێی دەرەوێنەوە، ئەگەر بەبیرماندا بێتەوە لە هەشتاکان بەتایبەتی لە گۆڤاری بەیان لاپەڕەیەك هەبوو، بەناوی " یانەی بەیان "بوو ئەم لاپەڕەیە تایبەت بوو بەو گەنجانەی یائەو کەسانەی سەرەتای نووسینی شیعر یاچیرۆك بوو، بۆیە بەشێوەیەکی زانستییانە پسپۆرێك هەبوو تەنها بۆ وەڵام و تەخمینکردنی ئەو باتە تازانەی دەگەیشتنە گۆڤاری " بەیان "، لە گەڵ ئەوەشدا لاپەڕەیەکی تر هەبوو بەناوی " ئاسۆی لاوان " ئەمە لەقۆناغی دووهەمی ئەو کەسانە دەهاتە بەرهەم، کە بەفیعلی هەست دەکرا ئەو کەسە توانای شیعری گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە لەو لاپەڕەیەدا بابەتەکەی بۆ بڵاوبکرێتەوە، بەم شێوەیە خاوەنی بابەتەکە دەکەوتە بەردەم بەرپرسیارییەتێکی گەورە و ناچار دەبوو خۆی پێگەیێنێ و بە جیدی موتابەعەی رەوتی ئەدەبی کوردی و جیهانی بکات، حەزدەکەم بزانی کورد زۆرترین شیعر نووسی هەیە بەڵام کەمترین شاعیری هەیە،

بەداخەوە لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا ئەم حاڵەتە نەخوازراوە، بەرهەمی دوای راپەڕینە، کاتێك کە زۆر لە رۆشنبیران باس لە فەوزای ئەدەبی کوردی دوای راپەڕین دەکەن، بەتایبەتی شیعر، ئەمەی بەشێکی زۆر خراپی ئەو فەوزایە،لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم بۆ بەشێك لە گۆڤار و رۆژنامەکان، بەڵام بەشێکی زۆری سەرنووسەری رۆژنامەکان لەبەر ئەوەی ئەدیب نین، یاخود لەبەرمەسالحی زۆرفرۆشی هەرچی بەناوی شیعرەوە خرایە سەر کاغز بڵاو دەکرێتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ بابەتێکی لاواز هاتە لای تۆ و بڵاوت نەکردەوە، ئەوا دڵنیابە من بڵاوی دەکەمەوە، بەداخەوە لای بەشێکی زۆری گەنجەکانمان شیعر بریتییە لە دووبارەکردنەوەی واقیع، واتە، ئەوەی رۆژانە بەسەریدادێت ئیتر چ حاڵەتی رۆمانسی بێت یا کۆمەڵایەتی، رێك وەك ئەوەی " ئەدۆنیس " باسی لێوە

دەکات : ئەگەر شیعر دووبارەکردنەوەی واقیع بێت، واتە من جارێکی دی واقیعم بۆ خەڵك گێڕایەوە، کەواتە من هیچم نەکرد، ئەوانەی بەو شێوەیە لەشیعر گەیشتون، شیعر دووبارەکردنەوەی واقیع نیە،بۆیە دەبینی هەموو کورد بەشیعر دەست پێدەکات لەبەر ئەوەی ئێمە بەم شێوەیە لە شیعر گەیشتووین، کە ئەویش تەنها بۆ بەتاڵکردنەوەی غەریزەکانمان،وەك چۆن کەسێك لەبێدەسەڵاتیدا پەنا بۆ گریان دەبات، بەو گریانە خەفە دەبێتەوە شیعر نووسیش لای ئێمە وای لێهاتووە، دڵنیات دەکەمەوە هەمووومان تووشی نەخۆشی بەهەڵە لەشیعر تێگەیشتن بوین، رەنگە منیش یەکێك بم لەو کەسانە،لەدیداری گۆڤارێك ئێستە لەبەر دەستمدایە لەگەڵ شاعیرێکی گەنج، پرسیاری ئەوەی لێدەکەن " لەنوسیندا خەیاڵی یاواقیعی دەنووسی " دەڵێ " ئەوەی من دەینووسمەوە ژیانی راستەقینەی خۆم و تەواوی واقیع دەنووسمەوە " یان پرسیاری ئەوەی لێدەکەن " شاعیران و ئەدیبان هەموو لەژێر کاریگەری کەسێدا دەست پێدەکەن " ئەو دەڵێ " من کاریگەری یەك کەسم لەسەرە ئەویش خۆمم، کێشەکە لەوەدایە ئەگەر شاعیرییەت بەو شێوەیە بێت تۆ کاریگەری کەسی پێش خۆتت لەسەر نەبێ، واتە تۆ رابوردوی خۆتت نەخوێندوەتەوە، ئەوەشی گرفتە لای ئەو کەسان تائێستە وادەزانن وشەی " کاریگەر " مانی دزی ئەدەبییە،ئەمە حاڵی شیعرە لای ئێمە، من زۆرجار وتوومە بۆچی

" حەمە عومەر عوسمان " لە دوای نامیلکەی " لە غوربەتا " هیچی تری بڵاونەکردەوە، تۆ بڵێی لەم فەوزای شیعرەدا ئەو پیاوە نەتوانێ شتێك بنووسێ، یاخود بەرهەمی تازەی نەبێ، من لەنزیك و دوورەوە ئەو پیاوە ناناسم، بەڵام ئەوەی دەزانم، ئەو رێز لەشیعر دەگرێت و نایەوێ یاخود ئەوەی بەخەیاڵدا دێت نەبا ئەوەی دەشی نووسێ لەبەهای شیعریی " لەغوربەتا " دا بدات، کێشەکە لەوەدایە سنورێك نیە بۆ رێزگرتن لەشیعر،لە دونیای ئەدەبدا ناکرێ تۆ کاریگەریی کەست بەسەرەوە نەبێت، ئەی کەواتە ئەوشی دەینووسی جگە لەئیحساسێکی غەریزەیی گەنجانە و بەتاڵکردنەوەی ویست و ئارەزووەکانت هیچی ترنیە، بەڵام گرفتەکە لای گەنج نیە، گرفتەکە لای راگەیاندنی کوردیە بەو شێوە بەربڵاوە بازاڕی شیعریان کلۆڵ کردووە، خەڵکی وا هەیە لەمانگێکدا چوار یا پێنج بابەتی بەناو شیعر بڵاو دەکاتەوە، ئەمە کاریسەیە ئەزیزم بەسەر شیعردا هاتووە، ئەگەر بپرسین بۆچی تا ئێستا شیعرەکانی " نالی، محوی، سالم، گۆران، پیرەمێرد " یاخود بۆچی ئێستاش شاعیرانی قۆناغی شەستەکان " لەتیف هەڵمەت، شێرکۆبێکەس، عەبدوڵڵپەشێو، رەفیق سابیر و چەندینی تری پێش ئەمانمان لەبەرە، بەدڵنیاییەوە شیعر بەو شێوەیە کلۆڵ نەبوو، وەك ئەوەی ئێستا گەمە بە شیعرییەت دەکرێ، ئەگەر هەموو رۆژنامە و گۆڤارەکان بگەڕێنەوە و سوود لەو نەریتەی

گۆڤـاری " بـەیان " وەربگـرن، دڵنیـات دەکەمـەوە شـیعر ڕێـڕەوی راسـتی خـۆی دەگـرێ و بـەو شـێوەیەی ئێسـتا هـەموو کـورد خـۆی بەشاعیر دەزانێ، وانابێ.

**پ/ شیعری کوردی دوای راپەڕین بووەتە خاوەنی ئەزموونی تایبەت ؟**

وەڵام : پێش هەموو شتێك شیعر كاتێك دەبێ بە ئەزموون كە نەوەی دوای ئەو نەوەیە سوودی لێببینێ، ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە لەو فەوزا بەربلاوەی كە لەساتەوەختی راپەڕنەوە تاكو ئەمڕۆ دەینووسین،ببین بە خاوەن دیدگایەكی دیاریكراو، چونكە خودی راپەڕین ئەگەرچی خستینەیە بەردەم بەرپرسیارییەتێكی گەورەی كرانەوە بەڕوی دونیای دەرەوە و دەوروبەر، لەهەمان كاتدا تووشی گرفتێكی قووڵی دونیای رۆشنبیری كردین، ئێمە لەبەر ئەوەی خاوەن ئەزمونێكی دیاریكراو لە دونیای رۆشنبیریی و ئەدەبیات نەبووین، زۆر زەحمەتە لەو كاتەدا بەتایبەتی ئەوانەی نەیانتوانیبو سوود لە ئەدەبیات و رۆشنگەریی دونیا ببینن، هەروا بەئاسانی دونیای دەرەوە هەزمبكەن، گرفتەكە لەوەدابوو، ئێمە لەدونیایەكی داخراوەوە، رووبەڕوی دونیایەكی جیاواز بووینەوە، ئەویشێ لەڕێی بچوككردنەوەی دونیاو هێنانی دونیا بۆ ناو ماڵەكانمان، بەدڵنیاییەوە هەر نەتەوەو گروپ و لایەنێك بێت هەر ئەوەندەی ئێمەی لێ چاوەڕوان دەكرا، تۆ لەنێوان چواردیواری داخراودا بژی، ئەمە بەلایەك دابونەریتی كۆمەڵگاش لەحەرامكردنی گوتن و پرسیاركردن و دەیان حاڵتی تر، حەتمان چاوەڕێی چی لێدەكلرێ ن بۆیە ئەدەبیش بەدەر نەبوو لەو شێوە هەڵسوكەوتە و تووشی فەوزایەكی بەربلاو بوو، ئیدی شیعرو كایەكانی تری ئەدەب كەوتنەگێژاوی دووبارەبوونەوە و تێكهەڵكێشبوون لەگەڵ یەكتر، ئەوەی گرنگە لەدونیای رۆشنبیریی كوردی لە دوای راپەڕینەوە، خۆی لەتاكڕەهەندی شیعر و پیرۆك رزگار بكات و هەوڵبدات لە كایەكانی تری رۆشنبیریی كاربكات، فیكر، فەلسەفە، ئەزموونی رۆژنامەگەریی، لەبەرانبەردا ئەگەرچی دونیای رۆشنبیریی تووشی ئەو فەوزایەش بوو، بەڵام دواجار ئەو فەوزایەش دەیان دەرگا و جەدەلێ رووبەڕوو كرایەوە، بۆیە دەبینێن دونیای ئەدەبیات و رۆشنبیریی ئێستا لەساتەوەختی راپەڕین جیدی ترە، تەنها ئەوەنەبێ هێشتا نەماتوانیوە ژانری شیعر بگەڕێنینەوە دۆخی شیعرییەت، ئەویش بە پلە یەك گرفتەكە لای هەندێ لە رۆژنامە و گۆڤارەكاندایە، كە شیعری جیدی و ناجیدی یا خود شاعیر و ناشاعیر بەیەكەوە بلاو دەكەنەوە، ئەم حاڵەتە چەندە گرفتی كەسانی خۆ بەشاعیر زانە، هێندەی دیش، گرفتی پڕكردنەوەی رۆژنامەكانە،بۆیە بەدڵنیاییەوە ناتوانم بڵێم شیعری كوردی دوای راپەڕین بووتە ئەزموون، چونكە ئێمە پێش راپەڕین بەدەیان ئەزموونی شیعریی و شاعیری خاوەن ئەزموونمان هەیە كە لە پرسیاری پێشودا ناوم هێنان، من نكوڵی لەوە ناكەم دوای راپەڕینیش شاعیری لێهاتوومان هەیە،بەڵام

گرفتەکە لەوەدابوو، ئێمە لەو ماوە زۆری دوای ساتەوەختی راپەڕینەوە، هێندەی تووشی گرفتی رۆشنبیریی بووین، هێندە نەمانتوانیوە بەدوای دیدگاو ئەزموونی تایبەتی خۆماندا بگەڕێین،بۆیە بەبڕوای من هێشتا زووە بۆ ئەوەی بزانین شیعری کوردی دوای راپەڕین بووەتە ئەزموون یا نەء..

**پ/ دەربارەی پرسی بەجیهانی بوونی ئەدەبی کوردی، بەرای تۆ کێشەکە تەنیا نەبوونی دەقی مەزنە یاخود نەبوونی بازاڕی ئەدەبیشە؟**

وەڵام : یەکێك لە پرسە هەرە گەورەکانی ئەدەب ورۆشنبیریی کوردی ئەوەیە تا ئەم ساتەوەختە نەماتوانیوە ببین بە بەشێك لە دونیای ئەدەب و رۆشنبیریی جیهان، ئەم حاڵەتەش رەنگە بەشێکی زۆری خۆمان وەك نەتەوەی کورد لێی بەرپرسیار نەبین، بەو مەبەستەی کورد لەم نێوەندەدا نەتەوەیەکی سەربەخۆ نیە هەمیشە لەمپەری گەورەیان لەرێدا دروستکردووە و تەنانەت هەوڵیش دراوە مۆرکی نەتەوەیی لێ بسڕنەوە ، خاڵێکی تر ئەوەیە بەجیهانی بوونی ئەدەب لەسەر دوو بنەمای سەرەکی پێك دێت، ئەوانیش زمان و شێوە داڕشتن و تەکنیکە، رەنگە بەحوکمی ئەوەی لە دونیای ئەدەبیات و وەرگێڕاندا کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبی بەرچاو وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی ئێمە، بەڵام هێشتا بەو شێوەیە نیە کە کورد وەك نەتەوەیەك پێویستی زۆری پێیەتی، بو نمونە،چەند رۆژێکی دی لە وڵاتی سوید رۆمانووسی بەناوبانگی فەرەنسی " لۆکلیزیۆ" خەڵاتی " نۆبڵ " لەئەدەب وەردەگرێ،" لۆکلیزیۆ " یەکێکە لە رۆماننووسەبەناوبانگەکانی فەرەنسا و لەساڵی 1963 دەنووسێ و لەتەمەنی 23 ساڵی یەکەم رۆمانی خۆی بڵاوکردەوە، کەچی تائێستا ئێمە وەك نەتەوەی کورد هیچکام لە بەرهەمەکانی ئەم رۆماننووسە فەرەنسییەمان بەرچاو نەکەوتووە، ئەوەی لەهەموو ئەم حاڵەتانە گرفتترە لەبەردەم بەجیهانی بوونی ئەدەبی کوردی رۆڵی زمانە، لەساتەوەختی دەس بەکاربوونی بەنووسین یا بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی خۆی " گۆتە " نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی، پێی وابوو بەخراپترین زمانی دونیا دەنووسێ، ئەم بۆچوونەی " گۆتە " لەو دیدەوە نەبوو کە زمانی ئەڵمانی زمانێکی ناشرینە، بەڵکو لەو دیدەوەبوو کە زمانی ئەڵمانی لەو ساتەوەختەدا زمانێکی لۆکاڵی بوو، ئەدەب وزمانی دونیا بەو زمانە ئاشنا نەبوون، ئەوەی مەبەستە و بەڵکو زۆر گرنگە ئێمەش پێویستە لەهەوڵی ئەوەدابین زمانی کوردی لە چوارچێوە لۆکاڵییە رزگار بکەین و بە زمانەکانی دونیای ئاشنا بکەین، ئەویش لەرێی وەرگێڕانی بابەتە ناوازەکانمان، ئێمە وەك نەتەوە لەرووی داڕشتن و فۆرم و تەکنیکەوە، دەیان دقی ناوازەمان

هەیە،بۆیە حەقوایە بەتایبەتی لەم ساتەوەختەدا کە دونیای میدیا و راگەیاندن و بچوکبوونەوەی جیهان رۆڵیکی گرنگیان هەیە لە گەیاندنی بابەتەکان بەزوترین کات،ئاورێك لەو دەقە ناوازانە بدەینەوە و بیانگۆڕینە سەر زمانەکانی دونیا، بەبڕوای من گرنگترین هۆکار بۆ ئەم مەبەستەو دەیان مەبەستی تر ئەوەیە لە قوتابخانە و پیمانگا و زانکۆکانمان زۆر گرنگی بە زمامی بێگەنە بدەین و هەوڵبدەین سوودیان لێ وەربگرین،بەتایبەتی زمانەکانی " عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی،ئەگەر لەکتێبخانەکانی دونیا بڕوانی،کورد وەك نەتەوە کلۆڵترین نەتەوەی سەر رووی زەمین لەرووی زمانەوە و بەدەگمەن نەبێ بابەتی زۆربەکەمی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی تری دونیا،ئەم حاڵەتە هۆکارێکی سەرەکیە لەبەردەم نەبوونی ئەدەبی کوردی بە ئەدەبێکی جیهانی.

**پ/ تۆ وەك شاعیرێك گەر لێت بپرسن : لەنێوان هونەرەکانی مۆسیقا، رەنگ، هێڵ، جوڵە، شیعر، کامیان باشتر دەتوانن رازەکانی مرۆڤ بڵێن؟**

وەڵام : ئەگەر بەوردی لەم رەگەزانە بدوێین،دەبێ ئەوە بزانین هەریەك لەم رەگەزانە بەجۆرێك لەجۆرەکان گوزارشت لە حاڵەتێکی تایبەتی دەکات، راستە ئەم رەگەزانە هەموویان هونەرن، بەڵام دواجار لەسیاقی ماناو دەلالەتەکانی خۆیاندا هەریەك ئەرکێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی لەناویاندا رەگەزێکی جیایە ئەوە شیعرە و ئەوشیعرەش ئەگەر دیوە فیکریی وستاتیکی تەکنیکەکەی نەبێ تەنها فاکتەرێکە لەهونەرەکانی تر جیادەکاتەوە،ئەویش فاکتەری زمانە، چوون زمان مانا و دەلالەت و فۆرمەکەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت و دواجاریش هەر بەشیعر دەمینێتەوە، رەنگە ئاسان نەبێت لەناو هەریەك لەم رەگەزانە ئینسان یەکی لەم رەگەزانە جیابکاتەوە و بەباشترینیان لەقەڵەم بدات،دواجار ئەگەر ئەم پرسیارە لەهەر شاعیرێك بکرێت،دڵنیام ناتوانێ بەراورد لەنێوانیاندا بکات، چونگە تایبەتمەندی شیعرو شاعیر، لەهەموو ساتەوەختێکدا ئەگەر شاعیرانە بیر بکاتەوە - ئەوا بە دڵنیاییەوە هەموویەکی لەم رەگەزانە وەك زنجیرە بەیەکەوە گرێدراون و یەك تەواوکەری ئەوی ترن،لەبەر ئەوەی بەدەیان پارچە موزێك هەیە تۆ وەك شاعیرێك دەتوانی لەگەڵیا بژیت و رەگەزێکی زەرورییە شاعیر لەدونیایەدا بتوانی دەیان حاڵەت بدۆزێتەوە، بەهەمان شێوە رەنگ، یەکێك لەبنەماسەرەکییەکانی گەڕان بەدوای مانا ستاتییەکانی شیعر لەناو رەنگدا حزوری هەیە، بەتایبەتی لەتابلۆی تجریددا، من خۆم قەت لەبیرم ناچێت لەیەکێ لەتابلۆ تەجریدییەکان وێنەیەکی شیعرییم

تیا دۆزییەوە، بەهەمان شێوە هێڵکاری، رەنگە هێڵکاری زۆر نزیکتر بێت لەهونەرەکانی تر لەشیعرەوە، چونکە بەجۆرێك لەجۆرەکان هەریەك لەو هێڵانەی لەو تابلۆیەدا بەدی دەکرێ، دونیایەك لێکچون هەیە لەگەڵ وێنەیەکی شیعری، بۆیە ئەوەی بەرێزت باست لێوە کردووە هەریەك لەم رەگەزانە راستەوخۆ گوزارشت لەحاڵەتە ئینسانیەکان دەکەن و هەموویان یەکتر تەواو دەکەن و مومکین نیە شاعیر بێ گرنکیدان بەیەکێك لەم رەگەزانە بتوانێ دەقێکی شیعری زیندوو بنووسێت ، چونکە خودی شیعر پەیوەستە بەحاڵەتە ئینسانیەکانەوە، ئەوەی شیعر لەو چوارچێوەیە دەرکات،شیعر دەباتەوە دۆخەسیاسی و بەئامرازبوون، ئەدۆنیس سەبارەت بەشیعری شۆڕشگێر دەڵێ " شیعری شۆڕشگێڕ جگە لەشێوەیەکی ساختەی شیعر شتێکس تر نیە."، بۆیە ئەو رەگەزانە هەریەك لای خۆیەوە گوزارشت لەحاڵەتە ئینسانیەکان دەکات، بۆیە شیعریش ئاوێکە لەو هەموو هونەرەوە رژاوەتە دونیای خەیاڵ و ئیحساسی ئینسانەوە.

**پ/ گوایە شاعیر خۆی دەنوسێتەوە، تۆ لەگەڵ ئەم رایە تەبایت، تۆ دەتوانیت باوەڕ بەوە بکەیت شاعیرەکان هێندەی خەیاڵکانیان جوانبن ؟**

وەڵام : ئینسان بریتییە لە کۆمەڵێك یادەوەری و ژیانکردن لەناو تایبەتمەندی واقیع،بۆیە دەگەڕێمەوە سەر قسەیەکی " ئەدۆنیس " کە دەڵێ " هیچ زمانێك هەرچەند ئاستی شیعری بڵند بێت ناتوانێت گوزارشت لە واقیع بکات، زمان بێتوانایە لە ئاستی جەستەی مرۆڤ، چونگە ئەو جەستەیە بێکۆتاییە، زمان تەنها دەتوانێت کۆتایی بناسێت، نەك ناکۆتایی " دیارە خودی مرۆڤیش پەیوەست بەجەستەوە، جەستەش وەك ئەدۆنیس دەڵێ ناکۆتایە و بەردەوام لە جوڵەدایە، زمانیش ناتوانێ گوزارشت لەو جوڵە ناکۆتایە بکات، ئەو کەسانەی بەناوی شیعرەوە واقیع دەگێڕنەوە یاخود خۆیان دەگێڕنەوە، ئەوە تەنها دووبارەکردنەوەی جوڵە کۆتاییەکانی واقیع دەگێڕنەوە، دواجار شیعر بریتی نیە گێڕانەوەی واقیع وەك ئەوان دەڵێن، راستە ئێمە کە لەناو پرۆسەی کۆتایی واقیعدا دەگوزەرێین وناتوانین بەشێوەیەکی گشتی واقیع فەرامۆش بکەین، بۆیە ئەرکی شیعر ئەوەیە بتوانین لەناو شتەکاندا دونیایەك بدۆزینەوە کە واقیع درکی پێنەکردبێ، یان ئەرکی زمانە لەناو کایە جیاوازەکانی شتدا دونیایەك دروست بکات لەو دونیایەی خۆمانی تێدا دەگوزەرێین جوانتربێت، ئەگەر لەناو زماندا رۆشنبیرییەکی فرەڕەهەند نەبێت بتوانێ نامەئلوف بکات بەمەئلوف،ئەوا شیعر جگە لەو وێنە سواوانەی کە رۆژانە لەواقیعدا بەرچاومان کەوتووە، دەبێ چیتر بێت، ئەگەر شاعیر


www.dengekan.com
8/7/2012

بیەویٚ لەرِێی هەندیٚ لەیادەوەرییەکانی خۆیەوە، یادەوەری بەشیعر بفرۆشێتەوە بەسەرماندا،ئەوا دەبیٚ ئەوانەی یادەوەرییەکانی خۆیان دەنووسنەوە ناویان لێبنەین چی ؟، کەواتە شتێك نیە لەدونیای شیعردا ناوی خۆنووسینەوە بێت،بەداخەوە دونیای ئەدەبیات و شیعر بەتایبەتی لای ئێمە خەریکە مصداقییەتی خۆی لەدەست دەدات، هەموو گرفتەکەش ئەوەیە، هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ شیعر دەکات و کەس لەئاست ئەم قسە نامەتیقییانە نایاتەگۆ.

کاتیٚ شاعیرەکان هێندەی خەیاڵەکانیان جوان دەبێت، کە خاوەن بگگراوندێکی فیکریی و مەعریفی بن، چونکە تایبەتمەندی خەیاڵجوانی پەیوەستە بەهوشیاری فیکریی و مەعریفیەوە ، " ئەفلاتون " ئەگەر خاوەن ئەو فیکر و دیدگا رۆشنگەرییە نەبوایە، نەیدەتوانی سەرەتا بەخەیاڵ کورسی دروست بکات و پاشان لەسەر ئەرزی واقیع دروستی بکاتەوە، زمانی شیعری زمانی دەربرِینەکانە و زمانێکی " خارق " ە، دەتوانیٚ لەناو شتەکاندا شت دروست بکات،هەر شتێك خەیاڵ دروستی بکات، هەرگیز ناتوانریٚ لەسەر ئەرزی واقیع هێندەی خەیاڵ جوانبکریٚ، هەر ئەوانەی خۆیان دەنووسنەوە، ئەوە خەیاڵی خۆیانە یادەوەرییەکانیان پێدەنووسێتەوە، بۆیە خەیاڵی ئەوان هەرهێندە لەدونیای ئەدەب دەگات،

دیداری کوردستان راپۆرت

سەبارەت بە ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی کوردی

سازدانی : سۆران عەزیز

**کوردستان راپۆرت : لەو پرسیارەوە دەستپێدەکەم، کۆمەڵی چەمکی وەك " داهێنان خوێندنەوەی دەق، هەڵوەشاندنەوەگەرایی " خزاوەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، هەروەك چۆن پێشتر " وجودییەت، چەپگەرایی، ئەدەبی بەرگری " هەبوو، ئەمانە لانی کەم کاری پێکراوە وەك میتۆدی فیکری، لەکاتێکدا بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێت وەك خۆی کاری پێنەکراوە؟**

وەڵام : رەنگە تێگەیشتن و پرسیارکردن سەبارەت بەتایبەتمەندی ئەدەب لەخستنەڕووی هەندێ چەمکی دیاریکراوی رۆشنبیریی و دروستبوونی گرفتی تێگەیشتنی جیاواز بۆ چەمکی ئەدەب، کارێکی قورس بێت و هەروا بەئاسانی نەتوانرێ لە کۆی ئەم چەمکانە، چەمکێکی جیاواز بۆ ئەدەب دیاری بکرێت، بۆیە تێڕوانینی جیاواز و قسەکردن بەو رەهایە کارێکی حەتمی نییە، ئەو بۆچوونانەمان لا دروست دەکات کە تا دەمرین بە دوای خۆماندا دەگەڕێین، بەڵام کەزانیمان ئێمە کێین دەمانەوێ بمرین، ئەم دیاردەیەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ئەدەبی ئێمە لە کێشەیەکی گەورەدایە و لە گەڕانێکی بێهودەدایە بە دوای ئەو گرێ " ئۆدیب " یەی کە، " من کێم " ە.

بەم شێوەیە ئەو پرسیارە گوومان لەتێگەیشتنی راستی سەبارەت بە ئەدەب دروست دەکات و هێندە بیر لەجیاوازی چەمکەکان وەك گوومانکردن ناکاتەوە، بەڵام نەك گوومانی دیکارتانە دەکەین ئەوەندە بیر لە ئەدەبێکی سەربەخۆ ناکەینەوە وەك ئەوەی ئەدەب دەتوانێ لە هەموو کایەکانی رۆشنبیریی کاریگەریی هەبێ.

دواتر پرسیارێکمان لا دروست دەبێت کە لەنێوان ئەدەبدا، رووپۆشێکی نامەنتیقی دەنوێنێ، بۆیە دەبێ ئەوە باش بزانین هەموو ئەو چەمکانە لە ناو ئەدەبدا بوونیان هەیە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کاتێ ئێمە خاوەنی ئەو تێگەیشتنە جۆراوجۆرانە نەبین، ئەو پرسیارانەش دروست دەبێت.

ئەگەر لەباگراوندی ئەدەبی خۆمانەوە قسەیەك لەسەر داهێنان و نوێخوازی بکەین حەتمەن کاریگەریی کولتووری خۆرئاوا و دووروبەری بەسەرەوە هەیە.

لەلایەکی ترەوە دروستبوونی ئەم پرسیارە لەبیری ئێمەدا خۆی لەخۆیدا هەڵوێستەیەکە لەبەرانبەر جیاوازی قۆناغ و ئەدەب وەك کایەیەکی فیکری کە ئێمە پێویستە لە دیوە بەسەرپچووەکەی بگەین کە بەتەحدید لەفیکری خودی ئەدەبەوەبێت، بۆیە پرسیاری ئەدەب لەئەدەب دونیایەك جیاوازی فیکری و تەکنیکی وبابەتی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.

" رۆلان بارت " کاتێ قسەلەمەرگی نووسەر دەکات، بەو شێوەیە دەڵێ " نووسین لەو ئاستەدا نابێ هەموو دەنگە رەسەنەکان وێران بکات، بەڵکوو نووسین ئەو شوێنە بێ لایەن و ئەو کەشتییە تاریکەیە کە خودی تیا ون دەبێت کە لەسەرەتاوە بیر و جەستەمانی تیا ون دەبێت ".

بۆیە ئەو بۆچوون وقسەکردنە لەسەر ئەدەب وەك کایەیەکی فیکری و مەعریفی لەهەر قۆناغێك و بە چەمکێکی جیاواز، گەڕانی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام شێوازی خستنەگەڕی فیکر و زمان و تەکنیك وفەنتازیا، هەریەك بەشێوەیەك هەڵگری فەلسەفە و بیری ئەفسانەیی جیاوازن، کەواتە ئێمە دەتوانین بڵێین کۆی ئەو چەمکانە لای ئێمە وەك پرسیار و چ وەك گوومان و گرفت قسەی لێدەکەوێتەوە، هەموو ئەدەبی جیهان بە ئەدەبی کوردیشەوە ئەگەر راستەوخۆ کاری لەسەر نەکردبێ، ئەوا کاریگەریی ئەدەبی جیهان و دەوروبەر وایلێکردووە بێ ئاگایی کاری لەسەر بکات، وەك چۆن جەنابت لەسەرەتاوە باسی کاریگەریی " بوونگەرایی " چەپگەرایی " ئەدەبی مقاوەمەت " تت، کردووە ئاوهاش ئەو چەمکانەی دی بوونیان هەیە.

**كوردستان راپۆرت : دەوێرین بڵێین دەقی ئیبداعیمان هەیە كە سیحری ئەوەی تێدابێت لەگەڵ ئەدەبی دووروبەری خۆمان بیكەینە تەرازووەوە، ئایا ئەدەبی بەراوردكاری خۆی شتێكی موومكینە؟**

وەڵام : ئەگەر بەوردی قسە لەسەر داهێنانی ئەدەبیاتی كوردی بكەین، دەبێ هەموو وردەكاریەكان رەچاوبكەین، تاكوو بزانین چەمكی داهێنان لە كوێدا ئەدەب وەك زمان و تەكنیك دەگرێتەخۆ، سەرەتا دێین پرسیاری ئەوە لەخۆمان دەكەین، ئایا داهێنان لای ئێمە چیە ؟ ئایا تایبەتمەندی داهێنان تەنها لەجیاوازی تەكنیك و فۆرم و بیروڕادایە یان چی ؟ ئایا داهێنان وەك چەمك چۆن سەری هەڵدا ؟ چۆن بوو بەپێوەرێك بۆ ئەدەبێكی سەركەوتوو، كە دواجار ئەم چەمكە بەبێ وجود خۆی خزانە ئەدەبی ئێمەوە.

من ناڵێم لە ئەدەبی ئێمەدا داهێنان وەك بەشێك لە پێوەرەكانی داهێنان وجودی نییە، بەڵام دەتوانم وەك تێگەیشتن لە چەمكی داهێنان بە مانا گشتییەكەی رەنگە زۆر بەكەمی بوونی هەبێ، ئەوجار دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی كە خودی داهێنان تێگەیشتنێكی بەربلاوە، ئەوە ئێمە نین قسە لەبوونی داهێنان یاخود نەبوونی داهێنان دەكەین، بەڵكوو ئەوە خودی ئەدەبە لەڕێی تواناكانی زمان و تەكنیك و مەعریفە و فیكرەوە قسەی لێدەكات، پاشان قسە لەبەشێكی داهێنان وەك چەمك دەكەین كە ئەویش تەكنیك وفۆرم و ستاتیكایە كە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا بوونی هەیە و لەو رووەوە ئەدەبی ئێمە توانیویەتی گۆڕانكاریی ریشەیی بەسەر ئەم رەوتە بكات ، زۆرن ئەو رۆمان و چیرۆك و شیعرانەی لە چوارچێوەی ئەدەبی ئێمەدا وەك بەشێك لە داهێنان دەقی سەركەوتوویان خستووەتە بەر دەستی خوێنەری كورد و هەریەك لەم ژانرانە لەقۆناغە جیاوازەكاندا كاریگەریی راستەوخۆیان هەبووە بەسەر ئێمەوە، نمونەش " لەخەوما " ی " جەمیل سائیب " و " ژانی گەل " ی ئیبراهیم ئەحمەد و " سەگ وەڕی " موكری " شیعرەكانی " پەشێو " " لەتیف هەڵمەت "..........هتد، دەپرسین ئەگەر داهێنان تەنها لەسیاقی فۆرم و تەكنیك و ستاتیكادا بێت، باشە جگە لەخۆمان وەك كورد كێ ئەم بابەتانە دەبینێت ؟ تاكوو بخرێتە خانەی داهێنان یا نە ؟ ئەمە ئەسڵی پرسیارەكەیە، ئەگەر بەبراورد لەگەڵ دەقە جیهانیەكان ئەم بابەتانە بخەینەڕوو، ئایا داهێنان بەمانا گشتییەكەی ئەدەبی كوردی لەكوێدا خۆی دەبینێتەوە ؟ بێشك ئەم پرسیارە دەمانباتەوە بەردەم كۆمەڵێك مەرجی دی لە مەسەلەی داهێنان، لەوانە بیروبۆچوونی جیاواز لەوەی پێش خۆی بەمانا زمانەوانی و تەكنیكییەكەی، دیارە ئەدەبی كوردی وەك پێشتر ئاماژەم پێدا لەبەشێكیدا وجودی خۆی

بسەڵمێنێ، بەڵام ئەوەی گرفتە لە ئـەدەبی ئێمـەدا، رۆڵـی زمانـە کـە بتوانێ ئەدەبی کوردی بـەدونیا بناسـێنێ، گرفتەکـە لەوەدایـە ئێمـە رۆشنبیریمان رۆشنبیرییەکی عەرەبیە کەچی نـەمانتوانیوە بەشـێکی بـاش لەبابەتـە ناوازەکانمـان وەرگێڕینـە سـەر زمـانی عـەرەبی، هـەر هـیچ نـەبێ ئـەدەبی کوردی لـەو فۆرمـە لۆکالیـە رزگاربکـەین و بـە بەراورد لەگـەڵ ئـەدەبی دەوروبـەر شـەڕی فیکـر و مەعریفـە بکات، ئایا ئەدەبی کوردی تاکوو ئەمڕۆ توانیویەتی ببێتە خـاوەن داهێنـان ؟، ئەمـــەش پرســـیارێکی گرنگەکـــە پێویســـتە لـــەنێوان داهێنـــان و بـەدونیایکردنی ئـەدەبی کوردیـدا هەڵوێسـتەی لەسـەر بکـەین کـە ئەدەب و فیکرمـان پێوەی دەنـاڵێنێ ، بـەراوردکردنی ئـەدەبی ئێمـە لەگـەڵ ئـەدەبی دونیـا، لـەرێی زمانـەوە دەکـرێ، دیـارە کـە دەڵـێین بـەراورد، نـەك بـەمانا کلاسـیکییەکەی، بـەڵکوو بـە بـەراورد لەگـەڵ ئەو بەرەوپێشەوەچوونەی کە ئەدەبیاتی دونیـا بەسـەر قۆناغەکانـدا دابەشـکردوە، وەك ئـەوەی لەپرسـیاری یەکەمـدا باسـی بونگـەرایی و ئەدەبی موقاوەمەت دەکەیت.

بۆیـە دەپرسـین کـام لـەو دەقانـەی کـە کاریگـەریی بەسـەر ئێمـەوە هەیـە و تـاکوو ئـەمڕۆ لـە فـەزای ئـەدەبیاتی ئێمـەدا بـە نـەمریی ماوەتەوە و توانیویەتی بـە بـەراورد لەگـەڵ شـیعرێکی گۆتێ یـاخود رۆمانێکی مارکیز یا کۆنتەرگراسـدا بـەراورد بکرێـت، ئـەم نموونانـە وامـان لێدەکـەن کـە بڵـێین ئـەدەبی کـوردی لەبەشـێکی بچـووکی داهێنانـدا بـەدووی خۆیـدا دەگـەڕێ و هێشـتا نـەیتوانیوە بـەمانا بەربڵاوەکەی لە چەمکی داهێنان نزیك بێتـەوە، داهێنـان بەرلـەوەی کـردەی بیروبۆچـوونێکی تایبـەت و بارگـاوی بـەفیکر و مەعریفـە بێت، دەبێ سنووری خەیاڵ و زمانیش ببەزێنێ.

کوردســتان راپــۆرت : چــۆن دەتــوانین بــەراوردێك لــە نێــوان دوو چــەمکی نوێخــواز و داهێنانــدا بکــەین لــەنێو ئــەدەبی کوردیــدا، لەکاتێکـدا ئەمـە زۆر بـۆ ئـەو کەسـانەی لـەنێو ئـەدەبی کوردیـدا بەرهەمیان هەیە ؟

سەرەتا بۆ ئەوەی بەسـەرەقەڵەمێك بـاس لەنوێخوازی بکـەین دێـین بـــاس لەپەیوەنـــدی نێـــوان شـــیکردنەوەی گووتـــاری ئـــەدەبی و بوونگەرایی دەکـەین کـە هـەردووکیان لـەدەرەوەی سـنووری جیهـانی زماندان و هەردوو ئـەم کایەیـە زانسـتی زمانیـان گەیانـدە چـەندین زانسـتی مرۆڤایـەتی و کۆمەڵایـەتی و سروشـتی، هەرچـەندە تیـۆری شـیکاریی کووتـار پەیوەسـتە بـە حاڵـەتێکی تایبـەتی دیکۆمێنتی بـە بـەراورد لەگـەڵ بوونیادگـەریی، بـەڵام جیاوازییـەکی ئـەوتۆی نیـە سەبارەت بە پەیوەستبوونی بە چوارچێوەی زانستی زمانەوە.

" جـابر العصـفور " دەڵـێ " کـاتێ هـزر توانـای هەسـتکردن و تێگەیشتن و شـیکردنەوەی لـە ئاشـکراکردن و داهێنـانی دەبـێ، واتـە مومارەسەی کردەی داهێنان دەکات.

بەرلەوەی قسە لەسەر هەردوو ئەو چەمکانە بکەین، دەبێ بڵێین هەریەك لەم دوو چەمکە تێگەیشتنێکی جیاوازی هەیە و هیچ کات ئەم دوو چەمکە بەبێ یەکتری ناتوانن لەناوەندی ئەدەبیدا هەڵبکەن، بەشێکی کاریگەری نوێخوازی لەپەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ داهێنان بەدیوێکی تر وەك ئەوەی لەپرسیارێکی دیدا باسم لێوەکرد کە داهێنان لەچوارچێوەی تەکنیك و فۆرم و ستاتیکا دا سنووری زمانەکان دەبەزێنێ و کردیەکی جیاوازدەبێت لەوەی تا چەند کاریگەریی ئەدەب و کولتووری جیهان و دەوروبەری بەسەرەوەبێت، ئەوەی بەڕێزت وەك گرێیەك باسی لێوە دەکەی هیچ پەیوەندی بە کێشەی دەروونییەوە نییە، ئەوەندەی کێشەی تەکنیك و گەیاندنی دەقە لەرێی زمانەوە، بۆیە هیچ ئەدەبێك لەسیاقی یەك زمان و فۆرمدا نابێتە ئەدەبێکی داهێنەر، بەڵام لەچوارچێوەی برەودان بە زمان و تەکنیك و ستاتیکا، رەنگە هەڵگری تێگەیشتنێکی نوێخوازی بێت، بەڵام خودی ئەو نوێخوازیە بەشێوەیەکی گشتی لە ئەدەبی کوردیدا، ئەدەبێکی بەراورد نییە بە فیکر و مەعریفە، بەڵکو ئەدەبێکە سوودی لەئەدەبی نوێخوازی دونیا بینیوە، بۆیە سوود وەرگرتن لە ئەدەبی ئەوی دی کارێکی رەوایە هەر نەتەوەیەك بیەوێ سوود لە کوولتوور و ئەدەبیاتی دونیا وەربگرێ ئەوا بێشك مانای دانانە بەوی دی، کەواتە سوود وەرگرتن لەوی دی، دەوڵەمەندکردنی کایەی ئەدەبی و رۆشنبیریی ئێمەیە لە گۆشەنیگای ئاڵوگۆڕە فیکریەکانی قۆناغی ئەدەبیاتی دونیا.

**کوردستان راپۆرت : هاتنی چەمکی جیهانگەرایی دەرگای بەڕووی هەموو شتەکاندا واڵاکرد و نهێنی و سیحری نەهێشتۆتەوە بۆ دەق، بەپێچەوانەوە بۆچونێك هەیە کە جیهانگەرایی هەرچی زیاتر شتەکانی کاڵتر و بێ بەهاترکردووە ؟.**

سەرەتا ئاماژە بەوە دەدەم کە بەشێکی زۆری پرسیارەکەت لەسیاقی رۆشنبیریی گشتیدایە، چوون پرۆسەی جیهانگیریی راستەوخۆ پەیوەست بە ئەدەب نییە بە تەنها.

دواتر ئەو بۆچوونەی بەڕێزت ئاماژەی پێ دەدەی هێندەی قسەی خوێنەری ئاساییە، ئەوەندە قسەی خوێنەری جیدی نییە ، بۆ ئەوەی زیاتر قسە لەو بارەیەوەی بکەین، دەبێ ئێمە باش بزانین کە ئێمە دوو جۆر خوێنەرمان هەیە، یەکەم خوێنەری جیدی : ئەو جۆرە خوێنەرانەن کە رۆژانە ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی دونیان بە ئەدەبیشەوە، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی شەستەکان کە هێشتا پرۆسەی جیهانگیریی دەرنەکەوتبوو لەو ناوەندەدا ، ئەدەبیش ئەو تەقینەوە فیکریی و مەعریفییەی بە خۆیەو نەدیبوو، بۆیە جیهانگیریی بواری بۆ گواستنەوە خێراکان رەخساند، وەك " عەلی حەرب " لەکتێبی " کۆتاییەکان " دا دەڵێ : "بەردەوامی

جیهانگیریی لەرێگەی ئاڵوگۆڕ پێکردنی بەهاوکێشە ژمارەییەکان گۆڕانی لەدیمەنی جیهان بەدی کرد و لەگەڵیا پەیوەندی لەگەڵ شتەکان و بوونەوەرەکان و زەمەن و شوین و ئابووری و مەعریفە و رۆشنبیریی گۆڕا ".

ئەم خوێنەرانە پێچەوانەی ئەو رایەن کە ئەمەیان بەلامەوە زۆر گرنگە، دیارە بەردەوامی جیهانگیریی لای کەسانی رۆشنبیر سەرنج و رای جیاوازی هەیە، بەڵام نەك ئەوەی جیهانگیریی نهێنی و سیحری بۆ دەق نەهێشتوەتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوەندەی ئەدەبی نوێخواز لەئاکامی گەشە و گۆڕرانکارییە زانستی و فیکریی و مەعریفییەکان سەریهەڵدا، نیو ئەوەندە ئەدەبی پێش جیهانگیریی ئەو سیحرەی تێدا نەبوو، ئەمەش بەو مانایە نییە کە من هەموو دەقە ئەدەبیەکانی پێش شەپۆلی جیهانگیریی رەتبکەمەوە،ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبی جیهان و لەسیاقی مێژووی سەرهەڵدانی جیهانگیریی لە ئەدەبی جیهان بڕوانین، زۆرن ئەو شیعر و چیرۆك و رۆمانانەی خوێنەریان بەدوای نهێنی سیحری دەقدا سەرسامکردووە، بێشك لەو جۆرە دیدانەش لە ئەدەبی کوردیدا هەیە.

خوێنەری دووهەم : ئەو جۆرە جوێنەرە ئاساییەنەن کە بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری گۆڕانکارییە فیکری و مەعریفییەکان نین و دێن بە بەراورد لەگەڵ بەشێك لەدەقە کلاسیکیەکاندا، ئەدەبی نوێخوازی بە ئەدەبێکی کرچ وکاڵ دەشوبهێنن، گرفتەکە لەوەدایە ئەوەی ئاگاداری گۆڕانکارانکارییەکان نییە، ئەو بۆچوونەی بەرانبەر ئەدەبی نوێخواز دەبێت کە خوێنەری ئاسایی لێی تێناگات، هەر بۆیە زۆرجار ئەو خوێنەرانە پرسیارێکی نامەنتیقییەکان هەیە، ئەویش بۆ لەو دەقانە ناگەین، ئەی بۆ کێ دەینووسن.

من وای دەبینم ئەوە کاڵبوونەوەی نهێنی سیحری دەق نییە، بەڵکوو کاڵبوونەوەی ئەو رۆشنبیرییە چەقبستووی ئەوانە کە رەنگە گرژیی و ئاڵۆزی سستم و قورسی باری ژیان بواری نەدابن بە بەردەوامی موتابەعەی گۆڕانکارییەکانی دونیا و دەوروبەر بکەن.

دیارە نهێنی سیحری دەق لەوەدایە خوێنەر سەرسام بکات و بەدوای ئە نهێنیانەدا بگەڕێ کە لەو دەقە ناوازانەدا وجوودی هەیە کە بە ئاسانی خۆی تەسلیمی خوێنەرناکات،هەندێ جار ئەو دەقانە دەیان تێگەیشتنی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە کە ئەمەشیان ئەوەندی تر خوێنەری جیدی بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات، بەڵام ئەو زمانەی لە دەقە سەردیەکاندا بەدی دەکرێ، هەست دەکەی کارەکتەرەکانی ئەو دەقانە لە خودێتی نووسەر دەربازیان نەبووە، جیاوازی دەقی نوێخواز لەگەڵ دەقی کلاسیك ئەوەیە نووسەر چۆن بتوانێت لەنێوان هەموو کارەکتەرەکاندا کەسێکی غائب بێت و چەندین

تەرحی جیاواز لە فۆرم و زمان و تەکنیك لە تایبەتمەندی هەموو کارەکتەرەکاندا هەبێ .

**کوردستان راپۆرت : پرسیارێك لە دەرەوەی بابەتەکە هەیە، دەمانەوێ پرسی تیرۆر موناقەشە بکەین لە رووی ئەدەبییەوە، لەکاتێکدا ئەم چەمکە تەنها لەنێو کایەی سیاسیدا کاری لەسەر دەکرێت، گوومانیش هەیە کە هەمووومان ریکەوتننامەیەکمان مۆرکردبێت لەسەر پێناسەیەك بۆ تیرۆر، ئایا چۆن دەتوانین لەرووی ئەدەبەوە لەم چەمکە حاڵیبین ؟.**

وەلام : کاتێ بمانەوێ بەدیوە ئەدەبیەکە قسە لەسەر تیرۆر بکەین، دەبێ بزانین تیرۆر تەنها لەیەك روانگەیەوە تەماشا نەکەین کە تیرۆر تەنها تیرۆرکردنی جەستەیە، یاخود تەنها گووتارێکی کوێرانەی توندوتیژەو کاریگەری بەسەر چەمکەکانی دیەوە نییە، دیارە ئەم تێروانینە هەڵەیەو بە درێژایی مێژوو هێندەی کاریگەری ناجێگیریی بەسەر چەمکی رۆشنبیریی و خودی ئەدەبەوە هەبووە، هێندە کاریگەری بەسەر جەستەوە نەبووە، ئەگەر بە ویژدانەوە قسە لە ئەدەبی بەرنگاریی بکەین، دەبێ باش بزانین سەرهەڵدانی ئەدەبی مقوەمەت لە ئاکامی تیرۆرکردنی زمان و عەقڵ و مەعریفەوە بوو کە گووتاری شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەقۆناغێکی دیاریکراودا بەهاکانی جوانی و زمانی ئینسانی و خودی شیعرییەتی کردە قوربانی ئەو شەڕە ناجێگیرەی کە دەرئەنجام شیعرییەت و ئەدەبەت بەگشتی جێگەی خۆی بۆ گووتاری حەماسی چۆڵ کرد.
رەنگە بە حوکمی ناونان هەندێ کەس بۆچوونەکەی منیان بەلاوە پەسەند نەبێ و وای بۆنەچن کە ئەدەبی مقاوەمەت ئاکامی کاری توندوتیژی و حەماسەت خولقێندا بەرپا دەبێت.
دیارە تیرۆر بریتیە لە قبوڵنەکردنی ئەوی دی و لەبەرانبەردا هەوڵدەدات تۆش بەهەمان و زمان و عەقلییەت کاردانەوەت هەبێت، ئەمە بۆخۆی هەوڵێکە بۆ کوشتنی رۆحی ئینساندۆستی لەسیاقی دونیابینی تۆدا رەنگ دەداتەوە کە مەبەستی لەپشتەوەیە، چەکەرە کردنی زمانی ئاگرین لە ناخی تۆدا، ئەمە وای لەئەدەبی ئێمەکرد ئەم کاردانەوەیە لە بەرنامەماندا گەلاڵەبێت و دواتر ئەدەب بەئاراستەیەکی دیدا ببات، تیرۆرکردنی جوانیەکانی ئەدەب و لەقاڵبدانی زمان دەبێتە مایە سەرهەڵدانی بیریی تۆڵە لەزمانی ئەدەبدا.
ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ رەوشی ئەم چەند ساڵەی دوای رووخانی بەعس بەگشتی و لەشارەکانی ناوەڕاستی عێراق و بەغداد بەتایبەتی لە گەڵ شارەکانی کوردستان لە رووی ئاسایشەوە، دواتر بەراورد لە نێوان گووتاری ئەم چەند ساڵەی ئەدیبەکانی عێراق

بکەین، دەبینین شەڕو تیرۆر ئامادەگی بەردەوامی لە دەقاکانیاندا هەیە، ئەوەی ئەم ساڵ لەدەقی بەشێکی زۆر لەشاعیرە عەرەبەکانی عێراق بەدیمکرد، شیعرییەت و زمان و فیکر، دۆخێکی نا ئارام و دڵەڕاوکێی پێوەدیاربوو کە حزوری تێرۆر لەو ناوچەیەدا جوانیەکانی مرۆڤ و رۆمانسییەتی کوشتبوو ، بەپێچەوانەوە، توندوتیژیی چەتریان بۆ گووتاری توندوتیژیی هەڵدابوو کە خۆشیان لەبەر ئاگری ئەو گووتارەدا رۆحێکی شکستخواردووبون.

ئەم حاڵەتانە ئەدەب ناچار دەکات گوتاری خۆی بگۆڕێت و هەموو بەها ئینسانییەکان بخەتە خزمەتی بیریی توندوتیژیی و ئەدەب بچێتە خزمەتی جەنگ و بۆنی خوێن بگرێت، بۆیە دەبێ ئەوە بزانین، تیرۆر جگە لەوەی لەهەر قۆناغێك ناوێکی تایبەتی و دیار هەڵدەگرێت، ئەم ناونانە قۆناغ و سستمی سیاسی دەیسەپێنێ و لەهەموو کایەکانی مرۆڤایەتیدا هەوڵی بنبڕکردنی گووتاری مرۆڤدۆستی دەدات، بۆیە کاتێ قسە لەسەر ئەدەب دەکەین، هیچ کات ناتوانین یەك مانا و دەلالەت و تێگەیشتن بە ئەدەب ببەخشیین، لەبەر ئەوەی لە دونیای ئێمەدا بوونی هەیە، زۆرجار بەبێ ئیزنی خۆمان لە ئیحساساماندا هێلانەی خۆی دەکات و گەرا دەکات، ئەگەر خودی چەوساندنەوە و بێنرخکردنی ئێمەوە نەبوایە، کە هەزاران ئینسانی تێدا کوژرا، ئەوەی جیاوازی لەو قۆناغە و ئێستادا هەیە، دەکرێ جیاوازیەکان تەنها لەناونانەکەدایە، ئەوانەی ئێمەیان دەکوشت جاران قووەخاسە بوون، بەڵام ئێستا تیرۆریستن، ئەگەر ئەو رەتکردنەوەیە نەبوایە، بۆچی ئەدەبی کوردی گووتاری مرۆڤدۆستانەی بە گووتارێکی ئاگرینی شۆڕشگێڕانە دەگۆڕێ، کەواتە ئەوەی دەتوانێ ئەدەب دووربخاتەوە لە وەرگرتنی فیکریی توندوتیژیی، خودی رۆشنبیرە، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ گووتاری سۆزداریی و کاریگەریی ئەخلاقییاتی ناونان لە ئەدەب لە هەر قۆناغێکدا بۆ هەر ناوێك و تاوانبارکردنی لەژێر ناوی سیاسی جۆراوجۆر.

## دیداری رۆژنامەی کوردستان راپۆرت
## سەبارەت بە رەخنە و قۆناغی ئیستای ئەدەبی کوردی

سازدانی رابەر فاریق

**پ : کوردستان راپۆرت : رەخنەچیە ؟**

وەڵام : بۆ ئەوەی لەئاسایی کردنەوەی پرسیاری " رەخنەچیە " بگەین، دەبێ سەرەتا پرسیاری ئەوە بکەین رەخنەگر کێیە ؟ و تێگەیشتنمان بۆ جۆری رەخنە و دیدە جیاوازەکانی رەخنە چیە ! و ئاماژەکان چین دەمانبەنەوە بەردەم جۆر و جیاوازی رەخنە لەدونیای ئەدەب و سیاسەت، دیارە بەرێزت مەبەستت لە دیدی رەخنەی ئەدەبییە.

سەرەتا رەخنەگر ئەو کەسەیە کەبە دیدێکی رەخنەگرانەلە واقیع دەروانێ، واتە،تا جولەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هەبن، رەخنە دیدێکی ئامادەیە لەو دونیا بەرفراوانەدا، بۆیە ئێمە ناتوانین لەبەردەم پرسیارێکی لەو جۆرە مجرەد لە ئاماژە و دیدی جیاواز یەك جۆر تێڕوانینمان بۆ چەمکی رەخنە هەبێت، ئەوجار ئەگەر رەخنە هەڵگری جۆرێك لە فاکت و میتۆد و مەعریفە نەبێت، ناتوانی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە لە خۆ بگرێ کە ئاماژەم پێدان، دەبێ بڵێین دیدی رەخنە لە ئەدەبدا دیدێکی ئینسانیانەی هەیە، وکار لەسەر مانا شاراوە ودەنیا جیاوازەکانی دەق دەکات کە زۆر گرنگە رەخنەگر ئەو مەرجانە لەدەقی رەخنەکەیدا هەبێت، بەوەی رەخنەگر کار لەسەردونیابینی دەق دەکات کە فەزایەکی مەعریفی فەلسەفی تیا بخاتەڕوو، ئەم فەزاگەلە رەنگە لەهەندێ دەقدا بەئاسانی نەتوانری تەئویلی بکەیت یان پەی پێبەری، گرنگی رەخنە لەوەدایە ئەو کۆدەشاراوانە کەشف بکات و دونیایەکی جیاواز و دیدێکی جیاوازی بۆ دونیا هەبێ کە لەتایبەتمەنی واقیع دوربخرێتەوە و شوین و زمانێکی سیحریی تیا دروست بکات کە هەندێ جار خودی دەق پەی پێنەبردووە و نووسەریش بیری لێنەکردووەتەوە، نەك لەسەر دیدی نووسەر، بۆ ئەوەی لەم حاڵەتە بگەین، دەبی بڵێین، لەدونیای ئەدەبیاتی کوردیدا تا کۆتایی سەدەی بیستەم رەخنەی کوردی کاری لەسەر جۆری بیرکردنەوەی نووسەر دەکرد کە ئەمەیان هێندەی ئاماژەیە بۆ جۆری بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیانە و تاکەکەسی، هێندە کاری لەسەر ناوەڕۆك و دونیابینی دەق ناکات.

بەڵام ئەمڕۆ دوای ئەوەی ئەدەبی کوردی و خودی رەخنە لەسیاقی بابەتیانە و دونیابینی دەق دەکات، وەك ئەوەی دەقی کوردی لە چ

ئاستێکی جیاواز بەمیتۆد و تێڕوانینی دونیادا بێت، کە ئەمەیان دونیایەك بۆچوونیفیکری جیاواز لەجۆری بیرکردنەوە دەخاتەڕوو، دواجار رەخنە چیە ؟! یان کاری چیە، ئەو کار لەسەر جیاوازی دەنگ و جۆری دونیابینی دەق دەکات و لەناو خودی دونیای دەقدا، دونیایەك بۆ قسەکردن بەجێ دەهێڵێ کە رەخنە جارێکی دی قسەی خۆی هەبێ، ئەمە جگە لەوەی رەخنە کار لەسەر میتۆدی رەخنەگرانەی خۆی دەکات کە تیشك دەخاتە سەر جیاوازی فیکر و کیشە ناجۆرەکانی دونیای بیرکردنەوە و حاڵەتە نێگەتیڤەکانی دەق کە ئەرکی ئینسانیانەو فیکری خۆی لەدەست داوە.

رەخنەدەتوانێ تێڕوانینێکی سایکۆلۆجیانەی بۆ دەق هەبێت، بەڵام ئاخۆ ئەم جۆرە رەخنانە چ خزمەتێك بە دەق و خودی رەخنە دەگەیەنن ؟، ئەوەی مەبەستە بیڵێین ئەمەیە، رەخنە کار لەسەر ماناو دەلالەتەکانی دەق دەکات کە لەرێگای زمان و خەیاڵ و بوونیادی عەقڵییەوە کار لەسەر کراوە، بۆ ئەوەی واقیعیانە لەدەق نەڕوانین و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی گشتی واقیع پەراوێز نەخەین، دەڵێین ناکرێ دەق هەڵگری تێڕولنینێکی سەرتاپاگیری واقیعیانە بێت و لەهەمان کاتیشدا دەق ناتوانی بەگشتی پشت لەواقیع بکات، چونکە خودی دەق بەپێوەرەکانی رابوردوو ئاماژە بە نووسین دەدات، بەوەی زمان و خەیاڵ هەرچەندە دەربڕی دونیابینی تازەن، بەڵام خەیاڵ و مەعریفەی زمان و عەقڵ بەشێوەیەك لەشێوەکان لەناو خودی رابوردوودا بیردەکەنەوە و دەنووسن، ئەمە وادەکات هەم بچونی تازە و هەم لەناو خودی واقیعدا کاربکەن، ئیدی رەخنە کار ئەوەیە ئەو موفارەقە پێکاتەیە هەست پێبکات و جیاوازیەکان بخاتەڕوو، ئەگەر قسە لەسەر ئەوەش بکەین کە رەخنە بەچ میتۆدێك کاردەکات و لەسیاقی ئاماژەکانیدا چ ئیزافەیەکی پێیە، دەبێ بڵێین رەخنە هەلچگری رەهەندێکی مەعریفی و ئاماژەییە کە دەرئەنجامی ونبوونی فاکتەکان و هاتنە ناوەوەی دیدی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ناجۆرەوە کە دەق بەرەو تێڕوانینی ناجۆر و جیاواز لەئەرکی ئەدەب و مرۆڤدۆستانە دەبات و ئاماژەکانی رەخنەش ئەو فەزا ونبووەی دەق دەخاتەڕوو کە لەئاکامدا رەخنە، رۆشنبیرییەکی رەخنەییە.

**کوردستان راپۆرت : ئێمە بۆ ئەوەی لە دوو چەمکی لەسەر نەنووسراوی وەکو " رەخنە " و " راڤە " تێبگەین، بەتێڕوانینی تۆ پێویستە داوای کۆمەك لەچی بکەین تاکوو هەم ببین بە خاوەنی رەخنەیەکی فرەرەهەند و فرە میتۆد و گشتگیر و تێکاریی باڵا، هەم راڤەکانیش لەو سنوورە قەتیسماوە رابپچڕین بۆ نێو فەزاگەلێکی تر ؟**

وەڵام : دەبێ لێرەوە قسە لەو پرسیارەی بەڕێزت بکەین، ئایا دەقی ڕەخنە چ ئاماژەیەکی لەپشتەوەیە، یاخود چۆن جیاوازی لەنێوان ئەو دوو شێوە نووسینە دەکەین، یاخود کامیان خزمەت بە ئەدەبیاتی کوردی دەکەن ؟پێشتر لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم لە جیاوازی زمان و تێگەیشتن لە ڕەخنە لە دوو قۆناغی جیاوازدا کرد،بەوەی ڕەخنەی کوردی لە قۆناغێکدا هێندەی قسەی لەسەر نووسەر بوو، بە حوکمی ئەوەی خاوەن ئەو ڕوئیا و تێڕوانینەیە، هێندەی بەلای دەقدا نە دەڕۆیشت، بەڵام دەقی ڕەخنەیی ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە زۆر گرنگی بە ڕوئیای کارەکتەرە جیاوازەکان کە دەق لەڕێگەی جیاوازی دید و سایکۆلۆژییەت و تێڕوانینە جیاوازەکان دروست دەکات، کە ئەمەیان ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت بۆ دیدە جیاوازەکان و کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی دونیابینی و تاك ڕەهەندی کارەکتەر و بەرەوپێشەوە چوونی ئەدەب لە دونیای ڕۆشنبیریی ئێمەدا کە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆرۆشنبیری دروست دەکات.

ئەوەی دەکرێ ئەمڕۆ قسەی لەسەر بکەین، زمان و جیاوازی ڕەخنە و جۆری  ڕاڤەکردنی دەقە، کە ئەمەشیان بەگرنگییەکی بەرچاو خزمەت بە دەق و ئەدەب بەگشتی دەکات، بەڵام هەندێك لەو ڕاڤەکردنانە جۆراوجۆرن کە دەکرێ بڵێین هەندێکیان پەیوەندیان بەراڤەکردنی ئەدەبییەوە نییە، هێنیدەی وەك حاڵێتێکی سایکۆلۆجی و دیدی سیاسی ئاماژەیان پێدراوە، زۆرجار لەوتاری سیاسی ناتوانن خۆیان ڕزگاربکەن و زمتنیان دەبێتە زمانی سیاسیەکان، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم جۆرە ڕاڤەکردنانە جۆرێکن لەفەراغی ڕەخنە بەمانا زانستی و فیکرییەکەی کە دونیایەکقسەی جیدی لەسەر جیدیەتی ڕەخنە بەدوای خۆیدا دێنێت، هەر ئەم جۆرە شێوازی ڕاڤەکردنانە ئەو دیوە ناجۆرەنە لای خوێنەری ئێمە دروست دەکات کە ڕەخنەی جیدی بەمانا مەنتیقییەکەی لە واقیعی ڕەخنەی ئێمەدا ونە، دیارە لەپاڵ ئەم جۆرە ڕاڤەکردنانەوە کێشەیەکی ترمان هەیە، ئەویش ڕۆڵی موجامەلەکردنە لەدونیای ڕەخنەی ئێمەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و دیدی خوێنەری جیدی ئێمەی لەبەرانبەر ڕەخنە ناشرین کردووە، بۆیە هەندێ لەو بەناو ڕەخنەگرانە بەمەنتیقی خۆ دەربازکردن لە نیگەرانی و زوێری نووسەر و تێگەیشتنی ناجۆر لەرەخنە و دواتریش شەرمکردن و تەفسیری ناجۆر کەباڵی بەسەر عەقلییەتی بەشێك لەنووسەران و ڕەخنەگرانی ئێمەدا گرتووە، لەبری ڕەخنەی جیدی پەنا بۆ ئەم شێوازە نووسینە دەبەن کە لە بنەڕەتدا کاریگەری زۆر خراپی بەسەر ئەدەب و ڕەخنەی کوردی بەتایبەتی هەیە، کە دەڵێم ڕەخنەی جیدی لەم ڕووەوە کە بەشێوەیەکی مەعریفی لەناوەڕۆکی دەق دەدوێ، بۆیە هەندێجار ئەم مامەڵەکردنە لەبەر حاڵەتی لاوەکی و پەیوەندی کەسێتی

دروست دەبێت، ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکرێت شتێك نییە لەنێوەندی ئەدەبی و خودی رەخنەدا ناوی داکۆکیکردن بێت ئەوەی هەیە بۆ ئەوەی ئەم کایەیە بە دارشتنێکی بابەتیانە بخەینەڕوو کە دوور بێت لە وێناکردنی مەنتیقی موجامەلەکردن و دڵشکاندن و شەرم، ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ تێگەیشتنی رەخنە، ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە ئێمە گۆمەڵگەیەکی شەرمنین و بەردەوام کەسایەتی شەرمن بەرهەم دێنین و نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لگەڵ دەقدا بکەین، بۆ ئەوەی لەم شێوازە خۆمان رزگار بکەین و هەوڵبدەین دەق لەدونیابینی خۆیدا بخەینەڕوو، دەبێ نووسەر وەك تەنیا خاوەنی نووسینەکە تەماشا بکەین، چونکە دواجار دەق ئاماژەی تایبەتی خۆی هەیە و بەدەیان رەهەندو دەلالەتدا دەمانبات، ئەم ئاماژەو دیدانەش بەشێکی گرفتی واقیعە و بەشەکەی تری گرفتی زمان و روئیای خەیاڵ و مەعریفەیە، ئەگەر ئێمە نووسەر لەدەق جیانەکەینەوە ناتوانین لەتایبەتمەندی دەق بگەین، کەواتە رەخنەی جیدی ئەو شێوە مامەڵکردنەیە لەگەڵ دەق، ئاکام تاراڤەکردنی نامەنتیقی نەخەینەلاوە، ناتوانین خاوەنی دید و رەخنەی زانستی بین و لەراڤە و سادەگۆیی راڤەکردن رزگارمان نابێت.

**کوردستان راپۆرت : ئەوانەی لەئەدەبیاتی کوردیدا وەك رەخنەگر ناسراون، هەمیشە ئەلتەرناتیڤ دەهێننەوە لەکاتی گرتنی رەخنە لەدەقێکدا، لەباتی هەڵکۆڵینی خاکی هەمان دەق، بەو کارەیش وەها دەنوێنن کەوا خاوەنی خەیاڵی بەرفراوان و مەعریفەی لەبننەهاتوو و ئەزموونێکی قوڵبن لەبواری رەخنەگرتندا، پێتوایە دەق لەهیچ کاتێکدا پێویستی بە ئەلتەرناتیڤ " بدیل – پاساو " هەبێت، یاخود دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ کاری یەکێکی تر بەنێو " بەدیلکار " ؟.**

وەڵام " ئەم پرسیارە دونیایەك موفارەقەی فیکری و رۆشنبیریی هەندێ جاریش دووفاقی لەپشتەوەیە، بەوەی نووسەری جیدی و سادەگۆمان هەیە و نەمانتوانیوە لێکیان جیا بکەینەوە، هەندێك جار کەسانێك هەن هیچ باگراوندێکی رۆشنبیریی و مەعریفییان نییە، هاوکاتیش مومارەسەی کاری رەخنەگری لەسەر دەق دەکەن و دواجار ئەوەی خۆیان بڕوایان پێی نەبێ ئەلتەرناتیڤی بۆ دەدۆزنەوە و بەتێگەیشتنی ئەوان گۆڕانکاریی لەدەق دەکەن، یاخود دەقە لەوەهمی نووسین رزگاردەکەن، ئەمە بەشێکە لەو گرفتەی کە دونیای ئەدەبی ئێمەی پێدا تێدەپەڕێ گرفتە ئەو کەسانە بەم شێوەیە لەنووسین و رەخنە دەڕوانن، کاری رەخنەگر نییە هەڵەی تەکنیکی و مەعریفی بۆ نووسین راست بکاتەوە، کێشەکە لەوەدایە

ئەم دووجۆر نووسینە واتە نووسینی رەخنەی جیدی و ناجیدی جیانەکراوەتەوە، بۆیە دەبینی لەزۆر شوێندا ئەم جۆرە تێڕوانینەش بەرانبەر خودی رەخنە بوونی هەیە، دواجار گرنگە بۆ رەخنەگر دونیابینی و مەعریفە لەپشت دەقەکەیەوە هەبێت و وبتوانی لە هەندێ حاڵەتدا ئەویش بە پشت بەستن بە زانستی رەخنە و ئەرکی سەرەکی رەخنە جیاوازی دیدی هەبێ سەبارەت بە کەمووکوڕییەکان لەرووی فیکر و مەعریفەو زمانەوانییەوە، بەڵام لەناوەندی ئەدەبی ئێمەدا ئەوەش هەیە کە ئێمە بیروبۆچوونی جیاوازی یەکتری قبوڵ ناکەین و هەموو روئیاو بۆچوونەکانی رەخنەگر بە ئەلتەرناتیف لەقەڵەم دەدەین، ئەم تێڕوانینەش بەردەوام گرفتێکە لەم ناوەندەی ئێمەدا.

زۆر گرنگە ئێمە دوای رەخنەی بابەتی هەست بەراستی ئەو تێڕوانینەی رەخنەگر بکەین و هەوڵبدەین لە داهاتوودا بەو فۆرم و تێڕوانینە نەنووسین کە رەخنەگر ئاماژەی پێداوە، لەهەمان کاتدا راستیەکانی رەخنەگر بەهەند وەربگرین لەو گۆشەنیگایەوە لێی بڕوانین مەبەست لەم کاری خزمەت گەیاندنە لەپێشدا بۆ نووسەر و پاشان بۆ ئەدەبی کوردی، بەداخەوە هەموو ئەم حاڵەتانە هەست پێدەکەین و سوور دەزانین تێڕوانینی رەخنەگرانەی رەخنەگر راستە، بەڵام هەست بەو راستیانە ناکرێ و بەچاوی دوژمن و کەسی لەخۆبایی و نازانم چیتر تەماشا دەکرێ، کاتێ باسی رەخنەی بابەتیانە دەکەم و دەڵێم لە رووی فیکر و مەعریفەوە، مەعریفە بەو مانایە نا تێگەیشتنی خۆی بەسەر دەقدا بسەپێنێ، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە نووسەر هەوڵ بدات لە ئیلتیزامی ستراتیجی تاك رەهەندی و ئایدیۆلۆژی خۆی رزگار بکات، چونکە دواجار ئەو دەقە لەخزمەتی حەقیقەتی ئەدەبدا نابێ، بەڵکوو لەخزمەتی ئایدیۆلۆژیادا دەبێت، هەندێجار کەسانێك بەوە ئاماژەت پێدەدەن کە ئایدیۆلۆژیاش بەشێکە لەفیکر، بەو شێوەیە ئەو دەقە لەنەمریی مجرد دەبێ و ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا بەدی دەکرێ شێوە گوتنێکی بێ بنەماو بێ مەعریفەی سەیری هەیە، بۆیە جەوهەری نووسینی جیدی و رەخنەی جیدی تووشی پرسیارگەلێکی لەو شێوەیە دەبێتەوە، لەم وڵاتەی ئێمەدا بەداخەوە خەریکە نووسین و کار ئەدەبیاتیش دەبن بە کاریی پیشەیی و نووسەریش دەبێتە فەرمانبەر و رۆژانە تەنها کارو فەرمان جێ بەجێ دەکات و دێت لەبری نووسەری جیدی و خاوەن ئەزموون قسە لەسەر دەق و ئەدەبیاتی کوردی دەکات.

کارەساتە ئێمە وەزارەتی رۆشنبیریی و دەزگاگەلی رۆشنبیریمان هەبێ و فەرمانبەرەکانی بە نووسەر و رۆژنامەنووس ئەژماربکرێن کە هیچ پەیوەندیك ئەوان بەرۆشنبیریی و رۆژنامەنووسییەوە نابەستێتەوە کەچی ئێستا ئەوانیش بوون بە بەشێك لە

رۆشنبیریی کورد و لەبری تۆ قسەیان لەسەر رۆشنبیریی کورد هەبێ.

زۆر گرنگە لە ناوەندی ئەدەبیدا ململانێیەکی فیکریی و مەعریفی هەبێ و هەوڵ بدرێ دەرئەنجامی ململانێکان گوتارێکی مەعریفی هاچەرخ بونیاد بنەین لە ئاکامدا خزمەت بەم ناوەندە بکات، بۆیە دەبێ ئەوە بزانین ئەم ئەرکە لەم قۆناغەدا قوورسە و هەوڵی جیدی رۆشنبیریی جیدی دەوێ تا ئەم پرۆسەیە سەربگرێ چونکە لەهەر قۆناغێکدا رەخنەی جیدی هەبوو لەبەرانبەریشدا رەخنەی ناجیدی و بێبنەما هەیە، " هایگەر" دەڵێ " لەهەرشوێنێك مەعریفە وجودی هەبێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبەنگی و گەمژەیش بوونی هەیە " بۆیە ممکین نییە بەگشتی لەرەخنە رازی بیت، چونکە لەبەرانبەررەخنەگری جیدی ئەلتەرناتیڤێکی سادەگۆ و بێ مەعریفە سەرهەڵدەدات، ئەم حاڵەتە لەزۆربەی وڵاتانی دونیا بوونی هەیە بەتایبەتی لەوڵاتە تەقلیدیەکاندا، ئەمەش دەرئەنجامی تێنەگەیشتن لە ئەدەب و کرانەوەیان بەرووی سستمە جیاوازەکانی دیموکراسی و مۆدێرنەو سکولاریزم سەرهەڵدەدات، رەنگە کەسانێك هەبن پەیوەندی ئەم سستمانە بەیەکەوە هەزم نەکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دونیای سیاسەت و مۆدیرنە و سکولاریزم لە پەیوەندییەکی قوڵدان بەیەکەوە، ئەوەی ئەم دونیایانە بەیەکەوە گرێ دەدات جۆری بیرکردنەوە کۆمەڵ و تاکە کە دەرئەنجام لەهەموو روویەکەوە تێگەیشتتەکان دەردەکەون، تێنەگەیشتن لەم سستمە جیاوازانە و هەزمنەکردنی گرژی و ئاڵۆزی ئاڵۆزی لەبیرکدنەوەمان دروست دەکات.

**کوردستن راپۆرت : رەخنەگری ئەدەبی کوردی بۆ ئەوەی لە گۆمی جنێو بپەڕێتەوە و تەماشای خودی " رەخنە " بکات وەکوو چەمکێکی دەشت لێ نەدراو، وەها دروستە هەنگاوە سەرەتاییەکانی هەڵگری قورسایی کام تایبەتمەندی بن ؟ پێتوایە تا ئێستە رەخنەگرێکی مەوزوعی هەڵکەوتبێت لە نێوەندی ئەدەبیاتی کوردیدا؟**

وەڵام : ناکرێ ئێمە هەموو نووسەر و رەخنەگرانی کورد بخەینە نێو قەفەسی تاوانەوە و بە جنێوفرۆشیان لەقەڵەم بدەین، ئەمە گوناه کردنە بەحەقی خەڵکی رۆشنبیر بەمانا زانستییەکەی، بەڵام راستە زۆرجار لەو جۆر بابەت و نووسینانەمان بەرچاو دەکەوێ، بەبڕوای من ئەو جۆرە لەنووسینە ناچنە خانەی رەخنە و نووسینەوە، ئەوانە نووسینی بازاڕین، ئیتر ئەڵێی چی ئەمە حاڵی ئەم ناوەندەی ئێمەیە بواریان بەم کەسانەداوە، ئەم حاڵەتە بەشێکی زۆری دەرئەنجامی شکستی رۆحی و کەسێتی ئەو جۆرانەن کە تەنها بە زمانی جنێو گۆشکراون،کە ریشەیەکی قوڵی

کۆمەڵایەتی ناسەقامگیریان هەیە، خاڵێکی تر لای ئەوجۆرە نووسەرانە کاتێ دەقەکەی رووبەروی رەخنە دەبێتەوە، کە هێندەی خەمی ئەوەیەتی بە ئیجابی لەسەر دەقەکەی بنووسرێ، نیو ئەوەندە خەمی بوونی رەخنە و مەهامەکانی رەخنەی نییە، ئەو غرور و عەزەمەتی روحییە رێی پێنادات رەخنەگر راستگۆیانە لەدەقەکەی بڕوانێ، ئەمە بۆخۆی گرفتی کەسانێکە بەداخەوە هەندێ جار رەخنەش بەو زمانە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە، ئێمە لەبەر ئەوەی روئیایەکی دونیابینی و عەقلانیمان بۆ تایبەتمەندی ئەدەب و رەخنە نییە، بێشك لەو نموونانەشمان بەرچاو دەکەوێ، دەبینی ئەو جۆرە کەسانە بەوشێوەیە لە رەخنە دەڕوانن و وای دەبینن کە ئیتر ئەم رەخنەگرە زمانی رەقە یاخود رقێکی لەپشتەوەیە، ئەزیزم قەت ئەوە کاری رەخنە نییە درۆ لەگەڵ دەقدا بکات، بۆیە لەئاکامدا ئەوەی بەم شێوەیە لە رەخنەدەگات، رەخنەگر دەخات نێو قەفەسی تاوانەوە، گرفتێکی گەورەیە ئێمە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ رەخنەدا بکەین، بۆیە دڵنیام ئەو کەسانە لە تایبەتمەندی رەخنە نەگەیشتون و تابەو شێوەیە بنووسن ئامادەنین رەخنەقبوڵ بکەن، لێرەوە دێن لەموناسەبە و بێ موناسەبە وەلامێکی نامەنتقیت دەدەنەوە کە هەندێ جار مەبەستیانە رەخنەگربخزێننە ئەو هاوکێشە سەخیفەوە، من خۆم چەندجار ئەو کارەیان لەگەڵ کردووم تا کار گەیشتوەتە ئەوەی بەناوی خوازراوەوە قسەی نابەجێیم پێبڵێن، نەریتی جنێو لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ریشەیەکی مێژووی قوڵی هەیە و دەرئەنجامی ئیفرازاتی کۆمەلایەتی و ململانێی سیاسی و جیا نەکردنەوەی ئەدەب لەسیاسەت سەری هەڵداوە، رەگە هۆکارێکی تریش هەبێت نەریتی جنێوفرۆشی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا سەری هەڵدابێت، مەسەلەی کەمی رەخنەی ئەدەبی جیدی و کارنەکردن لەسەر دەق لەرەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ئەمەش بۆخۆی دەرئەنجامی تێنەگەیشتنە لە چەمکی رەخنە، هەممو دەزانین کەمن ئەو رەخنەگرانەی لەناو تایبەتمەندی دەقدا کاردەکەن، بۆیە راستەو خۆ دێن کار لەسەر خودی نووسەر دەکەن و نووسەر دەدەنە بەر رەخنە و هەندێ جار قسەی نابەجێ لەسەر نووسەری دەق دەکەن، ئەمەش گرفتە لە رەخنەی کوردیدا، بۆیە کاتێ رەخنەگری جیدی دەڵێ ئەمە شیعر نییە یا ئەمە چیرۆك نییە یا رۆمان، مەبەست لەوە نییە سوکایەتی بەنووسەرەوە بکات، بەپێچەوانەوە، ئەو دێت راستییەکان دەخاتەڕوو تا نووسەر بەدوای ئەم بۆچوونەدا بگەڕێت و بزانێت ئەم بۆچوونە لەکوێوە سەری هەڵداوە، بۆیە زۆر گرنگە رەخنەگر و نووسەر بەرۆح و زانست مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا بکەن و لەچوارچێوەی ئەو مامەڵەکردنەدا بەر لەهەموو شتێك دەبێ روئیایەکی قووڵی زانستی و رۆشنبیریی هەبێ بۆ ئەو دونیا سیحراویە کە دەبێ هەموو ژیانی بخاتە خزمەتی ئەدەبەوە، پاشان

بەبوونی رەخنەگری مەوزووعی، بە دڵنیاییەوە لەهەموو قۆناغێکدا رەخنەگری مەوزووعی هەیە، هەندێ جار لەبێ رەخنەگریدا نووسەرەکان خۆیان رۆڵی رەخنەگریان هەبووە و لەدەقەکانیاندا دیارە رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، بەڵام تاچەند کاریگەریی هەبووە، ئەمەیان بۆخۆی پرسیارەو دەکرێ ئاماژە بەنەبوونی ئەو رۆڵە وەك پێویست بدەین، ئەگەر بپرسین بۆچی رەخنەگری جیدی لە دونیای رۆشنبیریی ئێمەدا بەشێوەیە لەشێوەك " ونە " ؟ ئەمەیان دواتر ئەگەڕێمەوە سەری، ئەگەر سەرنجێکی خێرای قۆناغی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابووردووی رەخنە و ئەدەبی کوردی بدەین، رەنگە بەجۆرێك لەجۆرەکان رەخنەمان هەبووبێ، بەڵام جۆری رەخنە لە چ ئاستێکدا بوو ؟ ئایا رەخنەی ئێمە لەو قۆناغەدا دیدێکی بوونگەرایی هەبوو هەبو یاخود میتۆدی و مەعریفی، ئەدەبی کوردی لەو قۆناغەدا خاوەن دیدێکی واقیعیانە بوو، واقیعی ئەدەبی ئەوسا، واقیعێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو، بەو پێیەی هێندەی گوزارشتی لەواقیعی سیاسی دەکرد، هێندە بەلای دیدە ستاتیکی و مرۆڤایەتیەکاندا نەدەچوو، چونکە خودی تاکی کورد بێ ئاگایی دەستی سیاسەتی سەرکوتکەرانە بوو، بۆیە رەخنەگری کوردی دیدی جیاوازی نەبو بۆ ئەدەبی مقاوەمەت، ئەمەش خەلەل دروست دەکات لە تێگەیشتن بۆ ئەدەب، لەم حاڵەتەدا رەخنەگری مەوزوعی بەمانا ئینسانییەکەی سەرهەڵدادات، پاشان نووخبەیەك لە رۆشنبیران بەناوی " روانگە و تەلیعییەکان " پەیدابوون، هەربۆیە دواجار دەرکەوت دەقەکانی ئەمان مەوزوعیانە تربوون لە بابەتی هەندێك لەبابەتی رەخنەگرەکان، بەوەی ئەدەب رێچکەیەکی تری گرتەبەر و لەبەرانبەردا چرسیارلەجۆری نووسینەکانیان دەکرا و بەوە تاوانباردەکران کە ئەدەبەکەب ئەمان گوزارشت لەواقیعی کورد ناکات، چونکە ئەم نەوەیە زیاتر جەختیان لەسەر مەسەلەی ئینسانی و خودی ئینسان بوو لە بە واقیعیکردنی ئەدەب، بەڵام لە واقیعی ئێستای ئەدەبی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو ئەگەر بوونی هەیە، بۆ مەسەلەی ونبوونی رەخنەی جیدیش، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چەمکی رۆشنبیریی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو ئەگەرچی فەوزایەك دونیای ئەدەبیاتی ئێمەی گرتووەتەوە، بەڵام ئەو فەوزایە شەپۆلێك گۆڕانکاریی لەگەڵ خۆیدا هێنا، راستە ئەو فەوزایە کاریگەری خراپی لەسەر ئەدەب دروست کردووە، بۆیە رەخنەی جیدیش لەنێو ئەو فەوزایەدا ونە، بەڵام خوێنەری جیدی بەدیدێکی سەردەمیانەوە لە رەخنەی جیدی ئەڕوانێ، دەرئەنجام هەر ململانێ فیکرییە رەخنەی جیدی لێ دەکەوێتەوە، نەك تێڕوانینی قبوڵنەکردنی رەخنە، بەڵام زۆری لەزۆری گۆڤارو رۆژنامە وکتێبی سادەگۆ خەلەلێکی گەورەی لەناوەندی رۆشنبیریی دروست کرد کە بازاری

فیكر و رۆشنبیریی بەداخەوە بووەتە جۆرێك لە بە بازرگانی كردن بە چەمكی رۆشنبیریی، هۆكارێكی دی، ئەوەیە جیانەكردنەوەی خوێنەری جیدی و ناجیدی، بۆیە دەپرسم كێ خویچنەری جیدی و كێ نا جیدیە، دیارە ئەو خوێنەرە جدیانە كە مەبەستیانە ئەدەبی كوردی بەرەو پێشەوە بەرن ن ئایا ئەو هێزە بەناو رۆشنبیرانەی لە دەزگا بەناو رۆشنبیرەوە خەریكی مشەخۆرین لە ئاست ئەم پرسیارە چی دەڵێن ؟، هەندێكیان لە ئاست ئەم مەسەلەیە بێدەنگن، هەندێكی تریان بە حوكمی ئەوەی خوێنەری جیدی نین و لەراستیدا كاری رۆشنبیری كاری ئەوان نییە، دەڵێن لەو رەخنە و لێكۆڵینەوانە تێناگەین، لە ئاكامدا لەنێوان فەوزای رۆشنبیریی بەلایەك تێڕوانینی جدیانەی رۆشنبیر و مشەخۆرەكاندا ئەم پرسیارە جەوهەری خۆی لەدەستداوە، زۆر گرنگە ئێمە بزانین ئەم پرسیارە كێ دەیكات و ئاماژەكان چین لەپشت ئەم پرسیارەوە، ئایا نەبوونی رەخنەی جیدی لە روانگەی رۆشنبیریی جیدییەوە هەڵسەنگێنین یاخود بە عەقلییەتی بێ مەعریفەی مشەخۆرەكان.

**كوردستان راپۆرت : رەخنەلێگیراو هەمیشە وەكوو ئەوەی گوللەیەك بەر سنگی دەقەكەی كەوتبێ وەها لە رەخنەگر دەڕوانێت، رەخنەگریش رەخنە كانی دەخاتە نێو فەزایەك بە نێوی " پیرۆز " یی، هۆكاری رەتكردنەوەی بەرانبەر لەلایەن رەخنەگر و رەخنەلێگیراو لە ئەمڕۆی ئەدەبیاتی كوردیدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

وەڵام : هۆكارەكان زۆرن وەكوو پێشتر لە وەڵامی پرسیارێكدا ئاماژەم پێدا، یەكێك لەو هۆكارانە شكستی دەروونییە لای تاكی كورد كە دەبێتە مایەی نیگەرانی و قبووڵنەكردنی بیروڕای جیاواز، ئەم دیدە بە زۆری لەنێوان نەوەكاندا حزووری هەیە، هەمیشە نەوەی كۆن لەدیدو بۆچوونەكانیدا بە حوكمی ئەوەی كەسایەتییەكی خاوەن ئەزموونە لەو بوارەدا، نەوەی نوێ قبوڵ ناكات، لەهەموو دونیادا ململانێی فیكریی لە نێوان ئەم دوو نەوەیەدا بوونی هەیە، بەو پێیەی نەوەی نوێ خاوەن تێڕوانینێكی نوێیە، كەچی ئەم حاڵەتە سایكۆلۆژییە رەخنەی كوردی تووشی گرفت كردووە، دواجار دەبێ ئەوەش بزانین بیریی رەخنەیی بەدید و تێڕوانینی دەق نانووسرێتەوە، ئەمە وای كردووە جۆرێك لەنا تێگەیشتن لە رەخنە سەرهەڵبدات، بەدرێژایی ئەو بابەتە رەخنەیانە لەسەر چەندین بابەت نووسیومە، دوو نووسەر كە رەخنەشم لەكارەكانیان گرت، كەچی زۆر بەدڵێكی فراوەنەوە وەریان گرت و زۆر ئاسایی بوون، بۆیە من حەزدەكەم ناویان بهێنم، ئەوانیش " فەیسەڵ هەمەوەندی + سیامەندهادی " بوون،

که هێندەی تر لەبەرچاوم گەورەبوون، بۆیە دەتوانم لێرەدا بڵێم بەئاسایی بوونی رەخنە لای نووسەر، دەرگەی تر دەکاتەوە بۆ قسەکردن وجیاوازی بیروبۆچوونی یەکدی، کاتێ رەخنەت لێ قبوڵ نەکرێ دەرگای قسەکردنیشت لێ دادەخرێ، بۆ ئەوەی رەخنەیەکی زانستی بوونیادبنەین، دەبێ هەوڵ بدەین بە رۆحێکی دۆستانە ئینسانیانە لە ئەدەب بڕوانین.

لەبەشێکی تری پرسیارەکەت باس لە " پیرۆزی گ دەکەی لای رەخنەگر، من تێناگەم قەت رەخنە بە و مەفهوومە دیدێکی تەسکی بۆ دەقەکەی بگاتە ئاستی پیرۆزی، بەپێچەوانەوە، دەقی رەخنەیی دەقێکی کراوەیە و دیوی جۆراوجۆری هەیە بۆ قسەکردن،بۆیە ئاسایە دیدێکی تر هەبێ رەخنە لەرەخنە بگرێت، چونکە خودی رەخنە دەرگایەکە لەبەردەم سەرهەڵدانی دیالۆگ بۆ گەیشتن بەراستییەکان.

**کوردستان راپۆرت : لەناوەڕاتی هەشتاکان گرنگییەکی بێئەندازە بەشیعر دلراوە تا سەرەتای نەوەدەکان، دواتر ئەم گرنگییە گواستراوەتەوە بۆ نێو چیرۆك، ئێستاش رۆمان پیچشوازییەکی بەرچاوی لێ دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی یادەوەرینامەش زۆرتر لەرابوردوو دەخێنرێتەوە، بەتێڕوانینی تۆ، بۆچی خوێنەر و نووسەرانی کورد وەکوو هەنگیان لێهاتووە.؟**

من لەشوێنێکی تردا وتوومە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدانی تێڕوانینی جیاواز ئەوەیە ناوەندی رۆشنبیریی کوردی توانی خۆی لەتاك رەهەندی دونیای شیعر و چیرۆك خۆی رزگار بكات و دیدێکی جیاوازتری هەبێت بۆ ئەدەب، بەگشتی حەفتاکان و بەشێکی هەشتاکانیش رۆشنبیریی کورد بەدەوری چیرۆك وشیعردا دەخولایەوە، راستە تێڕوانینی جیاواز هەبوو، بەڵام لەئاستی تێگەیشتنی ئەدەب بەدیدە دونیابینیەکەی نەبوو، دوای راپەڕینی " 1991 " ناوەندی رۆشنبیریی کوردی رووبەڕوی کرانەوەیەکی بەرفراوان بووەوە، هەرچەندە فەوزایەك لەو ناوەندەدا سەری هەڵدا، بەڵام دواتر جەدەلی زۆری لێکەوتەوە، ئەدەبی کوردی بەدیدێکی عەقڵانی و مەعریفی وزانستەوە لەم دونیای روانی، بۆیە ناکرێ دوای ئەو کرانەوەیەش تەنیا لەسیاقی شیعر و چیرۆکدا هزرمان بەند بکەین و روئیای دی نەبینین،دیارە دونیای فیکر و رۆژنامەگەری و فەلسەفەش هەرچەندە ئێمە زۆر کام لەبواری فەلسەدا وریایانە مامەڵەناکەین ن بەڵام بەشێکی زۆری دەقی نەوەی نوێ فەلسەفیانەیە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە ئێمەی خستە بەردەم بەرپرسیارییتێکی قورسەوە، لەوە ئاگاداری کردینەوە کە چۆن پاش ئەو هەموو خوێن رشتنەی خۆرئاوا و ململانێی نێوان کەنیسە و فیکر رۆڵی ئەو هەموو فەیلەسوفە بەگرنگی تەماشا دەکرێ، بەتایبەتی ململانێی نێوان فەیلەسوفەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا کە لەپاش هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، بەم کرانەوەیە ئێمە ناکرێ بەشێك نەبین لەو هاوکێشەیە ن کاتێ مۆدیرنەبە جوانی و ناشرینیەکانییەوە هاوسەنگییەکیان لە ژیانی ئێمەدا دروست کردووە کە ئاماژەن بۆ گۆڕانکاریی ریشەیی لە ژیانی ئێمەدا، کەواتە بۆچی ئیستیعاب کردنی ململانێدەبێ فیکری نایاتە بەرهەم، لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە لە ئاست هەر تێڕامانێك پرسیاری مەنتیقیمان هەبێ.

لەبەشێکی تری پرسیارەکەت، ئاماژەت بە یادەوەری کردووە، رەنگەتێڕامان لە ئاست یادەوەری، هێندەی گەڕانەوەبێت بۆ رابووردوو، هێندە پرسیاری تیانەبێ بۆ ئێستە، لەلایەکی ترەوە هێندەی چێژ بە تاکە کەس دەبەخشێت، هێندە زانست و مەعریفەی تیا بەدی نەکەی، یادەوەری چیمان پێ دەبەخشێ بەئیستە، ئەوەی بەلای منەوە پرسیارە لە نووسینی

**یادەوەرییەکانی ئێمە ئەوەیە نبەشێکی کەم نەبێ، ئەوانی تر هەموویان کەسێتی نووسەر دەخنە دۆخی " سوپەرمان " ەوە قەت کەسێکمان نەبینی بەدرێژایی تەمەنی ن رووداوێکی سلبی خۆی بنووسێتەوە، ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لەخۆدزینەوە لە مێژوو + راستییەکان ن بە ئەمانەتوە نەگێڕانەوەی یادەوەری، جۆرێك لە دزێوی هەموو رابووردووی ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.**

**دیداری ماڵپەڕی " نوچەنێت "**

**سازدانی : رزگار رەزا چوچانی**

**پ/ بەبروای تۆ لە کوردستان عەقڵیەتی ئۆپۆزسیۆن سەریهەڵداوە یان مومارەسەی زەرورەتی ئۆپۆزسیۆنە و بێ بەرنامە بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە دەکرێت؟؟ هەوڵی ئیستفزاکردنی جەماوەری ئۆپۆزسیۆن بۆ لایەنەکانی دەسەڵات دەکرێت وابەستەی توڕەبونی خەڵك لەدەسەڵات بکرێت یان دەبێت لە سەردەمی شۆڕشی سپی و هەڵبژاردن ئۆپۆزسیۆن پەیامێکی رونی هەبێت بۆ نەهێشتنی دیاردەی ئیستفزازو سوکایەتی کردنی بەرانبەر؟؟ ئەم مەنتقە تاچەند لە ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەدی دەکەیت؟؟**

وەڵام : لەراستیدا ناکرێ بڵێن عەقلییەتی ئۆپۆزیسیۆن سەری هەڵنەداوە، ئەوەنەی ئێمە بزانین لە کۆتایی ساڵی 1991 کۆمەڵێك نووسەری جیدی بەردەوام شەڕی ئەوەیان دەکرد کە دەبێ حیزبی کوردی لەچوارچێوەی گووتاری حیزبی خۆیان دەرباز بکەن و

سستمی سیاسی بەئاراستەیەکی عەقلانیدا بەرن، ئەوەی ئەو حاڵەتەی بەو شێوەیە هێشتەوە خودی حیزبە کوردییەکان بوون کە ڕێزیان لەئیرادەی خەڵکی کوردستان نەگرت و فەزای ڕۆشنبیریی ئێمەیان بە فەزایەکی یۆتۆپی و دوور لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان دەناسن، ئەم تێگەیشتنەی دەسەڵات بۆ فەزای ڕۆشنبیریی بەردەوام تووشی جۆرێك لە ئاڵۆزی دەهات و گووتاری ڕۆشنبیریی ئێمەیان بێباخ دەکرد و ڕەتیان دەکردەوە، بە بڕوای من ئەم ڕەتکردنەوەیە لەلایەن دەسەڵات و ئەم سووربوونەی ڕۆشنبیران لەسەر بوونی ڕەخنە لەدەسەڵات، فەزایەکی باشی بۆ بوونی ئۆپۆزیسیۆن خستەڕوو، ئەم ڕەوتەی ڕۆشنبیران درێژەی کێشا و بەردەوام کاریان لەسەر بوونی ئینسانی خاوەن ئیرادە و پرسیار دەکرد، هەر کۆمەڵگەیەك لەدۆخی بێ پرسیاریدا ژیا، ئەوە ئەگەری سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا کەمدەبێتەوە و ئەگەر ببێتیش ئەوا لەدۆخێکی نالەبەاردا سەرهەڵدەدات، بۆیە بەبڕوای من ئۆپۆزیسیۆن لەدۆخێکدا سەری هەڵدا کە نوخبەیەك لە ڕۆشنبیران بەردەوام کاریان لەسەر کردبوو، ئەوەی ڕێگری لەم دۆخە دەکرد، نەبوونی کۆمەڵگەیەکی هوشیار و خاوەن پرسیار بوو، خاڵێکیی تر کە ڕێگری لە ئۆپۆزیسیۆن دەکرد، کولتووری پیرۆزی دەسەڵات و فرۆشتنەوەی سەروەرییەکانی شاخ بوو لەلای دەسەڵات، دەسەڵات کاتێ تۆی

قبوڵە کە تۆ وەك ئەو بیربکەیتەوە و ئەویش لەبری تۆ بیربکاتەوە و قسەبکات، دەسەڵات تا ئەو کاتە باوەڕی بەدیموکراسیە کە تۆ لەدەنگداندا دەنگ بەو بدەی، بەڵام لە واقیعدا دەسەڵات ئابووری وڵاتی بۆ مەساڵحی تایبەتی خۆی بەکاردینێ،ئەوەی ئەیدا بەتۆ ئەوە وەك مەکرەمەیەو دەبێ بەردەوام تۆ چاوت لەدەستی ئەو بێت، بۆیە دەڵێم عەقلییەتی ئۆپۆزیسیۆن ئامادەگی هەبووە، چونکە لەبنەڕەتدا بیرکردنەوەی دەسەڵات، هەمان بیرکردنەوەی خێزانی ئێمەیە، وەك چۆن باوك لەبری مناڵەکەی قسە دەکات و بڕیاردەدات و..........، کێشەی حیزبی ئێمەش تاکوو ئەمڕۆ نەیتوانیوە خۆی لەو فۆرم و عەقلییەتە دۆگمایە ڕزگار بکات و دەسەڵات تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار نەهێنێ، زۆر حاڵەتێکی خەترناکە کاتێ دەسەڵات وا لەکورسی بگات کە ئەو لەهەموو کۆمەڵگە گەورەتر و پیرۆزترە، لەراستیدا تێگەیشتن بۆ کورسی و دەسەڵات زۆر پێچەوانی ئەو تێگەیشتنەیە، دەسەڵات، واتە بەرپرسیارێتی، تۆ لەم حاڵەتەدا بەرپرسیاری لەهەموو کایەکانی واقیع،ئەم دۆخەی حیزبی کوردی پێدا تێدەپەڕی، دەتوانین ناوی بنەین دۆخی کەمتەرخەمی بەرانبەر کۆمەڵگە و کوشتنی ڕۆحی جیاوازی، ناکرێ لەهیچ شوێنێکدا هەمووومان وەك یەك بیربکەینەوە، ئەگەر هەموومان وەك یەك بیرمانکردەوە، واتە خەلەل لە کۆمەڵگەی ئێمەداهەیە،ململانێ لەنێوان کێدا

سەرهەڵدەدات، بێگوومان نەوەی نوێ و نەوەی کۆن، هەمیشە نەوەکان لەو گۆشەنیگایەوە دەتوانن کەموکورتییەکان دەستنیشان بکەن، ئەوەی قبولّی نیە نەوەی کۆنە، واتە دەسەڵات بەشێکە لەنەوە کۆن،

لەم کاتەدا لەگەڵ دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن، ئەوە گەنجە دەرژێتە شەقام و بانەکان خۆپیشاندان دەکەن، لەم کاتەدا تۆ ناتوانی بەر بە گەنج بگریت، چونکە برینداركردنی شعوری هەرکەسێك ڕەنگە بەزەرەری خۆت بگەڕێتەوە، حاڵەتێکی تریش هەیە ئەوەیە ناکرێ ئێمە ئۆپۆزیسیۆن لە شەخسێکدا کورتبکەینەوە، لەبەر ئەوەی کاتێ ئۆپۆزیسیۆن سەرهەڵدەدات کە بەرنامەی ئۆپۆزیسیۆن کار لەسەر گۆڕینی سستمی سیاسی و فیکری دەکات، نەك گۆڕینەوەی هێزێك بەهێزێکی تر یاخود سەرکردەیەك بە سەرکردەیەکی تر، گرفتە ئێمە بەم شێوەیە لەئۆپۆزیسیۆن بڕوانین یا لە تاکە کەسێك یا چەند کەسێکدا کورتی بکەینەوە، تەفسیرێکی تر بۆ ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە بەشێکی لەو تورەبوونەوە سەرهەڵدەدات، چونکە تایبەتمەندی تورەبوون، واتە نەبوونی عەدالەتی کۆمەلاێتی و پیرۆزراگرتنی کۆڵەکەکانی حیزب لەبری نەتەوە و حکومەت،لەم کاتەدا جگە لەبەرنامەی ئۆپۆزیسیۆن کە بریتیە لە گۆڕینی سستمی سیاسی و سەربەخۆ کردنی قەزا و فیکر و بە موئەسەساتکردنی دەوڵەت، ئەوە گەنجە دەرژێتە شەقامەکان بەو شێوەیە کەس ناتوانێ ڕووبەڕویان بێتەوە، لەهەموو دونیادا ئەوەی کۆمەڵگە بەرەوپێشەوە دەبات بوونی ململانێی فیکریی و جیاوازی بیروڕایە، کە دواجار شەڕی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە دۆخێکی دیموکراسییاەندا هەڵبژاردن بڕیاری لەسەر دەدات، من ناڵێم بەشێوەیەکی قەتعی دیموکراسی لەم بەشە ئازادەدا بوونی نییە، نەخێر ئێمە لەسەرەتای دیموکراسیداین، بۆیە بەدرێژایی مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئەمە یەکم جارە ئۆپۆزیسیۆن وەك هێزێکی کاریگەر دێت کار لەسەر گۆڕینی سستمی سیاسی دەکات، بەڵام ئەوەی دەسەڵاتی لە ئۆپۆزیسیۆن بێدەنگ کرد ئەوە بوو کە دەسەڵات لەوباوەڕەدانەبوو هێزێك وەك ئەوەی ئێستا پێی دەڵێین ئۆپۆزیسیۆن سەرهەڵدەدات و ڕەنگە لەئایندەدا جێگەی پێ لەق بکات، ئەم تێڕوانینەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵات بەردەوام خەریکی بێنرخکردنی گووتار ڕۆشنبیریی ئێمە بوو بۆیە گەیشتە ئەو ئاستەی دەسەڵات لەبری عەقڵ هێز بەکاربهێنی و لەناو ئەم دۆخە نالەبارەی خۆیدا جگە لەهێز کارتێکی تری بەدەستەوە نەماوە.

**پ/ ڕۆشنبیرو تەرەفگیری چۆن دەبینی؟؟ خەڵکێك پێیان وایە ڕۆشنبیر دەبێت دور بێت لە تەرەفگیری و هەندێکیش پێیان وایە دەبێت ڕۆشنبیران سەرمەشقی گۆڕانکاری بن؟ تۆ لەگەڵ کام لەو**

**رایانەی؟ لە قۆناغی ئەمرۆی کوردستان ئەرکی رۆشنبیران چییە؟ پێت وایە رۆشنبیری کورد توانی بێتی لە ئاستی ئەرکەکانی تاکی رۆشنبیردا بێت؟**

وەلأم : سەرەتا دەبیٚ بپرسین بەکیٚ دەوتریٚ رۆشنبیر، ئایا رۆشنبیر بەهەموو ئەو کەسانە دەوتریٚ کە زانیاری تەواویان لەبوارەکانی سیاسەت فیکر ئابوری و زانستی هەیە، یان رۆشنبیر جگە لەو زانیاریانە دەبیٚ خاوەن روئیایەکی رەخنەگرانە بێت بۆ واقیع، لەراستیدا و بەتایبەتی ئەمرۆ زۆرێك لە خەلٚکی ئێمە کەم تازۆر شتێك دەربارەی دونیابینی و سیاسەت دەزانن، واقیعی سیاسی و کۆمەلأیەتی ئێمە هێندە ئالۆز بووە کە ئینسان ناتوانیٚ تەنها لەناو سیاقی رۆئیای تایبەتی خۆیەوە مەسەلەکان تاوتویٚ بکات، ئەزموونی گەلانی دونیا ئەوەیان بۆ ئاشکرا کردین کە رۆشنبیریی و سیاسەت دوو جومگەی سەرەکی ژیانی کۆمەلأتی خەلٚك و بەردەوام ئەم دووجومگەیە لە ململانێیەکی بەردەوامدان، ئەمە نەك بەو مانایەی ئەم دوو دەرکەوتە وەك دوو دوژمنی سەرسەخت مامەلە لەگەلٚ یەکدیدا دەکەن، بەلٚکو بەپێچەوانە هەر یەك لەم دوو دەرکەوتە دەیانەویٚ بوارەکانی ژیان بەئاراستەیەکدا بەرن،بەلأم کێشەکە لەوەدایە ئایا حیزبی ئێمە رۆشنبیر و ململانێی لەگەلٚ رۆشنبیردا قبولٚە، ئایا بۆ ئەمرۆی واقیعی حیزبی کوردی رۆشنبیرێکیان قبولٚە لەناو خودی حیزبدا تەرحی

رەخنەگرانە بخاتە بەردەستی حیزبەوە، ئەم دۆخە نەك تەنها لەناو ئێمە بەلٚکوو لەهەموو دونیا ئەم جیاوازیە هەیە کە لەنێوان تێروانینی حیزب و تێروانینی رۆشنبیردایە، بۆیە دەبینی لەئاست هەموو مەسەلە ئینسانیەکاندا رۆشنبیر لەدەرەوەی حیزب و لایەنگری حیزب ئەو ململانێیە دەکات، واتە ئەزموونی حیزب دەبێتە ئەزموونێکی کۆن و دیدی رۆشنبیریش دەبێتە دیدێکی نویٚ،ئەم دوو روئیایە هەمیشە بەوە خۆیان لەکەسانی تر جیا دەکەنەوە کە هەریەك لای خۆیەوە دیدی تازە بۆ خەلٚك و کۆمەلگە وەك دەستکەوت تەماشا دەکات، ئەوەی حیزب کاری لەسەر دەکات ئەو ئەزموونانەن کە خەلٚك بەدرێژایی ئەو ماوەیە لێی بێزارەو چونکە حیزب هەمیشە لەگۆشەنیگایەکەوە تەماشای مەسەلەکان دەکات کە خۆی تاکە هێزە دەتوانیٚ سەروەریەکانی کۆمەلگە وەدەست بێنیٚ،دەرئەنجام لەناو خودی ئەو گووتارەوە ئەوەی لەبیری حیزبدا جێگیرە حیزبیانە موومارەسەی ژیان لەگەلٚ خەلٚکدا دەکات، واتە بەحیزبی کردنی خەلٚك، شۆڕشەکانی دونیا، شۆڕشی پیشەسازی فەرەنسا، شۆڕشی خوێندکاران، رێنیسانس، ئەمانە لەدەرئەنجامی شکستی حیزب و ئایدیۆلۆجیاوە سەریان هەلٚدا، لەم دۆخەدا ئەرکی رۆشنبیر چیە، ئەمە بۆخۆی پرسیارەکەیە، ناکریٚ بەو کەسانە بوتریٚ رۆشنبیر کە بەرنامەکانی حیزب دەجوونەوە و ئەوەی حیزب بۆی دیاری دەکات ئەوانە

بەخەڵك بفرۆشێتەوە،مەرج نیە لەم دۆخەدا ئاقاری عەقڵانی سەرکەوێ بەسەر ئاقاری ناعەقڵانیدا، وەك چۆن لەدوایدا فاشیزم و نازیزم شکستیان بە رۆشنگەری خۆرئاوا هێنا و جارێکی تر بەربەرییەت تەواوی دونیای گرتەوە و جارێکی دی جەنگی جیهانی سەری هەڵدا، واتە لەم دۆخەدا جارێکی دی رۆشنبیر تەنانەت عەقڵی رۆشنگەریش دەخاتە ژێر پرسیار و تێڕامانەوە، مەسەلەکەلەوەدا نیە رۆشنبیر تەرەفگیر بێت یا تەرەفگیر نەبێت، بەڵکو لەوەدایە رۆشنبیر کار لەسەر تێکشانی عەقڵ بکات، واتە ئینسان لەدۆخی مێگەلبوونەوە بهێنێتەوە دۆخی ئینسانبوونی خۆی و حورمەتی بۆ بگێڕێتەوە،، ناکرێ رۆشنبیر لە دیدی سوکایەتی کردن بەئینسان بێدەنگ بێت و بە مەسەلەیەکی گرنگی تەماشا نەکات، چونکە خودی مەسەلەی رۆشنگەری و عەقڵی ئینسان پەیوەندییەکی پتاویان بەمەسەلەی سستمی سیاسیەوە هەیە، چونکە دیاردەی بەمێگەلکردنی ئینسان، تەواوی ئینسانەکان دەخاتە دۆخی بێدەنگییەوە، کەواتە ئەوانەی لەدەرەوەی ئەم هاوکێشە ناجێگیرەبن چ لەناو حیزب و چ لەدەرەوەی حیزب بن، ئەوە تایبەتمەندی رۆشنگەرییە ئەو مێگەلبوونەی پێ رەتدەکاتەوە، ئەوەی بەها بۆ رۆشنبیریی و رۆشنگەریی دەهێڵێتەوە، ئەو رۆشنبیرانەن کە خۆیان ناخەنە ژێر باری عەقڵە دۆگماکانەوە،ئەم ململانێیە ریشەیەکی قوڵی رۆشنبیریی هەیە، بەڵام کاتێ خودی ئەم رۆشنبیرییە خرایە خزمەتی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوەوە، ئەوە رۆشنبیر ناچاردەکات بەهای ئەخلاقی خۆی لەدەست بدات و بچێتە دۆخی بێ رێزیی لەبەها رۆشنبیرییەکان، بەشێکی سیاسیەکانی دونیا پێشتر تەواوی کاریان لەناو کایەی رۆشنبیریدا بووە، بەڵام کاتێ رۆشنبیریان بۆ ململانێ لەگەڵ خودی رۆشنبیریدا بەکار هێنا، ئەوە لەدۆخی رۆشنبیریەوە دەچنە دۆخێ دژە رۆشنبیرییەوە، چونکە لەم کاتەدا ئەو رۆشنبیرانەی حیزب لەگۆشەنیگای ئایدیۆلۆجیاوە لە رۆشنگەریی دەڕوانن.

لەواقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا رۆشنبیر بەشێوەیەکی گشتی نەیانتوانیوە ببن بەبەشێکی گرنگ لەئاست گۆڕانکارییەکان، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی رۆشنبیری ئێمە بەشێوەیەکی قەتعی کاری لەسەر گۆڕانکاری نەکردوە، بەڵکو لەوەدایە حیزبی ئێمە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو جیاوازیانە نەهێڵی کە لەنێوان رۆشنبیر و سیاسیدا هەیە، بەڵام بەردەوام خەڵکی بەناو رۆشنبیریی قووتکردووەتەوە بۆ لێدانی بەهای رۆشنبیر، دیارەناکرێ ئێمە رۆڵی رۆشنبیریی کوردیش لەئاست گۆڕانکارییەکان بەهەند وەرنەگرین، ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستان دەگوزەرێ، ریشەیەکی قوڵی رۆشسنبیریی هەیە و لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە کۆمەڵێك رۆشنبیریی جیدی کاریان لەسەر گێڕانەوەی حورمەت بۆ

ئینسانەکان کە خۆی لەگۆڕینی سستمی سیاسیدا دەبینێتەوە، کەواتە رۆشنبیری ئێمە کەمتازۆر رۆڵی باشی هەبووە، ئەوانەی بەردەوام بەو عەقڵیەتە کاریان کردوە دیارن و ئەوانەشی بەردەوام خوێنەواری خۆیان بۆ مەساڵحی تایبەتی خۆیان بەکار هێناوە و دەیانەوێ خۆڵبکانە چاوی خەڵکەوە ئەوانیش دیارن و مێژووش شایەتێکی هێند راستگۆیە شەرم لەکەس ناکات،من لێت ناشارمەوە راستە خەڵکی ئەم وڵاتەی ئێمە هوشیاربوونەوەتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا هێشتا ناتوانین بەشێوەیەکی قەتعی دڵخۆشبین لەئاست ئەو مەسەلەیە، بەوەدا دەسەڵات بەردەوام هەوڵدەدات لەرێی ئەو بەناو رۆشنبیرانەوە کارلەسەر عەقڵی کۆمەڵگەی ئێمە بکات و لەئاست گۆڕانکارییەکان خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکەوە، ئەویش لەرێی راکێشانی سۆزی هەندێك لەو خەڵکانەوە کە بەداخەوە ئینسانی ئێمە هێشتا لەوە بەئاگا نەهاتوەتەوە کە چەند بێ حورمەتی بەئینسابوونی دەکرێ و لەبەرانبەر برێك پارە ویژدانی دەکرێن و فێری ناحەقی و دژایەتی یەکتری دەکەن، ئینسان چەند بچوك دەکەنەوە بەوەی لەئینسانبوونی خۆی دادەماڵن و فێری تەزویری دەکەن، بەداخەوە ئەم دیاردەیە ریشەیەکی قوڵی کولتووری هەیە، دەبوو حیزبی ئێمە لەهەوڵی ئەودابوایە ئینسان لەدودۆخە رزگار بکات و حورمەتی بۆ بگێڕیتەوە، نەك هێندەی تر بیخاتە نێو گێژاوێکەوە کە بەدڵنیاییەوە رەنگە لەبەرانبەر خودی خۆیدا ئەم حاڵەتە دوبارە بێتەوە، مێژوو شایەتە چەند حیزب هاتن ئینسانیان بەو ئاراستەیە برد و هەمان ئینسان بوون لەبەرانبەر خودی ئەو حیزبدا بەو عەقڵە نەخوازراوە کاری دەکر، ئەوەی رۆشنبیر دەبێ کاری لەسەر بکات، ئەو بێ حورمەتی و کەمتەرخەمییە یە کە لای ئینسانی ئێمە بووەتە دیاردەیەکی زەق، بۆیە گۆڕینی عەقڵ یا تێکشانی عەقڵ بەر لەهەر کەس و لایەنێك سەروەریە بۆ خودی ئینسان بێ جیاوازی، ئەو ئینسانەی حورمەتی بۆخۆی گەڕانەوە، ئامادەنیە ناعەدالەتی بۆ کەس قبوڵ بکات، ئەوە ئەرکی رۆشنبیرە کە ئێستا کار لەسەر مەفهومی ئینسانبوون دەکات،من دڵخۆشم کە ئێستا سەرەداوێك لەو روئیایە لای رۆشنبیر و ئینسانی ئاسایی ئێمەدا خەریکە بەدەر دەکەوێت و دڵنیام لەداهاتوودا ئەو مەسەلەیە گەشەدەسێنی و ململانێی نێوان دەسەڵات و رۆشنبیر لە روئیای گەشی عەقڵی ئینسانی ئێمەدا رەنگ دەداتەوە و ئەم سستەمە چەقبەستووە دەگۆڕێ و لەبەرانبەر تێگەیشتنی خۆی بۆ چەمکی ئینسانبوون سستمێکی عادیلانە جێگیر دەبێت کە تەواوی ئینسانی ئێمە لەبەرانبەر دیموکراسی و ئینتیما بۆ نەتەوە برەو بە رۆشنگەریی دەدات.

**پ/ بزوتنەوەی گۆڕان ئێستا پرژو بڵاوییەکی پێوە دیارە بەتایبەت لەدەرەوەی وڵات لە هەرجێگاو بێ پرس و را لە نێوان خۆیان کوردستان لە هەر جێیەك کۆمیتەیەك بەوناوەوە رادەگەیەنرێت. پێت وا نییە کاتی ئەوە هاتووە بزوتنەوەی گۆڕان کار بکات بۆ رێکخستنێکی سیاسی؟ ئایا لە دواجاردا حەلکردنی ئەو هەموو کۆمیتە بەناوی گۆڕانەوە رادەگەیەنرێت کیشە لەنێوان لایەنگرانی بزوتنەوەکەو سەرکردەکاندا دروست ناکات؟ دەکرێت لەناو بزوتنەوەیەکدا کە پێی دەوترێت ئۆپۆزسیۆن کەسی یەکەم دیار بێت و دووەم و سێ یەم نەناسراو بن؟ یان دەکرێت لەناو سەرکردەکانی سەرەوەی بزوتنەوەکە ریکخستن هەبێت لەخوارەوە هەرکەس بۆ خۆی بێت؟ تۆ رات چییە لەو بارەوە وەك کەسێکی رۆشنبیر نەك وەك یەکێك لەو بزوتنەوەیە؟**

وەڵام : بەو پێیەی بزوتنەوەی گۆڕان بزوتنەیەکی جەماوەریی تازەیە و بەدرێژایی مێژووی سیاسی کورد لەم جۆرە بزوتنە جەماواریانە لەساحەی سیاسی کوردستاندا غائیب بووە، بۆیە بەلای زۆربەی خەڵکی کوردستانەوە ئەم شێوازە کارکردنە بە جۆرێك لەبێ ئیلتیزامی تەماشا دەکرێ، لەهەموو دونیادا بەتایبەتی لە رۆژهەڵات هەمیشە حیزب کاری لەسەر بیری تاك رەهەندی حیزبی کردوە و لەدەرەوەی روئیای حیزبدا هیچ جۆرە بۆچوونێکی تری پێ قبوڵنەبووە، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە چەندە زیان بەخودی حیزب دەگەیەنێ، دەیان هێندەش کۆمەڵگە دەخزێنێتە دۆخی بێ ئوێدییەوە، ئێمەی کوردیش بەدرێژایی 80 ساڵ بەو جۆرە کاری سیاسیمان کردووە، هەمیشە حیزب لەبەرەی کۆمەڵگەدا غائیب بووە و لەبری خەڵك قسەی کردووە و بیری کردوەتەوە، بەدیویێکی تر حیزبی ئێمە هەمیشە ویستویەتی تەواوی کۆمەڵگە وەك خودی حیزب بیربکاتەوە و کەسیش بۆی نەبێ حیزب بخاتە ژێر پرسیار و روئیای جیاوازەوە، ئەم دۆخە حیزب تووشی دۆگمایی دەکات و نەرەنگی جیاواز و نەدەنگی جیاواز بوونی دەبێ، لەم کاتەدا ئەوەی نوێنەرایەتی خەڵك دەکات تەنها خودی حیزبە، بۆیە ناکرێ کاتێ حیزبێك بەناوی خەڵکەوە قسەبکات و قبوڵینەبێ خەڵك واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی نیشان بدات و خۆشی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی نابینێ، بۆیە هەمیشە حیزبی ئێمە دەیانەوێ کۆی کۆمەڵگە ئیرادەی خۆی تەسلیمی ئەو بکات، بۆیە لەم کاتەدا کە ئۆپۆزیسیۆن دێت و لەم قۆناغەدا بەناوی جەماوەرەوە سیاسەتی خۆی دادەڕێژی ئەوە بەو مانایەنیە پەرشوبڵاو بێت، نەخێر ئەوە مانای ئەوەیە گۆڕان نایەوێ عەقڵی خەڵك و بیرکردنەوەی بخاتە دۆخی بیرکردنەوەیەکی راسیزمانەو هەموو بەهاکانی ئینسانبوونی لێبسنێتەوەو وەك خودی بەرنامەی گۆڕان ئەگەر بەرنامەیەکی سیاسی هەبێ بیربکاتەوە، ئەوە خەڵك خۆیەتی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات خۆی نووسینگە یان نازانم ناوی

لێدەنێی چی بکاتەوە، ئەگەر گۆڕان بیر لەوە بکاتەوە وەك بەڕێزت دەڵێی خۆی رێکبخاتەوە، ئەوە بەو مانایە نیە کۆمیتە یا نازانم چی دروست بکات، چونکە خودی گووتاری سیاسی نەلەناو کۆمیتەدا دەخرێتەڕوو، نە هیچ بنکەیەکی تر، بەڵکو گۆڕان لەناو کۆی عەقڵی ئینسانەکاندا سروشتی سیاسیانەی خۆی دادەڕێژێ، واتە گوتارێکی تایبەت نیە لەسەرکردەیەکەوە یا لەمەکتەبی سیاسیەکەوە دەرچێت و کۆی گۆڕان پیادەی بکەن، بەپێچەوانەوە گۆڕان سروشتی گووتاری خۆی لەسەر ئاستی رۆشنبیریی خودی ئەو ئینسانەیە کە بە بیروبۆچونی جیاواز کاردەکەن و ئەوانەی لەواقیعی سیاسی کوردستان دەڕوانن هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی واقیعی سیاسی کوردستان بەهەند وەربگرن و لەئاست مەسەلە چارەنووسسازەکان و دیموکراسیانە هەم لەبەغدا و هەم لەکوردستان کاربکەن، نەك ئەوەی لەبەغدا دیموکراسی بین لەکوردستان تەنها لەو سیاقەوە دیموکراسی بین کە خەڵك تەنها ئێمە ببینێ، ئەوەی من بەدی دەکەم بزوتنەوەی گۆڕان هێندەی لەناوشاردا کاری کردوە هێندە لەناو گوندەکاندا پەرەی نەسەندووە، ئەمە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە بزوتنەوەی گۆڕان بزوتنەوەیەکی شاریە، ئەوەی زەرووره گۆڕان کاری بۆ بکات ئەوەیە ئینسانەکان بگەڕێنێتەوە دۆخی ئینسانبوونی خۆی، ئەویش بەوە دەبێ کارلەسەر گۆڕینی سستمی سیاسی بکات کە تەواوی

ئینسانەکان بەیەك چاو تەماشا بکرێت، بۆیە کاتێ گۆڕان کەدێت لەناو فەزای حیزبی کوردیدا خۆی دەخاتە دەرەوەی ئیرادەی حیزب، ئەوە بەو مانایەیە ئنسان لەناو دۆخی تاك بیرکردنەوە و قسەکردندا رزگاربکات و زمانی گوتن دەبەخشێتە هەمووان و بیرکردنەوەش دەبێتە بەشێك لەو هاوکێشەیە، واتە لەناو هەر بزوتنەوەیەك کەسێك هەیە ئەم یا ئەو بزوتنەوەیە ئیعلان بکات یاخود برەوی پێبدات، بەدرێژایی مێژووی بزوتنەوەی رزگاریی خوازی کوردی قەت گوێ لە رۆشنبیر نەگیراوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەمیشە هەوڵی بێنرخکردنی گووتاری رۆشنبیر و چەمکی رۆشنبیریی دراوە، ئێمە زۆرجار وتومانە لەسەردەمی بەعسدا هەموو لەدۆخی بێدەنگیدا دەژیاین، بەڵام ئێستا لەدۆخی بینرخکردندا دەژین، ئەم دۆخی بێدەنگییە لەگەڵ ئەمریکای دیموکراسیدا تەواوی ئاراستەی حیزبی کوردی گۆڕی و ناچاری کرد لەبەرانبەر هیزی عەقڵ خۆی رانەگرێت، چونکە بەشێکی سەرەکی بەرنامەی بزوتنەوەی گۆڕان ئەوەیە لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵ پەیوەندی و دیالۆگ لەنێوان ئەندامانی کۆمەلگەدا هەبێ لەم رێگەیەشەوە دەتوانن بگەنە ریکەوتن و گرفتەکان چارەسەر بکەن، چونکە ئەو مودیلەی حیزب کاری لەسەر دەکرد ئەوەبوو بێ گوێدانە خەڵك حیزب لەبری تەواوی خەڵك بیری دەکردەوەوە و بڕیاری دەدا، لەم کاتەدا ئەوانەی

بەدرێژایی چەند ساڵێك قسەیان لەبارەی ئەم دۆخەنالەبارەوە دەكرد ئەوە چەند رۆشنبیرێكی دیاری كورد بوون بەردەوام دەسەڵات و سستمی سیاسییان دەخستە ژێر پرسیارەوە، من بیرمە لەشوێنێكدا دانیشتبوین، رێبین هەردی نووسەرو رووناكبیر قسەیەكی زۆر جوانی كرد و وتی " ئێمە 18 ساڵە دەنووسین بەڵام بەقەدەر ئەم دوو مانگەی كاك نەوشیروان نەبوو " واتە واقیعی كۆمەڵایەتی ئێمە نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی وەك چۆن " ماركۆزە " ی فەیلەسوف سەرپەرشتی خۆپیشاندانی 68 خوێندكارانی كرد، ئێمە لەم دۆخەدا پێویستمان بەپیاوێكس سیاسی حەدیی هەیە كە تەواوی مەسەلەكان بخاتە ژێر كاریگەریی گشتییەوە، لەبەرانبەردا خودی نەوشیروان مستەفا بەو پێیەی پیاوێكی سیاسی خاوەن ئەزموون و پۆستێكی سیادەی بەرچاوی لەناو یەكێتیدا هەبوو، ئەوەی ئەمڕۆ خەڵك واتێدەگان نەوشیروان مستەفا وەك سیاسییەكەی پێشوو كار لەسەر بزوتنەی گۆڕان دەكات، ئەوەی نەوشیروان مستەفای وا دەرخستوە ئەوەی ئەو كەسایەتییەكی دیاربووە، نەك ئەوەی ئێستا نەوشیروان مستەفا بوبێتە سەركردەیەكی سوپەرمانی ناو بزوتنەوەی گۆڕان ن خۆ چەندین سەركردەی تر لەناو ریزەكانی یەكێتیدا بوون و ئێتا لەناو گۆڕاندان، مەسەلەكە لە تەرحی نەوشیرواندایە نەك لە خودی نەوشیروان مستەفا وەك شەخس، بۆیە لەزۆربەی كاتەكاندا ناوی ئەو هاتوە ن ئەمە بۆخۆی رەنگە لەو روانگەیەوە بێت كە نەوشیروان مستەفا خاوەن تەرحەكە بێت، خۆ دەكرێ كەسێك قیادەی بزوتنەیەك یا حیزبێك بكات، ئەمە گرنگ نیە، بەڵكوو ئەوە گرنگە ئەم كەسێتیە چۆن بیردەكاتەوە و بزوتنەوەكەی دەخاتە خزمەتی كێوە، خەڵك یا كەسێتی خۆی، ئەمەیان مێژوو حوكم دەدات، ئەگەر بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانی لەعەقلییەتی حیزب و روئیای حیزب خۆی زرگار بكات ئەوە جارێكی تر ئەركی رۆشنبیرە وەك چۆن قسەیان لەسەر دەسەڵات هەبوو دەبێ بەهەمان رۆحەوە كار لەسەر عەقلییەتی بزوتنەوەی گۆڕانیش بكەن.

**پ/ پێت وایە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن تاچەند پەیامێكی ئاشكرا بوو بۆ دەسەڵاتی كوردستان كە خەڵك تورەو بێزارە؟ پێت وایە ئەم پەیامە چی بە دەسەڵاتی كورد ببەخشێت بەخۆدا چونەوە یان زیاتر فەرامۆشی؟ یان دەكرێت بڵێین هەڵبژاردنەكانی ئەم جارەی كوردستان سەلماندی كە چیدی چاوسوركردنەوەو هێزو قودرەت هێزی مانەوەی دەسەڵات بەهیچ لایەك نادات؟؟**

ئەوەی بەوردی چاودێریی رووداوەكانی كوردستانی كردبێت بۆی دەردەكەوێ كە هەردەبوو بزوتنەوەیەكی جەماوەری سەرهەڵبدات

و سستمی سیاسی کوردستان بخاته ژێر پرسیارەوە، ئەوەی بەدرێژایی 18 ساڵ لەموومارەسەکردنی سیاسەتێکی ناجۆر و ناعەقڵانی لەلایەن حیزبی کوردییەوە پێادەدەکرا، وەك یەکتر نەخوێندنەوە، بەخۆدانەچوونەوە، نەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی و تاگەیشتە سەر ئەوەی حیزبی کوردی تەنانەت خودی زمانی کوردیشی دابەش کردە سەر دووجۆر لە بەکار بکارهێنانی حیزبیانە، هەموو ئەم دیاردانە دەلالەت لەوە دەکات کە حیزبی کوردی وەك چۆن مارکسییەتی تەنها وەك مودێلێکی دەرەکی وەرگرتبوو، بەهەمان شێوە دیموکراسیش تەنها لەسیاقی حیزبی بوونی خەڵکەوە تەماشا دەکرد، واتە ئەگەر تۆ سەر بەفڵانە حیزب بێت، ئیتر تەواو حیزبەکەی تۆ دیموکراسیە، لەبەرانبەردا حیزبەکەی تر تۆتالیتار و نازانم چیە،هەروەها بەپێچەوانەوە، گرفتی حیزبی کوردی لەوەدایە واقیعی خۆی نابینێ و قبوڵی نییە کەس دەستبخاتە سەر خەلەلەکان، هەموو ئەم حاڵەتانە ئێمە زۆر لەمێژە هەستمان پێکردوە و بەردەوام کۆمەڵێك لە رۆشنبیرەدیارەکانی کورد لەسەرەتای ساڵی 92 وە رەخنە لەئەدای حیزبی کوردی دەگرن و پێیان وایە ئەو جۆرە مومارەسەکردنە حیزبیانە هێندەی زیان بەدۆزی کورد دەگەیەنێ، نیو هێندە دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمە بەرەو پێشەوە نابات، گرفتەکە لەوەدایە، حیزبی ئێمە ئەو رەخنانەی رۆشنبیران وا تەماشا دەکەن

کە ئەوان مومارەسەی دیموکراسی خۆیان دەکەن و ئێمەش واتە حیزب رێگری لەو رەخنانە ناگرین، ئەمە گرفتە لەم وڵاتەی ئێمە کاتێ حیزب گوێ لە رۆشنبیری خۆی نەگرێت و دیموکراسی تەنها لەو سیاقەدا بشوبهێنێ کە تەواو خەڵك قسەدەکات، قسەکردن بەتەنها چی لەمەسەلەکان دەگۆڕێ ئەگەر حیزب رەخنە و قسەی رۆشنبیران بەهەند وەرنەگرێت و واقیعیانە لەمەسەلەکان نەڕوانێ و واقیعی خۆی نەبینێ، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم مەسەلەی سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن پەیامێکی ئاشکرابوو، خەڵکیش لەمێژا چاوەڕوانی بزوتنەوەیەکی لەو جۆرەی دەکرد، بەڕاستی ئەم دۆخەی حیزبی کوری کردبوی بەدیاردە، واتە دۆخی بێدەنگی ئینسان و بێنرخکردنی گووتاری رۆشنبیر، بۆخۆی مەسەلەیەك بوو ئەو سیاسیانەی لەناو خودی حیزبی کوردیدا هەستیان بەو غوبنە دەکرد، قۆستەوە و ئۆپۆزیسیۆنیان کرد بە حەتمییەتێکی مێژوویی و لەسەر ئەرزی واقیع کردیان بەهێزێك لە پاڵ ئەو هێزەوە ئیتر خەڵك جارێکی تر ئەوەی قبوڵ نیە سەرکردەیەك لەسەرەوە دانیشێت و وەعزای بۆبلێتەوە و ئەویش تەنها سەر بلەقێنێتەوە، ئەم دۆخە کۆتایی پێهات، دەبێ لەبەرانبەر بوونی ئۆپۆزیسیۆندا حیزبی کوردی بەخۆیدا بچێتەوە و هەوڵبدات سیاسەتی قبوڵنەکردنی تورهەڵدات و واقیعیانە مەسەلەکان بخوێنێتەوە، ئەگەر نا من دڵنیام ئەوەی زەرەر دەکات تەنها خودی

حیزبە، ئەگەر بۆ ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع مەسەلەکان بخوێنینەوە، بەئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هێشتا حیزبی کوردی نەهاتوەتەوە هۆشی تەبیعی خۆی، واتە هێشتا ئەو تەشەنوجەی پێوە دیارە کە ئۆپۆزیسیۆن بەهێزێکی بچوك تەماشا دەکات و دەیەوێ بۆ دواجار فشارە سیاسیەکانی خۆی بخاتەگەڕ تاکوو بەهەمان نەفەسەی یەکتر قبوڵنەکردنی نێوان خۆدی حیزب، گورزی خۆی لە ئۆپۆزیسیۆن بدات، بەبڕوای من ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئۆپۆزیسیۆن زەرەر بەخودی حیزب دەگەیێنێ نەك ئۆپۆزیسیۆن، لەهەموو دونیادا ئەم ململانێیە لەنێوان دوو حیزب یاخود حیزب و ئۆپۆزیسیۆندا هەیە، و خەڵك ئازادانە موومارەسەی ژیانی خۆی دەکات، بەڵام کێشەکە لەودایە ئێمە چۆن لەهەڵبژاردن و دیموکراسی دەڕوانین، ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین دیموکراسی لەدوای دەنگدان بە چ ئاراستەیەکدا دەشکێتەوە، ئەمە خاڵی گرنگە کە ئێمە لەناو فەزای دیموکراسیدا ئینسان لەئینسانبوونی خۆی دادەماڵین و فێریی سەختەکاریی دەکەین، ئەم دیاردەیە ریشەیەکی قوڵی هەیە و بەردەوام ئینسانەکان فێری نەفس نزمی دەکات و دۆخەکەش بەلای هەندی خەڵکەوە ئاسایی دەبێت و وەك ئەوەی حەقێکی تەبیعی خۆی بێت بۆ حیزبکەی یا بۆ بزوتنەوەکەی سەختەکاری بکات، ئەمە گرفتە ئێمە تا ئەم لەحزەیە نەمانتوانیوە ئینسان بگەڕێنینەوە دۆخی ئینسانی خۆی و حورمەت و کەرامەتی بۆ بگێڕینەوە، لەحەفتاکان هەشتاکان مەسەلەی جاشایەتی عەیبەیەکی هەند گەورەبوو، ئەوانەی دەبون بەجاش بەحەقەت جورئەتێکی زۆر گەورەی دەویست، چونکە سوور دەیزانی لەبەر چاوی کۆمەڵکەدا هێند ناشرین و قێزەونە ئیتر تا دەگاتی ئەوپەڕی بێ حورمەتی،بەڵام بەعس هێندە مەسەلەی جاشایەتی کردە حاڵەتێکی ئاسایی، ئیتر وای لێهات ئەوەی جاش نەبوایە بەگێل و نەفامیان لەقەڵەم دەدا، لەبەر ئەوەی ئەگەر جاش نەبیت دەبێ لەبەرەکانی شەڕی عێراق ئێران بکوژرایتایە، ئەمە گەورەترین گرفتە ئینسان ناچار بکەیت لەدۆخی ئینسانبوونی خۆی دایماڵیت و بیکەیت بە کاڵەیەك چۆن بتەوێ بکاربهێنی و ناشرینی بەکەیت، بۆیە لەراستیدا کاتێ قسەلەسەر دیموکراسی دەکەیت دەبێ بەقوڵی لە چەمکی دیموکراسی بڕوانی نەك تەنها دیموکراسی لەگۆشەنیگای حیزبی بوونەوە تەماشا بکەیت و فەزاەیەك لەبێدەنگی دروست بکەیت، کە لەبنەڕەتدا ئەو فەزای بێدەنگیە، فەزای بەمێگەلبوون دروست دەکات، وەك چۆن " کنعان مکیە " دەڵی " صدام بێدەنگی دروست نەکرد، بەڵکو بێدەنگی صدامی دروست کرد "، ئەو فەزای شکاندنی بێدەنگی دەکەوێتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆن، کە خەریکە خەڵك هوشیارانە مامەڵە لەگەڵ واقیعی سیاسی دەکات و خۆی لەو دۆخە رزگار دەکات،ئەگەر چاو سوور کردنەوە ئەمڕۆ ئەلتەرناتڤ بێت بۆ بە واقیعی کردنی سستمی

سیاسی، ئەوە خودی حیزب زەرەرمەندی یەکەمە نەك خەڵك و ئۆپۆزسیۆن، چونکە لەم کاتەدا یەکەم : خۆت خستوەتە نێوان دووبەرداشەوە، یەکەم واقیعی سیاسی خۆت نابینی و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانت خستوەتە پشت ئامانجە حیزبیەکان.

دووەم : هەڵبژاردن بووەتە پێوەرێك بۆ یەکلایی کردنەوەی کام هێز دەتوانێ واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەکات، کەواتە نەچاوسوور کردنەوە و نەهێزیش دەتوانێ ئیرادەی خەڵك لەق بکات، بەپێچەوانەوە، ئەو جۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەم رەوشودا، ئیرادەی حیزبی پێ لەق دەبێت

دیداری گۆڤاری سەرچاوە

**سازدانی: مەجیدساڵح**

**پ/ خوێندنەوەتان چییە بۆ واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستان لەساتەوەختی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی "گۆڕان"دا؟ بەمانایەکی دیکە ئایا بزوتنەوەی گۆڕان زەرورەتی واقیعەکە دروستی کرد یان وەك هێزێکی سیاسی تەقلیدی دروستبو؟**

وەڵام : بەدڵنیاییەوە لەساتەوەختی سەرکەوتنی کۆماریەکان لە ئەمریکا، هەلێك بو بۆ کورد لەچوارچێوەی بزوتنەوەیکی دیموکراسی واقیعی کوردی بەدیوە کرانەوەکەیدا ببات، واتا گۆڕان جگە لەوەی زمینەیەکی لەباری هەبو بۆ راگەیاندنی خۆی ، لەهەمان کاتدا ئەو زەرووره مێژوویەشی بۆ لەباربو،زەمینەی واقیعی کوردی لەو روانگەیەوە، زەمینەیەکی رۆشنبیریی بو کە هەر لەسەرەتای نەوەدەکانەوە کەسانێکی رۆشنبیری ئەم وڵاتە کاریان لەسەری کردووە و بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوون ئینسانی ئێمە فێری پرسیارکردن و ناڕازیبوون بکەن، رەنگە بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەم دەنگانە لەناو واقیعی کوردیدا نەیتوانیبێ کار لەسەر مەسەلە سیاسیەکان بکەن، بەوەی واقیعی سیاسی کوردی بەشێك بووە لەواقیعی سیاسی عێراق، ئەمە بەو مانایە نییە، رۆشنبیری کورد بەشێك بێت لەو بیرکردنەوە عێراقیەی دۆخی عێراقی بەئاراستەیەکی داخراودا بردبێ، نەخێر مەسەلەکان لەو سیاقەوە تەماشا دەکرێت کە سیاسەت لەم وڵاتەی ئێمەدا بەبێ

ستراتیجییەت دەچێتە ناو هاوکێشە گەورەکانەوە، واتا لەدۆخی کوردیدا رۆشنبیر و سیاسییەکان دوو دەرکەوتی مێژووی بوون کاریان لەسەر مەسەلە جیاوازەکان کردوە، بەڵام لەچوارچێوەی عێراقدا، بەتایبەتی لەدوای رۆخانی بەعسەوە رۆشنبیریی عەرەبی عێراق، بەداخەوە جگە لەوەی ترس و دڵڕواکیی سیاسیانەو تایفیانەی هێزەکانی عێراق کاریگەری خراپی بەسەریانەوە هەبووە، ئەوەندە بواریان بۆ نەڕەخساوە کار لەسەر بەئاراستە بردنی سستمی سیاسی عێراق بکەن و بەگووتارێکی رۆشنبیریی جەخت لەسەر مەسەلە گرنگەکان و دۆخی نالەباری عێراق بکەن، ئەم حالەتە کاریگەری بەسەر گووتاری رۆشنبیریی کوردیشەوە هەبوو، ئەم دۆخەی رۆشنبیرەکانی عێراق ماوەیەکی زۆری خایاند تا لەسیاقی بیدنگی خۆیان دەرباز بکەن، بەوەی بەشێکی زۆری رۆشنبیری عێراق دابەش بوونە سەر چەندین تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازەوە کە راستەو خۆ عێراقی گەیاندە کەناری مەرگ، بۆیە لەم حاڵەتەدا سیاسەتی کوردیش دەبێتە بەشێك لەو هاوکێشە ناجۆرە و ئەوەی گوێی لێناگیرێ رۆشنبیرە، کەواتا ئێمە ناتوانین لەدەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆندا رۆڵی بەشێك لە رۆشنبیرە چالاکەکانی کورد فەرامۆش بکەین، ئەمە پێچەوانەی قسەکەی بیرمەندی عەرەب " عەلی حەرب " ە کە دەڵێت " جاریکی تر ناتوانین چاوەڕوانی گۆڕانکاری لەسەر دەستی رۆشنبیران بکەین "

من بڕوام وایە هەموو گۆڕانکارییەك ئەگەر لەسەر دەستی رۆشنبیر نەبێت، ئەوا ئەو هێزە سیاسیە رەنگە بتوانێ بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خۆی رابگرێت و دواتر دەگەڕێتەوە دۆخی هێزە سیاسیەکانی پێش خۆی، ئەمەش بەو مانایەیە،دەبێ  هەموو گۆڕانکارییەك لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی بێت، ئەگەرنا، ئەو هێزە جگە لەدەنگی خەڵکانی نارازی هیچ پەیوەندییەکی بەگۆڕانکارییەوە نابێت، چونکە تایبەتمەندی گۆڕان وەك بیرێکی کراوە، پێویستی بەمقەووماتی رۆشنبیریی و کولتووری و گۆڕینی ئاراستە سیاسیەکانە، نەك هێزێك بەبێ گووتار و ستراتیجییەتێکی دیارینەکراو، بۆیە ئەوەی لەم دوو ساڵەدا گۆڕان وەك هێزیکی سیاسی لەوانی دی جیادەکاتەوە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ گووتاری رۆشنبیری کورد، کە من قسەی تریشم لەسەر ناکامڵی گووتاری ئەو رۆشنبیرانە هەیە، بەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی سیاسیانەی ناو یەکیتی بەشێوەیەکی گشتی، بیرمان نەچێت ململانێکانی ناو یەکێتی بەشێوەیەکی گشتی، هێندەی ململانێن لەسەر دروستبوونی کەسێتی سۆپەرمان، نیو هێندە بریتی نین لە جۆری بیرکردنەوەی جیاواز، کە بەداخەوە ئەمەش بەشێکە لەو کاریگەریانەی گۆڕانی لێدروست بوو، بۆ نموونە لەم دواییەدا چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هاتنە ناو گۆڕانەوە، من

دەپرسم، كام یەك لەو بەڕێزانە بە گووتارێك ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوەیان ڕوونكردەوە كە ئەمان جیاوازی بیروڕایان لەگەڵ سیاسەتی حیزبەكەی خۆیان هەیە ؟ ئەمە بۆخۆی پرسیارە و  دەكرێ گۆڕان كاری لەسەر بكات، كەواتا لەم قۆناغەدا زەحمەتە نەتوانین بڵێین گۆڕان هێزێكی تەقلیدی نیە و ناشتوانین بڵێین دەركەوتنی گۆڕان لەم قۆناغەدا زەروری نەبوو،كە دەڵێین هێزێكی تەقلیدییە، لەو ڕوانگەیەوە، گۆڕان وەك هەموو هێزەكانی دی خاوەن كەسایەتییەكی دیاركراوە كە شەخسی كاك نەوشیروان مستەفایە، بۆیە ئەمرۆ كە دەوترێ گۆڕان و بزوتنەوەی گۆڕان خەڵكی كوردستان و دونیا گۆڕان لەكاك نەوشیرواندا كورتدەكەنەوە، بۆ ؟ ! یەكەم كاك نەوشیروان چ وەك پیاوێكی ڕۆشنبیر و چ وەك سیاسیەكی دیاری ناو گۆڕەپانی سیاسی كورد، سیحرێكی سیاسی هەیە و هەمیشە وەك سوپەرمانێك حیسابی تایبەتی بۆ دەكرێ، ئەمە نەك ئێمە ئەو خەسڵەتانە بەو پیاوە بدەین، بەڵكوو ئەوە واقیعی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئێمەیە ئەوە فەرزدەكات بەسەرماندا، كەواتا گۆڕان بێ ئەم پیاوە دەبێ چی بێت، پاشان من زۆرم لەو برادەرانەی ناو بزوتنەوەی گۆڕان بیستوە، كە بزوتنەوەی گۆڕان بریتیە لە كەسانی خاوەن دەیەها بیروبۆچوونی جیاواز، دەی باشە خۆ ئەم بۆچوونانەیە گۆڕان بەئاراستەی كراوەتر دەبات و ململانێكان جیاوازی دەخەنە بەردەم ڕوئیا نامەنتیقییەكانەوە كە پێشتر لەناو هێزەكانی دیدا هەبوون، بۆیە دەپرسم جگە لەچەند كەسێكی ڕۆشنبیری ناو گۆڕان كامانەن ئەو ڕوئیاو بۆچوونە جیاوازانە، پاشان ئەو جیاوایانە چین كە ئەمانی بردەوەتە سەر ئەو ڕایەی كە جیاوازی لە گووتارەكانیاندا هەیە ؟، بۆیە دەبینی ئەو ڕۆشنبیرانەش هەمان ڕوئیا و بۆچوونی ستراتیجییەتی گۆڕنیان هەیە و لەمەنتقی گۆڕان وەك هێزێكی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن لایان نەداوە، بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا كاك ڕێبین هەردی لە وتارێكیدا بەناونیشانی " بزوتنەوەی گۆڕان " كە لەڕۆژنامەی ئاوێنە ڕۆژی 2010/12/3 دا بلاوبووەوە، قسە لەسەر ئەو دەنگانە دەكات كە لەبەرانبەر گۆڕان بەرزبوونەتەوە و بەدنگی نەشازیان وەسف دەكات، كێشەكە لەوەدایە ئەگەر ڕۆشنبیرەكانی ناو گۆڕان بەم مەنتیقە مامەڵە لەگەڵ دەنگی جیاواز و ڕوئیای جیاواز بكەن، دەبێ بە چ پێوەرێك جیاوازی گۆڕان و هێزەكانی دی بخەینەڕوو، خاڵێكی تر كە زۆر گرنگە ئەوەیە، بەبڕوای من دەركەوتنی گۆڕان بەو سیحرو هێزە جەماوەرییەوە، بەتایبەتی لە سنووری شاری سلێمانی، ڕاستی ئەو مەسەلەیە دەخەنەڕوو كە كاك نەوشیروان و بەشێك لە ڕۆشنبیرانی سلێمانی ئەو دۆخەیان بۆ خەڵك بەرهەم هێنا، ئەگینا بۆ لەشارەكانی تر و لەناو هێزەكانی دی ئەو دەركەوتە فیكرییە لەبارنەبوو ؟، كەواتا دەتوانین بڵێین واقیعی كۆمەڵایەتی كورد

لەشارێکەوە بۆ شارێکی دی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە خەڵکانێك هەبوون کاندیدی گۆڕان بوون بەڵام خەڵکی سلیمانی نەبوون کەچی لەسلیمانی خۆیان کاندید کرد، ئەم گرفتانە ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە نابوو بزوتنەوەی گۆڕان خۆی بخستایەتە ناو مەعمەعەی رکبەری هێزەکانی دی بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین هێز، بەبڕوای من ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە لەم قۆناغەدا دەبوو گۆڕان بە مەنتیق مامەڵەی لەگەڵ چەمکی گۆڕاندا بکردایە، نەك بەمەنتیقی هێز، هەر بینیمان لە هەڵبژاردنی 7/25 بزوتنەوەی گۆڕان بەتەنها 25 کورسی بەدەست هینا، بەڵام لە هەڵبژاردنی 7/3، ئەو هێزە پاشەکشەی کرد، کەواتە خەلەل لەجۆری بیرکدنەوە لەناو گۆڕان ئەوەمان پێدەڵێ،گۆڕانیش نەیتوانیوە لەو هێزە تەقلیدیە خۆی دەرباز بکات.

**پ/ ئایا دروستبونی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا توانی دەنگی ناڕازی خەڵك کۆبکاتەوەو بەشێوەیەکی عەقڵانی ململانێی بکات لەگەڵ دەسەڵاتدا؟ یان گۆڕان تورەیی و ناڕازی خەڵکی کپکردەوە لەبەرامبەر دەسەڵاتدا؟.**

وەڵام : کێشەی گەورەی خەڵکی ئێمە لەوەدایە، لەگەڵ دەرکەوتنی هەر هێزێکی تازە، بەکۆمەڵ خەڵك خۆی دەخزێنیتە ناویەوە، ئەم گرفتە کۆمەڵێك هۆکاری هەیە کە بەدرێژایی مێژووی بزوتنەوەی سیاسی کورد کاریگەری سلبی بەسەر رەوتی سیاسی و فیکری ئێمەوە هەیە، لەم بارو دۆخەدا بزوتنەوە سیاسیەکانی ئێمە شیعارێکیان هەیە کە بەداخەوە لەهیچ قۆناغێکی سیاسیدا کاری پێنەکراوە، ئەویش گرنگیدانە بە چۆنایەتی نەك چەندایەتی، بەردەوام ئەم شیعارە دەڵێنەوە کە خۆیان نەدەتوانن کاری پێبکەن و نە تموحی سیاسییان تەقەبولی ئەوەیەتی کاری پێبکەن، هەموو دەزانین بزوتنەوەی گۆڕان لەدەرئەنجامی ناڕازی بوونی خەڵکی کوردستان دروست بوو، وەکوو قۆناغ هیچ کێشەمان لەگەڵیدا نیەو وەك زەروورەتێکی مێژووی هەر دەبوو ئەم بزوتنەوەیە رابگەیەنرێ، بەڵام ئەوەی نەدەبوو گۆڕان بیکات لەم هەلومەرجەسیاسەییەدا ئەو دەنگەناڕازیانە بخاتە ناو مەعمەعەی رکابەری هێزەکانی ترەوە !، چونکە لەبنەڕەتدا گۆڕان نە وەك هێزێکی سیاسی خاوەن ئابوورییەکی بەهێز ناتوانی برەو بەو دەنگانە بدات و نەوەك هێزێك لەناو ناڕازیبوونی خەڵك دەتوانی لەبەرانبەر فیکری چەقبەستوویی هێزەکانی دی، فیکرێکی نوێ بەرهەم بێنێ، بۆیە دەتوانین وەك بەرێزت بڵێن گۆڕان تورەیی و ناڕازی خەڵکی کپکردەوە، ئەگەر لە جەهەری ناڕازیبوونی خەڵك بکۆڵینەوە دەبێ دیراسەیەکی قووڵی سایکلۆجییەتی تاکی کورد بکەین و بزانین گرفتەکان چین دەیانباتە دۆخی ناڕازیبوون،

بێشك یەكێك لەهۆكارەكان مەسەلەئابووریەكانە، پاشان نەبوونی یەكسانی نێوان تاكەكانی كۆمەڵ و ئیحتیكاركردنی بازاڕ لەلایەن دەسەڵاتەوە، كەواتە كەدەڵێم نابوو گۆڕان لە ماوەیەكی كەمدا ئەو هێزەی بۆ ركەبەریێتی هێزەكانی دی بەكاربهێنبایە، ئەوەیە دەسەڵات دەتوانێ جارێكی دی ئەو دەنگانە كپ كاتەوە، بە بڕوای من بەدەركەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان لەم قۆناغەدا هێندەی دەسەڵات سوودی لەو ئەزموونە وەرگرت، گۆڕان خۆی نەیتوانی سوودی لێوەربگرێ، كۆمەڵێك تەعدیلاتی دەستووری كرد، مووچەی شەهیدو كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی زیاد كرد، مووچەی فەرمانبەری زیادكرد، ئەمانە هەمووی كاریگەری دروستبوونی گۆڕان بوو حكومەت و حیزب سوودی لێوەرگرت،راستە گۆڕان لەبنەڕەتدا بۆ ئەو مەبەستە كاردەكات، راستە حیزب مووچەی خەڵكی ناو بزوتنەوەی گۆڕانی بڕی، دەبوو ئەمە بكات، هەر هیچ نەبێ بۆ گڕانەوەی مووچەكانیان رەدئیعتیبارێك بۆ هەیمەنەی حیزب و حكومەت و پەرلەمان بیگێڕتەوە، بەڵام ئاخۆ گۆڕان چەند سوودی لەو دەنگە نارازیانە وەرگرت ؟، چونكە لەبنەڕەتدا خەڵكی ئێمە لەمانای ئۆپۆزیسیۆن بوون ناگەن، كاتێ كە دێنە پاڵ هێزێكی دی، ئەوان پێیان وایە لە " 24 " كاتژمێردا هاوكێشەكان پێچەوانەوە دەبنەوە و ئۆپۆزیسیۆن دۆزەخیان بۆ دەكاتە فیردەوس، ئەمە گرفتە كە ئێمە تا ئەم چركەساتە نەمانتوانیوە بۆ خەڵكی روونبكەینەوە ئۆپۆزیسیۆن بوون چیە !، ئەم دۆخەی گۆڕانی پیاتێپەڕدەبێ، رۆشنبیرەكانی ناو گۆڕان بەرپرسن لێی، دەبوو هیچ نەبێ خەڵكی خۆیان بەو عەقلییەتە گۆش بكەن، نەك ئەوەی بەداخەوە ئەوانیش خەریكە بەهەمان مەنتق خەڵك چەواشە دەكەن، من لە برادەرێكی رۆشنبیری ناو گۆڕانم پرسی بۆچی كاك نەوشیروان قبوڵیەتی بەم شێوەیە وێنەی لەبازاروبانەكاندا بڵاو بێتەوە، كەچی ئەو رۆشنبیرە وتی كاكە ئەو پیاوە خۆشەویستە خەڵك لەخۆیەوە وای بۆ دەكات، ئەم تێگەیشتنە بۆ گۆڕان و تێگەیشتن لە گۆڕان زۆر كاریگەریی سلبی هەیە، چونكە لەبنەڕەتدا ناكرێ گۆڕان لە سەركرادیەتی تاكەكەسی كورتبكرێتەوە، خۆ ئەگەر مەسەلەكە كاك نەوشیروانە، با هەمووومان بكەوینە دوای و رەخنەش لە هێزەكانی تر نەگرین، ئەم شەپۆلە لەنارازیبوون كەپ بووەوە، ئێستا خەڵك بەگۆڕان و هێزەكانی ترەوە بوون بە فەرمانبەر، واتا سەبەتێك نیە هەمووومان كۆبكاتەوە، مەسەلەیەك نیە هەمووومان تێكڕا بڕیاری لەسەر بدەین، بەپێچەوانەوە، دوو سەبەتە هەیە ئێمە لە سەركردەكانمان جیادەكاتەوە، بۆیە كە خەڵك دەگەڕێتەوە دۆخەكەی جارانی، ئەوە بەو مانایەیە رۆشنبیرانی ناو بزوتنەوەی گۆڕان نەیانتوانیەوە خوێندنەوەیەكی ورد بۆ خەڵك و پەلەكردنی گۆڕان و دەركەوتنی وەك هێزێكی سیاسی تازەو خۆخزاندنی بۆ ناو هەڵبژاردن، ئەوەی

ئێمە بینیمان لەکەرکوک جگە لەچەند کەسێك لەو کاندیدانەی کەرکوك، ئەوانی دی هیچیان خەڵکانێك نەبوون رۆڵی کاریگەریان بەسەر خەڵکی کەرکوکەوە هەبێ، ئەمە یەکەم لەپەلەکردن و دووەم لەنەخوێندنەوەی گۆڕان بۆ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەرکوك بوو، بۆیە لەماوەیەکی قیاسی کورتدا کە مانگێك بوو بۆ کاندیدەکانی کەرکوك، چۆن دەتوانن لەو واقیعیە سیاسە ئاڵۆزەی کە ناسیونالیستە تورکمانەکان و عەرەبەکان بەرانبەر کورد دەیکەن، ئەگەر چی خەڵك لەدەسەڵاتیش بێزاربوو، بەڵام ئەوان توانییان سوود لەسۆزی خەڵك و پەلەکردنی بزوتنەوەی گۆڕان وەربگرن.

ئەوەی پەیوەستە بە جۆری ململانێکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەگەڵ دەسەڵات،سەرەتا وەك هەموو دەزانین جۆرێك لە تەشەنوجی پێوەدیاربوو، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمەی کورد ئەزموونمان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن نیە، بۆیە ئێمە ناتوانین بڵێین لەو ماوە کورتەدا بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوایوە بەشێوەیەکی عەقلانی ململانێ لەگەڵ دەسەڵات نەکات، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین خودی گۆڕانیش بەکۆمەڵێك گرفتدا تێپەڕی و زۆر جار ئەو گرفتانە لەچوارچێوەی نەبوونی گووتاری گشتی ئەندامەکانی ناو بزوتنەوەی گۆڕاندا دەخولایەوە، واتا هەندێك پێیان وابوو ئەو ململانێیە دەگاتە ئاستێك کە رەنگە گرفتی گەورەی لێبکەوێتەوە، لەم حاڵەتەدا ئەوەی بێئومێدی لای ئێمە جێهێشت ئەوەبوو ململانێکان تەنها لەنێوان سەرکردەکاندا رەنگی دایەوە، وەك ئەوەی کاك نەوشیروان لەباری مام جەلالەوە نووسی و ئەوەی مام جەلالیش لە کۆنگرەی یەکێتی لەسەر کاك نەوشیروان وتی، ئەم دۆخە جۆرێك لەنەبوونی تێگەیشتن لەچەمکی ئۆپۆزیسیۆن بوون دەخاتەڕوو، چونکە سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن تەنها مەسەلەیەك نیە پەیوەست بێت بە مام جەلال و بەپێچەوانەشەوە بەکاك نەوشیروانەوە، بۆیە دەکرێ بپرسین ئایا ئەم ململانێیە لەگەڵ دەسەڵات عەقلانی بوو ؟.

**خاڵە لاوازەکانی گۆڕان وەك هێزێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆن چییە؟ هەروەك خاڵە بەهێزەکانی کامانەن تا بەردەوامییان پێبدات؟ پێویستە بۆ ئێستاو ئایندە گۆڕان چی بکات؟ ئەو رێگایانە کامانەن ئەم بزوتنەوەیە پێویستی پێیەتی لەخەبات و ململانێی سیاسیدا؟**

وەڵام : هیچ بزوتنەوەیکی سیاسی لە دونیادا نیە و خاڵی لاوازی نەبێ، یەکێك لەو خاڵەلاوازانەی گۆڕان ئەوەبوو خوێندنەوەیەکی وردی بۆ پێکهاتەکان و چین و توێژەکانی ئەم بەشەی کوردستان نەبوو، بۆ نموونە خەڵك حەقی خۆیەتی بڵێ بزوتنەوەی گۆڕان تەنها لەسلێمانیدا کاریگەری هەیە، یەکەم : ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو

جیاوازی کرانەوەی نێوان سلێمانی و شارەکانی دی، دوو : ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن لە رەحمی هێزێکی دیارەوە سەریهەڵدا، ئەویش یەکێتی بوو، کە ئەمە ئەوەمان وەبیردێنێتەوە کە کوردستان دابەشکراوەتە سەر دوو هێزی جیاوازەوە، بۆیە بینیمان نەلە هەولێر و نەلەکەرکوک و نەلەدهۆك، بزوتنەوەی گۆڕان ئەو کاریگەرییەی نەبوو، ئەمە جارێکی دی دەمانباتەوە سەر ئەوەی بڵێین گۆڕان پەلەی کرد لە راگەیاندنی خۆی وەك هێزێکی سیاسی.

خاڵێکی تر کە بەنەزەری من کاریگەری سلبی هەبوو لەسەر بزوتنەوەی گۆڕان، جۆری مامەڵە کردن یا خۆدەربازکردن بوو لە تێگەیشتن یا خوێندنەوەی جیاواز بۆ بەرەی تورکمانی لەکەرکوك بەتایبەتی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن روویدا، هەموو ئەو گرفتەو ئاریشانە دەزانین کە لەنێوان لیستی برایەتی و بەرەی تورکمانیدا هەیە کە کارگەیشتە سەر ئەوەی بەرەی تورکمانی ببێتە سەرسەختترین هێز کەدژایەتی کورد دەکات لەکەرکوك، بۆیە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا هێزە کوردییەکان بزوتنەوەی گۆڕانیان بەوە تاوانبارکرد گوایە لەگەڵ بەرەی تورکمانی دانیشتنیان کردووە، ئەوەی بەلای منەوە نامۆبوو ئەوەیە بزوتنەوەی گۆڕان بەهەمان نەفس و عەقلییەت مامەڵەی لەگەڵ ئەو دۆخە کرد، بۆیە هەست دەکەم برادەرانی گۆڕانیش بوعدێکی پراگماتیستانەیان بۆ ستراتیج و بیرکردنەوەی ئاراستەجیاوازەکان نیە، بۆیە دەبینی لەو کاتەدا لەسەر حیسابی مەکسەبی کۆکردنەوەی دەنگ، دیدێکی کاریگەری بیرکردنەوەی جیاوازیان کردە قوربانی مەسەلە گرنگەکان کە نەدەبوو بزوتنەوەی گۆڕان بکەوتایەتە نێو ئەو هاوکێشە هەڵەیەوە، بۆیە ئەوانیش روئیایەکی بەرفراوانیان یاخود بوعدێکی سیاسی و وەڵامێکی مەنتیقییان بۆ ئەو مەسەلەیە هەبوو، یەکسەر رەتیان کردەوە کە ئەوان لەگەڵ بەرەی تورکمانی دانیشتون، بەڕای من بزوتنەوەی گۆڕان لەو کاتەدا کارێکی خراپ بوو کە نەدەبوو ئەو جۆرە لێدوانە بدەن، لەکاتێکدا هەموو دەڵێین ئەو خەلەلەی لەکەرکوکدا هەیە بەشێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی حیزبە کوردیەکانەوە، باشە بۆ دەبێ بزوتنەوەی گۆڕانیش بەهەمان مەنتیق مامەڵە لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا بکات، ئایا ناکرا ئەو هێزە کوردیە بەجیاواز لەهێزەکانی تر روئیایەکی تری هەبێ بۆ ریککەوتن لەگەڵ بەرەی تورکمانی ؟، ئەوە ئەرکی رۆشنبیرەکانی ناو بزوتنەوەی گۆڕان بوو کە نەبوو قبوڵیان بێت هەندێك مەکاسبی تایبەتی فەرزکەن بەسەر دیدێکی سەرەکی کە رەنگ بوو بتوانرایە قەناعەت بە بەرەی تورکمانی بهێنن، لەوەڵامێکی پێشوودا باسم لە ناکاملی گووتاری رۆشنبیری کورد کرد، ئەویش ئاوڕ نەدانەوەیانە لەمەسەلەی کەرکوك، بەداخەوە بەدرێژایی ئەم " 19 " ساڵە جارێك یادوو جارنەبێ ئەویش بەشێوەیەکی لاوەکی باس لە

مەسەلەی کەرکوك کراوە، ئەگینا مەسەلەی کەرکوك و روئیایان بۆ کەرکوك مەسەلەیەك بووە  لەدەرەوەی بیرکردنەوەی ئەواندا بووە، لەکاتێکیدا زۆرترین قوربانی بۆ کەرکوك دراوە و بەردەوام تائەم چرکەساتە کێشەی لەسەرە، بەداخەوە ئێمە واهەست دەکەین روئیای بزوتنەوەی گۆڕان بەرانبەر کەرکوك مەسەلەیەکە وەك ئەوەی تەنها پەیوەست بێت بەکەرکوکیەکانەوە، راگەیاندنیان لە کەرکوك وەك ئەوەی نەبێت وایە، سەرەتا تلفزیۆنێکی تایبەت بوو لەبری ئەوەی برەوی پێبدەن زۆربەی کادیرەکانیان ناردەوە ماڵەوە و کردیان بەنووسینگە، ئەمە دەستکەوتە یا پاشەکشەکردنە ؟.

ئەوەی لەهەموو کارێك نەشیاوترە ئەوەیە نەسایتی " سبەی " و نەتلفزیۆنی "knn " رەخنەیان قبوڵ نیە و ئامادەنین رەخنەت لێ قبوڵ بکەن، ئەمە گەورەترین گرفتە تووشی بزوتنەوەی گۆڕان هاتووە،  من کاتی خۆی وتارێکی رەخنەئامێزم نارد بۆ سایتی سبەی بلاویان نەکردەوە، پەیامنێری " knn " لەکەرکوك راپۆرتێکی ئامادەکردبوو لەگەڵ من و کاك لەتیف فاتیح فەرەج قسەی کرد، لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی ئێمەیان بەدڵ نەبوو،راپۆرتەکەیان بلاونەکردەوە، ئێمە کەدەڵێن گۆڕان پەلەی کرد لە ئیعلانکردنی خۆی دیارە ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ گۆڕانکاریی بیرکردنەوەیە لە کوشتنی رۆحی گۆڕانکاری.

لەبەرانبەردا بزوتنەوەی گۆڕان خاڵی بەهێزیشی هەیە، بەوەی توانی حەرەکەیەك بەخەڵك ببەخشێت و خەڵکی فێری ناڕازی بوون و پرسیارکردن بکات، رەنگە بەلای منەوە قسەکردن لەهەولێر یەکێك بێ  لەو سەرکەوتنانەی کە بزوتنەوەی گۆڕان برەوی پێدا ئەویش تەنها کەسەکانی خۆی ، خاڵێکی تر ئەوەیە حکومەت و پەرلەمانی ئەکتیف کرد کە ئەمەیان هەم باوەڕی خەڵك بەلای خۆیدا رادەکێشێ و هەم حکومەت ناچاردەکات کارلەسەر مەسەلە جیدییەکان بکات کە راستەوخۆ پەیوەندی بەخەڵکی کوردستانەوە هەیە، دیارە بەهەمان شێوە وێنەی کورد لەبەغدا خاڵێکی تری بەهێزی بزوتنەوەی گۆڕان و باقی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانە کە کوردی خستە سەرکەڵەی نووسینەوەی داخوازیە چارەنووسسازەکانی کورد و مۆرکردنی لەلایەن هێزە عێراقیەکان وەك مەرجێکی سەرەکی کورد کە بریتی بوو لە "19 " خاڵ.

بزوتنەوەی گۆڕان پێویستی بەسەرکردایەتی جەماعیە پێشڕەوی بزوتنەوەکە بکات، مەرج نیە ئەم سەرکردایەتیە جماعیە لەرووی فیکرەوە یەکبن، گرنگ ئەوەیە ستراتیجیەتێکی دیارکراویان بۆ مەسەلە نەتوایەتییەکان هەبێت و رای یەکتر قبوڵ بکەن.

هەوڵ بدات گۆڕان بباتە دەرەوەی سلێمانی بەمەرجی بەو روئیایەوە تەماشای شارەکانی تر نەکات کە ئەمە هەولێرە یاخود

کەرکوکە پێویستە کەرکوکیەکان خۆیان خەمی شارەکەیان بخۆن، وەك ئەوەی هەولێر تەنیا هی هەولێرەیەکان بێت، ئەم تێگەیشتنە بۆ گۆڕان کاریگەری سلبی زۆری هەیە کە خودی گۆڕان دەباتەوە سەر دابەشبوونی کوتلە وەك ئەوەی ئیستا لەناو هێزەکانی تردا هەیە.

پێویستە رۆشنبیرانی ناو گۆڕان دیدێکی فراوانترین بۆ مەسەلەکان هەبێت و تەنها لەسلێمانیەوە بۆ سلێمانی قسەنەکەن.

زۆر زەروریە چاوێك بە کەناڵی "knn" دا بخشێنرێتەوە، ئەو سستمەی ئێستا گۆڕان کاری لەسەر دەکات، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کەناڵەکانی تری کوردسات و گەلی کوردستان و زاگرۆس نیە، ئەمە لەو روانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە هێزە ئیعلامیەکان بۆچوونی جیاوازیان قبوڵ نیە لەکاتێدا بزوتنەوەی گۆڕان کەمپینی لەسەر ئازادی رادەربڕین راگەیاندووە، بزوتنەوەیەك بییەوێت داکۆکی لە یەکسانی کۆمەڵایەتی و بیری ئازاد بکات، خۆ دەبێ گوێ لەقسەی خەڵکی تریش بگرێت تەنانەت ئەگەر رەخنەش بێت لەخودی گۆڕان، بەبڕوای من ئەگەر بەم رۆحە کارنەکەن، ناتوانن ئامانجەکانتان بپێکن و ببن بە بزوتنەوەیەك نوێنەرایەتی دەنگ و رەنگی خەڵکی جیاواز بکات.

پێویستە گۆڕان لەشارەکاندا گرنگی بەخەڵکی لێهاتوبدات کەتوانەی ئەوەی هەبێت خەڵك بهێنێتە سەر باوەڕبوون بەدەنگی جیاواز، نەك ئەوەی من پێشمەرگەی دێرینم دەبێ تەواو ئیتر پێشڕەوی ئەم بزوتنەوەیە بکەم و ئیتر چی لەگۆڕانکاریی ئەزانم یا نازانم ئەوە کێشەنەبێت، ئەم دیدو روئیایە بۆ گۆڕانکاریی ریشەیی لەسستمی کۆمەڵایەتی کارێکی قورسە بە پێشمەرگەی دێرین وعەقڵی دێرینی ناکرێ، بەڵکوو بەعەقڵی کراوە و خەڵکی لیبڕاڵ دەکرێ، ئەمە حەقیقەتێکی مەوزوعیە پێویستە کار بەعتیفەو رابوردوو نەکرێت، بەڵکو دەکرێ رابوردوو و عەقڵی رابوردوو بخەنە خزمەتی ئێستاوە،

پێویستە رۆشنبیرانی ناو بزوتنەوەی گۆڕان پرۆژەی چاکسازی لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بخەنە بەردەستی پەرلەمانەوە و بەردەوام بەدواداچوونی بۆ بۆبکەن و کایەی رۆشنبیریی کوردی لەم قەیرانە بهێننە دەر کە خەریکە بەئاراستەیەکی بێ سەرەوبەرە دەڕوات.

## دیداری گۆڤاری " نەوە "

## سەبارەت بە کێشەی گەنج

سازدانی فەهەد شوانی

**پ /: خوێندنەوەت بۆ لاوان چیە ؟**

وەڵام : رەنگە هەروا ئاسان نەبێت ئینسان بتوانێ لەبەرانبەر پرسیارێکی لەو جۆرەدا راستەوخۆ وەڵامێکی پڕاوپڕی بۆ گەنج هەبێت، چونکە تایبەتمەندی گەنج سروشتێکی چەندلایەنەی هەیە، بۆیە ناکرێ لەکۆی ئەم سروشتە جیاوازانە وەڵامێکی رەهات هەبێ، دەکرێ ئێمە بپرسین ئایا گەنجێتی تەمەنێکی بایۆلۆژیە یاخود تەمەنێکی کۆمەڵایەتی " سوسیۆلۆژیە، یاخود ئەو خەسڵەتەی گەنج گوزارشت لە گەنجێتی خۆی دەکات کە پەیوەندی بە چالاکی جەستەیی و عەقڵی خۆیەوەیە، یان پەیوەندی بە کولتورو داب و نەریتەوە هەیە کە کۆمەڵگا بەرهەمی دەهێنی ؟ ئەوەی تەمەنی گەنجێتی پیاتێدەپەڕێ رەنگە هیچ کام لەتەمەنەکانی تری منالی و پیریی بەقەد تایبەتمەندی " گەنجێتی " لەدۆخێکی ناهاوسەنگدا نەژین، چونکە لەیەك کاتدا گەنج گیرۆدەی دەستی دوو جۆر تێڕوانین و مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیع و گیروگرفتەکانی، ئەوان لەنێوان دوو هێزی کولتووریی و عەقڵی مامەڵەدەکەن، واتە لەنێوان ئەم دوو هێزەدا نەگەنجن وەك تایبەتمەندی گەنجێتی، نە پیریشن وەك تایبەتمەندی پیرێتی، هێزێکی جەستەیی لەناوەوە دوای بەجێهێنانی ئەرکی گەنجێتی لێدەکات، هێزێکی ترداوای بەجێهێنانی ئەرکی کۆمەڵگای لێدەکات ، کەئەمەیان زیاتر گرفتی گەنجی ئاڵۆز کردووە، چونکە راستەو خۆ کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵگا بواری ئەوەی نادات پشت لەم ئەرکە بکات، ئەویش هێزێکە داوای ئەرکەکانی گۆمەڵگای لێدەکات، واتە سروشتی " ماڵ و خێزان " لەکۆمەڵگای ئێمەدا هێندەی تر ئەرکی گەنجی ئاڵۆزتر کردووە و بگرە ماڵی ئێمە دەیەوێ منالْ یاخود " گەنج " کۆپێ خێزان بێت واتە دەبێ " کوڕ " لەباوك بچێ، کچیش لەدایك، ئەم نەریتە منالْ و گەنجی لەگەنجێتی خستووە و بواری نەداوە گەنج لەتایبەتمەندی تەمەنی خۆیدا

بژی،ئیدی ئەم نریتخوازیەی کومەلگای ئێمە، گەنجی شەرمن بەرهەم دێنێ کە توانای پرسیاری نبێ، یەکێك لەو گرفتانەی لای ئێمە وەك نەریت بەناخماندا شۆڕبووەتەوە، نەبوونی جورئەتە لەبەردەم پرسیارکردن، واتە سروشتی شەرمنی خێزان بەئاقارێکی تردا شۆڕدەبێتەوە، ئەویش گەڕەك و دواجاریش کۆمەلگایە، ئەمەش وای کردووە ئەو گەنجانەی هەمیشە پرسیاربکەن، بەکەسی رووقیم و بێشەرم ناوی بەرن، ئەوەی لای خێزان و کۆمەلگا و دەسەلاتدا هەیە، هەمیشە رێگرن لەبەرانبەر جولەی مێژوو، واتە ئەوان رێگرن لەرانبەر ئەو پرسیارانەی لای هەندێ گەنج هەیە، بۆیە دەبینی هەمیشە گەنجی ئێمە وەك چۆن لەگەنجێتی خۆیدا " باوك " بوو لەمامەلەکردنیشدا بەهەمان شێوە لەبەرانبەر دەسەلاتیش هەر ئەو گەنجە شەرمنەیە کە پرسیارێکی نیە بۆ ئێستا و ئایندە، ئەگەر گەنجێتی خۆی لەنەریتی ئەو باوك وکوڕەی مالەوە یەکالا نەکاتەوە، هەزگیز نابێتە کەسایەتییەکی خاوەن بڕیارو ئیرادە، لەکۆمەلگای ئێمەدا کاتێك گەنج خاوەن ئیرادەیە گەنجێکی گوێڕایەلٚ و بێ پرسیار بێت، ئەگەر گەنج جیاوازی لەنێوان ئەرکی باوکایەتی و تایبەتمەندی تەمەنی گەنجێتی نەدۆزێتەوە، ئەوا گەنجێتی هەر ئەو نمونەیە دەبێت کە کەسایەتییەکی بێئرادەیە لەبڕیاردان و قسەکردن لەسەر گەنجێتی، لەکۆتای سەدەی حەڤداهەمدا " جۆن لۆك " مانیفیستی " ئازادی تاکەکەسی " راگەیاند و تێیدا دەلێ " دەسەلاتی هیچ مرۆڤێك بەسەر مرۆڤێکی ترەوە سروشتی نیە، بەرپرسیارێتی باوك بەسەر منالەوە دەسەلاتێك نیە پراکتیزەی بکات، بەلکو شێوازێکە لە ئەرکی باوکایەتی " کەواتە ئەوەی باوك کاری لەسەر دەکات دووبارەکردنەوەی مێژووی باوکایەتییە لە منالەکەیدا، بۆیە زۆرجار دەبینین لەخێزانی ئێمەدا منالی بچووك جولەکانی باوکی دووبارەدەکاتەوە، هەندێجار بەسەر خوشکە گەورەکانیدا زالٚ دەبێت وەك باوکێکی کۆپیکراو مامەلەیان لەگەلٚ دەکات، هەر ئەمەشە ئەو گەنجانەی کە لەداموودەزگا حکومیەکان دادەمەزرێن لەماوەی چەند رۆژێکدا دەبنە کۆپی دەسەلات و بەسەروسیما و هەلسوکەوتی خۆیان مامەلە لەگەلٚ دەوروبەردا ناکەن و دەبنە کەسێکی تر کە لەبنەڕەتدا ئەوە ئەوان نین گەورەکانن ، تەنانەت ئەم نەریتە کۆنخوازە کاریگەریی زۆر خراپی هەیە و لەناو پەروەدەشدا رەنگی داوەتەوە، بۆیەهەمیشە کۆنەپارێزەکان دەبینی پیری دەکاتە بەری گەنجێتی، بەپێچەوانەوە لەبری ئەوەی گەنجێتی موتروبە بکات لەپیری و رووحییەتی تازەبونەوە بکاتە بەری کۆمەلگا،تەمەنی گەنجێتی کورت دەکاتەوە و گەنج لەتەمەنی خۆیدا بەپیری دەژی، ئەمە ئەو گرفتەیە کەرەنگە زۆر ئەستم بێت مرۆڤ بتوانێ راستەوخۆ پێناسەیەکی رەهی هەبێ بۆ تەمەنی گەنج یا گەنجێتی.

**پ/ ئەو گلەیی و زیزبوونەی نێوان لاوان و دەسەڵات بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

وەڵام : بەپێچەوانەوە ئەوەی بەدی دەکرێ زیزبوون نیە، بەڵکو بێدەنگییەکی زۆر خەتەرە باڵی بەسەر جوڵەی مێژووی ئێمەدا کێشاوە، کاتێ زیزبوون دەبێ، دیالۆگ هەبێ، ئەوەی بەناوی دیالۆگەوە گوزارشتی لێدەکرێ، دیالۆگێکی سەختەیە،چونکە لەبنەڕەتدا " لاو " ی ئێمە پرۆژەیەکی نیە دەسەڵات زیزبکات، ئەوەی هەیە چەند هەوڵێکی تاکەکەسییە، ئەو هەوڵانەش درەنگ و زوو دەتوانن پرۆژەکانیان گەشەپێبدەن، دواجار دەبێ بزانین ئەوەی ئێمە ناوی دەنەین " پرۆژە " چیە ؟! ئەمش بۆخۆی پرسیارێکی سەرنجڕاکێشە کە دەبێ ئێمە بەوردی بەدوایدا بکەوین، ئایا پرۆژە، کردنەوەی " یاریگایە " وەك ئەوەی ئێستا دەبینین لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوەکان هەندێ لە لاوان داوای دەکەن، یاخود ئەو سەنتەرانەیە کە دەسەڵات بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی فراوانتری دەکاتەوە ؟ بۆیە دەکرێ بڵێین تائێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان کێشەی " لاو " لەوڵاتی ئێمەدا نیە، واتا لەرواڵەتدا هیچ کێشەیەك لەنێوان نەوەی کۆن و نوێدا نیە، لەبەرانبەریشدا هیچ جۆرە دیالۆگێکیش نیە، ئەوەی لە ئارادایە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، بێدەنگییەکی ترسناکە، چونکە بێدەنگی واتە چەپاندن و کپکردنی ئەو خولیاو ئارەزووانەی لای گەنج بەبێدەنگی ماوەتەوە،ئەوەی گرنگە لای گەنجان هەوڵبدەن پرۆژەی فیکریی و مەعریفییان هەبێ کە بتوانن فیکر بە فیکر و مەعریفە چارەسەر بکەن، هەر بۆ نمونە ئەوەی ئێستا لەم گۆڤارەی ئێوە قسەی لەسەر دەکەین بۆخۆی پرۆژەیە بۆ قسەکردن لەسەر کێشەی لاوان، واتە ناکرێ لاوان دەست لەسەرچۆك دانیشن دەسەڵات کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، دەسەڵات کاتێ کێشەت بۆ چارەسەر دەکات کە تۆ مەبەستم لە گەنجە باس لەسەروەرییەکانی ئەو بکەیت و حەز دەکەن نەوەی نوێ کۆپی ئەوان بێت و لەبری ئەو باس لەسەروەرییەکانی دوێنێی ئەو بکات و لەسەردەمێکدا بژی کەهی خۆی نەبێت،ئەگەر بمانەوێ لاو لەتەمەنی خۆیدا بژی، دەبێ گەنج هەمیشە لەهەوڵی تازەبوونەوەدابێ، بۆیە بەدیوێکدا دەبێ هەوڵبدا ئەو بیروبۆچوونە کۆنخوازانە بخاتە ژێر فشاری عەقڵی تازەوە، ئەمەش وەك پێشتر وتمان دەبێ خاوەن پرۆژەی فیکریی و مەعریفی بێت، بێ ئەم پرۆژەیە، ئەوەی گەنج داوای دەکات، جگە لەمودێلێکی گشتی زیزبوون لەدەسەڵات، بێ پرۆژە هیچیتر نیە، ئەوەی ئەو گەنجە خاوەن پرۆژانە دەیکەن، لای کۆنە پارێزەکان بە کودەتای دەزانن و وای لەقەڵەم دەدەن کە دەستێك لەپشتەوە هاوکارییان دەکات، نموونوش، خۆپیشاندانی " 68 " خوێندکاران

لەشەستەکانی سەدەی بیست، کە زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوای گرتەوە، بۆیە لەو کاتەدا دەسەڵات " مارکۆزە " ی فەیلەسوفی بەوە تاوانبارکرد کە ئەو لەپشت ئەو خۆپیشاندانەوەیە، لەبەرانبەردا " مارکۆزە " وتی " ئەو خۆپیشاندانە، خۆپیشاندانێکی گەنجانە بوو، ئەوان لەبنەڕەتدا دژی نایەکسانی و کەسێکی باوك ئاسا یان باپیرە ئاسا بوون ".بۆ ئەوەی لەوچوارچێوە تەقلیدییە خۆمان دەرباز بکەین، پێویستمان بە گەڕانە بەدووی فیکر و مەعریفە و هەمیشە بە دوای پرسیارە ونبووەکاندا بگەڕێین کە لەناو ماڵ و گەڕەك و کۆمەڵگادا وەڵامەکانمان دەست ناکەوت، هەوڵی تازەکردنەوەی ئەو پرسیارانە بدەن کە بەدرێژایی مێژوو، ئێمە لەخۆمانی دەکەین، گرفتی سەرەکی ئێمە ئەوەیە تاکوو ئێستا نەمانتوانیوە دەرگا لەویتر بکەینەوە و بەجۆرێك لەجۆرەکان لەوان حاڵیی بین، گەڕان بەدوای " ئەوی دی " گەڕانە بەنێو فیکر و ئەندێشەی ئەویدی، ئەم پرسیارە دونیایەك لە ژیان و ماناکانی ژیان نزیکمان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە " ئەویدی " بگەیت، پێوستە وردەکارییەکانی فیکر و زانست بخوێنیتەوە و پرسیار ئاراستەی خۆت بکەیت، ئایا گۆڕان لە مێژوو، چۆن روودەدات،ئەگەر ئەم پرسیارانە لای ئێمە بوونیان نەبێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە، ئەوە حەقیقەتی ئەو کولتوورەیە کە لە واقیعی ئێمەدا رودەدات، واتە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە هەمیشە ئینسانی شەرمن بەرهەم دێنێ، بۆیە لەبەرانبەر ئەم حاڵەتە ئێمە پرسیارێکمان نیە نە بۆ واقیع و نە بۆ دەسەڵات، بۆیە جارێکی تر دەیڵێمەوە، ئەوەی هەیە زیزبوون نیە، بەڵکو بێدەنگییەکی زۆر ترسناکە بەسەر جولەی مێژووەوە، بۆ مەبەستی گۆڕانکاریی ریشەیی لە سستمی کۆمەڵایەتی، پێویستمان بە زرووفی زاتی هەیە، ئەو زەرفە زاتییەش توانەی لاوی دەوێ، واتە دەبێ لاوان خۆیان بەدوای ئەو زەمان و زەمینەدا بگەڕێن کە پرۆژەی گۆڕانکارییەکانی تێدا سەرهەڵدەدەن .

**پ/ پێتوایە رێگاچارەی ئەو ساردییەی نێوان لاوان و دەسەڵات چیین؟ یا چۆن دەسەڵات توێژی لاوان ئاشت بکاتەوە ؟**

وەڵام : ئەگەر ئاورێکی خێرا لەجولەی مێژوو بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ بەدرێژایی زەمەن ، شتێك نیە ناوی ئاشتبوونەوەی گەنج و دەسەڵات بێت، لەبەر ئەوەی ئەم دوو نەوەیە هەمیشە گرفتێك نایانگەیەنێ بەیەك ئەویش جیاوازی فیکرە، بۆیە نەوە دوای نەوە یەکدی رەتدەکەنەوە، هەمیشە نەوەی تازە لەهەوڵی گۆڕانکاری ریشەییدایە لە سستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەگەر مێژووی خۆرئاوا بخوێنینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ ئەو گۆڕانکاریانە لەسەر چ بنەمایەك هاتووەتە کایەوە، راستە لەسەردەمی کەنیسەدا لەخۆرئاوا زۆرترین خوێن رژاوە، بەڵام

دواجار فیکر توانیویەتی گۆڕانکاریی ریشەیی بێنێتە کایەوە، لەبەرانبەر هەمیشە ململانێی فیکری نێوان فەیلەسوف و بیرمەندەکان بەردەوامبووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت فیکر رۆڵی خۆی دەبینی لە گۆڕانکاریی بەردەوام ، بۆیە کاتێ دەسەڵات لەگەڵ گەنج ئاشت دەبێتەوە، ئەویش ببێت بەیەکێك لەو، واتە گەنج بریتی بێت لەدووبارەکردنەوەی مێژووی دەسەڵات و تەواو کردنی بیروبۆچونەکەی، بۆیە گەنج نایەوێ لەگەڵ دەسەڵات ئاشت بێتەوە، بەڵکو دەیەوێ دەسەڵات لەگەڵ ئەو ئاشت بێتەوە،لەبەر ئەوەی لەبنەڕەتدا ئابووری وڵات لای دەسەڵاتە نەك لای لاوان، ئەگەر لاوان لەگەڵ دەسەڵەت ئاشتبنەوە، ئەی بۆچی پێشتر زیزبوون، ئەگەر زیزبوون لەبنەڕەتدا هۆکارەکەی دامەزراندن و کردنەوەی یاریگای فوتبۆڵێن بێت، ئەوا دڵنیابە دەسەڵات زۆر پێویستی بەو شێوە تێڕوانین و بۆچونانە هەیە.

**پ/ تاچەند لەکاری ئەو لاوانەی شاری کەرکوك رازیت کە لەبواری راگەیاندن و کاری رێکخراوەکانی لاوان و گەنجاندا کار دەکەن، یا پێتوایە تا چەند توانیویانە بوونی خۆیان لەو بوارەدا بسەلمێنن و خزمەتی لاوانی ئەو شارە بکەن ؟**

وەڵام : ئەوەی دەکرێ کاری تاکەکەسییە، زۆرهەن لەو لاوانەی لەکاری راگەیاندندا کار دەکەن سەرکەوتوون لەکارەکانیان، ئەمە رەنگە بۆخۆی مایەی خۆشحاڵیی بێت، بەڵام ئەگەر بپرسی ئەوان چییان بۆ لاوان کردووە، ئەمیان کارێکی ترە، چونکە لەبنەڕەتدا دەبێ بپرسین ئەو سستمەی ئەو لاوانە کاری لەسەر دەکەن چین، ئایا ئەوان بەفیعلی توانیویانە ببن بەکەس و لایەنی ئازاد تا بتوانن کاری جیدی بۆ گەنجان بکەن، ئەوەی ئەوان دەیکەن تەنها لەبەشێکی بچوکی راگەیاندن وەك کارمەند ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن، لەدەرەوەی ئەم کارە بترازێ منیش دەپرسم ئەوان چییان پێ دەکرێ ؟ رەنگە لەم لاو ئەولا بەرنامەبکەن لەسەر کێشەی گەنجان، بەڵام ئەوەی لەو بەرنامانە بەدیدەکرێ حاڵتێکی سەمەرەیە، ئێستاشی پێوەبێ بەشێکی زۆری لاوان، پرۆژە بەکارکردن و دامەزراندن لەو سەنتەر و رێکخراوانە تێدەگەن، یان هەندێکیان داوای دامەزراندن دەکەن، راستە حەقی خۆیانە داوای دامەزراندن بکەن، بەڵام لەسەر حیسابی گۆڕانگاری لەسستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەمە گرفتێکی زۆر گەورەیە لای لاوانی ئەم وڵاتە،بۆئەوەی ئەو گەنجانەی لەو رێکخراوانە کار دەکەن، رەنگە هەنێکیان خاوەن توانەی باشی خۆیان بن، بەڵام گرفتەکە ئەوە نیە،بەڵکو گرفت ئەوەیە، ئەوان بەچ ئاراستەیەکدا کار دەکەن، ئایا ئەوان بۆ رازکردنی گەنجان و رەنجاندنی دەسەڵات کاردەکەن یان

بەپێچەوانەوە، ئەمە گرفتەکەیە، دەبێ بزانین ئەوان چ سستمێك ئاراستەیان دەکات، سستمی کارکردن بۆ دۆزینەوەی توانای گەنجان، یان بۆ رازیبوونی دەسەڵات لەگەنجان.

**پ/ وەك پێویست بودەنگەوە نەهاتنی پارێزگاری کەرکوك یا هاوکاری نەکردنی لاوانی کەرکوك لەلایەن پارێزگارەوە، پێتوایە ئەمە هۆکاری ئەو سستییە بێت کەلە لاوانی کەرکوك بەدی دەکرێ ؟**

وەڵام : من بەشبەحاڵی خۆم پێم باش و شایستە نیە ئەو پیاوە بخرێتە نێو ئەم موعادەلە سەرسەختەوە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەو پیاوەش فەرمانبەرێکی دەوڵەتە و ئەرکی دەوڵەت جێبەجێ دەکات، لەو باوەڕەدام ئەگەر گۆڕانکارییەکان لای ئەوبن ئەوا دڵنیام دەیکرد، چونکە وەك پێشتر ئاماژم پێدا، کێشە لەدامەزراندن و کاری خزمەتگوزاری نیە، کێشەکە لەجیاوازی فیکرە، فیکریش بەفیکر چارەسەر دەکرێت،هەر گەنجێکیش خاوەن فیکر و مەعریفە نەبێ توانای گۆڕانکاری نیە، بەڵام رێژەی زۆری گەنجان لەدەسەڵات زیزن، ئەمەیان بەداخەوە خەریکە وەك مودێلی موعارەزەی بێ فیکر رەنگدەداتەوە، موعارەزەی بێ فیکریش مەبەستێتی لە ئابوری دەوڵەت بێ بەش نەبێت، من حەز دەکەم بپرسم لەم وڵاتەی ئێمە کێن ئەوانەی دەکرێ ئێمە ناویان لێ بنەین " ئۆپۆزسیۆن " بەبڕوای من نەگەنجان و نەخودی ئەو موعارەزەیەش بوونی نیە، کە ئۆپۆزسیۆنیش نەبوو، مانای وایە فیکر و مەعریفە بۆشاییەکی زۆری بۆ دەسەڵات بەجێهێشتووە، دەسەڵات کاتێ لەموعارەزە سڵ دەکاتەوە، کە بەرنامەیەکی تۆکمەی هەبێ بۆ گۆڕانکاری لەکولتوور و سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی .

**پ/ پێتوایە رێکخراوەکانی لاوان و گەنجان وەك پێویست کاریان بۆ ئەو توێژە کردبێ، بەتایبەتیش لقەکانی کەرکوکی ئەو رێکخراوانە ؟**

وەڵام : ئەم پرسیارەش بەشێکە لەپرسیاری پێنجەم،بۆیە من تەنها ئەوەندە دەڵێم،بەداخەوە زیزبوونی بەشێك لە گەنجی ئێمە تا ئەو دەمەیە کەلەهیچ شوێنێك دانەمەزراوە، کە دامەزرا دەبێتە بەشێك لە دەسەڵات، جارێکی تریش دەپرسم ئایا ئەوەی ئەو گەنجانە لەو رێکخراوانە کار دەکەن، بەچ ئاراستەیەك کار دەکەن، ئایا بۆ زیزبوونی دەسەڵات لەریکخراوەکانیان، یان بۆ رازیبوونی دەسەڵات لە گەنجان، کەواتە کێشەکە لە ئاراستە و سستمی کارکردنی گەنجانە لەو رێکخراوو سەنتەرانە، من دەپرسم کام یەك لەو

سەنتەر و ڕێکخراوانە پرۆژەیەکی فیکری یا مەعریفی پێیە تاکو گەنجان سوودی لێوەربگرن، خۆ کێشە هەر ئەوە نیە کێن ئەو گەنجانەی لەوێ کاردەکەن، یان چییان بۆ لاوان کردووە، کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە ئەزیزم، کێشەکەکە ئەوەیە لەم ئالۆزییە سیاسی و فیکرییە، مەعریفەو زانست ئامادەگی نیە، خۆ ئەگەر چالاکی ئەو ڕێکخراوانە هەر خولی کۆمپیوتەر و ئینترنێت و خولی دورمان و وەرزش بێت،ئەوا ئەوان دریغییان نەکردووە،بەلام دریغی لەجۆری سستمی کارکردنە لەو ڕێکخراوانە.

**پ/ خوێندنەوە تاکە ڕێگای خۆرۆشنبیرکردنە، کەچی گەنجانی ئێمە لەگەڵ خوێندنەوەدا هاوڕێیەتیەکی پتەویان نیە، بەڕای تۆ هۆکاری ئەمە چیە ؟**

وەلام : هۆکار زۆرن، یەکێك لەسەرەکی ترین هۆکار، کێشەی قۆرخ کردنی ئابووریە لەسەردەمی بەعس و بەپەراوێز کردنی خەڵکی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی، ئەم حاڵەتە وای لە خەڵکی ئێمە کرد زیاتر پشت لەخوێندن بکەن و ناچاری بژێوێ وای لێکردن شان بدەنە بەر کارکردن و گوێنەدان بە خوێندن و خوێندنەوە، ئەمە ویستی سیاسەتی بەعس بوو، تاکو هەموو خەڵکی عێراق ناچار بکەن کەدەست لەو پان بکەنەوە و هەرچی حکومەت دەیدا بەخەڵك بە مەکرەمەی خۆی دەزانی، دیوێکی تری ئەم کێشەیە، ئەوەبوو بەعس دەیویست بەم نەبوونیی و هەژارییە خەڵك بیر لەهیچ شتێك ناکاتەوە جگە لەنان پەیدا کردن، بەم حاڵتەوەش نەوەستا،خەڵكی فێری نەفس نزمی و چاوچنۆکی کرد، لێرەوە گرفتی تۆران لەخوێندن و لەنیشتمان و زیزبوون لەخود دەستی پێکرد، ئەم حاڵەتە هەروا بەئاسانی چارەسەر ناکرێ، بۆیە دوای روخانی بەعسیش ئەم گرفتە لای گەنجان بە شێوەیەکی گشتی هەرمایەوە و تۆرانی ئەوان لە خویندن و نیشتمان تێکەڵ بەواقیعی هەنووکەیی خۆشیان دووبارە بووەوە،بۆیە هێندە لەخوێندن وکتێب زیزن، هێندەش لەخۆیان زیزن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بیرمان نەچێ ئەگەرلە هەر نەتەوە و وڵاتێك بڕوانین بەشێوەیەك لەشێوەکان، دەڵێن خوێنەرمان کەمە، بەلام کەمی خوێنەر لای ئێمە، بەتایبەتی لای گەنجان لەماناکانی شکستی رۆحییەوە سەریان هەڵداوە، شکستی رۆحی لەسەردەمی بێدەنگ کردنی ئینسانەوە بۆ سەردەمی بێنرخکردنی،کە ئەمە موفرەقەیەکی سیاسی لەنێوان خەونی خەڵك ئاراستەی کارکردنی دەسەلات سەریان هەڵدا.

**پ / هۆکاری پەراوێزخستنی لاوان لە زۆربەی دامودەزگاکاندا بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

وەڵام : یەكێك لە دیاردە سەرەكییەكانی سستمی نادیموكراسی لەوەدایە هەمیشە هەوڵدەدات ئابووری وڵات بۆ دامودەزگاكانی خۆی قۆرخ بكات، یان هیچ نەبێ ئەوانەی سەر بەدەسەڵاتەكەی خۆین لەو دامودەزگایانە دایاندەمەزرێنێ، ئەگەر ئاوڕێكی جیدی لەمێژووی ژێرخانی ئابووری وڵاتی خۆمان بدەینەوە، بۆمان دەردەكەوێ ئەم وڵاتە بەدرێژایی " 35 "ساڵ ئابوری لەخزمەتی جبخانەی سەربازیی و وێران كردنی سەروماڵی خەڵكی عێراق و ئەو جەنگانەبوو كە بەعس بەویستی خۆی لەم شەڕ بۆ ئەو شەڕی دەبردین، دواجار كە بەعسیش رووخا لە وێرانەیەك بەولاوە هیچی تری بۆ بەجێنەهێشتین ، ئەمە جگە لەوەی ئاڵوگۆڕی سیاسی و نەهامەتییەكانی خەڵكی عێراق و كوردستان رۆژبە رۆژ لەزیادبووندا بوو، بۆیە كاتێ باس لەكەمی دامەزراندنی گەنجان دەكەین، دەبێ ئەوەش بزانین نەك تەنها گەنجان دانەمەزراون، بەڵكو خەڵكێكی زۆر تا ئەم ساتەوەختە بەدەست ئەم گرفتەوە دەناڵێنن،ئەگەر مەبەست لەدامەزراندن لە كەركوك بێت، هەموو دەزانین كەركوك شارێكی ئاڵۆزە و تائەم ساتەوەختە كەركوك لەسەر ناوەندە، بۆیە دەسەڵات لە كەركوك لە دەستی بەغدایە،ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە، دەبێ بپرسین لەم شارەدا چەند ناوەندی دامەزراندن هەیە، ئەوەی كراوە لە كاتی دەسەڵاتی بەعس،هەمیشە هەوڵدراوە كەمترین دامودەزگا لەكەركوك بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەعسیش بیری لەوە كردووەتەوە كە كەركوك، هەمیشە شارێكە ئەو كێشانەی دەبێ، بۆیە كورد وەك تاكە نەتەوە، لەوبارەیەوە زۆرترین زەرەری لێكەوتووە، ئەم كێشەیەش تا كەركوك بەم شێوەیە بمینێتەوە، دامەزراندن بۆ خەڵكی كورد هەر بەم شێوەیە دەبێت، نەك بەتەنها گەنجان بگرە ئەوانەش لەسەردەمی بەعس لەسەر مەسەلەی كورد بوون لەسەر كار دەركراون،نەگەڕاونەتەوە سەركارەكانیان، بۆیە ناكرێ ئەم كێشەیە بخەینە سەرئیدارەی كوردی لەم شارەدا، ئەمە جگە لەوەی كە ناوەند هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە كێشەی لەو جۆرەت بۆ دروست بكات، راستە ئەم حاڵەتە لای توێژی گەنجان نیگەرانی دروستكردووە، بۆیە ئەگەر لە رووداوەكانی ئەم دواییەی لەكەركوك سەریان هەڵدا بكۆڵینەوە،بەتایبەتی لەكردنەوەی سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراق و دواتریش كردنەوەی هونەرمەندانی عێراق لەكەركوك، ئەمە بەشێكە لەو گەمە سیاسییەی ناوەند دەیەوێ لەڕێ ئەم سەركێشییەوە ئەوانەی گرفتی دامەزراندنیان هەیە و نیگەرانیەكەی بۆ حكومەت و ئیدارەی كەركوك بگەڕێننەوە، لێرەوە هەوڵی ئەوە بدەن هەرچی گرفت و ئاریشەی نێوان حیزب و لایەنە سیاسیەكانی ناو كەركوك هەیە بۆ خۆیانی بقۆزنەوە و زۆرترین خەڵكی رۆژنامەنووس و هونەرمەند لەدەوری خۆیان

کۆبکەنەوە و بەمەش هەم لەناڵ دەدەن هەم لەبزمار، بەداخەوە، بێ ئاگایی بێت یان بەئاگایی هەندێ لەهونەرمەندو رۆژنامەنووسانی کەرکوك خۆیان خستووەتە ناو ئەو موعادەلە سیاسییەوە و خەریکی ئاوەدان کردنەوەی دامودەزگاکانی ناوەندن کە بەشێکە لە بەردەوامی سیاسەتی بەعێراقی کردنەوەی کەرکوك، رەنگە بەشێکی بۆ کێشەی سیاسی نێوان حیزبەکان بێت،کە ئەمەیان حیزبەکوردییەکان بەرپرسی سەرەکی ئەم کێشەین و تا ئێستاش نەیان توانیوە یان نەیان ویستووە بەشێوەیەکی جیدی ئاوڕ لەنووسەر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسانی کەرکوك بدەنەوە، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوامی بەچەپاندنی خەڵکی کەرکوك بدەن، ئەوا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەبنە فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی سیاسەتی دەمارگیرانەی ناوەند و ئەم کێشەیەش دەچێتە سەرکێشەکانی ترو هەم خەڵك لەخۆیان زیز دەکەن، هەم خۆشیان لەخەڵك زیز دەبن، بۆیە حەقوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکی جیدی و خێرا لەم مەسەلەیە بداتەوە و لەهەوڵی چارەسەرکردنیدابێت، ئەگینا کورد وتەنی " لەقەلانیش دبین و لەکۆترانیش ".

ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 108 | خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | 2010 |
| 109 | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | 2010 |
| 110 | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی | مەحمود نەجمەدین | | 2011 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ئەدەبی | | | |
| 111 | 1 1 1 نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | 2011 |
| 112 | داناى کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | 2011 |
| 113 | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | 2011 |
| 114 | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵلا سەڕاج | | 2011 |
| 115 | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | 2011 |
| 116 | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | 2011 |
| 117 | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | 2011 |
| 118 | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵلا | | 2011 |
| 119 | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | 2011 |
| 120 | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و ناصح محمد | |
| 121 | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | 2011 |
| 122 | وازیەکانی رەشە گۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | 2011 |
| 123 | شاری لەغەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | 2011 |
| 124 | ململانێ لەگەڵ پرسیار | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | 2011 |